# ئیسلام و ژیان

کۆمەڵە وتارێکی ئیسلامی هاوچەرخە

کەبابەتەکانی (فیکری ئیسلامی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی) لەخۆ دەگرێت

نوسینی: پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی

وەرگێڕان و ئامادەکردن

عومەر عەلی محمد

بەرگی دووەم

سلێمانی ٢٠١٩

بسم الله الرحمن الرحيم


**<u>پێناسی کتێب</u>**

**ناوی کتێب: ئیسلام و ژیان**

**نوسەر: پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی**

**وەرگێڕان و ئامادەکردن: عومەر عەلی محمد**

**دیزاینی ناوەوە: ئەحمەد میراودەلی**

**تایپ: محمد کمال-ئەیمەن ئەمین**

**نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم –بەرگی دووەم**

**تیراژ: ١٠٠٠**

**بەرهەمی نوسینگەی ڕاگەیاندنی (پ.د.عەلی قەرەداغی) – سلێمانی ٢٠١٩**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە(٨٦٢) ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

## پێشەکی وەرگێڕ:

کتێبی ئیسلام و ژیان بەرگی یەکەمی لەساڵی ٢٠١٤ دا بەچاپ گەیشت، ئێستاش بەرگی دووەمی چاپ دەکرێت کە ئەو وتارانە لەساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٨ لەخۆ دەگرێت، ئەم وتارانە کەلە زۆر بۆنەدا ووتراون، هەندێکیان وتاری تایبەتە بۆ رۆژنامەکان و سایتەکان، بەتایبەتی عەرەبیەکان، یان رۆژنامەکانی کوردستان بەتایبەت رۆژنامەی ئاژانس کە نزیکەی دوو ساڵ زیاتر هەفتانە وتارێکی بەڕێز دکتۆر عەلی قەرەداغی لەو رۆژنامەیەدا بلاّو دەبێتەوە، یان وتاری هەینیە کەبەشێکی زۆری لەدۆحەی پایتەختی قەتەر داویەتی.

ئەو وتارانە بەشێوەیەکی گشتی تەعبیر لەبارودۆخی ئێستای جیهان و سیاسەتی دەولی و واقعی نێو کۆمەلگەی مسوڵمانان دەکات، دکتۆر عەلی قەرەداغی کە ئێستا ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمانە لەئێستادا رابەرایەتی گەورەترین رێکخراوی جیهان دەکات کە تایبەت بێت بەبواری زانایان و رێکخراوەکەیان کە زیاترە لە٦٠٠٠٠ کەسایەتی ئاینی و رۆشنبیر و ئەکادیمی لەخۆ دەگرێت، لەهەمان کاتدا پسپۆڕێکی بواری ئابوری ئیسلامیەو لەم بوارەدا رۆڵی بەرچاوی هەیە و خاوەنی سەدان توێژینەوەو وتارو چەندان کتێبی چاپکراوە.

لەڕوانگەی ئەوە دەتوانین بڵێین کە دیدو تێڕوانینی دکتۆر پەیوەست نیە بەئاستێکی لۆکاڵیەوە، بەڵکو لەئاستێکی جیهانی فراوان و گەورەوە دەڕوانێتە کێشەو رووداوەکان و ئاگادارە بەوردەکاری هەموو ئەو ئیشکالیەتانەی کە ئێستا جیهانی ئیلامی تێیدا دەژیت، واتە دکتۆر لەڕوویەکەوە وەك زانایەك شارەزایەکی گەورەیە بەبواری عەقیدەو شەریعەو هەردوو سەرچاوە گەورەکەی کە قورئان و فەرمودەیە.

لەلایەکی تریشەوە ئاگاداری سیاسەتی دەولیە، هەروەها لەدوای راپەرینەکانی بەهاری عەرەبیش ئاگاداری ئەو گۆرانکاریانەیە کە رووی لەناوچەکە کردوەو لەزۆربەی

وتارەكانیشدا مسوڵمانان ئاگادار دەكاتەوە كەخۆیان بپارێزن لەداوی ئەو پیلانەی كە دارێژراوە، كە ئویش دروست كردنی فەوزاو خۆكوژیە لەنێو گەلە مسوڵمانەكاندا .

لەلایەكی تریشەوە مسوڵمانان هان دەدات كە ئاستی هۆشیاریان گەشە پێ بدەن و زیاتر لەڕەوتی گەشەی زانست و تەكنەلۆژیا تێ بگەن و هەوڵبدەن مسوڵمانان بەشوناسی خۆیانەوە بمێننەوەو پارێزگاری لەعەقیدەو ئەخلاقی خۆیان بكەن و گەشە بەتوانا فیكری و سیاسی و ئابوریەكانیان بدەن و هەتا وەك ئوممەتێكی شارستانی بێنەوە سەر گۆڕەپانی جیهان.

بەشێكی تریش لەوتارەكانی جەخت دەكاتەوە لەسەر گرنگی پەروەدەو فێكردن ، چونكە ئەمە بنەمای پێشكەوتن و گەشەپێدان و چاكسازیە و هەموو گەلە پێشكەوتوەكانی جیهان لە ئەم رێگەیەوە بوونە خاوەن تەكنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاری و دیموكراسیەت و چەسپاندنی یاساو عەدالەت.

لەلایەكی ترەوە ئەو ووتارانە بۆ خوێنەری كورد لەزانایانی ئاینی و رۆشنبیر و ئەكادیمی و قوتابیانی زانكۆ جێگەی بایەخی خۆیەتی، چونكە دەكرێت ئەم وتارانە بكرێنە بنەمایەك بۆ پرۆژەیەكی چاكسازی كە ئێستا لەكوردستان باسی لێوە دەكرێت.

هەرێمی كوردستان ئەمڕۆ بەدەست چەندان قەیرانی گەورەوە دەناڵێنیت، لەبەرئەوە پێیوستی بەوە هەیە كەلەجۆرەها رووەوە  توێژینەوەی جۆر بەجۆر بنوسرێت بۆ دەست خستنە سەر برینەكان و چارەسەكردنیان، ئەو وتارانەی دكتۆر عەلی قەرەداغی دەتوانرێت بكرێتە سەرچاوەیەكی باش بۆ گەران بەشوێن چارەسەری ئەو قەیرانانەدا، چونكە گەلی كوردستان كە زۆرینەی مسوڵمانە بەو سیفەتە دەتوانین بڵێین بە شێك  لەچاكسازیەكە چاكسازی ئاینی بێت و ئیسلامیش رۆڵی كارای هەبێت لەچارەسەری گەندەڵی و دانانی نەخشە رێگایەكی نوێ بۆ چارەسەری قەیرانەكان، هەروەها مامۆستایانی ئاینیش ببنە

چینێکی کارا کەلەرێگەی وتاری هەینی و راگەیاندن و ناوەندەکانی زانکۆ و قوتابخانەکانەوە رۆڵی ئیجابی ببینن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە لەرووی پەروەدەو ئەخلاق، لەلایەکی تریشەوە زانست پەیوەست بکەنەوە بەئیسلام و هەردووکیان ببنە هاندەری بەهێز بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و لێ بوردەو پێشکەوتوو.

بەو هیوایەی ئەم کتێبە کەلێنێکی گەورە لەکتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە و ببێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ چاکسازی و گەشەپێدان و ئارامی و لێبوردەی و ئاوەدانی .

# گەندەڵی لە ریزی تاوانە گەورەکاندایە

یەکەم ئامانجی گەورەی هاتنی پەیامی ئیسلام لە پێناو پاککردنەوەی دڵ و دەرونداییە لە نەخۆشیە دەرونیەکان، هەرکاتێکیش دڵمان پاك بوەوەو پەیوەست بوو بەخواوە، لە هەموو پیسی و گەندەڵی و خراپەیەك پاك دەبێتەوە، بەمەش دیدو تێڕوانینەکانمان بۆ بەرامبەرەکان چاك دەبێت و بەلای دزی و گەندەڵی و فێڵ و خیانەت و لەخشتە بردنی بەرامبەرەکاندا ناچین، خوای گەورەش لەم بارەیەوە پەیامی گەورەی خۆی لە ئایندا دیاری دەکات و دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ لا يَنْفَعُ مَالٌ وَلا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ بەپێی ئەم ئایەتە دڵی پاك و بێگەرد ئەو دڵەیە کە گەندەڵی تیادا نیە، هەمووی سۆزو بەزەیی و هاوکاری و چاکەی خوایە .

ئەگەر بەوردی سەیری قورئان و فەرمودە بکەین دەبینین ئەو شتەی کە زۆرترین دژایەتی کراوە و بەناشرین وەسف کراوەو هەرەشەی گەورەی لەسەرە گەندەڵیە، کە ئەمەش لە دوای هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا باس کراوە، لە ئیسلامدا گەندەڵی تاوانێکی گەورەیە، کە بەیەکسان سەیرکراوە لەگەڵ ئەوانەی دژایەتی خواو پێغەمبەر دەکەن، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾

لەم ئایەتەدا خوای گەورە دوو تاوانی گەورە بەیەکەوە باس دەکات ئەوانیش دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەری خواو بڵاوکردنەوەی گەندەڵیە لەسەر زەویدا، گەندەڵی تاوانێکی زۆر

گەورەیە، هیچ تاوانێك هاوتای نیە تەنها هاوەڵ دانان نەبێت بۆ خوا، تاوانی گەندەڵیش فراوانەو تاوانەکانی دەرون و دڵ و عەقڵ و جەستەو گیان، واتە دەرەوەو ناوەوە دەگرێتەوە، خوای گەورە ڕزگار بوون لەڕۆژی دوایدا پەیوەست دەکاتەوە بە دڵێکی پاك و بێ خەوش و دەفەرموێت : ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾

دڵی پاك ئەو دڵەیە کە دورە لە گەندەڵی کە بەمانای هەموو جۆرەکانی خراپەکاری دێت، دورە لە هەموو نیەتێکی خراپ و دەست درێژیەك بۆ سەر ماڵ و سامان و گیان و بەرژەوەندی هاوڵاتیان هەموو ئەوەی لە دڵیدایە چاکەکاری و چاکە خوازی و هاوکاری و ڕێزو خۆشەویستیە، ئیسلام بەم شێوەیە دەیەوێت گەندەڵی لەناو بەریت و تاکێکی دڵسۆزو چاکە خوازو دروست بکات .

قورئان زۆر بەمەترسی باسی لەمەترسی تێکدانی پەیوەندی نێوان تاکەکان دەکات و پێغەمبەری خوا بەتاوانێکی زۆر گەورە باسی دەکات و بە لەناو بەری دین وەسفی دەکات وەك دەفەرموێت: ﴿دَبَّ إِلَيْكُمْ دَاء الأُمَمِ قَبْلَكُمْ الْحَسَدُ والْبَغْضَاء، هِيَ الْحَالِقَةُ، لا أَقُولُ تَحْلِقُ الشَّعْرَ، ولَكِنْ تَحْلِقُ الدِّينَ﴾ واتە گەندەڵی خراپەکاری و تێکدانی نێوانی خەڵك لەناو بەری ئاین و عەقیدە و ئەخلاق و بەها ئاینیەکانە، بەرپرسیارێتی مرۆڤی مسوڵمان ئەوەیە کە چاکەخوازو چاکساز بێت لەناو خەڵکدا، وەك دەفەرموێت: ﴿إن أردت إلا الإصلاح ما استطعت وما توفيقي إلا بالله﴾

لە ئیسلامدا گەندەڵی ورد دەبێتەوە بۆ دروست کردنی ئاژاوەو گرفت لە نێوان دوکەس یان دوو خێڵ یان نەتەوە یان دەوڵەت هەروەها ئیسلام ڕێگری کردووە لە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی، وەك بەرتیل و خزم خزمێنە، کەئەمەش ئەمڕۆ دەردێکی کوشندەیەو زۆربەی گەلانی ئیسلامی بەدەستیەوە گیرۆدەن، ئەمڕۆ ووڵاتە ئیسلامیەکان یەکەمن لە گەندەڵیدا

ئەو گەندەڵیەش دارایی و کارگێڕی بەشێوەی بەرفراوان دەگرێتەوە، کە ڕۆچوە بەناو ناخی تاك و دەوڵەت و زۆرینەی دامەزراوەو یەکە ئیداریەکان و ڕێکخراوەکانی گرتوەتەوە.

بەدەگمەن حکومەتێك و وەزارەتێك هەبێت لەم پەتایە ڕزگاری بوبێت، بەداخەوە بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەیەی یەکەمی وولاتانی گەندەڵی جیهان، وولاتانی ئیسلامین، کە ئەمەش مایەی خەم و نیگەرانیە، چونکە ئێمە ئوممەتی ئیسلامین، خاوەنی ئیسلامین، شوێن کەوتەی پێغەمبەری مەزنین، بەڵام حاڵمان بەو جۆرە بێت ئەمەش مایەی چارە ڕەشیە بۆ دنیاو دوا ڕۆژمان .

## خیانەت کردن لەئەمانەت لەتاوانە گەورەکانە

لەشەرعدا جائیز نیە مامۆستای مزگەوتێك ئیمامەت بۆ نوێژخوێنانی مزگەوتێك بکات ئەگەر رقیان لێی بێت، ئەگەر ئەم کارە بۆ ئیمامێك وابێت، ئەی ئەگەر سەرکردەیەك نەك هەر خۆشەویست نەبێت لای خەڵك، بەئاگرو ئاسن بکەوێتە جەستەیان و هەموو جۆرە چەکێك بەکاربهێنێت بۆ کوشتنیان، ئایا دەبێت شەرعیەتی ئەو سەرکردەیە چۆن بێت، زۆربەی سەرکردەکانی جیهانی ئیسلامی ئێستا لەوجۆرەن هەریەکەیان بەجۆرێك و بەبیانوی شتێك کەوتونە کوشتن و ئەشکەنجەدان و زیندانی کردنی ئازادیخوازان و ئەوانەی کەلەبەرامبەریاندا دەڵێن (نا)، ئەگەر سەیری عێراق بکەیت خەڵکی لەدوای روخانی رژێمی عێراق چاوەڕوانی ئازادی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی بوون، بەلاَم لەدەسەلاَتە تازەکەی عێراق چیان بینی، سەرەڕای دیکتاتۆری و خوێن ڕێژیەی سەدام حسێن، برسێتی و نەبونی و هەژاری و نەخۆشی و گەندەڵی سەرتاپای حکومەتی گرتەوە، تائیفەیەك بوە بەپلە یەك و هەموو نەتەوەو مەزهەبەکانی تر لەپلەکانی خوارەوەن و هیچ رۆڵێکیان نیە، لەئێستاشدا هاوشێوەی رژێمی سوریا هەموو سوپا لەئامادەباشیدایەو رۆژانە هێرش دەکەنە سەر

هاولاَتیانی مەدەنی لە(٦) پارێزگای سوننە نشین و بەبیانوی تیرۆرەوە تۆپ باران دەکرێن و دەکوژرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، ئەمە لەکاتێکدایە کەعێراق لەرووی سیاسیەوە دەکرا نمونەیەك بێت بۆ دیموکراسی و بەهۆی بونی نەوتێکی زۆرەوە کەرۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێت دەیتوانی عێراق ببێتە نمونەیەك بۆ خۆشگوزەرانی.

لەسوریاش رژێمێکی خوێن رێژ لەدەسەلاَتدایە، بەبێ دەست پاراستن لەهاولاَتیانی مەدەنی بۆردومان و کوشتن بەردەوامە، کەهەتا ئێستا نزیکەی (١٣٠) هەزار کەس کوژراون.

لەمیسریش کۆمەڵێك کودەتاچی سوپایان رووبەروی هاولاَتیانی ئازادی خواز کردۆتەوە تەنها تاوانیان ئەوەیە کەداوای ئازادی و دیموکراسی و دان نان بەئەنجامەکانی هەڵبژاردندا دەکەن.

له هەرکاتێکدا کەلەم ئوممەتە ئیسلامیەدا رۆشناییەك بۆ خێرو چاکەخوازی دەکرێتەوە، دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە دەکەونە خۆیان و هەموو هێزە شەڕەنگێزەکانیان دەخەنە حاڵەتی ئامادەباشی و رووبەرووی دەبنەوەو لەرێگەی دامەزراوەیەکی راگەیاندنی زەبەلاحەوە سپی دەکەن بەرەش و خراپ بەچاك و عەسکەرتاریەت بەدیموکراسی، ئەمەش ئەو حاڵەتە بوو کە لەکودەتاکەی میسرەوە بینیمان هەتا ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستور کە١٥٪ ی خەڵك بەشداریان تێدا کرد، بەلاَم لەرێگەی راگەیاندنە ساختەکەیانەوە دەڵێن ٣٨٪ بەشداریان کردوە.

ئەمانە رۆڵی دووڕوەکان دەبینن کەلەسەردەمی پێغەمبەردا هەبوون دەهاتنە بەرەی دواوەی شەڕو دەستیان دەدایە تێکدانی باری دەرونی و پڕوپاگەندەو هەوڵدان بۆ شکست پێهێنانی بەرەی جیهاد، ئەو خیانەتەی کەدووڕوەکان دەیانکرد لەئێستادا دوژمنانی ئیسلام دەیکەن.

ابن عباس دەگێڕێتەوە (ابن کثیر)یش باسی دەکات و دەڵێت: (خیانەت هەموو تاوانە بچوکەکان و گەورەکان دەگرێتەوە هەرکەسێك خوای گەورە پشتیوانی بکات بۆجیبەجێهێنانی ئەمانەت، ئەمە مانای وایە پاراستویەتی لەکەوتنە ناو خیانەتەوەو

دەبێتە خاوەن پاداشتێکی زۆر و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت و مژدەی پێ دەدرێت کە لەفیردەوسی بالأدایە، ئەمەش بەروونی لەسورەتی (المؤمنون) باسی دەکات، بەپێی ئەو ئایەتانە یەکەم مەرجی گەیشتن بەفیردەوس لەدوای ئیمان پاراستنی ئەمانەت و بەڵێن و پابەندبونە پێوەی، خیانەتیش هەموو تاوانەکان و سەرپێچیەکان دەگرێتەوە، خیانەتیش لەگەڵ ئاینە یان لەگەڵ خوا و پێغەمبەردایە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَخُونُوا اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ"﴾

## خیانەت کردن لەخواو پێغەمبەر خیانەت کردنە لەئیسلام

ئەویش لەرێگەی ناشیرین کردنی وێنەی ئیسلام، یان ناشرین کردنی هەڵگران و رابەرانی ئەم ئاینەیە، ئەم ئاینە ئەمانەتێکی گەورەبوو شاخەکان نەیانتوانی هەڵی بگرن، مرۆڤ هەڵی گرت، ئەویش دەبێت بەدوو رێگە بێت.

یەکەمیان دەبێت مرۆڤ لەرێگەی خۆیەوە بێت، لەخۆیدا جێبەجێی بکات و ببێتە پێشەنگ بۆ کەسانی تر.

دووەمیان ئەم ئەمانەتە هەڵبگرین و بیگەیەنێت بەکەسانی تر، پێویستە مرۆڤی باوەڕدار ئەگەر ئایەتێکیشی لەلابێت بیگەیەنێت ("بلغ عني ولو اية") لێرەوە گرنگی فەرمانکردن بەچاکەو رێگرتن لەخراپەکان بۆ دەردەکەوێت، ئەم بەرپرسیارێتیە بەرپرسیارێتیەکی کۆمەڵایەتیە، دەبێت هەریەکەمان لەقوتابخانەو زانکۆو فەرمانگەو بازارو کۆڵاندا کاری بۆ بکەین، ئەگەر شتێکی خراپت بینی دەبێت هەوڵی چاك کردنی بدەیت، ئەگەر مرۆڤی باوەڕدار خۆی بەخاوەنی ئەم پەیامە نەزانێت ئەوە خیانەتی لەو ئەمانەتە کردوە.

خیانەت کردن جۆراو جۆرو پلەپلەیە، لەکاتێکدا جێگەی مەترسیە کەبگاتە دوڕوویی لەئایندا، لەدوای ئەوە پلەکانی تر دێن، پێغەمبەری خوا خیانەت لەئەمانەت دەکات بەدوو بەش، یەکەمیان پەیوەندی بەمافەکانی خواوە هەیە، دووەمیان مافی هاوڵاتیان. لەفەرمودەیەکدا دەڵێت سێ یەکی دوڕووییە لەفەرمودەیەکی تردا دەڵێت چوار یەکی دوڕووییە، جیاوازی نیە لەنێوان ئەم دوو فەرمودەیەدا ، ئەگەر خیانەت لەئاین بێت واتە سێ یەکی دوڕوییە، بەڵام ئەگەر لەکارو کردارو بەرژەوەندی گشتی بێت چوار یەکی دوڕووییە.

# بەرپرسیارێتی ئەمانەت و چۆنیەتی گەیاندنی بەنەوەی نوێ

لەگەورەترین ئەو بەرپرسیارێتیەی کەخوای گەورە بەرەو رووی مرۆڤی کردۆتەوە، بریتیە لەپاراستنی ئەمانەت بەمانا فراوانەکەی، خوای گەورە لەقورئاندا ئەو راستیەمان بۆ روون دەکاتەوە کەئەم ئەمانەتە رووبەرووی ئاسمان و زەوی کراوەتەوە، بەلأم ئەوان ئامادەی وەرگرتنی نەبوون، بەلأم مرۆڤ قبوڵی کردوە.

ئەمانەت چەمکێکە مانایەکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت، کەمەبەستی سەرەکی وەرگرتنی بەرپرسیارێتیە، بەتایبەتیش بەرپرسیارێتیە شەرعیەکان کەلەکرۆکی ئایندا بەرجەستە بوە، ئەویش پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و عەدالەتە، مافەکانیش ورد دەکرێنەوە بۆ مافی بەرامبەرەکان و خۆت و ئەندامەکانت و ژێر دەستەکانت و دەزگاو فەرمانگەکان و هەتا دەگاتە حکومەت و وەزارەتەکان، واتە هەر بەرپرسیارێتیەك لەئەستۆتدایە بەرامبەر بەمرۆڤەکانی تر ئەوە ئەمانەتە.

خوای گەورە پەیامی خۆی بەو بەرپرسیارێتیە لەقەڵەم دەدات، دەیدات بەسەر مرۆڤدا چونکە هۆکانی جێبەجێ کردن و وەرگرتنی پێدراوە وەك عەقڵ و ئیرادە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهُولاً ﴾الأحزاب٧٢

خوای گەورە لێرەدا گەورەیی و بەهێزی مرۆڤ دەردەخات کەشایەنی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیە، ئادەمی دروست کردوە، پەیامی بۆ ناردوە، هەر لەسەرەتاوە لەسەر هەست کردن بەبەرپرسیارێتی مرۆڤی راهێناوە، خوای گەورە بەرامبەر بەمرۆڤ دەفەرموێت: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ ئەوانیش وتیان بەڵێ، ئەویش فەرموی کەواتە دەبێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و لەبەرامبەر خواو خەڵکیدا بەرپرسیار بن.

خوای گەورە لەئایەتێکی تردا فەرمان بەمرۆڤ دەکات کەئەو ئەمانەتە هەڵبگرن و جێبەجێی بکەن﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾الأنفال٢٧

خوای گەورە لەم ئایەتەدا هەڕەشەی سەخت دەکات کەخیانەت لەئەم ئەمانەتە بکرێت، چونکە ئەوە خیانەتە لەخواو پێغەمبەر.

ئەم ئەمانەتە کەخوای گەورە باسی دەکات ئەم ئاینەیە، کەدەبێت بەراستی شوێنی بکەوین و هەڵی بگرین و جێبەجێی بکەین و بەشێوەیەکی جوان بیگەیەنینە دەست نەوەی داهاتوو کەنمونەی راستگۆیی و رۆشنایی بێت کەسۆزو بەزەیی بێت بۆ هەموو دانیشتوانی سەرزەوی، نابێت ئەم ئەمانەتە تێکەڵاو بەنەفس و حەزە تایبەتیەکان بکرێت.

دەبێت نمونە بێت بۆ چەسپاندنی عەدالەت و راستی، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێك بنەمای تیۆرین بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری، ئەو چەمکانەی دەبێت ببێتە هەوێنی ئەو دامەزراوانە، سەرەتا لەدروست کردنی مرۆڤێکی پاکی چاك و دڵ سافی بەسۆزو بەزەییەوە دەست پێ دەکات، پاشان دەبێتە بەرپرسیاری دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کەبەهەمان روحیەتەوە سەرپەرشتی دەکات، کەهەمووی بۆ چاکەی گشتی بەکاردەهێنێت، ئەم ئەمانەتە هەریەکەمان بەجۆرێك دەبێت خۆمان بەبەرپرسیار بزانین بەرامبەری، یەکەم جار روو دەکاتە بەرپرسەکان لەئەمیرو پاشاو سەرۆك و بەڕێوەبەرو بەرپرسەکانی خوارەوە.

هەموومان لەبەردەم خوای گەورەدا بەرپرسیارین، دەبێت هەریەکەمان بەباشی جێبەجێی بکەین، کەسمان خیانەتی لێ نەکەین، چونکە خیانەت کردن یەکێکە لەنیشانەکانی دوڕوویی، وەك پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت: یەکێك لە سیفەتی دووڕووەکان ئەوەیە، ئەگەر ئەمانەتێکی خرایە بەردەست خیانەتی لێ دەکات، خوای گەورە لەچەندان ئایەتدا باس لەوە دەکات کەنابێت پشتیوانی لەخیانەت کاران بکەین، دەبێت لەگەڵ راستگۆیاندا بین، دەبێت لەبەرامبەر مرۆڤی ستەمکارو خیانەتکاردا بوەستینەوە

ڕێگەی لێ بگرین و نەهێڵین درێژە بەخیانەت و خراپەکاری بدات، چونکە وەك لەفەرمودەیەکدا هاتوە نەمانی ئەمانەت، دروست کردنی جۆرێکە لەرۆژی قیامەت و یەکێکە لەنیشانە بچوکەکان.

لێرەدا دەکرێت بزانین بپرسین ئایا بۆچی بارودۆخی مسوڵمانان بەئەم جۆرەی لێهاتوە کەئێستا دەیبینین، لەدوژمنایەتی و هەژاری و مردن و برسێتی و شەڕوکوشتار و ئاژاوەو فیتنە؟.

وەڵامی ئەم پرسیارە هەمووی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەئەم ئوممەتی ئیسلامیە پابەند نەبوە بەو ئەمانەتەی کەبۆی هاتوەو بەبەرز نەیگرتوە و نەی پاراستوەو خۆی بەبەرپرسیار نەزانیوە بەرامبەری.

داناو بیرمەندو رۆشنفکران لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەو ئەمانەتەی کەقورئان لەرووی تیۆریەوە باسی دەکات ئەوان هاتون  خستویانەتە چوارچێوەی دامەزراوەی جۆربەجۆرەوە، بەمەش توانیویانە بەرپرسیارێتیەکان دیاری بکەن و مافەکانیش بپارێزن، بەمەش توانیویانە پارێزگاری لەدارایی و مافی گشتی و تایبەت بکەن  و ئەویش بەهۆی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بنیاتنان و دامەزراوە دیموکراتیەکانەوە بووە.

سەیر بکەن چۆن هەواڵێك کۆشکی پاشایەتی لەئیسپانیا دەهێنێتە لەرزە، ئەویش بەهۆی ئاشکرابونی دزیەکەوە بوو کەزۆریش نەبوو، کەلەلایەن جێگری پاشاوە ئاشکرابوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتەکەی بۆ شتێکی ناشەرعی بەکارهێنا بوو، هەروەها لەو ساڵانەی رابردودا پاڵێوراوێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران لەسوید  دوور خرایەوە، چونکە دەرکەوت کەنزیکەی ٢٠٠ دۆلاری بەناشەرعی خەرج کردوەو نەیگێڕاوەتەوە، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی راگەیاندنەکان  و رۆژنامەکان زۆر شت لەسەری بڵاوبکەنەوە کەدوایی ناچار بوو پاشەکشێ بکات.

ئەمرۆ ئێمە لەرووی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەوە نەلەسەر پەیڕەوو مەنهەجی قورئان دەرۆین نە لەگەڵ ئەقلێکی کراوە و داناو هۆشیارمامەڵە دەکەین ﴿أَوَلاَ يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لاَ يَتُوبُونَ وَلاَ هُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾التوبة١٢٦

واتە نەدەگەڕێینەوە بۆلای خوا، نە داوای لێ خۆش بونی لێ دەکەین، نەبیر دەکەنەوەو دەگەڕێینەوە بۆعەقڵ، واتە نەدین و نە ئەقڵ بەکارناهێنین.

ئێستا لەجیهانی ئیسلامیدا مسوڵمانان ئەم ئاینە وەك جەوهەری خۆی بەکارناهێنن لەبواری پاراستنی ئەمانەتدا، بەتایبەت لەرووی پاراستنی ئەمانەت کارو هەست کردن بەبەرپرسیارێتی.

ئێستا ئاینەکە لە بواری شتی زۆر بچوکدا بەکار دێت، ئاین لە چەند پەرستشێکی بچوکدا کۆکراوەتەوە. تەنانەت ئەو عیبادەتانەش بەباشی جێبەجێ ناکەن، تەنانەت ئەمە نەك مسوڵمانانی سادە بەڵکو زۆرجار ئەوانەشی گرتۆتەوە کە خۆیان بە زاناو پێشڕەوی مسوڵمانان لە قەڵەم دەدەن، بۆ نموونە بەشێك لەو مسوڵمانانەی کە خۆیان بە (الفرقة التاجية) لە قەڵەم دەدەن باسی حەرام بوونی ئاهەنگەکانی رۆژی سەری ساڵ و لە دایك بوون دەکەن، بەڵام دەیانبینین بە ریشێکی درێژەوە لە دوای پاپاوە دەوەستن و پشتیوانی لە کەسێك دەکەن کە کودەتا بەسەر پیاوێکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە دەکات، وکودەتاچیەکانیش بەرپرسن لە رشتنی خوێنی دەیان هەزار بێتاوان، ئایا ئەمە راستەو ئەمە هەڵگرتنی ئەمانەتە؟

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئێستا مسوڵمانان تاوانە گەورەکانیان بچوك کردۆتەوەو تاوانە بچوکەکانیان گەورە کردووە، ئەوانەی کە دزی گەورەن پشت گوێ دەخرێن، بەڵام ئەوانەی کە شتێکی بچوك دەدزن دەدرێنە دادگاو حوکم دەدرێن، لە سەردەمی پێغەمبەردا ژنێکی عەشیرەتی مەخزومی دزیەکی لێ ئاشکرا بوو. مەخزومیەکانیش پێگەیەکی گەورەیان لەناو قوڕەیشدا هەبوو، عائیشە دەڵێت مەخزومی زۆر بە تەنگ ئەمەوە بوون، بۆ ئەم مەبەستە ئوسامەی کوڕی زەیدیان راسپارد، چونکە پێغەمبەری خوا زۆری خۆشدەویست بۆ ئەوەی شەفاعەتیان بۆ بکات. ئەویش چوو بۆلای پێغەمبەر و سەلامی لێکرد و پاشان باسی مەسەلەکەی بۆ کرد، بەڵام پێغەمبەر رەنگی دەمووچاوی تێك چوو بە توڕەییەوە وتی:

"ئایا تۆ دەتەوێت شەفاعەت بۆ یەکێك بکەیت کە ڕێگربێت لە چەسپاندنی سزایەك کە خوا دایناوە" پاشان هەستایە سەرپێ و وتی "ئەوانەی لەپێش ئێوەوە بوون بەوە تیاچوون، ئەگەر یەکێکی خاوەن پلەو پایە دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر یەکێکی بێ کەس و لاواز دزی بکردایە سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرد، سوێند بەخوا ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی بکات دەستی دەبڕم"

لە فەرموودەیەکی تردا دەگێڕنەوە، عەرەبێکی دەشتەکی هات و لە پێغەمبەری خوای(ﷺ) پرسی کەی ڕۆژی دوایی دێت، پێغەمبەریش لە وەڵامدا فەرمووی (ئەگەر ئەمانەت پشت گوێ خراو گرنگی پێ نەدرا ئەوکاتە چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بن)، پاشان وتی "چۆن پشت گوێ دەخرێ؟" فەرمووی "ئەگەر کاروبەرپرسیارێتی درایە دەست کەسێك کە شایەنی نەبێت ئەوا چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بن" ئەمەش سەرۆکایەتی و پاشایەتی و هەموو بەرپرسیارێتیەکی کار دەگرێتەوە، لێرەشدا ڕۆژی دوایی تەنها مەبەستی دوای مردن نییە، ڕاستە لە ڕووە گشتییەکەیەوە مەبەست لە دوای مردنە، بەڵام کە تایبەت دەکرێتەوە بە نەتەوەو گەلێك بۆ نموونە کاتێك کە دەڵێت (جاءت ساعة هذا القوم) واتە ئەو گەلە ڕووی لە ئاڵۆزی و پشێوی کردووەو ژیانیان وەك ڕۆژی دوایی لێ هاتووە، کەس متمانە بە بەرامبەرەکان ناکات و مافەکان بەدەستیان ناگات، لەبەرئەمەیە خوای گەورە زۆر جەخت لەسەر پاراستنی ئەمانەت دەکات و لەهەمان کاتدا زۆر باس لە مەترسی خیانەتکردن دەکاتەوە. ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾الأنفال٢٧

واتە خیانەت لە ئەمانەت مەکەن، لێرەدا (لا) دووبارە نەبۆتەوە لە نێوان خواو پێغەمبەردا، واتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خیانەت کردن لە ئەمانەت بەشێکە لە بێ ئیمانی. لە فەرموودەیەکی تریشدا هاتووە کە دەفەرموێت (هەرکەسێك پابەند نەبێت بە بەڵێنەوە ئیمانی نییە) ئیمامی (ذهبی) خیانەت کردن دەباتە خانەی تاوانە گەورەکان، کە ئەویش پلەبەندی خۆی هەیە، هەیانە لە تاوانە زۆر گەورەکانە و هەیانە لەو بچوکترە، بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکێك یان پاشایەك خیانەت لە گەلەکەی بکات جیاوازە لەوەی فەرمانبەرێك

دەیکات، یان ئەگەر خیانەت لە شتێکی بچوکدا بکات جیاوازە لەوەی لە شتێکی گەورەدا دەیکات.

لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا کە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشدین بوو، بە نموونەی سەدەی پاراستنی ئەمانەت دادەنرێت، باشترین نموونەش ئەو چیرۆکەیە کە دەگێڕنەوە دایکێك ویستی ئاو بکاتە ناو شیرەکە، بەڵام کچەکەی نەیهێشت، دایکەکەش وتی رۆڵە بۆ ناهێڵی خۆ عومەر نامانبینێت، بەڵام کچەکە لە وەڵامدا وتی: خۆ ئەگەر عومەر نامانبینێت، بەڵام خۆ خوای عومەر دەمانبینێت.

دەبێت هەموومان ئەو راستیە بزانین کە ئایین سێ پلەیە، یەکەم ئیمانە، دووەم، ئیسلامە، سێهەم تەواوکەری ئیسلامەکەیە کە ئیحسانە، کە ئەویش واتە بەجۆرێك خوا بپەرستی کە تۆ ئەو دەبینیت. ئەگەر تۆش ئەو نەبینیت وا هەست بکەیت کە ئەو تۆ دەبینێت، دروست بوونی ئەم هەستە لە عیبادەتدا زۆر گرنگە، چونکە ئەمە ئامانجی گەورەی عیبادەتە بۆ مرۆڤ هەتا لەم رێگەیەوە بەردەوام هەست بە چاودێری خوا بکات و ئەم چاودێریەش زەمانەتی پاراستنی ئەمانەت دەکات.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئێمە وەك مسوڵمان دەبێت پێداچوونەوە بە هەڵسو کەوت و مامەڵەماندا بکەینەوە، لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت نموونەی پاراستنی ئەمانەت بین، لەلایەك ئەمانەتی کۆبوونەوەکان بپارێزین و لە جێگەی خۆیدا زانیاری بڵێین، هەروەها دەبێت عیبادەت وامان لێ بکات کە بەرپرسیارێتیەکانمان بە باشی جێبەجێ بکەین، چونکە ئەمە ئەرکێکی گرانەو سبەینێ لە بەردەم خوای گەورەدا دەوەستێنرێین و گۆڕستانێك چاوەڕێمان دەکات و لە بەردەمماندا بەهەشت و دۆزەخێك هەیە دەبێت بزانین چیمان ئامادە کردووە؟

ئایا دەمانەوێت لە رۆژی دواییدا بە خیانەتکار بانگ بکرێین و بۆ دۆزەخ رەوانە بکرێین؟ یان بچینە خانەی ئەوانەی کە پارێزەری ئەمانەت و بەرپرسیارێتی بوون و بەرەو بەهەشت دەچن؟ با لەئێستاوە وەڵامەکانمان ئامادەبکەین .

# زانست کلیلی قورئانە بۆ ناسینی دین و دونیا

لەوانەیە توشی سەرسوڕمان ببین، لەکاتێکدا کەئەگەر بەسەرەتاکانی مێژووی ئیسلامدا بچینەوە دەبینین لەکاتێکدا کەپێغەمبەری خوا لەئەشکەوتی (حەرا) دابوو، خواپەرستی دەکرد و لەخوا دەپاڕایەوە، لەم کاتەدا (جبریل) لەئاسمانەوە دادەبەزێتو یەکەم مژدەو پەیامی خوای بەدیاری بۆ دەهێنێت  کە(سروش)ە،  لەیەکەم ئایەتی ئەم پەیامەدا باسی لەگرنگی زانست و زانیاری بۆ دەکات، ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم رووداوە بدەین لەوانەیە زۆربەمان توشی سەرسوڕمان بین ، چونکە ئەگەر سەرنجی ئەو بارودۆخە بدەی کەپێغەمبەری تیا دەژیا لەوانەیە زۆربەتان ئەو پرسیارە بەمێشکتاندا بێت، ئایا لەم کاتەدا باس کردن لەپەرستنی خواو فێربونی عەقیدەیەکی پاك و چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژ و شەو نوێژ گرنگە، یان باس کردن لەزانست و زانیاری، خوای گەورە لەیەکەم ئایەتدا پێی دەفەرمویێت ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾العلق١ ، باسی هیچ جۆرە عیبادەتێکی وەکو نوێژ و رۆژ و زەکات ناکات.

بۆ تێگەیشتن لەم رووداوە پێویستمان بەوە هەیە عەقڵ و دانایی بخەینە کارو لەروانگەی سیفاتەکانی خواوە راڤەی بکەین کەئاگاو دانایە بەسەرەتاو کۆتایی بونەوەرو شارەزایە بە کرۆك و بەرهەمی شتەکان، لەوانەیە لەو سەرەتایەدا ئەم بابەتە جێگەی گومان و پرسیار بوبێت، بەڵام لەئێستادا بەروونی وەڵامەکەی دیارە.

ئەگەر لەئێستاشدا سەرنجێك لەژیانی گەلانی مسوڵمان بدەین کە لەچ بارێکی دواکەوتویی و ناخۆشی و هەژاریدا دەژین، نهێنی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەکاتێکدا کەدەبینین چەندان گەلی تر لەئاستی جیهاندا کەنەخاوەنی پەیامێکی ئاسمانین نەقورئانیان هەیە ، بەڵام لەئاستێکی پێشکەوتوو و شارستانیدا دەژین. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت وەك قورئانیش

بەیەکەم ئایەت و سورەتی دەست پێ دەکات کەزانست کلیلی کردنەوەی دەرگای هەموو شتێکە، تەنانەت خواپەرستی و خواناسیش ئەگەر بنەمایەکی زانستی نەبێت دەچێتە قاڵبی بڕوا هێنانێکی کوێرانەوە، خوای گەورە بۆ بڕواهێنان بۆ خودی خۆیشی داوای گوێڕایەڵی کوێرانە ناکات، بەڵکو بەڵگە دەهێنێتەوەو هانمان دەدات کەبچینە سەر ڕێڕەوی زانست و لەوێوە خوا بناسین ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاء .... ﴾فاطر٢٨

واتە تەنها زاناکانن بەراستی لەخوا دەترسن، کەئەمەش تەنها زانایانی ئاینی ناگرێتەوە، بەڵکو زانا بەگشتی باس دەکات، کەهەموو زانایان زانستی تەجریبی و شەرعی و زانستە مرۆییەکان دەگرێتەوە .

هەروەها قورئان لەبواری یەکتاپەرستی و عیبادەتەکانیشدا هانمان دەدات کەبەشێوەی زانست وەری بگرین و لێی تێبگەین.

هەر لەبەرئەوە پێویستە لەم سەردەمەدا ئاین وەك زانست بخوێندرێت، کەسانی پسپۆڕ لەزانکۆو قوتابخانەکاندا بیڵێنەوەو ببێتە بەشێك لەخوێندنی زانکۆ و توێژینەوەی جۆربەجۆر، چونکە زانست لەراستیدا بریتیە لەهەوڵی زانایان بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێسا و یاسا گەردونی و ژیانیانەی کە لەلایەن خواوە دنراون و زانایانیش دێن کەشفی ئەوە دەکەن و بۆ خەڵکی روون دەکەنەوەو توێژینەوەی لەسەر دەکەن، لەمەشەوە دەگەینە ئەو راستیەی کەسەرچاوەی هەموو مەعریفەو زانستەکان بەهەموو لقەکانیەوە خوای گەورە خۆیەتی.

بەورد بونەوە لەو حاڵەتەی کەئێستا ئوممەتی ئیسلامی تێیدا دەژی لەدواکەوتویی و دوبەرەکی و شەڕوناکۆکی، دەگەینە ئەو راستیەی کەئێستا زۆربەی گەلانی ئیسلامی لەرۆژگای نەفامی و نەزانیندان، لێرەشدا کەباسی نەفامی دەکەین مەبەستمان نەزانینی خوێندنەوەو نوسین نیە، چونکە ئێمە زۆرجار گرفتمان لەخوێندەوارەکانیشماندا هەیە کەمرۆڤی چالاك و بەرهەم هێنەرو کاراو دڵسۆز نین، بەڵکو لەوڵاتانی ئیسلامیدا زۆرجار

دەبینین کەئەوانەی گەندەڵ و خیانەتکارو ستەمکارن، خاوەنی بڕوانامەی بەرزن‌و زانکۆیان تەواو کردوەو چەندان ساڵێش لەرۆژئاوا ژیاون و بەزمانەکان و زانیاری و تەکنۆلۆژیاش ئاشنان، بەلاَم ئەمانە هەڵگری بەهایەکی مرۆیی نین کەوایان لێ بکات خزمەت بەگەلەکانیان بکەن و دژ بەستەمکاری و گەندەڵی بوەستنەوە، ئەوەی قورئان باسی دەکات لەگەڕانەوە بۆ زانست و بەگرنگی سەیر کردنی بۆ دوو مەبەستە: لەلایەك بۆ ئەوەی زانست بکرێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی خواو ئەنجامدانی خواپەرستی لەسەر بنەمای بەڵگەو قەناعەت و بڕواهێنان کەدور بێت لەئەفسانەو خەیاڵ، لەلایەکی تریشەوە هەر ئەو زانستەیە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی‌و رەفاهیەت‌و پێشکەوتن و گەشەپێدانی گەلانی سەر زەویە، لەلایەکی تریشەوە بەستنەوەی پردی پەیوەندیەکانە لەسەر ئاستێکی گشتی لەنێوان هەموو مرۆڤایەتیدا، گرنگترین شت گێڕانەوەی ئەخلاقە بۆ زانست، چونکە تەنها لەم ڕێگەیەوەیە کە زانست دەبێتەمایەی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ، چونکە زانستی دوور لە ئەخلاق ئەویش دەبێتە سەرچاوەیەکی تر بۆ نەهامەتیەکانی مرۆڤ بە کاریگەریەکی زۆر مەترسیدارەوە .

ئەگەر گەلانی مسوڵمان تەنها بەباشی لەئەم سورەتە قورئانیە تێبگەیشتنایەو جێبەجێیان بکردایە، ئێستا لەم بارودۆخەدا نەدەژیان.

قورئان کاتێك فەرمان دەکات بەخوێندنەوە، تەنها مەبەستی زانستە شەرعی و ئاینیەکان نیە، چونکە مەبەست لە (اقراء) بۆ گشتیە، واتە هەموو شتێك بخوێننەوە، لەمرۆڤ و گەردون‌و دۆست و دوژمن و مێژوو کلتوری هەموو لایەك، لەبەرئەوە هیچ ئاین و بیروباوەڕێك لەسەر زەوی ئەوەندەی ئیسلام کراوە و فراوان و ئازادیخواز نیە، کە بەوجۆرە دەرگا بکاتەوە بۆ گفتوگۆو لەیەکتر گەیشتن و خوێندنەوەی بەرامبەر، بەلاَم بەداخەوە زۆرجار هەڵگرانی ئەم ئاینەش بەهۆی کەمی زانیاری و نەشارەزاییان لەفەلسەفەو مەعریفە

و تێنەگەیشتنیان لەزانست و تەکنەلۆژیا، هەڵوێستی بچوکیان هەیەو زۆرجار ئیسلامیش لەکەدار دەکەن.

خوێندنەوە لەوە تێپەڕیوە تەنها خوێندنەوەی کتێب بێت، بەڵکو لەئێستادا چەندان زانستی نوێ سەری هەڵداوە، بۆ نمونە لەرێگەی ئەندازەی بۆماوەییەوە دەتوانرێت زانیاری نوێی بۆ هێڵەکان بخوێندرێتەوە، بۆ هێڵەکان کەپێکهێنەری کرۆمۆسۆمەکانن پڕن لەزانیاری سەرسوڕهێنەر، هەندێك لەزانایان دەڵێن ئەو زانیاریانەی لەناو کرۆمۆسۆمی خانەیەکدا هەیە زۆرترە لەوەی کە لەگەورەترین مەوسوعەی زانستیدا هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر رۆژێك لەرۆژان مرۆڤ بتوانێت ئەو زانیاریانە بخوێنێتەوە لەناو هەرخانەیەکدا تەنانەت چارەسەری هەموو نەخۆشیەك هەیە کەمرۆڤ توشی دەبێت، بەهەمان شێوە بۆ گەردیلەکانیش راستە کەبنەمای پێکهێنانی ماددەن.

کەواتە ئەو خوێندنەوەیەی کەقورئان باسی دەکات تایبەت نەکراوە بەبابەتێك، لەبەرئەوەی ئەو زانیاریانە  کەلەوخانەدا هەن خوا خۆی دایناون لەم رێگەیەوە مرۆڤ هان دەدات کەلەرێگەی زانستەوە ئاشکرایان بکات، لەرۆژگای ئەمرۆدا هیچ گەلێك بەبێ زانست پێشناکەوێت، سەرچاوەی سەرەکی هەموو زانست و پێشکەوتنێکیش مرۆڤە.

لەبەرئەوە قورئان هانمان دەدات کە لەپاڵ خواپەرستیدا مرۆڤێکی کاراو زانستخوازو داهێنان کاربین، لەم رێگەیەشەوە دەیەوێت پێمان بڵێت کەئاین بۆ خۆشگوزەرانی دنیاو دوارۆژە.

ئەگەر سەیری گەلانی مسوڵمان بکەین، دەبینین کەسەرچاوەی ئابوریەکی بەهێزیان هەیە کەنەوتە، ساڵانە سەدان ملیار دۆلاریان دەست دەکەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن  و بەکاری ناهێنن بۆ بوژانەوەو هۆشیاربونەوەو گەشەپێدان، دەبینین رۆژ بەرۆژ بارودۆخی ئەم گەلانە بەرەو خراپی دەچێت، یەکێکی تریش لەبوارە وێرانەکان لەجیهانی ئیسلامیدا زانستی سیاسیە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ

سیاسەتدا دەکرێت ئایا بەشێوازە زانستیەکەیەتی یان سیاسەت کراوەتە شتێك بۆ گەندەڵی و خیانەت و دزی و بەفیرۆدانی سامانی گشتی دەوڵەت.

کەواتە کاتێك ئێمە بیر لەچاکسازی دەکەینەوە بۆ ئەم بارودرۆخە دەبێت لەزانستەوە دەست پێ بکەین و بچینەوە بۆ چاکسازی لەپرۆگرامی خوێندنی زانکۆو قوتابخانەکان، چونکە ئەمە باشترین بیرکردنەوەیە، بۆ ئەوەی پلانێکی ستراتیجی دابرێژین و بە عەقلێکی نوێوە مامەڵە بکەین و گەلانی ئێمەش بچنە ریزی گەلە پێشکەوتوەکان.

# قورئان و بنیاتنانی دەسەلآتی چاك

هەر كەسێك بەوردی قورئان بخوێنێتەوە ئەوەی بۆ دەردەكەوێت كە گرنگیەكی زۆر دەدات بەوەی كەمرۆڤی باوەڕدار مرۆڤێكی تەواو بێت لەژیانیدا، بەجوانترین شێوە مامەڵە بكات لەگەڵ خەڵكیدا، لەرووی هەڵسوكەوتوو سیاسەت كردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و سامان و كاروبارەكانی خكومەتدا نمونەی پاكی و چاكی و لێهاتوویی و دڵسۆزی و دورلە گەندەڵی بێت، ئەمەش هەر لەدابەزینی یەكەم سورەتی قورئانەوە دەست پێ دەكات كەبریتیە لەهاندانی مرۆڤی باوەڕدار بۆ فێربونی زانست و زانیاری، ئەمە دەكاتە بنەمای پەروەردەیەكی نوێ بۆ ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار كەسایەتیەكی شارەزاو خوێندەوار بێت و لەروویەكی تریشەوە خاوەنی بیروباوەڕێكی دامەزراو بێت، كەهەموو ئەمانەش بنەمای پێگەیاندنی مرۆڤێكی چاكەكارو چاكەخوازن.

ئەگەر سەیری گۆڕانكاریەكانی ئەم سەردەمە نوێیەش بكەین دەبینین كەزۆربەی بۆ بەرەو رووبونەوەی گەندەڵی و ستەمكاری و تاك رەوی پەنادەبەنە بەر دروست كردنی دەسەلآتی چاك كەلەسەر بنەمای سیاسەتی چاك و ئابوریەكی چاك بنیات دەنرێت، ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز و فەرمودە بكەین، دەبینین كەچەند سەدەیەك پێش ئێستا جەختیان لەسەر ئەم چەمكە كردۆتەوە، سەردەمی خەلیفەكانی راشدین بەسەردەمی زێڕینی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت بە تایبەتی لەچەسپاندنی عەدالەتدا، كەئەویش لەسەر بنەمای ئەم چاكە كاریە بنیات نراوە، قورئان بەشێوەیەكی گشتی جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كەتاكی مسوڵمان دەبێت لەسەر بنەمای چاكەكاری پەروەردە بكرێت كەئەویش بنەمای دروست كردنی كۆمەڵگەیەكی چاكەكارو پاشانیش ئوممەتێكی چاكەكارەو ئەمەش دەبێت

لەسیاسەتو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خۆی و خێزان و ئاین و دۆستان و دراوسێ و هەموو زیندەوەراندا رەنگ بداتەوە.

چاکەکاری و چاکەخوازی لەئیسلامدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمەش لەئیسلامدا بەجوانی دەبینرێت، ئەم سیفەتەش سیفەتێکە لای خوای گەورەش جێگەی رێزە، پێغەمبەران لەدوعاکانیاندا داوایان کردوە کەبیانکاتە مرۆڤی چاکەخوازو ئیلهامی روشدیان پێ ببەخشێت﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِه عَالِمِينَ ﴾الأنبياء٥١، خوای گەورە روشدو چاکەکاری کردە سیفەتی باوکی پێغەمبەران و کردیە پێشەنگ بۆ باوەڕداران و پێغەمبەرانی تر، ئەمەش لەدوای ئەو دوعاو نزایانە بوو کەبەشە وو بەرۆژ داوای دەکرد، لەئەنجامدا خوای گەورە روشدی پێدا بۆ ئەوەی بەوپەڕی داناییەوە مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکەی و دەسەلاّتدارەکاندا بکات کەبێ باوەڕبوون، لەکاتی سەردانی بۆ.مەککە بەوپەڕی دانایی مامەڵەی کرد، هەروەها لەکاتی بەجێهێشتنی کوڕەکەی لەبیابانی مەککەدا بەوپەڕی دانایی مامەڵەی کردو هەتا ئەم ناوچەیە ببێتە سەرەتایەك بۆ دروست کردنی دورگەی عەرەبی کەلە دوایدا بوە شوێنی دابەزینی دوایەمین پەیامی پێغەمبەران.

**روشدو چاکەکاری لای پێغەمبەران**

لەبەر گرنگی روشد وچاکەکاری پێغەمبەر موسا (علیه السلام) کەیەکێکە لەو پێنج پێغەمبەرەی کەبە(اولی العزم) ناسراون ، رازی بوو بەوەی ببێتە قوتابی لەلای پیاوێك کەنەیدەناسی و هەتا فێری روشدی بکات وەك خوای گەورە لەسورەتی (کهف) دا دەفەرموێت ﴿قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْداً﴾الكهف٦٦، حەزرەتی موسا لەم پیاوەوە چاکە و شتی زۆر فێر بوو، لەو وانەیەدا ئەوەی فێرکرد کەپێویستە مرۆڤی باوەڕدار متمانەی بەخوای گەورە هەبێت لەسەر هەموو ئەوشتانەی کەرووبەروی دەبێتەوەو توشی دەبێت، دەبێت بڕوای بەوە بێت کەئەو رووداوە خزمەتی پێ دەکات، ئەمەش دەبێت لای مرۆڤی باوەڕدار شتێکی چەسپاو بێت کەخوای گەورە خراپەی بۆ کەسێك ناوێت کەخۆشی بوێت و بیپەرستێ و پشتی پێ ببەستێت، چونکە خوای گەورە غەیب دەزانێتو دەزانێت چی بۆ بەندەکانی باشە.

## دڵسۆزی و هەوڵی بەردەوام و ڕۆڵی لە گەشە پێدان و پێشکەوتندا

زۆر سەرم سوڕما لە بەرامبەر ووتەی ئەو مێژوو نوسە ئەڵمانیەی کە پرسیاریان لێ کردبوو دەربارەی نهێنی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە ئەڵمانیا بەخۆیەوە بینی لە پاش ئەو کاولکاریانەی کە بەهۆی دوو جەنگی جیهانیەوە توشی بوو؟ ئەو مێژوو نوسە زۆر بە کورتی لە وەڵامدا ووتبوی: ئێمە پێش ئەوەی بچینە زانکۆ دەچوینە سوپاوە، واتە ئێمە لە سەرەتادا بەرپرسیارێتی و پابەند بوون بەیاسا و کاری بە کۆمەڵ و گوێ ڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی سەرو خۆمان فێر دەبوین، لە کاتێکدا کە من گوێ بیستی ئەو وتەیە بوم خەیاڵم گەرایەوە بۆ دواوە، گیانم فڕی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پەروەردە پێشەنگیەدا بژیم کە پێغەمبەری خوا لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دایان ڕشتبوو، کە بەهۆیەوە توانیان خەڵکی لەو کۆمەڵگە ئاڵۆزو شپرزە دەربهێنن و بیانخەنە کۆمەڵگەیەکی ڕێك و پێك و پابەند بەیاسا و بەها باڵاکانی لە هەموو شتێکدا، دڵسۆزی و سوربوونی لەسەر کار، سەربازبوون بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی، سەرکردە بۆ بیرکردنەوەو پلان دانان بۆ داهاتوو، بەمەش باشترین ئومەتیان لێ دروست بوو لە ناو گەلانی سەر زەویدا، بەم هۆیە لە گەلێکی دڵ ڕەقەوە گۆڕان بۆ گەلێکی پڕ لە سۆزو بەزەیی، لە پشێوی و ئاڵۆزیەوە بۆ ڕێك و پێکی لە هەموو بوارێکدا، لە پڕۆگرامێکی تیۆریەوە چونە سەر پڕۆگرامی ئەزموونی و کرداری، ڕۆژئاوا ئەمەی لە ئێمە بردو بۆخۆی شارستانیەتێکی لەسەر بنیات نا.

بۆ جەخت کردنەوە لەسەر گیانی سەربازی و پابەند بوون بە فەرمان و یاسا و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی، عیبادەتەکان فەرزکران، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو بەها باڵایانە

له ناو دەروندا جێگەی خۆی بگرێت، سەرەتا ئەم بەهایانە لەدڵدا دەچەسپێن، پاشان دەبن بە کردار.

له دوای ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار شایەتومان دەهێنێت دەبێت نوێژ بکات، نوێژیش بەکات ڕێکخراوە نابێت پێش و پاش بکرێت، ئەگەر کاتەکەشی بەسەر بچێت دەبێت بە قەزا بکرێتەوەو لەسەر ئەمەش تاوانبار دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەفێری ڕێکخستنی کاتمان بکات و ڕێزی لێ بگرین و بەنرخ سەیری بکەین، هەروەها لە کاتەکانی ئیحرامیشدا دەبێت پابەند بین بە شوێنەوە، چونکە ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نەدات تاوانبار دەبێت و دەبێت قوربانی بکات، هەروەها لە نوێژەکانیشدا دەبێت هەموو مسوڵمانان ڕوو لەکەعبەی پیرۆز بکەن .

له ڕووی کرداریشەوە پێویستە مرۆڤی مسوڵمان پابەندی کۆمەڵێك دیسپلین بێت لەکاتی نوێژەکانی بە کۆمەڵ و نوێژی هەینی دا، ئەویش بە شێوەیەك دەبێت ریزەکان ڕێك بخرێن کە نابێت هیچ بۆ شاییەك لە نێوانیدا هەبێت، واتە دەبێت پیاوان هەریەکە لەگەڵ ئەوەی تەنیشتیدا پێیان بەیەکەوە جووت بکەن و شانیان لە ریزی یەکتریدا بێت و ڕیزەکان وەك بەردی دیوار بن، یەکێك لە پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی لە بواری کارگێڕی دا لە کاتێکدا کە بە ڤیدیۆ سەیری نوێژی هەینی دەکات لە حەرەمی مەکەدا زۆر سەری سوڕ دەمێنێت، ئایا چۆن دەتوانرێت زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس لە دوای ئیمامەوە بەیەك ووشە ڕێك بخرێن لەماوەی چەند چرکەیەکدا، لەم کاتەدا ئەو پسپۆڕە ووتی من تێ ناگەم لەوەی ئایا ئەمە چ هێزێکە وا لە سێ ملیۆن کەس دەکات بەو شێوەیە کە لەو ڕیزە ڕێك و پێکانەدا بوەستن، بەڕاستی من ئەوەم پێ وەرناگیرێت، ئەمە سەرەتایەك بوو، پاشان ئەو پسپۆڕە دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئیسلام و لە دوایدا مسوڵمان بوو.

له ڕووی پەروەردەیی و کرداریەوە ئەو دیسپلینە لە شێوازی پابەندبوون بە ئیمامەوە دەردەکەوێت نابێت کەس پێشی بکەوێت و نابێت دواش بکەون، ئەمە ڕێکخستنێکی سەر

سورهێنەرە، ئایا ئەمە لە پێناو چیدایە؟ لە پێناو ڕێکخستنی مسوڵمانانندایە کە دەبێت لە ڕووی کات و شوێنەوە پابەندی فەرمانەکان بن، دەبێت جدی بن لەبەدەمەوە چوونی خوای گەورە بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکان.

عیبادەتەکان و ڕێو ڕەسمە ئاینیەکان ڕاهێنانی مسوڵمانە لەسەر توندو تۆڵی و پابەند بوون بەکات و ڕاهێنانی باوەڕدارە لەسەرکاری چاکەو دورکەوتنەوە لە ئالۆزی و خراپەکاری، ئەگەر عیبادەتەکانی بەرێك و پێکی ببات بەرێوە ئەمە کاریگەری بۆ سەر ڕەوشت و مامەڵەشی دروست دەکات، هەرچەند عیبادەتەکان هۆکاری پەیوەست بوونە بەخوای گەورە بەڵام لەهەمان کاتدا پەیوەستە بە ئامانجە گەورەکانی ئیسلام و دانانی بنەمایەکی بەهێزە بۆ ڕەوشتی مرۆڤی باوەردار :﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ﴾

دەربارەی ڕۆژوش دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾

دەربارەی چاکسازی دلأنیش دەفەرموێت: ﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ﴾

یەکێك لە گرنگترین ئامانجی عیبادەتەکان پابەند بوونە بە خوای گەورەو لە لایەکی تریشەوە راهێنانی مرۆڤی باوەڕدارە لەسەر رێکخستنێکی ئامانجدار .

لە ئێستاشدا رێکخستنی کارگێڕی لە بواری زانستی ئابوریدا یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی بەرهەم هێنان و زۆر لە وولأتانی پێشکەوتوو پشتی پێ دەبەستن، بۆ نمونە لەلای یابانیەکان کەرەستەی خاو و نەوت نیە، بەڵام تەنها بەهۆی ڕێکخستن و تەکنەلۆژیاوە توانی لەباری ژێر سفرەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم بگاتە ئاستی ئەمەریکا، هەروەها کۆریای باشور پاش سی ساڵ لە جەنگ، توانی بگاتە ئەو ئاستەی ئێستاو پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە

ببینێت و ئێستا بەرهەمەکانی کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی ئەمەریکی دەکات و لەهەندێك بواردا پێشی کەووتوە .

بەڵام ئەگەر سەیری ئێمە بکەیت لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، نەوت و غازو کەرەستەی خاوو پارەو داراییەکی زۆرمان هەیە، هەموو شتێکمان لەبەر دەستدایە کە بتوانین ببین بە وولاتێکی پێشکەوتوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەست دواکەوتوویی و هەژاری و برسێتیەوە دەناڵێنین، هیچ ڕۆڵێکمان لە پێش خستنی دنیادا نیە، تەنانەت بوین بەبار بەسەر وولاتە بەرهەم هێنەرەکانەوە و تەنها بوینە گۆڕەپانێك بۆ بەکاربردن .

ئایا هەموو ئەمانە پێویست ناکات لەسەرمان کە جارێکی تر بە پەروەردەی ئاینی خۆماندا بچینەوە، چونکە لەم بارودۆخەدا بۆشاییەکی گەورە دروست بووە، لە نێوان ئەوەی ئیسلام داوای دەکات و لەوەش کە ئێمە ئەنجامی دەدەین ؟ سەیری زانکۆو قوتابخانەو چالاکیەکانمان بکە لە بواری دارایی و کارگێڕی دا ؟ ئایا ئیسلام داوای ئەمە دەکات کە گەلانی مسوڵمان بەم شێوەیە بژین ؟ کەواتە دەبێت بە خۆماندا بچینەوەو ڕەخنە لە خۆمان بگرین و پلانی ستراتیجی بۆ ئایندەمان دابنێین ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ صدق الله العظيم

# نەهامەتیەکانی ستەمکاری و گرنگی شورا

یەکێك لەگرنگترین ئەو پرەنسیپانەی کەپێغەمبەری خوا بڕوای پێی بوەو لەژیانی خۆشیدا جێبەجێی کردوەو کردویەتی بەفەریزەیەك بەسەر شوێن کەوتوانی ئوممەتەکەی کەدەبێت لەهەموو کاروبارێکی خێزانی و کۆمەڵایەتی .. جێبەجێ بکەن بریتیە لەپایەندبوون بەچەمکی شوراوە، کەئەمەش لەو بازنە فراوانترە کەئێستا پێی دەڵێن سیاسەت، چونکە شورا مانای راوێژکردنە بەکەسانی تر کەخاوەنی ئەزمونی پسپۆڕین لەبوارێکی تایبەتدا.

خوای گەورە فەرمان بەپێغەمبەرەکەی دەکات کەئەم بنەمایە بەتەواوی جێبەجێ بکات وەك دەفەرموێت : ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأمر فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾، لەم ئایەتەدا هەست دەکەین کەرەگەزەکانی خۆشەویستی لەناو خێزان و دەرەوەی خێزان باس دەکات.

هەروەها دەچێتە بازنەی هەموو جۆرە بەرپرسیارێتیەکان، داوا دەکات کەبەئاسانی و نەرم و نیانی و دور لەگرژی ئاڵوگۆڕی بیرورا بکرێت، بەبێ پەنا بردن بۆ شکاندن و دڵ ئازاردانی بەرامبەرەکان یان بەزمانی جەستە توندوتیژی و گرژی بەکاربهێندرێت، هەرچەند ئەو فەرمانەی خوا روو دەکاتە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾بەلأم لەبەرئەوەی ئێمەش شوێن کەوتەی ئەو پێغەمبەرەین، دەبێت لەهەموو شتێکدا شوێن پێی ئەو هەڵبگرین، خوای گەورە فەرمان بەپێغەمبەر دەکات ئەو کارانە بکات کەدەبنە مایەی زیادکردنی خۆشەویستی لەنێوان باوەڕداران و زیادکردنی خۆشەویستی خەڵك بۆخوا ﴿والذين آمنوا أشدُّ حباً لله﴾.

ئەگەر سەیری ئایەتی ﴿وشاروهم في الأمر﴾بکەین کە ڕاناوی کۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئوممەت و تایبەت نەکراوە بەتاکەکان، نە گەورەو نە بچوك، نە سەردارو نە دەسەڵاتدار، بەتەنها بەرپرسیار نیە بەڵکو داوایەکی گشتیە لەکاتی پێویستدا پەنای پێ دەبرێت.

هەرکاتێك کارێك بهاتایە پێشەوە ، پێغەمبەری خوا دەچوە مزگەوت و پرس و رای پێ دەکردن. (ابن عباس) دەڵێت کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە﴿وشاروهم في الأمر﴾ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی، خوا و پێغەمبەرەکەی بێ نیازن لەمە، بەڵام خوای گەورە ئەمەی کردۆتە مایەی سۆزو و بەزەیی و دیاریەکی خوایە بۆ ئوممەت، واتە لەبەر ڕێزو بەگەورە گرتنی ڕۆڵی ئوممەتە، ئەمەش مانای وایە ئەم ئوممەتە خاوەنی پلەو ڕێزە لای خوا، لەبەرئەوە لەهەموو شوێنێکدا کەپێویست بوایە پێغەمبەری خوا پرس و رای پێ دەکردن، لەشەڕی بەدردا رای سەربازێکی سادەی وەرگرت لەکاتێکدا کەلەشوێنێکدا لای دا، لەم کاتەدا (حەبابی کوڕی مونزیر) وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەم جێگەیەی کەتۆ لاتداوە لێی ئایا فەرمانی خوایە یان فێڵی جەنگە؟ پێغەمبەری خوا فەرموی ڕاو فێڵی جەنگە، حەباب ووتی بەرای من ئەم شوێنە باش نیە بابچینە نزیك ئاوەکە، (ئاوەکەیان ببڕین)، ئاوەکەیان لێ ببڕین ئەوکاتە بێ ئاو دەبن، پێغەمبەری خوا چوە سەر ئەو رایەو فەرمانی کرد کەسوپاکەی باروبارگەیان بپێچنەوەو بچنە نزیك ئاوەکە.

## پێویستە وردبین

ئێمە توشی گرفت و ئاڵۆزی بوین لەکاتێکدا چەند بیرۆکەیەك هاتە ناومان، لەوانەش ئەو رایەیە دەڵێت، شورا پێویست نیە، نەپێویستە پرس و را بکرێت، نەهیچ کەسێك پێویستە ملکەچی ئەنجامەکەی بێت، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەشورا لەلایەن زۆربەی مسوڵمانانەوە پشت گوێ بخرێت.

ئەمەش لەسەدەکانی ناوەڕاست و تائێستاش بەئاشکرا باڵی کێشاوە بەسەر ئوممەتداو ئەمەش بوە مایەی سەرچاوەی زۆر گرفتی گەورە، بەتایبەت لەبواری سیاسەتدا، سەرئەنجامیش جۆرەها دیکتاتۆرو ستەمکار لەجیهانی ئیسلامیدا دروست بوون.

پێغەمبەری خوا هەرچەند  باشترین کەسێك بوو کەدەیتوانی جێگیرەوەیەك بۆخۆی دابنێت، بەلاَم نەیکرد، ئەمەی بەجێ هێشت بۆ هاوەلاَن، لەدوای خۆی بەراوێژ ئەبوبەکریان هەڵبژارد.

لەکاتێکدا کەداوا لەعومەر کرا کەجێگرەوەیەك بۆخۆی دابنێت، لەوەلاَمدا وتی( پێغەمبەری خوا ئەو کارەی نەکردوە منیش نایکەم) بەو شێوەیە هەموو خەلیفەکانی راشدین مامەڵەیان کرد، کارەکەیان خستەوە سەر راوێژ کردن، چونکە زۆر بە گرنگیان دەزانی.

جیاوازی شورا لەگەڵ سیاسەت ئەوەیە کە هەڵبژاردن لەبواری سیاسیدا تەنها بۆ کایە سیاسیەکانە، بەلاَم شورا هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، لەکاتێکدا کەخوای گەورە فەرمان دەکات بەکارکردن بەشورا، ئەمە مانای چەسپاوی  و دامەزراویە ، وەك هەندێك لەزانایانی زمان لەبواری رەوانبێژیدا دەڵێن ئەمە رستەی ناویە (جملة اسمية) کەبۆ دامەزراوی و چەسپاندنە، واتە شورا بابەتێکی نەگۆڕو  چەسپاوە و پێویستە لەدڵ و هەستی مسوڵمانانیشدا بەو شێوەیە بێت و لەهەڵسوکەوتی هەموو لایەکیشدا رەنگ بداتەوە.

ئەگەر سەیری قورئان بکەین  خوای گەورە باس لەهەندێك شتی بچوك دەکات، کاتێك رەوایەتی پێ دەبەخشێت کەراوێژی تێدا بکرێت، خوای گەورە باس لەوە دەکات کەپێویستە لەنێوان ژن و مێرددا راوێژ هەبێت، لەم بارەیەوە هەندێك فەرمودەی لاواز  و دانراو (موضوع) دەهێنن، کەهیچ بنەمایەکیان نیە وەك ئەوەی کەدەڵێت (راوێژیان پێ بکەن و بەگوێیان مەکەن) ئەم فەرمودەیە هیچ بنەمایەکی راستی نیە، چونکە راوێژ کردن

مەبدەئێکی قورئانیە، ئەمە مەنهەجی ئیسلامە بۆ بەرێکردنی کاروبارە جۆراوجۆرەکان، ئەمە رەخنەی ئێمەیە لەدەسەلأتە ستەمارەکان.

ئێمە لەئێستادا خۆمان لەناو خێزانەکانماندا ستەمکارین، منالەکانمان فێری راوێژ ناکەین، خێزان و کەسەکانمان نەشارەزان.

راوێژ کردن لەئیسلامدا فەریزەیەکی شەرعیە، بەشێکە لەعیبادەت، هەروەك چۆن نوێژ دەکەین پێویستە بەو جۆرەش راوێژ بکەین، پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت ( هەرکەسێك لەهەر بوارێکدا راوێژ بکات، ئەمە دەبێتە مایەی رێنمایی بۆ باشترین بڕیار) پێویستە ئەم بنەمایانە لەقورئان و سوننەت بکەین بەدامەزراوە، بچینە ناو سیاسەت و کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ ، بۆ ئەوەی بەختەوەری دنیاو دوارۆژ بەدەست بهێنین.

# برایەتی ئیمانیمان لە ژێر پرسیاردایە

ئیسلام گرنگیەکی زۆری داوە بە برایەتی ئیمانی و لە پێش هەموو جۆرەکانی تری برایەتی رەگەزو نیشتیمان و نەتەوەوە باسی دەکات، خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕداران لەهەر کوێیەك بن برای یەکن (إنما المؤمنون أخوة) برایەتی ئیمانیش ئەرك و بەرپرسیارێتی هەیە، لەوانەش خاکی بوون و بەزەیی هاتنەوەو هاوکاری و بەدەمەوە چوونی براکانە.

لەئیسلامدا هەر کەسێك خۆی بەکەم بزانێت خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە، چونکە مرۆڤ بەخاکی بوون و خۆ بەکەم زانین کەم ناکات، بەڵکو وەك ئەرك و بەرپرسیاریەتیکی برایەتی دەبێت لەگەڵ براکانماندا بە سۆزو بەزەیی بین و پاڵپشتیان بکەین لەسەرچاکەکاری و ڕێگریان بکەین لە زیان و خراپە، دەبێت هەست بەگرفت و ئازاری براکان بکەین و هەوڵ بدەین ئازارەکانیان لەسەر کەم بکەینەوە.

من سەرم سوڕ دەمێنێت لەو کەسانەی کە خۆیان بە مسوڵمان دەزانن و ڕۆژانی پێنج شەممە و دووشەممە بە ڕۆژوو دەبن و نوێژدەکەن و سوژدە بۆ خوا دەبەن، بەڵام سڵ ناکەنەوە لە کوشتن و ئازاردان و دەربەدەرکردنی برا مسوڵمانەکانیان، کە ئەمەش ئەمڕۆ گەورەترین گرفتە لە جیهانی ئیسلامیدا، چونکە ئەگەر سەیری جیهانی ئیسلامی بکەین زۆربەی شەڕو کوشتارو جەنگەکان لە نێوان گەلە مسوڵمانەکان و گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکاندایە، ئەوەش کە دوژمنانی ئیسلام لە ئێستادا دژ بە مسوڵمانان دەیکەن، ناڕاستەو خۆ لە ڕێگەی کۆمەڵەیەك یان گروپێکی ئیسلامیەوە ئەنجامی دەدەن .

ئێمە دەبێت بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بگەڕێینەوە بۆ قورئان کە دەربارەی باوەڕداران دەفەرموێت (رحماء بینهم) ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین دەبینین کە خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بە دوو شت :

یەکەمیان: ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دووەمیان بگەڕێینەوە بۆ عەقڵ ﴿أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ لە ئایەتەکەدا ڕەخنە لەو جۆرە کەسانە دەگرێت، دەفەرموێت ئەوانە ناگەڕێنەوە بۆلای خوا وە ناگەڕێنەوە بۆ سروشتی قورئان، واتە سوود لە ئەزموونی مێژوو عەقڵ وەرناگرن.

ئەگەر سەیر بکەین قورئان زۆربەی چیرۆکەکان لەسەر جولەکەو نەوەکانی ئیسرائیلە، چونکە جولەکەکان لە مێژوودا نمونە بوون بۆ ناپاکی و ستەمکاری و پەیمان شکێنی و پیلان گێڕان، لەلایەکی تریشەوە ئاگادارمان دەکاتەوە ئەگەر ئێمەش بەراستی نەگەڕێینەوەو پشت بە قورئان نەبەستین ئێمەش وەك ئەوانمان لێ دێت.

قورئان کۆمەڵێك دەردو نەخۆشیمان بۆ باس دەکات کە توشی نەوەکانی ئیسرائیل بوە، لەوانەش ناکۆکی و دووبەرەکی و رق بونیانە لەیەکتر، بەڵام لەگەڵ دووژمنانیاندا نەرم و ئارام و هێمن بوون، بەهۆی ئەمەشەوە توشی جۆرەها بەڵا بوون لە مێژوودا و خوای گەورەش نەفرەتی لێ کردوون هەتا رۆژی قیامەت.

بەشێوەیەکی گشتی گوتاری قورئان بۆ گەلانی جیهان ئەوەیە کە داوای یەکڕیزی و خۆشەویستی و تەبایی دەکات، داوایان لێ دەکات لە کوشتارو ئازارو سزادانی براکانیان دەست هەڵبگرن و وەك برا لەسەر زەویدا بژین.

ئەوەی ئێستا دەبینرێت لە سوریاو میسرو لیبیا و یەمەن و عێراق، هەمووی کوشتاری مسوڵمانە بەدەستی مسوڵمان، لە کاتێکدا کە قازانجەکەی هەمووی بۆ وڵاتانی زلهێزو نامسوڵمانەو هۆکاری دواکەوتن و نەخۆشی و پەرتەوازەییە بۆ ئەو گەلانە، پێویستە هەموو

لایەکمان کاربکەین بۆ وەستاندنی ئەو شەڕو ناکۆکیانە، لەکاتێکدا کە ئێمە بەبەردەوامی هاوکاری کۆ دەکەینەوە بۆیان، ئەی بۆچی هەوڵی ڕاوەستاندنی شەڕەکان نادەین، با هەمووومان لە هەوڵی دروست کردنی هاوپەیمانیەتێکی نوێدابین، ببینە خاوەنی فشار وەك پەیمانی (فضول)، ئەمە لەسەردەمی نەفامیدا هەبوو بۆ ڕێگرتن لە ستەمکاری، بەڵام ئێمە لەم سەردەمە پێشکەوتوەدا ناتوانین شتێکی وا دروست بکەین.

پێویستە ئێمە جارێکی تر ئینتیما بۆ خۆمان نوێ بکەینەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾

دوژمنانی ئیسلام بەبەرنامە کار دەکەن، دەزانن چی دەکەن، بەڵام ئێمەین کە بێ بەرنامەو بێ ستراتیجیەتین و لەناو بازنەی ئەواندا شەڕ بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەکەین .

بەمەش دەستمان داوەتە گەندەڵی و یەکتر کوشتن و ئەنجامدانی ستەمکاری، لەکاتێکدا کە ئەمانە هەمووی دوورن لە ئیسلام و پەیامی ئاینە پیرۆزەکەمان، لەبەرئەوە داوا دەکەم کە با بەخۆماندا بچینەوە، هۆشیار بین بەرامبەر پلانی دوژمنان، جارێکیتر بگەڕێینەوە بۆ قورئان و لەو ڕێگەیەوە، چارەسەر بۆ گرفتەکانمان دابنێین .

# چیرۆكی نەوەكانی ئیسرائیل و واقیعی هاوچەرخی ئێمە

ئەگەر سەیری قورئان بكەین زۆربەی چیرۆكەكانی لەسەر نەوەكانی ئیسرائیلە، چونكە ئەوان خاوەنی زۆرینەی گرفت و نەهامەتی و نەخۆشیە كۆمەڵایەتیەكان بوون، قورئان لەو مەترسیانە ئاگادارمان دەكاتەوە، ئەگەر ئێمەش لەگەڵ قورئاندا نەژین و ژیانمان بەپێی ئەو نەڕازێنینەوەو، بەپێ قورئان كردەوەكانمان ئەنجام نەدەین.

قورئان زۆرترین چیرۆكی گەلە رابردووەكانی تەرخان كردوە بۆ نەوەكانی ئیسرائیل، ئەم جەخت كردنەوەیە بۆ دوو مەبەستی گرنگە، یەكەمیان ئەوەیە كە پلان و دژایەتی جولەكە بۆ مسوڵمانان بەردەوام دەبێت هەتا ڕۆژی قیامەت، خوای گەورە باس لە كۆمەڵە دەردو گرفتێك دەكات كە توشی نەوەكانی ئیسرائیل بووە، بەتایبەتیش گرفتە ناوخۆییەكانیان وەك دوبەرەكی و جیاوازی و شەڕو كوشتاریان لەگەڵ یەكدا.

لەبەرامبەر خۆیاندا زۆر توندو تیژ بوون، بەهۆی ئەمەشەوە توشی سەرشۆڕی و سزاو ئازارو دەربەدەری بوون، قورئان ئاگادارمان دەكاتەوە لەو دەردو گرفتانە، لەبەرامبەر ئەوەدا كۆمەڵە سیفاتێك باس دەكات بۆ باوەڕداران كە خۆیان لەو گرفتانە بپارێزن، ئەویش ئەوەیە كە بەسۆزو بەزەیی بن بەرامبەر بەیەكتر، توندو تیژبن لەگەڵ دوژمنان.

لێرەدە باس لە ڕوداوێك دەكەین كە قورئان بۆمان باس دەكات كە توشی جولەكەكان بووە، ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَاءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنْفُسَكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنْتُمْ تَشْهَدُونَ﴾

خوای گەورە بەڵێن و پەیمانی لێ وەرگرتن کە لەنێوان یەکتردا برابن، ئیمان بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە، گەلێکی باوەڕدارو ڕاستگۆو خۆشەویست بن لە نێوان یەکتردا، براکانیان لەماڵەکانیان دەرنەکەن، خوای گەورە ئەمەی بە پەیمان و بەڵێن لێ وەرگرتن، کە دەبێت پابەندبن پێوەی لە ڕێگەی موساو هارونەوە ئەمەی پێگەیاندن، ﴿ثُمَّ أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنْفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِنْكُمْ مِنْ دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِمْ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾

بەڵام ئەوەی جولەکەکان کردیان دوای ئەم بەڵێنەش دەستیان دایەوە خوێن ڕشتنی یەکتر، بێ بەزەییانە کوشتاری یەکتریان کردوە، یەکتریان لە ماڵەکانیان دەرکرد، دەستیان تێکەڵاو کرد لەگەڵ دوژمنان دژی براکانی خۆیان، لەگەڵ بێ باوەڕاندا پەیمانیان بەست دژی ئیمانداران، لە ئەنجامی ئەمەشدا خوای گەورە دوژمنانی بەسەردا زاڵ کردن، هەمووی کردنە کۆیلەو بەندە، سەرشۆڕی کردن، خوای گەورەش لە دوا ڕۆژدا بەڵێنی پێدان کە توشی سەختترین سزای ئاگریان بکات.

﴿اشْتَرَوُا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ﴾ ئێوە ئەم حاڵەتە بەراورد بکەن لەگەڵ ئەوەی ئێستا گەلانی ئیسلامی پێیدا تێپەڕ دەبن، پێویستی بەروون کردنەوە نیە.

خوای گەورە لە قورئان و پێغەمبەریش لە فەرمودەدا، جەخت دەکەنەوە لەسەر پاراستنی یەکڕیزی ئوممەت، لە ئیسلامدا پەیمانمان لێوەرگیراوە کە هەموومان پابەند بین بەپارستنی یەکڕیزی ئومەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە ماڵی ئێمە چۆنە، ئەویش تەنها لەبەر یەك هۆکار کە بریتیە لە فرۆشتنی دوارۆژ بە دونیا.

له ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هەموو شتێك له بازاڕدا دەفرۆشرێت ئیمان و نیشتیمان و سامانی نەتەوەیی، هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا دەفرۆشرێت، کوشتاری براکانمان دەکەین، دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵاو دەکەین، ئەمەش ئەوەبوو کە جولەکەکان دەیانکرد، ئەگەر سەرنج بدەین ژمارەی ئەو مسوڵمانانەی کە بەدەستی مسوڵمانان دەکوژرێن، پێنج قات زیاترە لەوەی کە بەدەستی نا مسوڵمان دەکوژرێن، وەك ئەوەی لە رابردوودا لە نێوان کوەیت و عێراق بینیمان یان ئەوەی لە میسرو سوریا و یەمەن و لیبیا هەیە لە شەڕی ناوخۆ، چونکە خوێنی مسوڵمانمان سوك کردوە، دوژمنانیش ڕۆژانە هەزاران مسوڵمان دەکوژن لە ئەفەریقیای ناوەڕاست و میانمارو هیندستان و ... هتد.

﴿ثُمَّ أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنْفُسَكُمْ﴾ قورئان ئەمە بە (خۆکوژی) ناو دەبات، چونکە کاتێك یەکێك یەکێکی تر دەکوژێت، مانای وایە خۆی دەکوژێت، گەلەکەی و نیشتیمانەکەی دەکوژێت، چونکە ئەوە سەرەتایە بۆ ئاژاوەو شەڕو ناکۆکی و ئەمەش هۆکارە بۆ دەرکردن و ئاوارەیی، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَإِنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ﴾

ئێمە ئێستا توشی ئەوە بوین، ئایا لە جیاتی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارە سوریەکان بۆچی ناچین شەڕەکە ڕابگرین، بۆ نابینە بەرەیەك بۆ ڕێگرتن لە ستەمکاری و تاکڕەوی و عەسکەرتاری، هەموومان بینەرین، هەڵوێستمان نیە، بەبەرچاومانەوە ڕۆژانە هەزاران مسوڵمان دەکوژرێت، لە ئەمڕۆدا خوێنی مسوڵمان هەرزانترین خوێنەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بێ باکانە وەك فلیمێکی سینەمایی ڕۆژانە سەیری دەکەن و بێ هەڵوێستن.

ئێمە دەبێت بەرامبەر براکانمان خاوەن سۆزو بەزەیی بین، دەبێت خاوەن هەڵوێست بین ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾. دوژمنەکانمان بەرژەوەندی ستراتیجیان هەیە، بەشێکیان لەسەر کوشتاری ئێمە بنیات ناوە، ئەگەر ئێمە یەکگرتو نەبین و خاوەن هێز نەبین، ئەوا دوژمنان بەسەرماندا زاڵ دەبن و

زەلیلمان دەکەن، دوژمنان لێمان ناترسن،  دەبێت ئێمە وەك هاوەڵان بین خاوەن باوەڕێکی پتەوو دامەزراوبین، ئیئتیمامان بۆ عەقیدەو ئاینەکەمان هەبێت، با ئێمەش وەها بین هەتا بچینە ریزی ئەوانەی خوا نیعمەتی دنیاو دوا ڕۆژی بەسەردا رشتون لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و ڕاستگۆیان و شەهیدانن، خوای گەورە دووسیفەتی (بەزەیی لەنێوان خۆماندا و توند بەرامبەر دوژمنان)ی خستۆتە پێش نوێژو سوجدەو کڕنوش بردنەوە ﴿تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا﴾ چونکە بنچینەی عیبادەت بەهێزکردنی پەیوەندی ئیمانیە، ئەم برایەتیە بەهێز نابێت لە ڕێگەی عیبادەتەوە نەبێت، (محمد رسول الله والذين معه أشداء على الكفار رحماء بينهم تراهم ركعا سجدا)

لە سیفاتەکانی ترسی ئەو باوەڕدارانە ﴿ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنْجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمْ الْكُفَّارُ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾

دەبێت باوەڕداران وەك دارێکی چڕو پڕ وابن، ئەگەر باوەڕداران بەو شێوەیە بن، بێ باوەڕان تووڕەو نیگەران دەکات، بەڵام ئەگەر لە دوبەرەکیدا بژین، ئەوە دڵی بێ باوەڕان و نەیاران خۆش دەکەن.

ئایەتی دووەم کە وەسفی باوەڕداران دەکات : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾

هەر کەسێك بەتەواوی  پشت هەڵبکات، یان تەنها بڕوا بەبەشێك لە قورئان بهێنێت، بۆ نمونە وەك ئەوەی یەکێك نوێژ بکات، بەڵام بڕوای بە پەیوەندی برایەتی ئیمانی نەبێت، بەرامبەر مسوڵمان بەسۆز نەبێت بۆ بەرژەوەندی مسوڵمانان کارنەکات، دەست لەگەڵ

دوژمنان تێکەڵاو بکات دژی مسوڵمانان (فما جزاء من یفعل ذلك منكم إلا خزي في الحياة الدنيا ويوم القيامة يردون إلى أشد العذاب وما الله بغافل عما تعملون)

ووشەی (تعملون) مانای بەردەوامیە واتە نەیفەرموە (يعلمون) مانای بەردەوامی ئەو گوتارەیە بۆ هەموو نەتەوەکان و ئەمەش بەبەردەوامی دوبارە دەبێتەوە، خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿ مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾

خوای گەورە نەتەوەیەکی جیاوازو ناکۆکی ناوێت، بەڵکو دەیەوێت ملکەچ بن بۆ باوەڕداران، ئازابن بەرامبەر بەبێ باوەڕان، قورئان ووشەی (ذل) بەکار دەهێنێت ئەمەش مانای ئەوپەڕی خاکی بوونە قورئان لە دوو شوێندا ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە، یەکەمیان بەرامبەر دایك و باوك (واخفض لهما جناح الذل من الرحمة)

هەروەها لەگەڵ باوەڕداراندا، وەك چۆن لەگەڵ دایك و باوکدا ملکەچ دەبین بۆیان، دەبێت لەگەڵ باوەڕدارانیشدا بەو جۆرە بین. خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا بۆمان روون دەکاتەوە ﴿وَمَن يَتَوَلَّ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ اللّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾.

لەسیفاتەکانی ئەندامانی (حزب الله) دەبێت بەرامبەر باوەڕداران ملکەچ و خاکی بێت، بەرامبەر بەبێ باوەڕان ئازاو دلێر بێت، ئەگەر وابن خوا بەڵێنی سەرکەوتنتان پێ دەبەخشێت .

یەکێك لە گرنگترین مەرجەکانی سەرکەوتنی باوەڕداران بریتیە لەپاراستنی مافەکانی برایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی ئیمانی، چونکە ئەمە مەرجی سەرەکیە بۆ پشتیوانی خواو بەدەست هێنانی سەرکەوتن، بەڵام ئەگەر لە نێوانماندا شەڕو ئاژاوەو دوبەرەکی و کوشتار هەبێت و دەست لەگەڵ دوژمنان تێکەڵاو بکەین و پلان دژی براکانتان بگێڕین، ئەو کاتە دەکەوینە بەر هەڕەشە مەترسیدارەکان و سەرشۆڕی دنیاو دوا ڕۆژ دەبین.

## دەست درێژی بۆسەر ماف و ئازادی زۆر مەترسیدارترە لەدەست درێژی بۆسەر ماڵ و دارایی

ئەگەر سەیری قورئان بکەین دەبینین مرۆڤ وەك یەکێك لەبەرێزترین دروست کراوەکانی خۆی سەیر دەکات و رێزێکی تایبەتی بۆ کەرامەت و ویست و عەقڵی دادەنێت، لەبەرئەوە پارێزگاری لەسامان و کەرامەت و نەوەی مرۆڤ دەخاتە ریزی ئامانجە بەرزەکانی شەریعەت، بەلاّم ئەگەر سەیری دیدو تێڕوانینی مسوڵمانان بکەین دەبینین لەم رووەوە زۆر بەرووکەشی سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن، بۆ نمونە چەمکی (دەست درێژی بۆ سەر سامان) زۆربەی مسوڵمانان وای لێك دەدەنەوە کەئەمە تایبەتە بەبردنی ماڵی بەرامبەرەکان بەتالاّن، واتە تەنها لەسنوری تایبەتی سامان و دارایدا لێکی دەدەنەوە، واتە تەنها زیان گەیاندنە بەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی مرۆڤ.

بەلاّم لەراستیدا ئەم بۆچونانە هەڵەن و لەئاست ئەو ئامانجە گەورانەدا نین کە قورئان باسیان دەکات، چونکە قورئان و فەرمودە ئەوەی کەدەربارەی مرۆڤ باسی دەکات گشتگیرە، لەلایەك هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە بەبێ باسی رەگەزو مەزهەب، چونکە هەمووان دروست کراوی خوان، دووەمیان تێڕوانینەکانی قورئان لەسنورێکی بەرفراواندایەو هەردوو بواری ماددی و مەعنەوی دەگرێتەوە، لەکاتێکدا کەپێغەمبەری خوا دەفەرموێت (**كل مسلم على المسلم حرام**) ئەم فەرموودەیە مسوڵمانان و نامسوڵمانیش دەگرێتەوە، واتە چۆن رشتنی خوێنی مسوڵمان حەرامە، بەهەمان شێوە بۆ نامسوڵمانیش حەرامە.

لەو فەرمودەیەدا پێغەمبەری خوا سێ شت حەرام دەکات لەسەر مسوڵمان، خوێن و ماڵ و ناموس، واتە تۆ نابێت دەست درێژی بکەیتە سەر مسوڵمان لەو سێ لایەنەوە، بەلاّم ئەگەر سەیری هەندێك فەرمودەی سەحیحی تر بکەین دەبینین کەجەخت لەسەر چەند مافێکی

تر دەکەنەوە کەئەوانیش پاراستنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤە کەرامەتی مرۆڤیش چەمکێکی قورئانیەو خوای گەورە جەخت لەسەر پاراستنی دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا سنورێکی فراوان هەیە بۆ راڤەکردنی، چونکە کەرامەتی مرۆڤ دەگرێتەوە، کەئەمانیش کۆمەڵێك بنەمای گرنگن بۆ پاراستنی مافەکان و هەست کردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەمرۆڤ.

لەئیسلامدا دەست درێژی بۆ سەر ئەم مافانە دەست درێژیە بۆسەر گەورەترین بەهای مرۆڤایەتی کە کەرامەتی مرۆڤە، چونکە ئەم مرۆڤە پیرۆزە. ئەو گیانەی کەتیایەتی بەشێکە لەگیانی خوا ﴿ونفخنا فيه من روحنا﴾ ئەو گیانەش سەرچاوەی ژیان و بوونی مرۆڤە، هەربەهۆی ئەویشەوەیە، کەمرۆڤ جەستەو عەقڵ و ئیرادەی دەکەوێتە کارو دەست بەجم و جۆڵ دەکات .

خوای گەورە چوار جۆر لەدەست درێژی حەرام دەکات، کەئەوانیش یەکەم دەست درێژی کردنە بەشێوەی نهێنی بۆ سەر ماڵی کەسانی تر کەپێی دەوترێت دزی.

خوای گەورە دەفەرموێت(السارق والسارقة فاقطعوا أيديهما) زۆربەی راڤەکاران و توێژەران و زانایانی فقه لەو بڕوایەدان کەدزی کردن دوو بوار دەگرێتەوە، لەلایەك بریتیە لەبردنی ماڵ و سامان، لەلایەکی تریشەوە دەست درێژیە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە تاکی و گشتیەکان.

هەروەها ئەگەر سەیری قورئان و فەرمودە بکەین باس لەسزای زۆر سەخت دەکات لەدنیاو دوارۆژدا، بۆ ئەوکەسانەی کەئازادی مرۆڤ زەوت دەکەن و مافەکانی پێشێل دەکەن و مافێك کەخوا پێی داوە ئەوان پێشێلی دەکەن و دەست درێژی دەکەنە سەر، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستەش عەقڵ بەکاربهێنین و بپرسین ئایا ئەگەر خوای گەورە لەبەرامبەر دزینی بەشێکی کەم لەسامان و دارایی باس لەسزای قورسی وەك دەست بڕین بکات، یان

پێغەمبەری  خوا لەسەر دزینی هێلکەیەك نەفرەت لەبکەرەکەی بکات، ئەی ئایا ئەگەر کەسێك بێت و دەست درێژی بکاتە سەر مافەکانی گەلێك و ئازادیان لێ زەوت بکات  و هەموو سامانی وڵات بەرێت  و بیدزێت دەبێت سزاکەی چی بێت؟

دەست درێژی لەئیسلامدا زۆر لایەن دەگرێتەوە لەوانەش ئەوەی لەزمانەوانیدا پێی دەوترێت دزی یان خیانەت یان غەش کردن یان لەرێگەی دەست بەسەرا گرتن  و بەکارهێنانی هێز وەك لەقورئاندا باسی دەکات کەنانەوەی خراپەکاری لەسەر زەوی و شەوکوتی و ڕێگری و دزیە.

خوای گەورە لەبەرامبەر ئەوکەسانەی کەدزی  لەمافەکانی مرۆڤ دەکات و هێزوتوندوتیژی بەکار دەهێنێت ئەگەر ئەم هێزە ماددی بێت یان مەعنەوی، هەرەشەی توندترین سزایان لێ دەکات ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ﴾

زۆر لە زانایان و بانگخوازان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەئەو سزایانە تەنها دزینی ماڵی تایبەت دەگرێتەوە بەڵام ئاورێك بەلای ماڵی گشتیدا ناکەنەوە.

لەراستیشدا ئەمەش هەڵەیەکە نەتوانراوە بەشێوەیەکی بەرفراوان   و بەشێوەیەکی (مقاصد) باس لەگەورەیی شەریعەت بکرێت، چونکە لەراستیدا  دزی لەماڵی گشتی و دەست درێژی بۆ بوارە مەعنەویەکان زۆر خراپترو تاوانێکی زۆر گەورەترە ، ئەگەر کەسێك دزی لەماڵی تایبەتی کەسێك بکات لەکاتێکدا کەپەشیمان دەبێتەوە دەتوانیت بروات بۆلای کەسەکەو ماڵەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە یان گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات، بەڵام ئەگەر دزیەکە لەماڵی گەل و حکومەت بێت چۆن دەتوانیت بیگەڕێنیتەوە بۆ گەل و مافەکانیان بۆ بگەڕێنیتەوە یان یەکە یەکە  گەردنی ئازاد بکەن.

# ڕەمەزان هەلێکی گەورەیە بۆ لێخۆشبوون

پێغەمبەری خوا لە فەردوودەیەکدا دەفەرموێت (هەرکەسێك بە ئیمانێکی تەواوەوە بەرۆژوو بێت، خوای گەورە لەهەموو تاوانەکانی خۆش دەبێت) ئەم مانگە رۆڵی گەورەی هەیە. ئەگەر بەشێوەیەکی باش لە دەروندا بچەسپێت و لە ریا دوور بکەویتەوەو نیەتمان تەنها رەزامەندی خوا بێت. پێویستە لە رەمەزاندا خۆ ئامادەکردنێکی باش هەبێت بۆی، ئەویش سەرەتا بە پەشیمان بوونەوە دەبێت لە هەموو ئەو نا تەواوی و کەموکوڕیانە کە بەرامبەر بە خوای گەورە کردووتەو مافەکانیت پێشێل کردووە و سنورەکانیت نەپاراستووە. پێویستە پەشیمانی دەرببڕین و داوای لێخۆش بوونی لێ بکەین، خۆمان بە کەمتەرخەم و تاوانبار لە قەڵەم بدەین، بڕیار بدەین دووبارەی نەکەینەوە. دووەم شت پێویستە ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر بە مافی خەڵك کردوومانە پەشیمان ببینەوە، مافەکانیان بۆ بگەڕێنینەوە. گەردنی خۆمانیان پێ ئازاد بکەین، هەروەها دەبێت لە سەرەتاوە پلانێك دابڕێژین کاتەکان بە فیڕۆ نەدەین، بەربانگ لە کات خۆیدا بکەینەوە، پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: هەرکەسێك بەربانگ بۆ مسوڵمانێکی رۆژەوان بکاتەوە. پاداشتی کەسە رۆژوگرەکەی هەیە، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەویش کەم ببێتەوە.

هەروەها گرنگی بدەیت بە خوێندنی قورئان و رەوشتی بەرزو نزاو پاڕانەوە ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ ئەگەر بەندەکانم داوای لێ خۆشبوونم لێ بکەن. من لێیانەوە نزیکم، وەڵامی داواکاری هەر کەسێك دەدەمەوە ئەگەر داوام لێ بکات.

رۆژو کۆمەڵێك حیکمەتی گەورەی تێدایە، گرنگترینیان هەستکردنە بە برسێتی هەژارەکان ئەوانەی ئێستا لەژێر چادر و لەبەردەم گەرمای بەتین یان سەرمای سەختدا دەژین. ئەمڕۆ

سەدان هەزار مسوڵمان ئاوارەو بێ ڕێگەوجێگەن برسی و نەخۆشن و پەککەوتەن هەر لە بەنگلادیشەوە هەتا میانمارو ئەفریقیای ناوەڕاست و عێراق و سوریاهەن لە سوریادا ٥ملیۆن کەس ئاوارەن، ئاوارەکانی غێراقیش ژمارەیان گەیشتۆتە ٦٠٠٠٠٠کەس .

مسوڵمانان ئەمڕۆ کەوتونە بەر هێرشی جولەکەو خاچ پەرست و بت پەرستەکان. هەموویان یەکیان گرتووە بۆ دژایەتی ئیسلام و مسوڵمانان، مانگی ڕەمەزان مانگی پاداشت و خێرو خۆشییە، هەرکاتێك کە ڕەمەزان دەهات پێغەمبەری خوا مژدەی گەورەی بە یارەکانی دەدا. دەیفەرموو مانگی بەرەکەت و خۆشی هاتەوە. دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، دەرگای بەهەشت دەکرێتەوە. هەموو شەوێکی ڕەمەزان ژمارەیەکی زۆر لە تاوانباران بەرلێبوردن دەکەون و بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکەون.

ڕەمەزان وێستگەیەکی گەورەیە بۆ لێخۆش بوون، لە فەرموودەیەکدا هاتووە (پێنج نوێژەکە هەینی بۆ هەینی ڕەمەزان هەتا ڕەمەزانێکی تر. تاوانی نێوانیان دەشواتەوە ئەگەر تاوانی گەورەی تیانەبێت) (هەرکەسێك بە ئیمانێکی تەواوەوە ڕەمەزان بگرێت خوای گەورە لە هەموو تاوانە پێشینەکانی خۆش دەبێت)

خوای گەورەش دەربارەی گەورەیی ئەم مانگە دەفەرموێت ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ﴾ مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تیا دابەزیوە کە ڕێنماییە بۆ خەڵك و مایەی ڕۆشنکردنەوە ڕێگەی ژیانە. هەروەها پێغەمبەری خواش لە فەرموودەیەکدا کە ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە دەفەرموێت (ئوممەتەکەم لە ڕەمەزاندا پێنج سیفەتی پێ بەخشراوە کە بەهیچ ئوممەتێکی تر نەدراوە).

**( أُعْطِيَتْ أمَّتِي خمسَ خِصَال فِي رمضانَ لم تُعْطهُنَّ أمَّةٌ من الأمَم قَبْلَها" خُلُوف فِم الصائِم أطيبُ عند الله من ريح المسْك، وتستغفرُ لهم الملائكةُ حَتى يُفطروا، ويُزَيِّنُ الله كلَّ يوم جَنتهُ ويقول: يُوْشِك عبادي الصالحون أن يُلْقُواْ عنهم المؤونة والأذى ويصيروا إليك، وتُصفَّد فيه مَرَدةُ الشياطين فلا يخلُصون إلى ما كانوا يخلُصون إليه في غيرهِ، ويُغْفَرُ لهم في آخر ليلة، قِيْلَ يا رسول الله أهِيَ ليلةُ القَدْرِ؟ قال: لاَ ولكنَّ العاملَ إنما يُوَفَّى أجْرَهُ إذا قضى عَمَلَه )**

یەکەم: بۆنی دەمی ڕۆژووەوان لەلای خوا لە بۆنی میسك خۆشترە.

دووەم: فریشتەکان داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن هەتا بەربانگ دەکاتەوە.

سێیەم: خوای گەورە هەموو رۆژێك بەهەشتیان بۆ دەرازێنیتەوە، بۆئەوەی نارەحیەتیەکانی دنیایان لەبیر بەرێتەوە.
چوارەم: شەیتانەکان کۆت و زنجیر دەکرێن، ناهێڵن لە رێگەی راست لایان بدەن، لەبەرئەوەی دەبینی لە رەمەزاندا حەزکردن لە خێرو چاکە زۆر دەبێت و خەڵك لە تاوان دوور دەکەونەوەو روو دەکەنە مزگەوتەکان و زۆرترین عیبادەت ئەنجام دەدەن.
پێنجەم: لە کۆتا شەوی رەمەزاندا خوای گەرە لە هەموو ئەو کەسانە خۆش دەبێت لە ئوممەتی محمد کە بەرۆژوو بون و سیفەتی قبوڵ بوون لە رۆژوەکانیاندا هەبوە.

هەموو ئەم رێزو پاداشتانە کە لە ژمارە نایەن خزمەتێکی گەورەیە بۆ ئەم ئوممەتە، کە خوای گەورە رێزی لێ ناوە بە ئەم مانگەو بە ئەو سیفەتە بەرزانەو بەبوونی شەوی قەدر کە خوای گەورە کردوویەتیە مانگی لێخۆشبوون. هەموو ئەمانە تەعبیر لە دەرگای سۆزو بەزەیی خوا دەکەن بۆ مرۆڤ کە لە دنیاو دوارۆژدا بە بەختەوەری بژی. هەموو ئەم پاداشتە گەورانە بۆ کەسێکە کە رۆژویەکی راستەقینە بگرێت و ئەرکەکانی رۆژوو جێبەجێ بکات، لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە پابەند بێت بە مەرجەکانی رۆژوو، خۆی بگرێتەوە لە شەهوەتەکانی جنس، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رۆژو تەنها بۆ ئەو دوو مەبەستە نیە، بەڵکو دەبێت تەواوی ئەندامەکانی مرۆڤ بگرێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دەرونی مرۆڤەوە هەیە، لە دڵ و لە زمان و ئەندامەکانی .

رۆژوی راستەقینە دەبێت تەواوی پێکهاتەکانی مرۆڤ بگرێتەوە، مرۆڤیش لە سێ رەگەزی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوەی لە ناوەوەدایە بریتییە لە دڵ و دەروون، واتە دڵت پاك بکاتەوەو خەڵکت خۆش بوێت و بوغزو رقت لە کەس نەبێت و دەرونت هێمن و ئارام بێت. بە بەشی خوا رازی بێت و ملکەچی قەدەرەکانی بێت، نەفسێك نەبیت کە فەرمان بە خراپە بکات و بەشوێن تاواندا بگەڕێت، بەڵکو خاوەن نەفسێکی لۆمەکەر بێت بۆخۆی، رەخنە لە خۆی بگرێت لەسەر تاوان و سەرزەنشتی خۆی بکات.

ئەگەر ئەم مانگە مانگی خۆ گرتنەوەبێت لەشتە حەڵاڵەکان و بەدرێژایی ڕۆژ خۆی لە بەرامبەریاندا بگرێت و دامەزراوبێت لەئاستیاندا. کەواتە دەبێت لە بەرامبەر حەرامەکاندا چۆن بێت؟ وەك درۆو شایەتی درۆو روانینی نامەحرەم. لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (هەر کەسێك واز لە ووتەو کرداری خراپ نەهێنێت خوا هیچ پێویستی بەوە نییە لە خواردن و خواردنەوەکەی دور بکەوێتەوە).

خوای گەورە ڕۆژوی بەستۆتەوە بە تەقواوە نەك بە خۆ گرتنەوە لە خوردن و خواردنەوە. چونکە خوا پێویستی بە برسی بوون و تینو بوونی ئێمە نییە. بەڵکو قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردە بوون لەسەر ڕەوشت بەرزی و ڕاستگۆیی و چاکەکاری. واتە لەم مانگەدا ڕێگە لە حەڵاڵەکان دەگیرێت هەتا ئیرادەی بەهێز دروست بکات بۆ بەرەو رووبونەوەی حەرامەکان لەدوای رەمەزان . خوای گەورە دەیەوێت ئەم مانگە مانگی گۆڕانکاری بێت : (إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم)

چونکە خوای گەورە دەزانێت کە دڵەکانمان نەخۆشن و لاوازن، حەز لە تاوانکاری دەکەن زینا دەکەن و پیاو دە کوژن و دەست درێژی دەکەنە سەر ئافرەت و حەرام دەخۆن،ماڵی کەسانی تر داگیر دەکەن ،زۆربەی ئەمانە مسوڵمانن و نوێژ دەکەن و ڕۆژو دەگرن سەیری ئەم ئیزدیواجیەتە بکەن کە لە زۆربەماندا هەیە، خوای گەورە دەیەوێت ئێمە خاوەنی کەسایەتیەکی بەئیرادەو ڕەوشت بەرزو شەفاف بین، نهێنی و ئاشکرامان وەك یەك بێت، لە دوای رەمەزانیش بە هەمان گوڕو تینەوە ڕووبەڕووی خراپەکاریو حەرامەکان ببینەوە، بەهێزبین و هەست بەگەورەیی خوا بکەین .

ڕەمەزان قوتابخانەیەکی پەروەردەییە بۆ مسوڵمانان، خولێکی یەك مانگیە بۆ ڕزگار بوون لەتاوان و خراپەکاری و دروست کردنی کەسایەتیەکی چاکە خواز، ڕۆژو نەك دەبێت لە خراپە دورتخاتەوە بەڵکو دەبێت بەرگەی خراپەی بەرامبەرەکانیش بگری و بەجوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت وەك لەفەرمودەیەکدا هاتووە (ئەگەر یەکێك شەڕی لەگەڵ کردی

یان جنێوی پێدابیت بڵێ من بەڕۆژوم) واتە تۆ بەزەردەخەنەوە وەڵامی بدەرەوە، بزانە ئەمە چ پەروەردەیەکە بزانە بەرامبەرەکەت هەست بەچی دەکات ،لە ئایەتێکی تردا باس لە سیفەتەکانی عباد الرحمن دەکات ﴿**وعباد الرحمن الذين يمشون على الأرض هوناً**﴾ بەرێگادا بەشێوەیەکی خاکی دەڕوات، فیزی بەسەرکەسدا نیە، پۆز لێنادات، شانازی بەخۆی و سامان و دەسەڵاتیەوە ناکات، لەبەرامبەر هەڵەو زیادە رەوی نەفامان‌دا ئاشتی و سڵاوی پێیە ﴿**وإذا خاطبهم الجاهلون قالوا سلاماً**﴾

ئەمە ئەو پەروەردەیەبوو کە ئیسلام هێنای بۆ ژینگەیەکی نەفامی عەرەبی و لەو ژینگە هاوەڵان و خەلیفەکانی ئیسلامی دروست کرد .

ڕۆژو بۆ ئەو ئامانجە پەروەردەییانە فەرز کراوە، دەبێت کاریگەری لەسەر دەرون و ڕەوشت و مامەڵەو هەڵس و کەوت هەبێت، ئەگەر وانەبێت بێجگە لە خۆ برسی کردن و تینوکردن هیچی تری لێ سەوز نابێت .

# دڵسۆزی و كاركردنی چالاك لەسیفەتی مرۆڤی باوەڕداره

لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا تەمبەڵی یەكێكە لەو نەخۆشیە درمانەی كەرووی كردۆتە گەلانی مسوڵمان، بۆ ئەم مەبەستەش مسوڵمانان نابێت تەنها پشت بەووتار ببەستن، بەڵكوو پێویستیان بەكردەوەیە، كرداریش دەبێت بەپلان بێت، چونكە پلان دانان رەگەزێكی سەرەكی و بنەمایەكی بەهێزی ئیسلامە.

ئەگەر سەرنج بدەن نوێژ رەگەزێكی گرنگە لەبنەما سەرەكیەكانی عیبادەت، ئەگەر چەند خولەكێك نوێژ بكەیت پێش بانگ وەرناگیرێت، لەدوای تەواو بونی كاتەكەش دروست نیە و دەبێت قەزا بكرێتەوە، لەم روانگەیەوە دەتوانین هەموو عیبادەتەكانی تریش هەڵبسەنگێنین، چونكە ئەم بنەمایانە پێشەنگ و سەرمەشقن بۆ ئێمەو رێنماین بۆ رێزی كات و پلان دانان.

خوای گەورە وەسفی ئەهلی بەهەشت دەكات ئەوانەی كەشایەنی فیردەوسن دەربارەیان دەفەرموێت (اولئك يسارعون في الخيرات) (وهم لها سابقون) لەكاری چاكەدا لەنێوان خۆیاندا پێشبڕكێ دەكەن و لەگەڵ خەڵكی تریشدا لەپێشبڕكێدان.

ئەگەر سەیری قورئان و فەرمودە بكەین دەربارەی رەوشت و هەڵسوكەوتی مرۆڤی باوەڕدار، دەبینین زۆر جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كەمرۆڤی باوەڕدار دەبێت دڵسۆز بێت لەكارەكانیدا، كراوەو خاوەن هیواو رووگەش بێت، بەتەواوی بڕوای بەخوا هەبێت و هەوڵی بەدەست هێنانی پشتیوانیەكانی بدات.

دوور بکەوێتـەوە لەتەمبەڵی و پاڵدانەوەو دەست پان کردنەوە، جێبەجێ کردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی بەباشی ئەنجام بدات  دنیایی بێت یان ئاینی.

چونکە تەمبەڵی لەسیفاتی دووروەکانەو ئیسلام زۆر بەرەو رووی بۆتەوە، جا ئەم تەمبەڵیە لەعیبادەتەکاندا بێت یان کاری خێرو چاکە کردن، خوای گەورە لەقورئاندا باسی دووروەکان دەکات و پێیان دەڵێت (واذا الی الصلاة قاموا کسالی) پاشان وەسفێکی تریان دەکات و دەفەرموێت ﴿ولا یذکرون الله الا قلیلا﴾

پاشان دەربارەی خەرج و سامان و ماڵ لەکاری چاکەخوازی و لەپێناوی خوادا دەربارەیان دەفەرموێت ﴿ولا ینفقون الا وهم کارهون﴾ ئەمە لەکاتێکدایە کەدەبێت مرۆڤی مسوڵمان مرۆڤێکی چالاکی گورج و گۆڵ بێت لەکاردا، چونکە مرۆڤی باوەڕدار بڕوای وایە هەموو ئەو ئەرکانەی کەدەیانکات بۆ خزمەتی خێزان و کۆمەڵگەو نیشتیمانەکەی لەمزگەوت بێت  یان دەرەوەی مزگەوت، لەسەری پاداشت وەردەگرێت  و بەعیبادەت بۆی ئەژمار دەکرێـت.

لەبەرئەوە تەمبەڵی نابێت لەسیفەتی مرۆڤی باوەڕدار بێت، پێغەمبەری خواش دەفەرموێت ( خوای گەورە باوەڕدارێکی خۆش دەوێت کەکارێکی کرد بەدڵسۆزی و  بەباشی ئەنجامی بدات)

پێغەمبەری خوا لەوەسفی ئەوانەی کەشەونوێژ دەکەن و پاشان نوێژی بەیانی دەکەن دەفەرموێت گرێ کوێرەکانیان بۆ دەکرێتەوە، هەروەك لەفەرمودەی سەحیحدا هاتوە ئەگەر مسوڵمانێك شەونوێژ بکات و پاشان نوێژی بەیانی بکات ئەوا گرێ کوێرەکانی بۆ دەکرێتەوە. واتە هەست بەتەمبەڵی ناکات، چالاك دەبێت لەهەڵسوکەوتەکانیدا، بەڵام ئەگەر گوێ بۆ بانگی خوا نەگرێت و گوێ بۆ بانگی شەیتان بگرێت و نوێژەکەی بچوێنێت، ئەو کاتە دەبێتە کەسێکی تەمبەڵی دەروون سست، هەست بەگرفت و نارەحەتی دەکات، چونکە مافی خوای بەجێ نەهێناوە، لەبەرئەوەی سەرەتاکەی بەخێر نەبوە، هەتا ئێوارە هەست

بەتەمبەڵی دەکات، باوەڕدار دەبێت خاوەن دەرونێکی کراوەو بەهیواو دڵی بەخواوە بەسترابێت، داوای لێخۆش بون و سەلامەتی و خۆشبەختی لێ بکات، باوەڕدار هەرچەند ئازارەکان زۆربن، بەڵام هاوار ناکات، مرۆڤی باوەڕدار دەبێت بەردەوام لەسەر دڵسۆزی و لێ بوردەیی و خەمخۆری لەکارەکانیدا، ئەمەش بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و چاوەڕوانی پاداشت تەنها لەخوا دەکات و ئەگەر حکومەت و خاوەن کارەکەش هەست بەم دڵسۆزیە نەکات ئەو دڵ سارد نەکاتەوە.

## کۆچ وەك چەمکێکی ئیسلامی نەمر

نەفامەکانی پێش ئیسلام و تەنانەت خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان لە دوای شێواندنیان ئەوانە هەموویان بۆ نزیك بوونەوە لە خوا پشتیان بە چەند عیبادەت و شتێکی رووکەش دەبەست، بەڵام کاتێك کە ئیسلام هات، پەروەردەی پێغەمبەر بە جۆرێك بوو کە گرنگی داوە بەنیەت و ئامانج و بەها باڵاکان و لەسەر شتی ڕووکەش و ڕۆتین نەوەستا، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾چەمکی کۆچی بەشێوەیەکی نوێ پێناسە کردوەو گەشەی پێدا، بەو شێوەیەی نەهێشت کە هەبوو، بۆ نموونە لەو سەردەمەدا کۆچ مانای ئەوەبووە کە مرۆڤ لە وولاتێکدا دانەنیشێت کە ستەمکاری تێدابێت، یان شتی تری لەو شێوەیە، ئەمە مانای زمانەوانیەکەیەتی، بەڵام پێغەمبەری خوا هات تایبەتمەندیەکی خۆی پێداوو ماناکەی فراوان کرد بەجۆرێك کە هەموو نەوەکان و زمانەکان بگرێتەوە، چونکە چەمکەکانی قورئان و پێغەمبەر چەمکی نەمرن و لەسەردەمێکدا قەتیس نامێنن و نەوەیەك بێ بەش ناکات لەو نیەتانە، واتە پاداشتی ئەو کارە پەیوەست ناکاتەوە تەنها بە نەوەی هاوەڵانەوە،

خوای گەورە دەیەوێت ئەو پاداشتە درێژ بکاتەوە بە جۆرێك کە هەموو نەوەکان و زەمەنەکان بگرێتەوە، خوای گەورە ئەم پاداشتە نادات بەکەسێك کە بەشێوەیەکی ڕۆتین ئەم کارە بکات، بەڵکو پەیوەستی دەکاتەوە بەوەی کە دەبێت لە پێناوی خوادابێت و پێغەمبەری خوادا بێت لە فەرمووددەیەکدا دەفەرموێت: (هەموو کردەوەکان بەنیەتەوە بەستراوەتەوە، هەرکەسێکیش کەکارێك دەکات نیەتێکی هەیە، هەر کەسێك کۆچەکەی بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی بێت، ئەوە پاداشتی ئەوە وەردەگیرێت یان ئەگەر کۆچەکەی بۆ دنیایەك بێت یان بۆ ئافرەتێك بێت کە دەستی بکەوێت، ئەوە کۆچەکەی بۆ ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە) تەنانەت ئەم پرۆسە پڕ زەحمەت و ئازارە، کە هاوەڵان تیایدا کۆچ دەکەن و ماڵ و سامانیان بەجێ دەهێڵن، شتەکە پەیوەست ناکاتەوە بە روکەشی کۆچەکە بەڵکو دەیبەستێتەوە بەنیەت و ناو دڵی هاوەڵان، ئەو هاوەڵەی سزادراوە ماڵی داگیرکراوە زەحمەتی زۆری دیوە، بەڵام ئەگەر نیەتی بۆ خوا نەبێ هیچی دەست ناکەوێت، لەپاش ئەوەی کە پێغەمبەری خوا بە فەرمودەیەك کۆچ دادەخات و دەفەرموێت لە دوای فەتحی مەککەوە کۆچ کردن نامێنێت، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە دەرگای کۆچ دەکاتەوە، کە ئەمەش بە نەمری بۆ هەموو نەوەکان دەمێنێتەوە، ئەویش لەم فەرموودەیەدا دیاری دەکات کە دەفەرموێت: (مسوڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان لەدەست و دەمی پارێزراوبن، کۆچ کەریش ئەو کەسەیە کە لەو شتانە کۆچ بکات کە خوا نەهی لێکردون)

کۆچکەری راستەقینە لەسەردەمی پێغەمبەرو لەم سەردەمەشدا پێویستە مەرجێکی سەرەکی تێدا بێت، کە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لە پێناوی خوادا بێت، پاشان سنورەکەی فراوان دەکات و هەموو ئەو مسوڵمانانە دەگرێتەوە کە لە تاوان و خراپەکاری کۆچ دەکەن بۆ عیبادەت و خواناسی، هەرکەسێك توانای هەبێت کە لەتاوان و سەرپێچی خوا دوربکەوێتەوەو ببێتە خاوەن ئیمان و عەقیدەیەکی پتەوو دژبەستەمکاری و خراپەکاری بوەستێتەوە، ئەوە کۆچکەری راستەقینەیە، ئەم پاداشتەش بۆ هەموو کەسانی سەر زەویەو بۆ هەموو نەوەکانە لە داهاتوودا، لە ڕیوایەتێکی سەحیحی تردا کە (إبن حبان لە

سەحیحەکەیدا) دەگێڕێتەوەو ئیمامی بەیهەقیش بەیەکێك لەلقەکانی ئیمانی دەژمێرێت کە دەفەرموێت (ئایا پێتان بڵێم باوەڕداری راستەقینە کێیە، ئەو کەسەیە کە خەڵك دڵنیایە لەپاراستنی گیان و ماڵیان)، بەپێی ئەم فەرمودەیە ئیمان رۆشنایی و جوڵەیە و وزەی هەیە، هەموو وزەیەکیش دەبێت شوێنکاری هەبێت، هەموو جوڵەیەکیش دەبێت خەڵك هەستی پێ بکات. (مسوڵمان ئەو کەسەیە کە خەڵك دڵنیا بێت لە زمان و دەستی، موجاهیدیش ئەو کەسەیە کە نەفسی خۆی ڕابهێنێ لەسەر عیبادەت، کۆچکەریش ئەو کەسەیە کۆچ لە خراپەکاری بکات)

لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت هەرکەسێك لە تاوان و خراپە کۆچ بکات، بەڵام لە ڕیوایەتێکی بوخاریدا دەفەرموێت هەرکەس لەوە کۆچ بکات کە خوا نەهی لێکردووە، پاشان کۆتایی بە فەرمودەکە دەهێنێت (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك دراوسێکەی لێی دڵنیا نەبێت و بێ زیان نەبێت بۆی) واتە نهێنیەکان بپارێزێت، پێغەمبەری خوا لەو فەرمودەیەدا سوێند دەخوات ئەو کەسە ئیمانی تەواو نیە کە خراپەکاری خیانەتی هەبێت، دراوسێکانی لێی دڵنیا نەبن، ئەگەر مسوڵمان خاوەن درۆو خیانەت و خراپەکاری بێت ئیمانی تەواو نیە.

ئەو چەمکانەی کە پێغەمبەر باسیان دەکات وەك کۆچکەر یان کۆچ کردن پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە تەنها گوتەی رووکەش دادمان نادات، بەڵکو دەبێت ئەو کارانە راستگۆیانەبن لە دڵەوە هەڵبقوڵێن و تەنها بۆ خوابن، خوای گەورە رەخنە لە جولەکە و مەسیحیەکانی سەردەمی پێغەمبەر دەگرێت بەوەی کە ئەوەی داوای دەکەن بۆ شوێن کەوتنی تەورات و ئینجیل، جێبەجێی ناکەن، بەهەمان شێوە ڕوو لەئێمەش دەکات کە دەبێت ئێوە ڕاستگۆیانە بکەونە شوێن قورئان و چۆن فەرمانتان پێ دەکات جێبەجێی بکەن .

**پێغەمبەری خوا کۆچ کردن دەخاتە بوارێکی ئیمان و عەقیدەیی و لە سێ بواردا پۆلێنی دەکات:**

یەکەم: کۆچ کردنی دڵ لەهەموو تاوان و خراپەکارییەك، دڵی مرۆڤ بەتەواوی دابڕێ لە خەیاڵ کردن بۆ تاوان یان نەخۆشیە دەرونیەکان وەك رق و بوغزو حەسودی، ئەمڕۆ مسوڵمانان کۆچی ڕاستەقینە جێبەجێ ناکەن، تەنها عیبادەتێکی بێ ناوەرۆك ئەنجام دەدەن، دڵیان پڕە لە بوغزو حەسودی و هەوڵدان بۆ چاڵ هەڵکەندن بۆ براکانیان، تاوانی دەرونی و شەهوەت زاڵ بووە بەسەریاندا، بەتەنها عیبادەتێکی ڕوکەش و بێ ناوەڕۆکیش دەیانەوێت بە مسوڵمانی تەواو دابنرێن .

دووەم: کۆچی گیان لەسەر شۆڕی و زەلیلی و خۆ بەکەم زانین، چونکە گیانی مرۆڤی باوەڕداردەبێت بە عیزەت و بە ئیرادەو بەرزبێت، دەبێت خۆی لەهەموو کارو کردەوەیەك بەدووربگرێت کەبەرەو سەرشۆڕی و شکستی کەسایەتی بەرێت، دووڕوویی و ماستاوکردن و خۆبەکەم زانین کەسایەتیەکی شکست خواردو دروست دەکات .

ئیسلام دەیەوێت لەناخی مرۆڤدا کەسایەتیەکی بەرزو بەڕێزو گەورە هەبێت، دڵی بەخواوە بەستڕابێت، خاوەنی نەفسێکی ئارام بێت، ڕازی بێ بەوەی خوا پێی داوە، خۆی بەدور بگرێت لەخراپەو شەهوەتی حەرام و ڕەزالەت، گەورەترین نیعمەتێك کە خوا پێی داوە عەقڵە لە چاکەکاری و داهێنان و خزمەت بە مسوڵماناندا بەکاری بهێنێت.

سێیەم: پاش ئەوەی کۆچی دەروونی تەواو دەبێت، دەبێت ئەمە ببێتە فیکرو عەقیدەو پاڵنەر بۆ چاکەکاری، دەبێت ئاڕاستەی ئەندامەکانی بکات بۆ کاری چاکە، خۆی بەدور بگرێت لەهەر ئازارو زیانێك کە بە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان ژینگە بگات، لێرەوە پێغەمبەری خوا هانمان دەدات بۆ ئەوەی کە ئەگەر دەمانەوێت وەك کۆچکەران پاداشتی گەورەمان هەبێت لەم ڕۆژگارەدا ئەوە ڕێگەی کۆچەو ئەوەش پاداشتەکەیەتی.

دەبێت ئێمە لەم سەردەمەدا سود لە ئەم ڕێبازی پێغەمبەر وەربگرین بۆ بواری پەروەردە، ئەم پەروەردەیە بچێتە ناو دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن، ببێتە بنەمای دروست کردنی مرۆڤی باوەڕداری بەئیمان، خزمەتگوزار بەرامبەر نیشتمان و تەنەتەوەکەی و خزمەتکردن پێیان بە عیبادەت بزانێت، ئێمە ئێستا دەبێت پەروەردە بکەینە نمونە، دەبێت لەبەرامبەر پەروەردەکانی تردا پەروەردەیەکی ئیسلامی مرۆڤ دۆستیمان هەبێت، بتوانێت لەبەرامبە نمونەکانی تردا بوونی خۆی بسەلمێنێت.

## نەمانی عەقڵ و وێران کردنی دین

لە ئیبن حەببانەوە لە سەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە (فەرمودەی ژمارە ٦٧١٠) بە سەنەدێکی ڕاست لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی ﴿إِنَّ بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ الْهَرْجَ ﴾ وتیان (الهرج) مانای چییە؟ فەرموی (کوشتار) ووتیان زیاد لەوەی کە ئێمەش دەیکەین ((فەرموی)) ئەمە مانای کوشتاری موشرکین (ئەوانەی هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن) ناگەیەنێت، ووتیان ئەو کارە دەکەین و خاوەنی عەقڵی خۆشمانین، فەرمووی (عەقڵ لە مێشکی کەسانی ئەو زەمانەدا ناهێڵێت) .

پێغەمبەری خوا زۆر لەسەر ئەم فەرمودەیە وەستا، ئەم فەرمودەیە وەك ئەوە وایە کە لەئەم زەمەنەدا ژیابێت، چونکە لە ئێستادا مسوڵمانان لە ئەو پەڕی ناکۆکی و دژایەتی و لێکترازان و ئاژاوەدا دەژین، ڕۆژیان لێ بووە بە شەوی تاریك و ئوممەتی ئیسلامی و عەرەبی کەوتونە پلان دانان و کوشتنی یەکتر ﴿إلاّ مَنْ رحم ربي﴾ بە ملیارەها دۆلار پارەی مسوڵمانان خەرج دەکرێت بۆ پلان دانان و کوشتنی یەکتر و دروستکردنی نا ئارامی و

نەهێشتنی ئاسایش و دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ دوژمنانی جولەکەو داگیرکەران، دژ بە برا مسوڵمانەکانیان و لە فەڵەستین و دەیان شوێنی تر.

بە هاوکاری دوژمنان کەوتونەتە پلان دانان، دژ بەوەی پێی دەڵێن ئیسلامی سیاسی لەکاتێکدا کە زۆربەیان بەمیانڕەوی ناسراون و دژ بە توندڕەوی و کاری تیرۆرستین، ڕق و بوغزیان بەرامبەر مسوڵمانان گەیشتۆتە ئاستێك ملیارەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ ئەوەی بەتەواوی بنەبڕیان بکەن و کودەتایان بەسەردا بکەن و شەرعیەتیان نەهێڵن.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی توێژەرە عاقڵ مەندەکان تەنانەت لە نامسوڵمانەکانیش وای بۆ دەچن کە ئەم هەڵسوکەوتانە بەقازانجی گەلانی مسوڵمان نیە، تەنانەت بە سوود ناشکێتەوە بۆ خودی وولاتە پلان داڕێژەرەکانیش.

چونکە ئەوەی لای هەموو کەس ڕوونە کە ئارامی و ئاسایش پەیوەستە بە عەدالەت و ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و گەڕانەوەی شەرعیەت، ئەگەر سەرنج بدەین لەچەند ئەزموونێکی سیاسی لە ئەمەریکای باشور و ئەفەریقیا کودەتای سەربازی هەرگیز نەبوەتە مایەی ئارامی و بەرەوپێش چوون و خۆشگوزەرانی، هەتا ئەو کاتەی ئازادی و دیموکراسی و ڕێز گرتن لە ئیرادەی خەڵك نەگەڕاوەتەوە بۆ وولات و بورکینافاسۆش نمونەیەکی باشە بۆ ئەو مەبەستە.

ئەوەی لەم ماوەیەی پێشوودا بینیمان لە هەندێك دەسەڵاتدارو پارتی عەلمانی وازیان لەهەموو دروشمەکانی ئازادی و دیموکراسی هێنا و سەرشۆڕی گروپێکی کودەتاچی بوون تەنها لەبەرئەوەی دژی ئیسلامی سیاسیە، بەمەش مێژوو خەبات و هەموو دروشمەکانیان خستە ژێر پرسیارو چارەنوسی خۆیان بەستەوە بە کەمینە عەسکەرتارە کودەتاچییەکانەوە، ئەمانە بە دیوێکدا بەم شێوە مامەڵەیان کرد، بەدیوێکی تریشدا کۆمەڵێك گروپی تیرۆریستی هاتن بەکردەوە ڤێزەونەکانیان وێنەی ئیسلامیان ناشرین کرد

و ڕێگەیان خۆش کرد بۆ ئەوەی جارێکی تر داگیرکەران بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکەو دەست بگرن بەسەر خێرو بێرەکانیانداو لەژێر ناوی دژایەتی ئیرهابدا سەروەت و سامانی گەلانی ناوچەکە بەفیڕۆ بدەن.

هەرئەمانە بوون بیانویاندا بەدەست وولاتانی زلهێزەوە کە بگەڕێنەوە بۆ ئەفغانستان و حکومەتەکەی تالیبان بڕوخێنن و هەروەها دیکتاتۆریەت و فاشیەتی ڕژێمی عێراق بووە هۆی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێڕاق و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین، ئەو فەرمودەیەی کە لەپێشەوە باسمان کرد تەعبیرە لە ئەم بارودۆخەی کە ئێستا مسوڵمانان تیایدا دەژین، وەڵامە بۆ ئەو سەرسوڕمانەی کە توشی من و هەزاران کەسی تر بووە، ئایا بۆچی عەرەب بەم جۆرەیان لێهاتووە، ئایا بۆچی کەوتونەتە وێران کردنی ئێستا و داهاتوویان ؟ بۆچی و بۆچی ؟

پێغەمبەری خوا بەڕوونی وەڵاممان دەداتەوەو دەفەرموێت ﴿إِنَّهُ لَتُنْزَعُ عُقُولُ أَهْلِ ذَلِكَ الزَّمَانِ﴾ واتە هەرکاتێك عەقڵ لە مێشکیدا نەما ئارەزوو بازی جێگەی دەگرێتەوە، ئارەزووی دەسەڵات و سامان و پارە ئارەزوی کوشتاری ئەوانی ترو زەلیل کردنیان، چونکە ئەوانە بڕوایان وایە کە دەبێت پاراستنی دەسەڵات بەسەرخوێنی خەڵکەوە بێت.

ئەوان بڕوایان وایە ترس و تۆقاندن بنەمای سەرەکی مانەوەیە لە دەسەڵاتدا، ئەوان دەسەڵات بەشمشێر دەپارێزن و گوێ بۆ ئایەتەکان و سۆزو عەدالەت ناگرن، پێغەمبەری خوا وەك پزیشکێکی لێ هاتوو دێت و نەخۆشی ئەم دەسەڵاتدارانەمان بۆ دەست نیشان دەکات و دەفەرموێت ئەمانە عەقڵیان نەماوەو لە جێگەکەیدا ئارەزویان داناوە، ئەمانە لەبەرەکەتی ئاسمان براون و هەستی مرۆڤایەتیان نەماوە بەچاوی داناییەوە سەیری مێژوو ئایندە ناکەن نازانن هێزو دەسەڵات بەچی دەمێنێتەوە و بەچی لەناو دەچێت.

عەقڵی داناو وردبین دەزانێت بەتوێژینەوە لە ئەزمونەکانی ئێستاو ڕابردوو کەدەبێت چۆن درێژە بەدەسەلاّت بدرێت و بمێنیتەوە ﴿فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾ (الحشر: ٢) (واتە بارودۆخی خۆتان بە ڕابردووەکان بپێوون، عیبرەتیان لێ وەربگرن) تەنانەت نەك دەبێت کەڵك لەڕابردووو وەربگرین بەڵکو دەبێت پلان بۆ ئایندەش دابنێین، هەموو ئەگەرەکان وەربگرین لە ڕێگەی توێژینەوەی سیاسیەوە ئەمەش پێی دەڵێن فیقهی واقیع.

مسوڵمانان پێویستە عیبرەت لەم ئەزموونە شکست خواردوانە وەربگرن و چاوو گوێ و عەقڵیان بەکاربێنن بۆ سەرفرازی لەدنیاو دوارۆژدا، دەبێ ئەو راستیەش بزانین (الدنيا مزرعة الاخيرة) دنیا کێڵگەی دوا ڕۆژە، ئێستا چی بچێنیت لە دوارۆژدا ئەوە دەدوریتەوە، ئەو پێشکەوتنەی کە ئێستا ڕۆژئاواییەکان پێی گەیشتون لە ڕێگەی زانست و بەکاهێنانی عەقڵەوە بووە، ئێمەی مسوڵمانیش خاوەنی ئاینێکی مەزنین وامان لێدەکات کە یەکگرتوو بین و پشتی یەکتر بەرنەدەین، دژایەتی یەکتر بەکوفر ناودەبات، داوامان لێ دەکات دانایی بەکاربێنین و بە گومبوی مسوڵمان ناوی دەبات، داوامان لێ دەکات کار بۆ ئامانجەکانی شەریعەت بکەین لەدەست خستنی بەرژەوەندی و دور کەوتنەوە لە خراپەکاری، خوای گەورە گەورەترین نیعمەتی پێ بەخشیوین کە عەقڵە و دەیەوێت بەکاری بهێنین، بەلاّم گەلان کە لە ئەم پەیامە لایاندا بەم شێوەیان بەسەردێت ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ (الأعراف: ١٧٩) تەنانەت چونە ناو ئاگریش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارنەهێنانی عەقلّ و چاو و گوێ ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴾ (الملك: ١٠) پوختەی بۆچوونەکانمان ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بە دەسەلاّتێکی خاوەن عەقلّ و ژیری هەیە، کە پشت ببەستن بەکەسانی پسپۆڕ لەهەموو بوارەکاندا، لەلایەك پێویستیان بەزانای شارەزا هەیە لەبواری ئایندا و لەلایەکی تریش پێویستیان بەشارەزا لەبواری سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی هەیە هەتا راوێژیان پێ بکەن و گوێیان بۆ بگرن و گوێ لە ڕەخنەو

گازندەی خەڵك و میدیاو شارەزایان بگرن، هەروەها دڵخۆش نەبن بە کەسانی ریا بازو ماستاوچی و دوو ڕوو کە ئەمانە بەردەوام دەیانەوێت راستیەکانیان لێ ون بکەن و چەواشەیان بکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بێنن.

ئەمە ئەو مەترسیەیە کە پێغەمبەر باسی دەکات و دەڵێت زەمانێك دێت کە وتاربێژەکان زۆرتر دەبن، بەڵام زاناو فەقیهەکان کەم دەبن و وەك یەکێك لە نیشانەکانی رۆژی دوایی باسی دەکات و دەفەرموێت (يتقارب الزمان ، ويُقبض العلم ، وتظهر الفتن ، ويلقى الشح ، ويكثر الهرْج) (کات کورت دەبێتەوە و زانست نامێنێت، ئاژاوە و دوبەرەکی و کوشتار زۆر دەبێت) رواه مسلم، فەرمودەی ژمارە (١٥٧)، لە ریوایەتێکی تردا کە تەبەرانی گێڕاوێتیەوە (٣١٩/٣) دەفەرموێت (زانایانی ئاینی کەم دەبێتەوە و زانست هەڵدەگیرێتەوە، کوشتار زۆر دەبێت) ووتیان (کوشتاری چی) ! فەرموی شەڕی یەکتری دەکەن پاشان فەرمووی زەمانێك دێت پیاوە قورئان خوێنەکان قورئانەکانیان لە قورگیان ناچێتە خوارەوە .

پاشان زەمانێك دێت کەسانی دوو ڕوو موشریك موجادەلەی کەسانی باوەڕدار دەکەن، لە ڕیوایەتێکی سەحیحی تردا لە کتێبی (جامع الصغير) فەرمودەی ژمارە ٤٧٣٥ دەفەرموێت (زەمانێك بەسەر ئومەتەکەمدا دێت قورئان خوێنەکان زۆر دەبن بەڵام زاناکان کەم دەبنەوەو زانست هەڵدەگیرێتەوە) .

گرفتی گەورەی مسوڵمان لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە ناوەندەکانی لەبەرکردنی قورئان زۆربوون و کەسانێکی زۆر قورئانیان لەبەرەو دەیخوێنن هەروەها زۆرباسی فەرمودە دەکەن و لەبەری دەکەن، بەڵام بە چاوی عەقڵ نایبینن و زانستی وەحی پەیوەست ناکەنەوە بەزانستەکانی عەقڵ، دەقەکان پەیوەست ناکەنەوە بەداناییەوە، واقیع پەیوەست ناکەنە بە بەرژەوەندی مسوڵمانان و دەقەوە، هۆکارەکان ناخەنە پاڵ ئامانجەکانی شەریعەت، کەسانی نەشارەزا لە دین و دونیا دەبنە موفتی و بەفتواکانیان کارەساتی گەورە دەنێنەوە، ئەگەر کاری لەو جۆرە لەسەردەمی خەلیفە عومەردا رووی بدایە بە رێژەی ئەهلی بەدر خەڵك دژی دەوەستا.

# گرنگی حیکمەت لە پەروەردەی تـاك و كۆمەڵدا

خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی زۆر گرنگیان داوە بەوشەیەك ئەم وشەیە لەرووی زمانەوانیەوە زۆر جوانەو لەرووی جێبەجێ کردنەوە گرانە، لەلای خوا زۆر گەورەیەو پێگەیەکی دیاری هەیەو لەزۆر شوێندا خوای گەورە کردویەتی بەناوی خۆی و کردویەتی بەسیفەتی ئیبراهیم پێغەمبەر لەکاتێکدا کە لە بیابانێکی وشکدا حەزرەتی ئیسماعیل بەجێ دەهێڵێت.

ئەم وشەیە بریتیە لە( الحکمة) واتا دانایی، حیکمەت واتا دانایی، واتا دانانی هەموو شتێك لەشوێنی خۆیدا، واتە مامەڵە کردن بەئارامی و هێمنی و بەکارهێنانی هۆکارەکان و بەدەست هێنانی ئامانجی گەورە، کە ئەویش بەپێی هەڵسوکەوت و مامەڵەی مرۆڤ دەبێت و ئەمەش لەئوصوڵی فیقهدا پێی دەوترێت، (فقه المآلات).

ئەگەر یەکێك بەحیکمەتەوە بڕوانێت، نابێت لەئێستاوە سەیری شتەکان بکات، بەڵکو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ رابردوو لەهەمان کاتدا دەبێت ئایندەشی لەبەرچاو بێت و بزانێت ئایا شوێنکاری چاك و خراپی چیە لەرووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، دەبێت مرۆڤ خاوەن پلان و دیدو بۆچونی رۆشن بێت، لەرێگەی ئەو پلانەشەوە سلبیات و ئیجابیات دیاری بکات و هەنگاو بنێت بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی، ئەمە پێی دەوترێت تێڕوانینی حەکیمانە.

خوای گەورە لە(٤٠) شوێندا خۆی و پەیامەکەی بە(حکمة) ناو دەبات، لەوانەش ( وهو العلیم الحکیم) (وهو العزیز الحکیم) (وهو الحکیم الخبیر) لەدوو جاری یەکەمدا وشەی

(حیكمه) دوادەخات لەسێیەمدا (خبیر) دوا دەخات حكمه پیش  دەخات، لەروانگەی ئەم رێكخستنەوە پێمان دەڵێت: حیكمەت جێبەجێ نابێت ئەگەر زانیاریت بەرابرود و ئێستاو ئایندەت نەبێت، بەلاّم ئەوەی لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەوەیە ئەگەر بتەوێت بەحەكیمانە كار بكەیت دەبێت كەش و هەوای مێژوویی و كۆمەلاّیەتی و كلتوری و سیاسی دروست بكەیت، خوای گەورە لەقورئاندا زانستی خستۆتە پێش حیكمە، چونكە حیكمە جێبەجێ نابێت تەنها لەرێگەی زانیاریەوە نەبێت.

دوومیان ئەگەر سەیر بكەیت خوای گەرە وشەی (عزیز) دەخاتە پێش وشەی (حكیم) ئەمەش پەیوەندی بەلایەنی كرداریەوە هەیە، خوای گەورە توانای هەیە هەر كارێك كەبیەوێت بیكات دەیكات، لەلایەكی تریشەوە حیكمەت پەیوەندی بەئیرادەی مرۆڤەوە هەیە، بەلاّم خەیاڵ و خەو كەدوور بێت لەجێبەجێ كردن، دورە لەحیكمەت.

بەلاّم لەو ئایەتانەدا كە حیكمەتی خستۆتە پێش هەواڵ ئەمەش مانای وایە كەمرۆڤ نابێت باس لەهەواڵێك بكات ئەگەر بێت و خاوەنی حیكمەت نەبێت، چونكە دەبێت بزانیت ئایا شوێنكارە سلبی و ئیجابیەكانی ئەم هەواڵە چیە؟ ئینجا بلاّوی بكەیتەوە.

لەكاتێكدا كە ئیبراهیم پێغەمبەر خێزانەكەی لەدۆڵێكی بێ ئاودا بەجێهێشت،  دەستی بەرز كردەوە بۆلای خوای گەورەو ووتی ﴿رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ چونكە ئیبراهیم دەیزانی ئەم پەیامە ئەگەر بێت و حیكمەتی لەگەڵدا نەبێت، ناتوانرێت ئامانجەكانی بهێنێتەدی و ئەو جێنشینیەش كەمەبەستە نایاتەدی، كەخوای گەورە بەڵێنی بەمرۆڤ داوە، خوای گەورە نزاكەی لێ وەرگرت  و فەرمووی ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾

خوای گەورە سوێند بەزاتی خۆی دەخوات کەوا ئەوە منەتێکی گەورەیە بەسەر عەبدەکانیەوە کەپێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆ ناردون فێری کتێب و حیکمەتیان دەکات، پاشان باس لەنیعمەتێکی تر دەکات کە لەگەڵ ئەم پەیامەدا هاتوە کە بۆ هیچ پێغەمبەرێکی تر نەبوە، ئەویش (حیکمەتە) ﴿وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا﴾، هەرچەند حیکمەت بەرهەمی فیکرو عەقڵێکی رۆشنە بەوەحی لەگەڵ گرنگی ئەم پەیامەو زانینی کاریگەری سۆز لەسەر ئەم ئوممەتە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێغەمبەرەکەی خاوەنی دانایی و عەقڵ و گەورەییە، بەڵام لەگەڵ پەیامەکەدا حیکمەتیشی ناردوە.

خوای گەورە یەکێك لەگرنگترین ئەرکەکانی پێغەمبەری کردوە بەوەی کەئوممەتەکەی فێری ( حیکمەت) بکات ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ هەموو ئەم ئایەتانە پەیوەستن بەیەکەوە خوێندنەوەی ئایەتەکان بۆ ئەوەیە باوەڕدار لەلایەن روحیەوە بەرز بکاتەوە، چونکە ئەگەر خاوەنی روحێکی بەرزو وابەستە بەخواوە نەبیت، ناتوانی خاوەنی حیکمەتی ئامانجدار بیت، ناتوانی دەرونت پاك بکەیتەوە لەرق و حەسودی و بەخیلی و هەموو نەخۆشیە دەرونیەکان لەجنس و ماددە، ئەگەر کەسێك بەندەی شەهەوەتی دارایی و سیاسی و کورسی بێت ناتوانێت خاوەنی حیکمەت بێت، چونکە لەدوای پاککردنەوەی دەرون سەرەی فێربونی کتێب و حیکمەت دێت، ئەو کاتەش لەگومڕایی و تاریکی رزگارمان دەبێت.

ئەمڕۆ دەبینین گەلانی مسوڵمان لەلایەنی عیبادەتەکانەوە باشن، بەڵام ئایا لەلایەنی بەرز بونەوەو پاکبونەوەی روحەوە باشن؟ رۆژانە دەبینین مناڵانی ئاوارەکانی هەموو جیهان لەژێر خێمەکاندا گیان لەدەست دەدەن، ئایا کاری تێ کردویت؟ ئایا هەستمانی بزواندوەو بەگیان هەستی پێ دەکەین.

ئەو کاتەی مرۆڤ تەنها بگەڕێت بەشوێن بەرژەوەندیەکانیدا، ئەو مرۆڤە دورە لەحیکمەت، عیبادەت دەبێت ببێتە مایەی  ناسك بونەوەو بەرزبونەوەی رۆح و هەست کردن بەئازارەکانی یەکترو پشتیوانی کردنی هەق و رووبەروبونەوەی ستەمکاری، ئەگەر بەو جۆرە بویت عیبادەتەکانت  جێگەی خۆی گرتوە، ئەگەر وانەبێت لەچەمکی راستەقینەی عیبادەت تێنەگەیشتووی.

بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەپەروەردەدا جەخت دەکاتەوە لەسەر چوار بنەمای سەرەکی لەبەرزبونەوەی رۆح و پەروەردەی دەرون و دڵ و فێربونی قورئان.

پاشان حیکمەتی ئەم چوار بنەمایە بریتین لەبنەما سەرەکیەکانی پەروەردە بۆ ئەم ئوممەتە، هەرکاتێك یەکێك یان هەموو ئەم بنەمایانە نامێنێت ئەوا بنەماکانی فێربون لەم ئوممەتەدا روو لەلاوازی دەکات.

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە دەست بەحیکمەتەوە بگرین وەك تاك و کۆمەڵگەو حکومەت، هەموو فەرمانەکانی خوا بۆ تاك و کۆمەڵگە و دەوڵەتە، هەریەکەشیان جۆرێك لەبەرپرسیارێتی هەڵدەگرن و دەبێت بەپێی ئەوە هەنگاو هەڵبگرن (فاتقوا الله ما استطعتم).

حیکمەت بنەمایە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خۆمان و خێزان و کەس و کارمان، هەموو جوڵەو بیرکردنەوەو نەخشەیەکی مرۆڤ جۆرێك لەحیکمەتی تێدایە، ئەگەر حیکمەت لەکارەکاندا نەبێت، ئاڵۆزی و بێ بەرنامەیی باڵ دەکێشێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا.

ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە پێی گەیشتوین، لەئەنجامی هەڵسوکەوتمانە بەبێ حیکمەت، خوای گەورە حیکمەت و کتێب بەیەکەوە گرێ دەدات، قورئان خۆی دەقێکی بێ دەنگە ئەوەی جوانی بۆ دروست دەکات بوونی حیکمەتە لای شوێن کەوتوانی، ئەگەر لەجێبەجێ کردنیدا

حیکمەت نەبێت کارەسات دروست دەکات، وەك ئەوەی کە ئێستا توندڕەوەکان بەناوی دینەوە دەیکەن، خوای گەورە قورئان لەگەڵ (میزان) واتە تەرازوو باس دەکات کە ڕەمزە بۆ ئەقڵ و عەدالەت و حیکمەت.

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ البقرة(٢٦٩)، واتە کەسێك پەنا بۆ حیکمەت دەبات، کەخاوەن عەقڵێکی باش بێت، ئەو دەسەڵاتدارانەی تەنها چاویان لەپاراستنی کورسیەکانیانە بزانن چۆن هەڵسوکەوت دەکەن؟ هەموو شێوازێکی ستەمکارانە دژ بەگەلانیان بەکار دەهێنن، خوێن دەڕێژن گەندەڵی بڵاودەکەنەوە، ئازادی ناهێڵن دیموکراسیەت دەکەنە مەهزەلە، چارەنوسی خۆیان و گەلەکانیان دەخەنە سەر لێواری تیاچوون، بەڵام ئەگەر بەحیکمەتەوە کاریان بکردایە دەیانتوانی خۆیان و گەل و نیشتیمانەکەیان بکەنە لانکەی ئارامی و بەیەکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی.

## لاوازی وشیاری كۆمەڵایەتی و ئاراستەبوونی تاك بەرەو بەرژەوەندیە تایبەتیەكان

خوای گەورە ئەم مرۆڤەی دروست كردووە بۆ ئەوەی ببێتە جێنشینی خوای گەورە لەسەر زەوی، لەم ڕێگەیەشەوە بەئەركی ئاوەدان كردنەوە و جێنشینی هەڵبسێ لە جێبەجێكردنی ئەوەی كە خوا دەیەوێت لە دروست كردنی مرۆڤ و بونەوەردا: ﴿...هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ... ﴾ خوای گەورە بۆیە پێنج هەستەكەی بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ ئەوەیە كە هەست بەو مەترسیانە بكات كە دێتە ڕێگەی ئەمانەش مەترسی ڕاستەوخۆن، لەهەمانكاتدا عەقڵی پێداوە بۆ ئەوەی بتوانرێت شیكردنەوەیەك بۆ ئەو زانیاریانە بكات كە لەڕێگەی هەستەكانەوە وەری دەگرێت، ئەو كاتەش عەقڵ هەڵدەستێ بەپۆلێن كردن و جیاكردنەوەی زانیاریەكان لەسەر بنەمای باش و خراپ.

بەڵام عەقڵی مرۆڤیش هەرچەندە زیرەك و لێهاتووبێت، سنوردارە بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە پێغەمبەر و كتێبەكانی بۆ ناردووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەباشی خوا بپەرستێ و زەوی ئاوەدان بكاتەوەو خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانەكەی دابین بكات.

خوای گەورە بۆیە مرۆڤی دروست كردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی عەقڵێكی بەكۆمەڵەوە شارستانیەت بنیات بنێت، لە ئەم ڕێگەیەشەوە خێر بۆ خۆی و گەلەكەی دابین بكات، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی كە ویژدانی بە كۆمەڵ گەشە بكات لە ئەم ڕێگەیەشەوە دەوڵەت بنیات دەنرێت و دام و دەزگاكان دروست دەبن.

ئەم هەستی بەكۆمەڵ كردنە خوای گەورە بە سروشت لەناخی مرۆڤدا دروستی كردووە ئەویش لە ڕێگەی عەقڵ و تەركیزكردنە سەر وەحی، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بكات بە حاڵ

و ژیانی براکەی و هەست بەبەرپرسیارێتی بکات لە بەرامبەریدا، واهەست بکات کە ناتوانێت بەتەنیا بژیت و پێویستی بەکەسانی تر هەیە ئەمەش دەبێت لەڕێگەی هەست کردن بێت بەبەرپرسیارێتی و لەم رێگەیەشەوە چاکەکاری دروست دەبێت. خوای گەورە دەیەوێت کە هۆشیاری تاك گەشە سەندو بێت، بەڵام لەوەش زیاتر گرنگی دانە بە هۆشیاری کۆمەڵ، ئەمەش خوای گەورە لەچەندان ئایەتدا جەختی لەسەر دەکاتەوە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا ...(٦) سورة التحريم، چەندان ئایەت هەیە کە باس لەبەرپرسیارێتی دەسەڵاتداران و بەرپرسان و زانایان دەکات، لەم بارەیەوە ئایەتی زۆر هەن، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لە فەرمودەیەکدا بەروونی باس لەم بەرپرسیارێتیە دەکات و دەفەرموێت (كلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته الإمام راع ومسئول عن رعيته والرجل راع في أهله وهو مسئول عن رعيته والمرأة راعية في بيت زوجها ومسئولة عن رعيتها والخادم راع في مال سيده ومسئول عن رعيته قال: وحسبت أن قد قال والرجل راع في مال أبيه ومسئول عن رعيته وكلكم راع ومسئول عن رعيته) ئەم فەرمودەیە لە مرۆڤی مسوڵماندا هەستێکی بە کۆمەڵ دروست دەکات، ئەم هەستی بە کۆمەڵ بونەش دەکاتە سیفەتێکی گرنگی مسوڵمان و هانیان دەدات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ نەهامەتی و گرفتەکانی یەکتردا بژین و پەیوەندیە مرۆییەکانیش بەهێزبکەن. (مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد إذا اشتكى شيئاً تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى) ئەمە هاندانە بۆ دروست کردنی ئەو هەستە مرۆڤیە بە کۆمەڵە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، کاتێك دەبینین کە مرۆڤێك نەخۆش دەکەوێت لەناو جەستەی مرۆڤەکەدا جەنگێك دروست دەبێت بۆ دەرکردن و لەناوبردنی ئەو ڤایرۆسە.

هەموو ئەندامەکان و خڕۆکە سپیەکان و هێلەکانی تری بەرگری یەکدەگرن بۆ بەرەو رووبونەوەی ئەم مەترسیە هەتا لەناوی دەبەن یان خوانەخواستە تێکدەشکێن، مرۆڤەکە لەناو دەچێت، پێغەمبەری خوا لەو فەرمودەیەدا ئوممەتی ئیسلامی لەو نەخۆشیانە کە

ڤایرۆس ڕووی تێ دەکات ئاگادار دەکاتەوە، داوا لەهەر تاکێك دەکات بەشداربێت لە دروستکردنی ئەو تۆڕی بەرگریە دژ بەو نەخۆشیانە، ئەمەش کاتێك دەبێت کە هەموو تاکەکان یەکگرتووبن لەبەرەو ڕووبونەوەی گرفت و مەترسیەکاندا.

هەرکاتێك نەخۆشیەك هاتە ناو ئەم ئومەتە ئیسلامیەوە تەنها لە سنورێکدا ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی بڵاوبونەوە دەدات لەهەموو شوێنێکدا هەتا لاوازی دەکات و بەرەو مەرگی دەبات.

لەبەرئەوە دەبێت هێڵی یەکەمی بەرگری بەهێزبکرێت، بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە زۆرنەبێت و بڵاونەبێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئێستا دەیبینین نەك بەرەو ڕووی ڤایرۆسەکە نابنەوە، بەڵکو دەبنە هاوپەیمانی ڤایرۆسەکە و ڕێگەی پیشان دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی نەخۆشی زیاتر، زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن ناتوانرێت دەوڵەت یان شارستانیەت بنیات بنرێت ئەگەر بێت و پەروەردەیەکی چاك و باش نەبێت. رۆژئاواییەکان لە چاخەکانی پێشودا لەوپەڕی نەفامی و شەڕی ناوخۆو مەزهەبیدا دەژیان، بەڵام لەکاتێکدا کە بەهۆش خۆیان هاتنەوە لەڕێگەی شارستانیەتی ئیسلامیەوە بوو یان هەرشتێکی تر رۆژئاواییەکان زۆر جەختیان کردەوە لەسەر ئەم هەستی بەکۆمەڵ ژیانە و پاشان گۆڕیان بۆ هەستێکی نەتەوەیی لەپاڵ ئاینی مەسیحی دا، پاشان هەستی نیشتیمانیان خستە پاڵی و لە رێگەی مافەکان و هاوڵاتی بونەوە تەعبیریان لێکردو وایان لەتاك کرد کە ئینتیمای بۆ نیشتیمان بێت نەك بۆ شتی تر .

هەڵەیەکی گەورە هەیە کە ئێستا هەندێك دەوڵەت لەهەوڵی ئەوەدان کە هانی دروست بوونی ئینتیما دەدەن لەسەر بنەمای مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی بەدور لەسەر بنەمای ئیسلام یان هاوڵاتی بوون، چونکە ئەو هەوڵانە تەنها پەرتەوازەیی و جەنگ و دوبەرەکی لێ دەکەوێتەوەو لە ئێستاشدا باوی ئەو جۆرە لە ئینتیما نەماوە.

ئەوروپییەکان توانیان هەنگاوی گەورە بنێن، لەم بوارەداو ئێستا دەوڵەت لەلای ئەوان لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون بنیات دەنرێت، هەر بەمەشەوە نەوەستاون بەڵکو لەدوای ساڵی ٦٦ ەوە دەستیان کرد بەوەی کە ئەم هەستە بەرنە ناو هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت لە دایانگاوە هەتا زانکۆ، هەر لەم ڕێگەیەشەوە توانیان ئەورووپای یەکگرتو دروست بکەن لەڕووی دراو و پەرلەمان و بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان، بەڵام ئێمە لەجیهانی عەرەبیدا لەساڵەکانی چلەوە کۆمکاری عەرەبیمان دروستکردوە بە ٢٠ ساڵ لەپێش ئەوروپاوە، ئایا توانیویەتی هیچ بکات؟ ئەم کۆمکارە لەلایەن بەریتانیەوە دروستکراوە، لەترسی ئەوەی کە کۆمکارێکی ئیسلامی دروست بکرێت و مسوڵمانان کۆبکاتەوە، لەم ڕێگەیەوە دروست کردنی کۆمکارێکی ئیسلامیان لەبار برد، ئەم کۆمکارە نەتەوەییە، نەك هەر نەیتوانیەوە هیچ بکات بەڵکو هەریەکەیان کەوتنە دژایەتی یەکترو سوك کردنی یەکتر، هەتا وای لێ هات کە ئێستا دەیبینین لەنێوان وڵاتانی عەرەبی چی هەیە.

لەم سەردەمەدا ناکرێت دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرستی و نەتەوەیی بنیات بنرێت، چونکە گەلان ئێستا بەیەکەوە دەژین و لەناو هەردەوڵەتێکدا چەندان مەزهەب و نەتەوە هەن، لەبەرئەوە دەبێت لەژێر سایەی دەوڵەتدا هەموان هەست بەئارامی و پاراستنی مافەکانیان بکەن، بنیاتنانی دەوڵەت دەبێت لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون بێت و ئازادی ئاینیش بۆ هەموو لایەك دەستەبەر بکرێت.

ئیسلام دەیەوێت هۆشیاریەکی مرۆڤ دۆستی گەشە پێ بدات لەنێوان هەموو گەلانی سەر زەویدا، هەمووان هەست بەنەهامەتیەکانی یەکتر بکەن و لەپێناو بەختەوەری یەکتردا هەوڵ بدەن، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت بەکرداریش بەشداری کارە مرۆڤ دۆستیەکانیش بێت مانای سۆزو بەزەیی ئیسلامە بۆ هەموو جیهان، ئایا ئێمە خۆمان بەمسوڵمان دەزانین بۆچی ئەم هەستەمان تێدا نیە؟ بەبڕوای من گرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بواری پەروەردە، ئێمە

خاوەنی پەروەردەیەکی تەندروست نین، خاوەنی پلان نین بۆ پەروەردە لە باخچەی ساوایانەوە هەتا زانکۆ لەناو ماڵ و مزگەوت و فەرمانگەکان.

لای هەر کەسێك پەروەردە بەجۆرێك دەکرێت و هەندێکیشی بەرەو توندڕەوی سەردەکێشێ، ئێمە ئەگەر دەمانەوێت ئەم کۆمەڵگایانە بەرەو باشتر بچن دەبێت چاکسازی لەبواری پەروەردەدا بکەین.

لە ئێستادا بارودۆخی وولاتانی عەرەبی ببینە ئەگەر پەروەردەیەکی مرۆڤ دۆستانەو ئیسلام دۆستانە هەبێت چۆن ئەم هەموو ستەم و کوشتارو خوێنرێژیە دەکرێت؟ هەر لەمیسرەوە تا سوریاو یەمەن و لیبیا ببینە ڕۆژانە چی روودەدات؟ ستەمکاری بەناو هەموو جومگەکانی دەوڵەتدا چۆتە خوارەوە، بەداخەوە وولاتانی رۆژئاواش بێ دەنگن و پشتیوانیان لە شۆڕشی ئازادیخوازی گەلانی عەرەبی نەکرد. بەڵکو لەئاستی سیاسیدا بەشێك بوون لەو پلانەی کە لە دژیان کراو بەبەرچاویانەوە دیموکراسیەت و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێت بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان نیە، بەڵام نابێت گەلانی مسوڵمان بێ هیوا ببن، ئەم قۆناغە پێویستی بەقوربانیدان هەیە، پێغەمبەری خوا بەراورد دەکات لە نێوان ئیمامی حەمزە کە بەسەرکردەی شەهیدەکان ناسراوە لەگەڵ کەسێك کە لە بەرەو ڕووی دەسەڵاتێکی ستەمکار دەبێتەوەو دەیکوژێت، خەبات بۆ ئازادی لە ئیسلامدا لەهەموو شتێك پیرۆزترە، چونکە خوا بەئازادی دروستی کردین و دەبێت لەپێناو ئازادیشدا بمرین.

# شوێنكارەكانی ئیخلاص لە دین و دونیـادا

هەموو ئەو كردەوەو هەڵسو كەوت و چالاكیانەی كە ئەنجامی دەدەین، ئەگەر بەنیەتێكی پاكەوە بۆ خوا نەبێت، ئەوا خوا لێمان وەرناگرێت، لەبەرئەوە باپێش دەست كردن بەهەركارێك نیەتمان پاك بكەینەوەو بەناوی خواوە دەست پێ بكەین و دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ خوا لە ناخماندا بڕوێنین و ئینجا دەست بەكارەكان بكەین، چونكە هەرچەند شتەكان گەورەبن، زەحمەت و هیلاكی زۆر ئەنجام بدەین، بەرهەمی گەورەش هەبێت نیەت بۆ خوابوون تیایدا مەرجی یەكەمە، بەتایبەتی لەعیبادەتەكاندا بۆ خوابوون مەرجی یەكەمی وەرگیرانە لای خوا ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ...﴾البينة(٥) كەواتە ئیخلاص بنچینەی عیبادەتە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە فەرمودەیەكدا كە موسلیم ریوایەتی دەكات دەفەرموێت ﴿**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ اللَّهَ لا يَنظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ وَلَكِنْ يَنظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ**﴾ دڵ وێستگەی بنچینەییە لە ئەنجامدانی عیبادەتدا، نیەت لەدڵەوە دەست پێدەكات، پێغەمبەری خوا لە فەرمودەیەكدا باسی ئەو پەیوەندیە دەكات لەنێوان وەرگیران و عیبادەت و ئەنجامدانیدا كە بەستەری گەورە لەنێوانیاندا نیەت پاكی و ئیخلاصە ( **إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ ما نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلى اللهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَو امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ**) سەرەڕای ئەوەی كە كۆچ كردن لەمەكەوە بۆ مەدینە لە خۆیدا بەكاری چاكە دانانرێت، بەڵام لەهەمان كاتدا پەیوەست كراوەتەوە بە ئەم نیەتی دڵەوە، لەمبارەیەوە زانایان دەڵێن (كاری دڵ بنەمایەو بنچینەیە)، كاری ئەندامەكان كە لە دوایدا ئەنجام دەدرێن بۆ جێبەجێكردنی ئەوەیە كە

لەدڵدا هەیە، ئیخلاص لەکاردا وەك گیان وایە لەجەستەدا، هەرچەند جەستەیەك گەورەو بەهێزو جوانبێت، بەڵام لەکاتێکدا کە گیانی تیانامێنێت ئەمرێت، دەبێتە جەستەیەکی بێ گیان، لەبەرئەوە هەموو کارو کردەوەو چالاکیەکی مرۆڤ بنەماو گیان و کرۆکەکەی ئیخلاصە و دەگەڕێتەوە بۆ نیەتی مرۆڤەکە، مرۆڤ لە ئەم چالاکیەدا کە فەرزی کردووە لەسەری پێویستی بەوە هەیە نیەتی پاك و چاکی هەبێت، دوربێت لە ڕیا و دووڕویی و ڕەزامەندی خەڵك.

ئەگەر کارێك ئەم مەرجانەی تێدابێت ئەوا ئیخلاصی تیایدا جێبەجێ دەبێت و لای خواش وەرگیراو دەبێت لەبەرئەوە ئێمە زۆر پێویستمان بەوە هەیە کە نیەتەکانمان پاك بکەینەوەو دوربین لە دوڕوویی و خۆپەرستی و ڕیاو بەرژەوەندی خوازی، لەبەرخاتری کەس با کارەکانمان تێك نەدەین، چونکە ئەگەر وابکەین توشی هاوەڵ دانان دەبین بۆخوا، خواش پێویستی بەهیچ کەس نیە، لەم کاتەدا خوا پێویستی بەم کارەی تۆ نیە، چونکە لەگەڵ خوادا کەسانی ترت خستە ناو کارەکە لەم کاتەدا کارەکەت بە فیڕۆ دەچێت و خۆشت زیانمەند دەبیت. لەم بارەیەوە پێغەمبەر(ﷺ) لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت (إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ، قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ، قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ هُوَ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ )

ئەم فەرمودەیە باس لەمەترسی نیەت دەکات وەك زانایان دەڵێن نیەت وەك گیان وایە لەجەستەدا، لەکاتێکدا کە ئەو گیانە مرد جەستەش دەمرێت.

ئیخلاص و نیەتی پاك شوێنکاری گەورەی هەیە بەسەر کارەکانەوە، وا مەزانە ئەگەر ئیخلاص هەبێت کارەکانت سەرناکەون، بەڵکو خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە ئەو کارەو ئەوەی تۆ دەتەوێت بەریاو دورویی بەدەستی بهێنێت خوا زۆر لەوە گەورەترت  بۆ دەکات، ئاگاداربە مەچۆرە سەر ڕێگای شەیتان، چونکە ئەوە خەیاڵە شەیتانیەکانە ئەوەت بۆ دروست دەکات، لەسەر ڕێگەی خوابە، خوا زیاترت بۆ دەکات.

کەسێك کە بۆ خوابێت لای خەڵك خۆشەویست دەبێت، بە باشە باست دەکەن و هاوکاریت دەکەن، خوای گەورە بە فریشتەکان دەڵێت من فلاَن کەسم خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بوێت، لەبەرئەوە تۆ کاتێك تێکەڵاوی خەڵك دەبیت هەست دەکەی ئەوان تۆیان خۆش دەوێت، ئەم خۆشەویستیە لەخواوەیە، لە بەرەئەوە باوەڕداری ژیر ئەو باوەڕدارایە کە بەنیەتی پاك و چاك کار بۆ خوا دەکات، لە رووی شەرعەوە خۆشەویستی خەڵك پێویستیەکەو پێویستە هەبێت، (لن تؤمنوا حتی تحابوا) خۆشەویستی خەڵك مەرجێکی تاقیکردنەوەی ئیمانە، خۆشەویستی و هاوکاری و ئینتیما لە رێگەی خەڵکەوە دروست دەبێت، لەفەرمودەیەکدا کە ئەبی زەر ریوایەتی کردووە، پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد لەسەر ئەوەی کە سوپاسی پیاوێك دەکەیت لەسەر ئەوەی کە کردەوەیەکی چاکی ئەنجامداوە؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرموی ئەوە یەکێکە لە مژدە پێشخراوەکان بۆ باوەڕدار، خوای گەورە ئەم چاکەیەت بۆ پێش دەخات، بەڵام پاداشتی نەبڕاوە لە بەهەشتدایە.

لەکاتێکدا کە باوەردار کارێك لەبەر خوا ئەنجام بدات، شەیتان ناتوانێت یاری پێ بکات و سەری لێ تێك بدات ﴿وَلأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ. إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ لەشوێنکارەکانی ئیخلاص ئەوەیە کە شەیتان ناتوانێت سەری لێ تێك بدات، ئەوەیش بەوەی

که خوا دەیپارێزێت یان لەو ڕێگایانە بە دوری دەگرێت، چونکە کاتێك تۆ لەخوا دەترسی، شەیتانیش لە تۆ دەترسێ و ناتوانێت لێت نزیك ببێتەوە.

یەکێکی تر لە شوێنکارەکانی ئیخلاص ئەوەیە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ شەفاعەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّهُ قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ؟ قَالَ : لَقَدْ ظَنَنْتُ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَنْ لا يَسْأَلَنِي عَنْ هَذَا الْحَدِيثِ أَحَدٌ أَوْلَى مِنْكَ ، لِمَا رَأَيْتُ مِنْ حِرْصِكَ عَلَى الْحَدِيثِ، إِنَّ أَسْعَدَ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ قَالَ : لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ خَالِصًا مِنْ قِبَلِ نَفْسِهِ)

لە شوێنکارێکی تری ئیخلاص وەرگیرانی دوعایە، چونکە تۆ کەسێکی نزیك لەخوایت و خۆشەویستی خوای.

لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خوا باس لە سێ کەس دەکات لە ئەشکەوتێکدا کە بەهۆی کردەوە چاکەکانیان رزگاریان بووە.

سێ کەس لە ئومەتەکانی پێشوو بەرێکەوتن بەرەو شاخێك لەوێدا چوونە ناو ئەشکەوتێکەوە، لەم کاتەدا بەردێك هاتە خوارەوەو بەردەمی ئەشکەوتەکەی گرت، ووتیان لەم بەردە رزگارمان نابێت ئەگەر هەرکەیەمان باس لە کردەوەیەکی چاکی خۆی نەکات.

یەکێکیان ووتی من دایك و باوکێکی پیرم هەبوو، شەوێکیان زۆر برسیان بوو داوای خواردنیان کرد، منیش چووم شیرم بۆ کولاندن و بۆم هێنان کە هاتم هەردووکیان خەوتبوون، دڵم نەهات خەبەریان بکەمەوە هەتا بەیانی بەسەر سەریانەوە وەستام، کە بەیانی هات خەبەریان بوەوە شیرەکەم پێدان، خوایە ئەگەر ئەمەم لەبەر خاتری تۆ کردوە رزگارمان بکە، لەم کاتەدا بەردەکە کەمێك جوولا.

پیاوێکی تریان ووتی من ئامۆزایەکم هەبوو زۆرم خۆش ئەویست هەتا وای لێ هات هەژار کەوت، پێویستی بە من بوو، لەناچاریدا ئامادەی هەموو شتێك بوو لەگەڵمدا بکات، لەو کاتەدا کە چومە نزیك ڕانی ووتی لە خوا بترسە، کارێك مەکە کە خوا پێی ناخۆش بێت، منیش بیری خوام کەوتەوەو ئەو کارەم نەکرد و هەموو ئاڵتونەکەشم پێشکەش کرد، خوایە ئەگەر ئەو کارەم لەبەر تۆ کردووە، رزگارمان بکە لەم کاتەدا بەردەکە تۆزێکی تر جولا.

پیاوی سێهەمیان ووتی خوایە من کۆمەڵێك کرێکار کاریان بۆ دەکردم کرێی هەموویانم دا، تەنها یەکێکیان نەبێت کرێکەی نەبرد، منیش ئەو کرێیەم بۆ خستە کارەوە، بۆمدا بە سەرێك ئاژەڵ .. ئەو ئاژەڵە زۆربوو هەتا وای لێهات پڕی دۆڵێك ئاژەڵی خستەوە و ڕۆژێك پیاوەکە هات بۆ کرێکەی، منیش ووتم ئەو دۆڵە هەرچی ئاژەڵی تیادایە هی تۆیە، کابرا ووتی گاڵتەم پێ مەکە، منیش ووتم بەڕاستمە و چیرۆکەکەم بۆ گێرایەوە، ئەویش هەمووی پێش خۆی داو بردی، خوایە ئەگەر ئەم کارەم لەبەر تۆ کردووە، ڕزگارمان بکەن بینیان بەردەکە بەتەواوی بەردەم ئەشکەوتەکەی چۆڵ کرد.

ئەم سێ چیرۆکە لە سێ بواری حەزو خۆشەویستی و ماڵ و سامان و ڕێزگرتنی دایك و باوك دا بوون، بزانن بە بونی ئیخلاص خوا چۆن دەرگای ڕەحمەتی لێ کردنەوە، ئەگەر سەیری تەواوی فەرمودەو قورئان بکەین دەبینین کە عیبادەت هەموو کردەوەکانی رۆژانەی ئێمە دەگرێتەوە، کەواتە ئەگەر کارەکانمان بەنیەتی چاك بکەین و دڵسۆزبین، گەندەڵی نامێنێت، وڵات پێش دەکەوێت، خۆشگوزەرانی بۆ هەموو لایەك دابین دەبێت، کەواتە دەبێت بزانین دواکەوتنی گەلانی مسوڵمان لە ئەمڕۆدا بەهۆی نەبوونی ئیخلاصە لە عیبادەتدا بەو هۆیەشەوە دەیان نەخۆشیمان توشبووە .

## ( فیقهی مامەڵە کردن ) لەکاتی سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکانی ئیسلام

**بەشی یەکەم**

ئەگەر دەوترێت تیرۆریزم ئاینی نیە، کەواتە نابێت ئەم دەستەواژەیە بەسەر ئیسلامدا جێبەجێ بکرێت، هەروەها نابێت، بەهۆی مامەڵەی تیرۆریستیانەی هەندێك کەس لە ئاینەکانی تریش، ئەو ئاینانە بە تیرۆریست لەقەڵەم بدرێن، کاتێك ئێمە باس لەبەرگری و شلگیری دەکەین لە رۆژهەلاتی ئیسلامیدا، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو راستیە بزانین کە لەرۆژئاواشدا کۆمەڵێك شت کرا هەر لە وێنە کاریکاتێرەکانی دژ بە پێغەمبەرو ئەفلام و شانۆگەری و چەندان ووتاری رۆژنامەنووسی، هەمووی سوکایەتی بوو بە کەسایەتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە سۆزو بەزەییە بۆ هەموو جیهان، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لە بنەماو رێسا گشتیەکان دەکەین، ئەوانەی کە پەیوەندی هەیە بە کەمایەتیە مسوڵمانەکانەوە، ئێمە ئەو بنەماو رێسایانە لە چیرۆکی یوسف پێغەمبەر وەردەگرین، کە دەکرێت بکرێتە پێشەنگ بۆ کەمینەکان، هەروەها لە کۆچی مسوڵمانان بۆ حەبەشە لەسەردەمی پێغەمبەردا، لەم روانگەیەوە باس لە فیقهی هاولاتی بوون دەکەین کە دەکرێت بکرێتە دەروازەیەك بۆ پێکەوە ژیان و تێکەڵ بوونی ئیجابی لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەلگەدا.

پاشان باس لە فیقهی مامەڵە کردن و هەڵسوکەوت دەکەین لەگەڵ ئەوانی دیدا، لەکاتێکدا کە سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی ئیسلام دەکرێت، لێرەوە باس لە بنەما گشتیەکان دەکەین کە لێوەی وەردەگیرێت، لەوانەش ماف مرۆڤ لە دەربڕینی بیروڕادا.

هۆکاری ئەوە روون دەکەینەوە کە بۆچی هەندێك کەس پەنا بۆ ئەم سوکایەتیە دەبات، پاشان هەڵوێستی شەرعی (تأصیل شەرعی) بەنیسبەت ئەو مرۆڤە مسوڵمانەی کە لە

ڕۆژئاوادا دەژی، ئایا واجبی شەرعی کەمینە مسوڵمانەکان چییە بەرامبەر ئەو سوکایەتیانە؟ هەروەها بەرپرسیارێتی دەوڵەتان و جیهانی ئیسلامی چیە؟ بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پلانێکی ستراتیجی هەبێت کە خاوەنی ئامانج و ئاڕاستەی دیاری کراوبێت بۆ ڕێگرتن لە سوکایەتی کردن بە ئاینەکان، مسوڵمانان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا (لە ناوخۆو دەرەوەی جیهانی ئیسلامیدا) بە قۆناغێکی هەستیارو ترسناکدا تێدەپەڕن، لەناوخۆدا دەناڵێنن بەدەست لاوازی و دووبەرەکی و پارچەبوونەوە، لەهەمان کاتدا چەندان بیرکردنەوەی توندڕەوانە بەڕاست و بەچەپدا و هەتا ئەو پەڕی توندی، یان شلگیری و بێ باکی و پەراوێز بوون، بەهۆی ئەو دیاردانەوە لادان روویداوە لە مامەڵەو سلوك، هەندێك لە مسوڵمانان  بونە سەرچاوەی کۆمەڵێك تاوان، لە ئەنجامی ئەو توندڕەوییەوە کە هەیە سەری کێشاوە بۆ بیدعەو داهێنانی جۆراوجۆر  لەبواری تەکفیردا، کە دواجاریش ڕێگەی خۆش کردووە بۆ ڕژاندنی خوێنی بەناهەق و تەقاندنەوەو وێران کردن، بەڵام دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ئەوانەی هەڵگری ئەم جۆرە بیرکردنەوانەن کەمینەن، ئەمانە لە ژمارەدا زۆر کەمن، بەڵام بەهۆی کارە توندوتیژەکانیانەوەو ئەو تەقینەوانەی کە ئەنجامیان دەدەن لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەیە، لەلایەکی تریشەوە راگەیاندن شتەکەی زۆر گەورە کردوەو ئەویش بەهۆی نەشارەزاییان لە ئیسلام، یان بەهەر هۆکارێك بێت دەیانەوێت ئیسلام ناشرین بکەن.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە تیرۆر خاوەنی هیچ ئاینێك نیە و ناکرێت ئەو کارە توندوتیژیانەش کە هەندێك لە هەڵگرانی ئەو ئاینە پێی هەڵدەستن ئاینەکەیانی پێ تاوانبار بکرێت، لەبەرئەوە لەکاتێکدا کە باس لە توندڕەوی و شلگیری دەکەین لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە لە رۆژئاوادا کۆمەڵە کارێك کران هەر لەوێنە کاریکاتێرەکان هەتا شانۆو فلیم و ووتارەکان، سوکایەتی بوون بە پێغەمبەرێك کە سۆزو بەزەییە بۆ هەموو جیهانیان.

لەکاردانەوەی ئەم شتانەدا، چەندان خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ئاشتیانە ئەنجام دران، هەندێك هەڵوێستی توند هەبوون و داوایان دەکرد کە گەمارۆی شت کڕین لەسەر ئەو دەوڵەتانە دانرێن، بەڵام زۆر بەداخەوە لە کۆتایەکەیدا ئەو کارە توندوتیژی لێکەوتەوە کە لە فەڕەنسا روویداو چەند کەسێك تیایدا کوژران.

لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە ناهەموارەدا، مسوڵمانان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ڕۆژئاوادا دەژین پێویستیان بە حوکمی شەرعی هەیە و دەبێت بزانن ئایا بەپێی بنەماکانی ئیسلام چۆن بەرپەرچ بدرێنەوە یان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم رووداوانەدا بکرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی فەتواو توێژینەوەی ئەوروپی داوایان لێکردم کە ئەم توێژینەوەیە بنوسم و لەرووی شەرعیەوە تەئصیلی بکەم و پەیوەستی بکەمەوە بە واقیع و فیقهی (المقاصد والمآلات).

لە سەرەتادا دوو دڵبووم لەبەر هەستیاربوونی کێشەکە، بەڵام لە دوایدا بڕیارمدا کە ئەم کارەبکەم، چونکە کە بیرم کردەوە، ئەم بابەتە پەیوەندیەکی باشی بە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە هەیە، چونکە ئەوەی ئەمانە دەیکەن شتێکی تازە نیە، بەڵکو لەو سەردەمەشدا لەلایەن نەفامەکانەوە ئەگەر سوکایەتی پێکراوە لەرووی مادی و مەعنەویەوە ئازاریان داوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو هەر ئارامی گرتووەو بەجوانی مامەڵەی کردووەو لێبوردە بووە و لاپەڕەی نوێی لەگەڵدا هەڵداوەتەوەو کاردانەوەی خراپی نەبوە لەبەرامبەریانداو ئەم کارەشی بەخوا سپاردووە.

بە پشتیوانی خوای گەورە لەم بابەتی توێژینەوەیەدا، سەرەتا پێشەکیەکی کورت باس دەکەم کە ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێت:

١- بنەماو رێسا گشتیەکان کە پەیوەندیان بە کەمایەتیە مسوڵمانەکان هەیە.

٢- ئەو بنەماو ڕێسایانەی کە لە چیرۆکی یوسف پێغەمبەر دەردەهێنرێت کە دەتوانین بیکەین بە پێشەنگ بۆ کەمینە مسوڵمانەکان، هەروەها کۆچی مسوڵمانان بۆ حەبەشە لەسەردەمی پێغەمبەردا.

٣- فیقهی هاوڵاتی بوون، کە دەتوانرێت بکرێتە دەروازەیەك بۆ پێکەوە ژیان و تێکەڵ بوونی ئیجابی.

بەڵام لە بابەتی دووەمدا باس لە فیقهی مامەڵە کردن و هەڵسوکەوت دەکەین لەگەڵ ئەویتردا، لەکاتێکدا کە سوکایەتی بە پێغەمبەر دەکرێت و ئەو ئەحکامانە چین کە دەستیان بەسەردا گرتووە، مافی مرۆڤ چیە لە ئازادی را دەربڕیندا؟ ئایا هۆکاری چیە کە هەندێك کەس پەنا بۆ ئەم کارانە دەبەن؟ پاشان باس لە هەڵوێستی شەرعی ئەو مسوڵمانانە دەکەین کە لە رۆژئاوادا دەژین، کە ئایا دەبێت چی بکەن؟ یان هەڵوێستی وڵاتان و دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی دەبێت چۆن بێت؟ بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پلانێکی ستراتیجی دابنرێت، بۆ رێگرتن لە سوکایەتی کردن بە ئاینەکان، داوا لەخوای گەورە دەکەم کە پشتیوانیم بکات بۆ سەرکەوتنی ئەم کارەم و هاتنەدی ئەو ئامانجانەی کە مەبەستمە داوا دەکەین کە کارەکانم وا لێ بکات کە تەنها لەبەر خاتری ئەو بێت، چونکە تەنها خوایە پێشەواو پێشەنگەو هەر ئەویش باشترین پشتیوانە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکان .

بابەتی یەکەم (پێشەکی): سێ داواکاری تێدایە:

داواکاری یەکەم: رێساو بنەما گشتیەکان کە پەیوەستن بە فیقهی کەمینە مسوڵمانەکان .

داواکاری دووەم: پێشەنگ بوون لە مامەڵەدا، چیرۆکی یوسف پێغەمبەر کە دەکرێت بکرێتە نمونە بۆ کەمینەکان، پاشان ئەو ئەحکامانەی کە لێوەی وەردەگیرێت، هەروەها کۆچی مسوڵمانان بۆ حەبەشە .

داواكاری سێیەم:  فیقهی هاوڵاتیبوون، وەك دەروازەیەك بۆ پێكەوە ژیان و تێكەڵ بوونی ئیجابی .

**داواكاری یەكەم : بنەماو ڕێسا گشتیەكان كە پەیوەستن بە فیقهی كەمینە مسوڵمانەكان .**

فیقهی كەمینە مسوڵمانەكان فیقهێكی دابڕاو نیە لە شەریعەتی ئیسلام، بەڵكو شەریعەت خۆی چاودێری بارودۆخی بەندەكانی كردووە لە ئەو دۆخە جیاوازانەی كە تیایدا ژیاون، لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە حاڵەتەكانی بەهێزی و لاوازی و ناچاری و ئازادی، پێویستی و فراوان، هەموو ئەم مامەڵانە فیقهی جیاوازی خۆی هەیە لەگەڵ پارێزگاری لە حوكمی دەقە چەسپاوەكان .

فیقهی سەردەمی مەككە جیاوازە لە فیقهی سەردەمی مەدینەو ... هتد .

لەبەرئەوە فیقهـ و ئەحكامی تایبەتی بە كەمینەكان دەچێتە دابەزاندنی دەق و لێكۆڵینەوە لە دەرەنجامەكان ئەمە بەنیسبەت نەگۆڕەكان و بنەما گشتیەكان تایبەت بە ئاسانكاری یان ئەو حاڵەتە پێویستیانەو پێویستی تاك و كۆمەڵ چیە پێی؟ .

فیقهی (المقاصد والمألات) كا تایبەتە بە دەقە گوماناویەكان (الظنیة) ئەو ئیجتیهادانەش كە پێویستە لەبواری گۆڕاوەكاندا بكرێت، نەك لەبواری چەسپاوەكاندا، ئەم فیقهە بەشێوەیەك سوودمەند دەبێت بۆ تێگەیشتن لە شەریعەت، بەتایبەتی لە بواری ئامانجە گشتیەكان و (مألات و سدالزرائع) بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین ئەم بنەمایانە جێبەجێ بكەین و لەسەر ئەوەی كە لە قورئاندا باس كراوە لەسەر پێغەمبەر كە كوڕی كەسێكی بەخشندەو باپیریشی بەخشندە بووە (یوسف كوڕی یەعقوب كوڕی ئیسحاقی كوڕی ئیبراهیم) بووە .

هەروەها سوود وەردەگرێت لە ئەو پۆلە مسوڵمانەی كە لەسەردەمی پێغەمبەردا بەسەركردایەتی جەعفەری كوڕی مامی پێغەمبەر كردیان بەرەو حەبەشە بۆلای نەجاشی .

## گفتوگۆ بنەمایە نەك ململانێ، باوەڕداریش دەبێت بە دانایی مامەڵە بکات

بەشی دووەم

ئەو بنەماو ڕێسایانەی پەیوەستن بە فیقهی کەمینە مسوڵمانەکانەوە لەسەر ئەم شتانە بنیات دەنرێن:

١- باوەڕی پێکەوە ژیان و ئاشتیانە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا و دانان بە ئەویتردا.

٢- باوەڕی هاوکاری لەسەر چاکەو خواناسی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ خوای گەورە فەرمان دەکات بەهاوکاری لەگەڵ گشت لایەکدا، ئەگەر ئەو هاوکاریە هۆکاربێت بۆ چاکەو خێرو هێنانەدی بەرژەوەندی مرۆڤەکان.

٣- بنەمای خاڵە هاوبەشەکان زۆرن لە نێوان مسوڵمانان و نامسوڵماناندا لە خاوەن ئاینە ئاسمانیەکانی تر (ئەوانەی تریش) چونکە لە رووی بەدیهاتنەوە هەمووومان لە ئادەمین وە ئادەمیش لە خاکە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ﴾ باوکی مرۆڤەکان یەکە، دایکی مرۆڤەکان یەکە، یەك خوایان هەیە، بەدیهێنەرەکەیان یەکە، هەموو مرۆڤێك گیانێکی تێدایە کە بەشێکە لەگیانی خوا لەبەرئەوە  بە هیچ جۆرێك نابێت هێرش بکرێتە سەر گیان و جەستە و سامان و ناموسی.

٤- دانان بە جیاوازیە فیکری و ئاینیەکاندا، بە ئیعتیباری ئەوەی بەشێکە لە سوننەتەکانی خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً

وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ لەبەرئەوە پێویستە لەگەڵ ئەوانی تردا بە ئاشتی و ئارامی بژین.

٥- داننان بە کەرامەتی مرۆڤدا، کە گرنگتریانیان ئازادیەتی لە هەڵبژاردنی ئایندا خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ .

٦- بنەمای گفتوگۆ بنەڕەتە نەك ململانێ، باوەڕدار سەرەتا دەبێت بانگەواز بۆ رێی خوا بکات بە دانایی و ئامۆژگاری باش و گفتوگۆ بەباشترین شێوە، خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿ادعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ لەبەرئەوە پێویستە هەموو کێشەو ئاڵۆزیەکان لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن.

٧- نابێت حوکمەکان بەگشتی بکرێن بەسەر ئەوانیتردا، ئەگەر سەیری قورئان بکەین بوارێکی زۆری رەخساندووە بۆ گفتوگۆو پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانیتردا، بەرامبەر بەهەموان حوکمێکی گشتی دەرناکات لەبەرامبەر خراپی مامەڵە یان تاوان و پاراستنی ئەمانەت بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ لەم ئایەتەدا بوارێکی باش دەرەخسێنێت بۆ گفتوگۆو پێکەوە ژیان و هاوکاری.

٨- فراوانکردنی بازنەی پێکەوە ژیان و بەشداری لەنێوان ئێمەی (مسوڵمان) لەگەڵ ئەوانی تریشدا کە هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە تەنانەت بێ باوەڕەکانیش.

لەکاتێکدا کە ئیسلام ئەو بوارە گەورەیەی رەخساندوە بۆ کاری هاوبەش و پێکەوە ژیان لەنێوان ئێمە وەك مسوڵمان و ئەوانی تر لە ئاینە ئاسمانیەکان (جولەکەو مەسیحی)، ئەمە

ماناى ئەوە نیە کە بەرامبەر ئەوانى تر جەنگى راگەیاندبێ لە بێ باوەڕو موشریکەکان و بت پەرستەکان و هاوشێوەکانیان،

لێرەدا دەتوانم بڵێم: (سیاسەتى ئیسلام بریتیە لە فراوانکردنى بازنەى پێکەوە ژیان، بۆ ئەوەى هەموو لایەك بگرێتەوە، تەنها ئەوانە نەبێ کەدەست درێژى دەکەنە سەرمان).

لەم ڕوانگەیەوە خواى گەورە داوا لەهەموو نەیارەکان دەکات، لەنێویشیاندا بێ باوەڕو بت پەرست و ... هتد، کە لەسەر بنەماى رێسایەکى هاوبەش کار بکەن، کە ئەویش گەڕانە بە شوێن راستیدا، خواى گەورە دەفەرموێت ﴿وَإِنَّا أَو إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ قُل لّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ ئەم ئایەتە داوا لەهەموو لایەك دەکات بەبێ جیاکارى کە بگەڕێن بەشوێن دۆزینەوەى راستى و رێنمایى و گومڕایى و بەتاڵدا، ئەگەر سەرنجى قورئان بدەین بڕیارى نەداوە لەسەرەتاوە کە ئیسلام تەنها راستیە، هەروەها بڕیاریشى نەداوە کە باتڵى موشریکەکان گومڕایى بێت، (هەرچەندە ڕاستە) بەڵکو ئەمەى بەجێ هێشتوە بۆئەنجامى گفتوگۆو پەیڤین.

لە جوانى و سەرسوڕهێنەرى ئەم شێوەیە ئەوەیە کە داوا لە پێغەمبەر و هاوەڵانى دەکات، کە ئەوەى لایانە بە تیۆرى تاوان سەیرى بکەن، ئەوەش کەلاى بێ باوەڕانە بەکارێکى ئاسایى ئەگەر ئەوە حەرام و باتڵێش بێت، چونکە ئەوان خۆیان بەرپرسیارێتى خۆیان هەڵدەگرن، بەم شێوازە لەسەرەتاى گفتوگۆکەدا کەس تاوانبار نیە هەتا ئەو کاتەى ئەنجامى گفتوگۆ کە راستى و نا راستى ئاشکرا دەکات، بەبڕواى من ئەم ئایەتە جوانترین و باشترین و بەپێزترین بنەمایە بۆ گفتوگۆو لەیەکتر گەیشتن.

**له ئیسلامدا کۆمه‌ڵێك ئه‌حکام هه‌ن ته‌نها له ژێر سایه‌ی ده‌وڵه‌تی ئیسلامیدا جێ به‌جێ ده‌کرێن**

**به‌شی سێیه‌م**

**ئیسلام دان ده‌نێت به بوونی کۆمه‌ڵه بازنه‌یه‌کی په‌یوه‌ندی له‌نێوان مرۆڤه‌کاندا، په‌یوه‌ندی بیروباوه‌ڕو برایه‌تی ئیمانی کردۆته بنچینه، به‌ڵام له‌هه‌مان کاتدا کۆمه‌ڵێك بواری تریش هه‌ن که کردویه‌تیه کایه‌یه‌کی باش بۆ پێکه‌وه ژیان و له‌یه‌کتر نزیکبوونه‌وه‌و هاوکاری و بانگه‌واز، گرنگترینی ئه‌م بوارانه‌ش بریتین له:**

**أ- بازنه‌ی مرۆڤایه‌تی: هه‌موو مرۆڤایه‌تی له دایك و باوكێك دروست بوون که ئاده‌م و حه‌وایه، له‌به‌رئه‌وه زۆربه‌ی گوتاری قورئانی بریتیه له (یا أیها الناس)**

**ب- بازنه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی: قورئان ئه‌م بازنه‌یه‌ش به‌برایه‌تی ناو ده‌بات.**

**ج- بازنه‌ی لایه‌نگرانی کتێبه ئاینیه‌کان.**

**د- بازنه‌ی ئه‌وانه‌ی به شوێن راستیدا ده‌گه‌ڕێن.**

**٩- له‌کاتێکدا که ئیسلام له‌یه‌ك ئایه‌تدا جیهاد ڕاده‌گه‌یه‌نێت، ئامانج تیایدا ئازادی ئاینی و په‌رستگاکان بووه، له‌به‌رئه‌وه ده‌بێت ئه‌مه بخرێته بواری جێبه‌جێ کردنه‌وه، له‌کاتی مامه‌ڵه کردنه له‌گه‌ڵ ئه‌وانی تردا** ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ﴾ .

١٠- له كاتێكدا كه ئیسلام جەخت دەكاتەوە لەسەر جیهاد كردن، دەبێت ئەو راستیانە بزانین ئەمە تەنها شەڕكردن ناگرێتەوە، بەڵكو شەڕكردن دوایەمین قۆناغی جیهادەو دەبێت بەپێی مەرج و پرانسیپی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، دەبێت بواری زۆرتر بڕەخسێنرێت بۆ بانگردن بۆلای خوا بەشێوەی دانایی و ئامۆژگاری و هاوشێوەكانی.

١١- ئامانجی شەریعەت (**مقاصد الشريعة**) له جیاوازی دا دەبێت لەسەر بنەمای یەكتر ناسین بێت، نەك ململانێ و شەڕو پێكدادان، لەم بارەیەوە قورئان دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ .

١٢- ئەو بنەما گشتیەی كه خوای گەورە پێویستی كردووە بۆ ئەوەی هەڵسوكەوتی پێ بكرێت لەگەڵ نامسوڵماندا، ئەوەیە كه لەم سێ ئایەتەدا باسی دەكات ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ كه تیایدا جەخت دەكاتەوە لەسەر:

أ- ئیسلام ویستویەتی كه بازنەی ناكۆكی و ململانێ لەنێوان پێغەمبەرو موشریكەكاندا نەهێڵێت، بۆ ئەوەی خۆشەویستی و پێكەوە ژیان و ئارامی و ئاسایش جێگەی بگرێتەوە.

ب- ئەوانەی كه لەگەڵ مسوڵماناندا ناكۆكن، بەڵام شەڕو هێرشیان نەكردووە، ئەوانە لەسەر بنەمای دادو چاكەكاری مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت .

ج- ئیسلام شەڕ دژی هیچ کەس و لایەنێك ڕاناگەیەنێت کە هێرش و شەڕی ڕانەگەیاندبێت و فەرمانی نەکردبێت بەدەرکردنی مسوڵمانان لە مەککە، ئەوانە نابێت پشتیوانی لێ بکرێت و خۆشەویستیت هەبێت بۆیان.

**ئەو ئەحکامە گشتیانەی کە پەیوەستن بە فیقهی کەمایەتیە مسوڵمانەکان، کە بریتین لە:**

١- بنەمای گشتی لە هەموو فەرمانە شەرعیەکاندا، ئەوەیە کە هەموو لایەك بگرێتەوە بەیەکسانی، ئەگەر مەرجی جێبەجێ کردنی فەرمانەکەی تێدابێت، چونکە مەرجەکانی فەرمانەکە، دابەزاندنەکەی، جێبەجێ کردنی، هاتنەدی ئامانجەکانی، ئەمانە هەموویان بازنەی حوکمە شەرعیەکە بەرتەسك یان فراوان دەکەن، یان هەر نایهێڵن.

٢- ئەحکامە داواکراوەکان (التكليفية) بۆ زۆرینەبێت یان کەمینە، پەیوەستە بەتوانای جێبەجێ کردنەوە ئەمەش لە ژێر کاریگەری شوێن و کات و بارودۆخەوە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وسْعَهَا﴾ جەوهەری ئەم ئایەتە لە زۆر شوێنی تری قورئاندا دوبارە بۆتەوە و لەژیاننامەی پێغەمبەریشدا ڕوون کراوەتەوە.

٣- پەیوەندی کەمایەتیە مسوڵمانەکان بە دەوڵەت و دامەزراوەکان و کۆمەڵگەکانیانەوە، لەسەر بنەمای مافەکانی هاوڵاتی بوون دادەمەزرێن، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو پەیمانە دەبێت کە ئەو مسوڵمانە پێی ڕازی بووە، هەروەها ئەو سیستەمەی کە قبوڵی بووەو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە هەیە، بە کورتی دەبێت پابەندی ئەو ئەرکانە بێت کە لە سەریەتی.

٤- بنەمای ئاسانکاری و هەڵگرتنی نارەحەتی گرفت و ئاگاداربوون لە حاڵەتی پێویستی تاکەکان و کۆمەڵەکان، ئەمانە لە بنەما گشتیەکانن کە دەقی یەکلاکەرەوە هەیە

تیایانداو له قورئان و فەرمودەشدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە و رای گشتی لەسەرە.

٥- هەندێك ئەحكام لە ئیسلامدا هەن، تەنها لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا جێبەجێ دەكرێن، بۆ نمونە كە كێشەكان (حدود)و ئەو سزایانەی كە دیاری كراون بۆ هەندێك تاوان.

٦- لە ئامانجەكانی شەریعەت، پاراستنی ئاسایشی كۆمەڵ و كۆمەڵگەیە، ئەمە سەرەڕای ئاسایشی تاك بۆ تاكیش، لەبەرئەوە دەبێت ئەم ئامانجە بەردەوام لەبەر چاومانبێت لەهەموو حوكم و چالاكیەكی ئیسلامی كە ئەنجامی دەدەین، پێویستیەكانی كۆمەڵ و كۆمەڵگە دەبێت بەپێی پێویستی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و دەقەكانی بۆ دابەزێنی، بۆ ئەمەش بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی كە ئیمامی حەرەمەین، (جوینی) باسی دەكات.

٧- بنەما گشتیەكانی فیقهی ئیسلامی بریتیە لە (قورئان، فەرمودە ئیجماع، قیاس (نێوانە)، شەریعەتی پێش ئێمە، بەرژەوەندی (مصالح مرسلە، چاكەكاری (إستحسان)، عورف). ئەمانە هەموویان كاریگەریان هەیە لە دانانی فیقهی كەمایەتیە مسوڵمانەكاندا، بەڵام لەهەمان كاتدا دەبێت پەیوەست بكرێتەوە بە (فیقهی مألات و سد الزرائع) و وردەكاری لە جێبەجێ كردنی و هێنانەدی ئامانجەكان و مەرجی جێبەجێ بوون و فیقهی دابەزاندن و چاودێری بنەما گشتیەكان، كە تایبەتن بە ئاسانكاری و نەهێشتنی گرفت و نارەحەتیەكان و ئاگاداربوون لە گۆڕانكاری فەتوا، بە گۆڕانی كات و شوێن و عورف و شتی تریش.

## بەشی چوارەم : پێشەنگی لە مامەڵەدا لە ڕێگەی:

یەکەم: چیرۆکی یوسف و بەڵگەکانی (بۆ ئەوەی ببیتە پێشەنگ بۆ کەمایەتیە مسوڵمانەکان) خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی و ئوممەتەکەی دەکات کە بکەونە شوێن پێی پێغەمبەران و چاویان لێ بکەن و لەسەر ڕێبازەکانیان برۆن، خوای گەورە دوای ئەوەی باس لەو پێغەمبەرانە دەکات دەفەرموێت ﴿أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ﴾ هەموو ئایەت و فەرمودەکان تەعبیر لەوە دەکەن، کە پەیامی ئیسلام هەمووی یەکە، ئەمەش لە ئادەم پێغەمبەرەوە درێژدەبێتەوە هەتا دەگاتە پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ)، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ ئەوەی کە قورئان و فەرموده پیرۆزەکان دەربارەی پێغەمبەران و نێردراوانی خوا باسی دەکات، ڕاست و دروستەو بۆ ئێمە شەرعە، تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە دەقێك هاتبێت و ئەوەی سڕیبێتەوە، ئەمەش ڕای زانایانی توێژەرە لەم بارەیەوە .

### بارودۆخی مسوڵمانان :

چیرۆکی یوسف پێغەمبەر لەوانەیە بڵێم بەتەواوی جێبەجێ دەبێت لەسەر ئەو بارودۆخەی کە ئێستا مسوڵمانانی تێدا دەژی لە ڕۆژئاوادا .

یوسف پێغەمبەر لە دەست ئەو برایانەی کە ستەمیان لێ دەکردو دەیانچەوساندەوە ڕای کردوو هاتە دەرەوە، ئەو برایانەی کە دەیان ووت ﴿اقْتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضاً يَخْلُ لَكُمْ

وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُواْ مِن بَعْدِهِ قَوْماً صَالِحِينَ قَالَ قَآئِلٌ مَّنْهُمْ لاَ تَقْتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ﴾ زۆربەی ئەو مسوڵمانانەی کە بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردووە، بەهۆی چەوسانەوەو سیستەمی سیاسی و ئابوری بووە لە وڵاتەکانی خۆیاندا، کەمیان هەیە کە بۆ خوێندن هاتبێت و نەگەڕابێتەوە ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە بۆ یوسف پێغەمبەر دروست بوو لە میسر لە رووی خزمەت گوزاری و شتی ترەوە، بەهەمان شێوەش رووبەرووی هەندێك لەو کەسایەتیانە بوەتەوە.

لێرەدا ئێمە باس لە گرنگترین ئەو بەر ئەنجامانە دەکەین کە لەم چیرۆکەوە دەستمان دەکەوێت:

١- یوسف پێغەمبەر کە لە میسردا دەژیا، بەپشتیوانی خوای گەورە، توانی پارێزگاری لە ئاین و بیروباوەڕو ئەخلاقی خۆی بکات، بەرەو ئارەزو بازی لای نەدا، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو فشارە زۆرەش کە لەسەری بوو لەلایەن ژنی عەزیزی میسرو ژنانی ترەوە، هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە قورئان باسی بکات ﴿ ...وَغَلَّقَتِ الأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ لەپێناو پاراستنی رەوشتیدا زۆر دەستکەوتی لە دەست چوو، تەنانەت چەندان ساڵیش خرایە زیندانەوە، لەبەرئەوە کەمایەتیە مسوڵمانەکان دەبێت یوسف بکەنە پێشەنگی خۆیان و ئامانجی یەکەمیان دەبێت پاراستنی ئاینەکەیان و بیروباوەڕو رەوشت و رەوشتی نەوەکانیان بێت، ئەویش لە رێگەی دەست گرتن بە هۆکارە ماددی و مەعنەویەکان و ئالیەتی پەروەردە و کرداری گونجاو بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

لێرەدا رۆڵی چەسپاوی و پاراستنی شوناسی تاك دەردەکەوێت، چونکە هیچ دەستکەوتێکی دنیایی نرخی نیە ئەگەر لەپاڵیدا ئاین و رەوشت پارێزراو نەبێت، ئەمەش ئەوە بوو کە یوسف پێغەمبەر ووتی ﴿رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي﴾ لێرەدا زیندان ناو دەهێنێت،

هەتا پێمان بڵێت کە ئەگەر هەموو تەمەنیش بخایەنێت زۆر باشترە لەوەی کە تاوانێك بکەیت کە خوای پێی دلگران بێت، جا دەبێت بۆ کەوتنە ناو بێ باوەڕی و توانەوەو سڕینەوەی شوناسی نەوەکانی داهاتوو دەبێت چۆن بێت.

٢- بەوەفا بوون بۆ هەرکەسێك کە چاکەی لەگەڵدا کردویت ئەگەر بێ باوەڕیش بێت، عەزیزی میسر لەکاتێکدا کە یوسفی کڕی بە ژنەکەی ووت ﴿أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾.

یوسف ئەم چاکەیەی لەبیر نەچووەوە، ئەمەش یەکێك بوو لە ئەو هۆکارانەی کە ئامادەنەبوو وەڵامی ژنەکەی بداتەوە، چونکە بە خیانەتی دەزانی، ووتی ﴿إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ هەندێك لە راڤەکارانی قورئان ئەم راناوە دەگێڕنەوە بۆ عەزیزی میسر، هەرچەندە لە روکەشدا راناوەکە بۆ خوایە، تەواوکەری ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەمە چونکە لە دوای ئەوە دەفەرموێت ﴿إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾

٣- ستەم نەکردن لە دانیشتوانی ئەو ووڵاتە، هەرچەندە لەلایەن هەندێك کەس یان بەشێك لەدەسەڵات ستەمیش لەو کەمایەتیە یان کۆچبەرانە بکرێت، یان ستەم لەو ووڵاتە ئیسلامیانە بکرێت لە رێگەی ئیمپریالیزمەوە، چونکە نابێت ستەم بەستەم وەڵام بدرێتەوە، لە دوای ئەو هەوڵانەی کە ژنەکەی عەزیز لەگەڵیدا دەدات، یوسف دەفەرموێت ﴿إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ .

## ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر پەنابەرەکاندا دێت هەمووومان بەرپرسیارین

بەرپرسیارێتی ئەوەی کە ئێستا بەسەر پەنابەرەکاندا دێت لە ئەستۆی مسوڵمانانە لەبەرئەوەی کە نەیانتوانی لە خۆیان بگرن و رویان لە ئەوروپاکرد، لە ئیستادا مسوڵمانانی ئەوروپا بەشێك لە بەر پرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش دوای ئەوەی یەکێك لە رێکخراوە خێرخوازیەکان ئەوەی بلاوکردەوە کە ٣٠٠٠ منالْ گەیشتونە ئەوروپاو نە دایك و باوك و نە کەسیان لەگەڵدایە، چونکە لە رێگادا دایك و باوکەکانیان خنکاون و کەسیان لەگەڵ نەماوەو لەبەرئەوە لە ئێستادا دەدرێن بە هەر خێزانێك کە لە خۆیان بگرێت.

ئێمە بەرپرسیارین بەرامبەر بەخوا لە ئەو برسێتی و نەهامەتی و گرفتانەی کە ئەو پەناهێندانە توشی بوون، چونکە ئەگەر ئێمە لە خۆمان بگرتنایە ژیانێکی باشمان بۆ فەرهەم بهێنانایە ئەوان کۆچیان نەدەکرد.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دانیشتوانی ئەوروپا لە تاریکستاندا دەژیان، بەڵام کەوتنە خۆیان و ئەو نەفامیەیان بەجێ هێشت و ئەم شارستانیەتەیان بنیات نا، ئەویش پاش ئەوەی بەخۆیاندا چونەوەو پلانی ژیانێکی باشیان بۆ ئایندە داڕشت، لەو ڕۆژەوە ئەوان زیاتر بیر لە گفتوگۆو لەیەکتر گەیشتن و یەکبوون دەکەنەوە، بەڵام ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ پەرتەوازە دەبین و یەك ناخوێنینەوەو خوێنی یەکتر دەڕێژین، ئەوان گرنگترین هۆکار کە پێشکەوتنی زانستیە دەستیان پێ کردو گەشەیانپێدا.

## ئێمە پێویستمان بەیەکبوونە

ئێمە لەم ڕۆژگارەدا پێویستمان بەوە هەیە کە لەگەڵ برا ئاوارەو پەنا هێندەکان یەکبگرینەوەو هەست بە ئازارەکانیان بکەین، با ئێمە گەڕانەوەمان بۆ ئیسلام بەباشی و گشتگیربێت، نەك تەنها بۆ مزگەوت بەڵکو با لەگەڵ خەڵکدا نێوانمان باش بکەینەوە (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر) پێویستە مزگەوت ڕۆڵی خۆی هەبێت، پێویستە فێرمان بکات کە چۆن پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا دروست بکەین و لەگەڵیاندا بژین، دەربارەی کێشەی مزگەوتی ئەقسا زایۆنیزمەکان لە ئێستادا کاری زۆر سەرنج ڕاکێش دەکەن ڕێگە دەگرن لە نوێژ خوێنان کە بچنە ناو مزگەوتی ئەقساوە، لە بەرامبەردا ڕێگە بۆ جولەکەکان دەکەنەوە کە بچنە ناوی، بەڵام قودس هەر بە ئیسلامی دەمێنێتەوە دابەش نابێت .

## ژیانی ئوممەت

خوای گەورە دەیەوێت ئەم ئوممەتە هەر بە ئیسلامی بمێنێتەوە، خوای گەورە دەیەوێت بەنزیکی لە کەسی باوەڕدار بمێنێتەوە، بەتایبەتیش لە کاتی پشێوی و نارەحەتیدا .

خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە گەلانی پێشوو لە وانەش جولەکەکان لە پەیڕەوی خوا لایاندا، لەبەرامبەردا توشی تاقیکردنەوەی سەخت هاتن، داوای لێ کردن کە بگەڕێنەوە بۆ ئیسلامی راستەقینە ﴿أفلا يرون أنهم يفتنون في كل عام مرة أو مرتين﴾ بەڵام لەبەرامبەردا ئەوان نەگەڕانەوەو خوای گەورەش بەشتی زۆر قورس تاقیکردنەوە .

## مسوڵمانان بەچی ڕێزداربوو

خوای گەورە مسوڵمانانی بە دوو شت سەربەرز کردووە :

یەکەمیان: وەحی کە واهەست دەکەیت ئێستا دابەزیوە، لەبەرئەوە داوا دەکات کە دەستی پێوە بگرن و لە ڕێنمایەکان لانەدەن .

دووەمیان: نیعمەتی ئەزموون و حوکمە، خوای گەورە پێغەمبەرەکانی ناردوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەخۆشی بژین .

# عاشورا هیوای سەرکەوتن دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەڕداران

ڕۆژی عاشورا هیوای سەرکەوتن دەگێڕێتەوە بۆ مسوڵمانان، بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی مێژوویی کە عیبادەتەکان پەیوەست دەکاتەوە بەکاروانی گەورەی پێغەمبەران و پیاوچاکان (إن هذه أمتكم أمة واحدة)

ئوممەتی ئێمە ئوممەتی پێغەمبەران و شەهیدەکان و پیاوچاکانە ئەو ئوممەتەیە کە ڕێگە نیشاندەر بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەی ڕێنمایان بکات بۆ زانست و پێشکەوتن، ئێمە لەم ڕۆژەدا بەڕۆژو دەبین، بۆ ئەوەی سوپاسی خوای گەورە بکەین، چونکە سەرکەوتنی گەلانی پێشوو سەرکەوتنی ئێمەیە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینین کۆمەڵێك دەسەڵات و بزاڤی دژ دیموکراتی کە هەڵگری ئامانجی زایۆنیزمیان هەیە، لەهەوڵی ئەوەدان شکست بەهەموو پڕۆژەیەکی ئیسلامی بدەن، ئەی کەواتە چۆن دڵخۆش دەبن بەسەرکەوتنی ئیسلام و مسوڵمانان، گرنگترین خاڵێك کە دوژمنان پشتی پێ دەبەستن بریتیە لەوەی کە ڕەشبینی لە نێوان مسوڵماناندا برەو پێ بدەن بەوەی کە تازە هیچ پڕۆژەیەکی ئیسلامی سەرناکەوێت و ڕێگەنادەن کە سەرکەتووبێت.

سەیری جولەکە بکەن کە چۆن خۆشەویستانی قودس و فەڵەستینیەکان بەهەموو شێوازێك دەکوژن، بەڵام لەبەرئەوەی تروسکایی ئیمان هەر دەدرەوشێتەوە، لەبەرئەوە نابێت ڕەشبین بین، چونکە ئەم ئوممەتە هێزی لە ئیمان و ئیسلامدایە، کەواتە دوژمنان ناتوانن زاڵبن بەسەرماندا.

لەبەرئەوە لەبەربوونی ئەم ئیمانە لەدەرونماندا، ڕۆژ بەڕۆژ هیوامان بەسەرکەوتنی خودا زیاتر دەبێت، لەبەرئەوە ڕۆژێك دێت مەرگی ئەم ستەمکارانەش دەبینین وەك چۆن مەرگی لە

ناو چوونی عادو فیرعەونیشتان بینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەبێت دەست بەهۆکارو سوننەتەکانەوە بگرین، بۆ ئەوەی زەوی ئاوەدەن بکەینەوەو سەرکەوتنی خوات بۆ بێت و ئەو موعجیزە شاراوانە ببینرێت کە ئێمە نایزانین.

ئەگەر سەرنج لە ئایەتەکانی قورئان بدەین و لەگەڵیدا بژین دەگەینە ئەو ئامانجەی کە خوای گەورە لەکاتێکدا کە باس لەگەلانی پێشوو دەکات، دەیەوێت لە رێگەی عەقڵەوە لەم نمونانە تێبگەین، کە تیایدا شتەکان دابەش دەکات بۆ دوو ئاراستە کە ئەویش رێگەی راست و کاری چاکە و رزگاریە، دووەم رێگەی شەڕو ستەمکاریی و دوژمنکاریە، خوای گەورە کە باس لەم رووداوانە دەکات بە رۆشنی دەیخاتە بەردەم مرۆڤەکان، هەروەك زانستی مێژووی کۆمەڵناسی باسیان دەکات، بەرچاو رۆشنت دەکات بۆ هەردوو رێگاکەو پاشان هەڵبژاردنی رێگاکانیش دەخاتەوە بەردەست بۆ هەڵبژاردنی رێگایەك.

بەڵام ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە کە خوای گەورە لەگەڵ راستیدایەو سەرکەوتن بۆ راستیەو لە رابردووشدا هەروا بووە، لەبەرئەوە خوای گەورە لەگەڵ راستی و دادپەروەری و ئازادیدایە، دژی ئەوانەشە کە گومڕان و چەواشەکارو ستەمکارن و دەیانەوێت خەڵك لە رێگەی راستی لابدەن.

دەربارەی بەرۆژوو بوونی رۆژی عاشوورا، لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە دەربارەی ئەم رۆژە فەرمویەتی (دەبێتە هۆی شتنەوەی تاوانی ساڵێك) بەڵام مەبەست لێرەدا بۆ شتنەوەی تاوانی بچوکە، ئەمە مافی بەندەکان ناگرێتەوە، چونکە مافەکان دەبێت لە دنیادا بدرێتەوە نەك لە قیامەتدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئیمامی نەوەوی کە دەڵێت : (هەموو تاوانەکان دەشواتەوە لە تاوانی بچوك، بەڵام توانای سڕینەوەی تاوانە گەورەکانی نیە) .

دەربارەی هەندێك هەڵسوکەوت لەم رۆژەدا وتی رۆژی عاشوورا رۆژی شەهیدبوونی خۆشەویستێکی پێغەمبەربوو، دەبێت زامەکانی ئەو رۆژە ناخۆشە بە نزا و پاڕانەوە بڕوات، نەك بەکۆمەڵێك بیدعە نە لە قورئان و نە لە سوننەدا نیە، ئێمە ئەهلی سوننە دوعا دەکەین و سڵاوات لەسەر پێغەمبەر لێ دەدەین و رێزی گەورەی هەموو هاوەڵان دەگرین بەبێ جیاوازی، ئەمەش بریتیە لە عەقیدەی ئێمە، نەك کارێکی سیاسی بێت.

# پرسیارێك بۆ گه نجانی خواناس

ئایا زانایەك لە زاناكانی ئەم ئوممەتە ماوەتەوە كە هەستی بریندار نەكرابێت؟ ئایا بۆچی پێشەنگەكان لەكەدار دەكرێن؟ ئایا كێ لەمە سودمەند دەبێت؟ ئایا ئەمە رێچكەی جولەكەكان نەبوو تەنانەت لەگەڵ پێغەمبەرەكانیاندا بۆئەوەی رێگە خۆش بكەن بۆ ئەنجامدانی تاوانكاری؟

ماوەیەكی زۆر بەشوێن بابەتێكەوەم ئەویش سەرهەڵدانی مەنهەجێكی تازەیە كە هەوڵ دەدرێت پێشەواو پێشەنگەكان لەكەدار بكرێن، بەتایبەتیش زانایان، لەم هێرشەدا هیچ كەسێك نابوێرن، هێرشێكی نارەوا لە تەكفیر و تاوانباركردن ئاڕاستەیان دەكرێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكیان پێ بێت، بەڵكو هەواڵی درۆیان بۆ هەڵدەبەستن و لەسەر ئەم درۆیانە دەیانەوێت بۆ چوونەكانیان بچەسپێنن.

لەم هێرشانەدا هیچ زانایەكی خاوەن تەقواو رێز و زانست رزگاری نەبووە، هەر لە محمد عبدالوهاب بیگرە هەتا محمد عەبدە و رەشید رەزاو سەعید نەورەسی و ئەبو ئەعلای مەودودی و حەسەن بەنناو سەید قوتب و ئیبن باز و غەزالی و چەندانی تر، لە زانایانی ئێستاشدا دكتۆر یوسف قەرزاوی و عبدالعزیز ال شیخ خوای گەورە تەمەنیان درێژ بكات.

ئەم تۆمەتە بێ بنەمایانە تەنانەت دامەزراوە پیشەییەكانیشی گرتۆتەوە وەك یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان كە خاوەنی دەیان هەزار ئەندامە، هەروەها چەندان كۆمەڵە و یەكێتی و سەندیكای زانایان لە جیهاندا. كە دامەزراون لەپێناو پارێزگاری لە مافەكان و بەرگری كردن لە توێژ و چینی جۆربەجۆر، لەكاتێكدا ئەم رێكخراوانە بەوە ناسراون كە پشتگیریەكی سەرسەختانەیان كردووە لەگەلە ستەمدیدەكان، كە داوای مافە رەواكانی خۆیان كردووە، لە تونس و میسر و یەمەن و لیبیا و سوریا، ئەمە سەرەڕای زیندوراگرتنی كێشەی قودس و فەلەستین لە دڵی مسوڵمانانیدا، ئەم دامەزراوە بە سەرۆكایەتی د. یوسف قەرزاوی و ئەمینداریێتی بەندەی هەژار لە بەردەم قاپی خوادایە. ئەم رێكخراوە ئێستا لەبەردەم هێرشێكی توندی بێ باوەڕان و ستەمكاران و دڵ رەشاندایە و بە جۆرەها شێواز لە هەوڵی لەكەداركردنیدان.

لەم هێرشانەدا تەنانەت زانایانی ناوداری سەدەی یەكەمیش رزگاریان نەبووە، كە بە گومراو بیدعەچی ناویان دەبەن، وەك ئیمام حەنیفەو شافیعی و هتد، ئەوانەی سەر بە رەوتی

سەلەفین بە گومڕاو بیدعەچی ناویان دەبەن، ئەوانەش کە لە ڕەوتی سۆفین بەهەمان شێوە بەرامبەرەکانیان تۆمەتبار دەکەن.

ئەمەش مەنهەجێکی خراپ و بێ بەرهەم و مەترسیدارە، کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و پارچەکردنی ئوممەت، ئەم مەنهەجە پێچەوانەی ئەوەیە کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی داوای دەکات. ئەوەی کە رای گشتی زانایان و ئوممەتی لەسەرە لەم بارەیەوە دەبێت بەم جۆرە بێت.

١- دەبێت هەموو گەلانی مسوڵمان وەفایان هەبێت بۆ سەرکردە چاکەکان و پێشەنگە باشەکان، شانازیان پێوە بکات و ڕێزیان لێ بگرێت. بەڵام بە پیرۆزیش سەیریان نەکات و سوکایەتیان پێ نەکات، خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە گوێڕایەڵیان بین ( أولي الأمر منهم) وە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ﴾ (**النساء: ٥٩**)، زانایان لە ڕاڤەی ئەم ئایەتانەدا دەڵێن "ئەمانە زاناو پێشەوایانن، بۆ گەورەیی و ڕێزیان لای خوای گەورە ،ئەوەندە بەسە بۆیان کە بۆ شایەتیدان دەیانخاتە ریزی خۆی و فریشتەکان ﴿شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (آل عمران : ١٨) ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ (المجادلة : ١١)

٢- زانایان میراتگری پێغەمبەرانن و دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت. پێغەمبەران دینار و پارەیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو زانستیان بەجێهێشتووە، هەرکەسێك دەستی پێوە بگرێت چارەنووسێکی باش بۆخۆی دیاری دەکات، (٣٦٤١) ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە و بێ دەنگ بووە لێی مانای وایە فەرموودەیەکی (حسن)ە ترمزی ڕیوایەتی کردووە (٦٨٢) هەروەها ابن حبان لە سەحیحەکەیدا ٨٨. لە فەرموودەیەکی سەحیح دا هاتووە (هەرکەسێك خوا خێری بۆی بوێ لە ئاین شارەزای دەکات)..

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: هەرکەسێك خوا چاکەی بۆی بوێ لە ئاین شارەزای دەکات، بەردەوام کۆمەڵێك لە مسوڵمانان لەسەر ڕاستی دەمێننەوەو شەڕی لەسەر دەکەن و بەرامبەر نەیاران دەوەستنەوە هەتا ڕۆژی دوایی..

پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە تەرازوی ڕێزگرتن نەشێوێنین و دەفەرموێت: "ئەوە لە ئوممەتی ئێمە نیە هەر کەسێك ڕێز لە پیرەکان نەگرێت و بەزەیی بە بچوکەکاندا نەیەتەوە".

٣- هۆشداریدان لەسەر نەمانی زانایان و پسپۆڕانی ئاین لەهەر سەردەمێکدا:

پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: "خوای گەورە ڕاستەوخۆ زانست هەڵناکێشێتەوە بۆلای خۆی و لە خەڵکی وەرناگرێتەوە، بەڵکو بە نەمانی زانایان زانست دەباتەوە بۆلای خۆی، ئەگەر زانایان نەبن ئەوا خەڵك دەکەونە شوێن چەند سەرکردەیەکی نەفام، ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێ بەبێ زانست فەتوا دەدەن. خۆشیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن".. رواه بخاری

٤- بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ کاتێك نیە بە تەواوی زانایان نەمێنن، بەڵکو کۆمەڵێك هەر دەمێننەوە کە پشتیوانی لە حەق دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش لەکەس ناترسن. لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: "بەردەوام کۆمەڵێك دەمێننەوە کە پارێزگاری لە حەق دەکەن و هەرکەسێك بیەوێت ملکەچیان بکەن ئەوان سەر شۆڕ ناکەن، هەتا ڕۆژی دوایی ئەمانە بەو شێوەیە دەمێننەوە".

٥- هۆشداری زۆر دراوە لەسەر کەم بوونەوەی زانایانی پسپۆڕ لەگەڵ زۆربوونی موفتی و وتار بێژەکان، بەڵگەی زۆر هاتووە لەسەر گرنگی ڕۆڵی فیقه و ڕۆڵی لە پێشەوایەتی و ڕێگە ڕۆشنکەرەوەدا، ئەم فەرموودە سەحیحە بە بیرمان دەهێنێتەوە کە "هەرکەسێك خوا چاکەی بۆی بوێت لە ئاین شارەزای دەکات". زۆر فەرموودەی تریش هەن کە باس لەوە دەکەن کە کەم بونەوەی زانایان و زۆربوونی وتارخوێن و موفتیەکان لە نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی دواین، وەك دەفەرموێت"زەمانێك دێتە پێشەوە کە قورئان خوێنەکان زۆر دەبن و زانایان کەم دەبن و زانست هەڵدەگیرێتەوەو پشێوی زۆر دەبێت، فەرموویان پشێوی چییە؟ فەرمووی: شەڕ و کوشتار لەناوتاندا، پاشان زەمانێك دێت ئەو پیاوانەی قورئان دەخوێنن قورئانەکە لە گەرویان ناڕواتە خوارەوە" رواية صحيحة للبخاري ٨٥ بە دەستەواژەی (زانست هەڵدەگیرێتەوە، نەفامی باڵدەکێشێت و ئاژاوە زۆر دەبێت و پشێوی پەرە دەسەنێت).

٦- پەیوەندی و هەڵسوکەوتی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەری خواو پیاو چاکانی زەمانی خۆیان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بووە.

سەرکردەی گەنجانی بەهەشت حوسێنی کوڕی عەلی بە کوڕەکەی دەڵێت (کوڕی خۆم ئەگەر لەگەڵ زانایان دانیشتی زۆر هەوڵبدە گوێگربیت و قسەکەر نەبێت)، لوقمانی حەکیمیش بە کوڕەکەی دەڵێت (کوڕەکەم ئەگەر لەگەڵ زانایاندا دانیشتی لەسەر ئەژنۆ دانیشە لەگەڵیاندا، چونکە خوای گەورە دڵەکان بە ڕووناکی حیکمەت زیندوو دەکاتەوە، هەروەك چۆن زەوی مردوو بەباران زیندوو دەکاتەوە) .

ئەم فەرمووده صەحیحە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەدەڵێت ڕێزی تایبەت لەکەسانی خاوەن زانست و زانیاری بگیرێت، لەکاتێکدا کە جبرەئیل هات چەند زانیاریەك بدات بەپێغەمبەری خوا پێغەمبەر لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و دەستی خستە سەر ڕانی، کە ئەمەش مانای ڕێزگرتنە لە ئیسلامداو ئەمەش ئەو پەڕی ڕێزو ئەخلاق و ئەدەبە .

بەڵام ئەوەی لە هەندێ گەنجانی ئیسلامدا دەیبینین کە هێرش دەکەنە سەر کۆمەڵە زانایەك کە بە پشتیوای کردنیان لەحەق ناسراون، بەڵام ئەوان جنێوو سوکایەتیان پێ دەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش مایەی دڵتەنگیە، چونکە ئەوان کەوتونەتە خواردنی گۆشتی زانایان (کە ژەهراویە)، بەپەلە دێت و بەڵگەی درۆ دادەتاشن، بەبێ ئەوەی بتوانن ڕاستیەکەی بچەسپێنن، بەڵام ئەوەی پێویستە کە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا بکرێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ (الحجرات: ٦)

زۆر لە ئایەتەکان و قورئان  مەترسی ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە بەبێ بەڵگە کەسێك تاوانبار بکرێت، یان بوهتانی ناڕەوا هەڵبەستێ ئەمانە زۆربەی لە سورەتی نورو أحزابدا باس کراوە. قورئان فێرمان دەکات دەبێت چی بکەین لەکاتێکدا کە یەکێك ووشەیەکی خراپ بەرامبەر برایەکت یان خوشکێکت دەڵێت ﴿لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْراً وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ﴾ (النور:١٢) پاشان دەفەرموێت : ﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّناً وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾ (النور:١٥)

تاوان دروستکردن و بوهتان و بریندارکردن و جنێودان، ئەمانە نیشانەی فاسق بوون و دەرچوونە لە پەیڕەوی پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام بە داخەوە ئەمە لە هەندێك گەنج دەبینرێت ئەویش بەهۆی شوێن کەوتنی کوێرانەو حیزبایەتی و کەمی زانیاری لە ئیسلام، ئەمانە کۆمەڵە کەسانێکن دەیانەوێت خۆیان گەورە بکەن لەسەر بنەمای ناڕاستی پەنا

دەبەن بۆ توندوتیژی، واش لە قەڵەم دەدەن کە ئەوان لەسەر راستن و بەرامبەرەکانیشیان ناڕاستن و لەمەشدا زۆرینەی زانایان رزگاریان نابێت .

لێرەدا من حاڵی خۆمتان بۆ باس دەکەم، کە بەجۆرەها تۆمەت تاوانبار دەکرێم، عەلمانیەکانی کورد تۆمەتبارم دەکەن بە کۆمەڵەشتێك جیاوازە لەوەی عەلمانیەکانی عەرەبی، لەلایەکی تریشەوە توندڕەوە خەواریجەکان بەتۆمەتی تر تاوانبارم دەکەن، ئەمانە هەموویان گرنگ نین بەلامەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بەلامەوە قسەی کۆمەڵە کەسانێکە لە سەر ئیسلام ئەژمار دەکرێن، ئەمەش سەرچاوەکەی بوغزو حەسودی و ئەو شتانەیە کە بەداخەوە هەندێك کەس بڕوایان پێ دەکەن، بە ئارەزووی خۆیان تۆمەت لە دژم دروست دەکەن بۆ نموونە لەم چەند ڕۆژانەدا تۆمەتێکیان بۆ من دروست کردووە کە دەڵێت دکتۆر عەلی پشتیوانی لەهاتنی سوپای ڕووسیا دەکات بۆ سوریا و ئەمەی بە خزمەت کردنی مسوڵمانان لەقەڵەم داوە .
بەڵام هەڵوێستی من ڕوونە کە ئیدانەی هەر دەست تێوەردانێکم کردووە لە سوریا، لەم بارەیەشەوە بەیاننامەمان دەرکردووە، بە ئیمزای من و سەرۆکی ڕێکخراوەکە، پێگە ئەلکترۆنیکەشم پڕە لەوشتانە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، چەندان کەس جنێوی ناشرینی داوەو قسەی پێ ووتوم.
لە یەکێکی تر لەو تۆمەتانەی کە بۆیان دروست کردووم دەڵێن تۆ لە زانایانی سەر بە دەسەڵاتی، لەکاتێکدا کە من هیچ وەزیفەیەکی فەرمیم نیە، موفتی هیچ حکومەتێکیش نیم، سوپاس بۆ خوا هەر لە منداڵیمەوە ژیاننامەیەکی پاکم هەیە، هەموو قورئانم لەبەرەو لە خانەوادەیەکی ناوداری کوردستانم، لەسەرەتای ژیانمەوە هەر سەرقاڵی زانست بووم و سەر بەهیچ پارتێکی رەگەز پەرست یان دنیایی نەبووم، ئەمەش بە فەزڵی باوکم و مامم و خاڵەکانم بووە، کە سەرقاڵیان کردووم بە خوێندن و لەبەرکردنی زانست و فیقەو فەرموودە، لەڕێگەی ڕێکخراوی خێرخوازی ڕابیتەی ئیسلامی کوردیشەوە خزمەتی بەرچاوم پێشکەش کردووە بەگەلی کوردو عێراق، ئەمەش بەپاڵنەری ئاینی و عەقیدەکەم بووە، پەیوەندیشم بە سەرکردەکانی کوردەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بووە سەرەڕای جیاوازی فیکریشم لەگەڵیاندا، بەردەوام من ئامۆژگاریان دەکەم و هانیان دەدەم بۆ چاکەکاری بەڕێگەیەکی دانایانە، کە ئەمەش ئەرکی سەرشانی زانایانە، من ڕۆژێك لە ڕۆژان

موجامەلەم نەکردون، لەسەر حسابی دینەکەم، ئەو هەڵوێستانەش کەلەسەر کورد هەم بووە هەڵوێستی خۆمن و هەڵەو ڕاست هەڵدەگرن، بەڵام بەهیچ جۆرێك من ئامادەنەبووم دینی خۆم بفرۆشم بۆ دنیا یان بۆ دنیای خەڵك، پشت بەخوا ئەوە لە ڕابردوودا ڕووینەداوەو لە ئایندەشدا ڕوونادات .

پاشان من بەشێکی زۆری کاتەکانم تەرخانکردووە، بۆ بەرگری کردن لە ئەهلی سوننە لە عێراقدا، پشتیوانیم لە کێشە ڕەواکەیان کردووە، لەم بارەیەشەوە بەیان و لێدوانی زۆرم داوە، خزمەتی زۆری ئاوارەکانم کردوە، دوایەمینیان ئەو هاوکاریانە بوون کە پێشکەشمان کرد بە ئاوارە عێراقیەکان بەبڕی زیاتر لەحەوت ملیار دیناری عێراقی بوو .

هەروەها برایانم لە دامەزراوە زانستی و فیقهیەکان دەزانن کە چۆن من هەموو کات و ژیانم تەرخان کردووە بۆ ئەو بوارانە، چەند ئێمە یارمەتیمان کردوون لە کارەکانیانداو ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکان و .... هتد .

ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە نیە کە ئێمە منەت بکەین، بەڵکو ئەمە لە ڕوانگەی هەستکردنمانە بەبەرپرسیارێتی و جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانمانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەکەمو کورتی دەکەین، سوپاس بۆ خوا کە بەکاری هێناوم بۆ خزمەتکردن بەکێشەی ئومەتەکەم و لەمەشدا پشتیوانی لێکردووم و سەری خستوم .

نامەوێت لێرەدا بەرگری لە خۆم بکەم یان لە زانایان بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە بەو گەنجانە بڵێم، کە لەکەدارکردنی زانایان و ناشرینکردنیان کارێکی مەترسیدارە و چارەنوسی خراپیشی دەبێت و لەسەر پەروەردەی لاوو یەکڕیزی ئوممەت کاریگەری خراپی دەبێت .

ئەمە ڕێچکەی جولەکەکان بووە کە بەدرێژایی مێژوو پەیرەویان کردووە بۆ تێکشاکاندنی سەرکردەو ناودارەکان، تەنانەت پێغەمبەرەکانیشیان لەمە ڕزگاریان نەبووە، نوح پێغەمبەریان بەوە تاوانبارکردووە، هەروەها پێغەمبەر لوت بەوە تاوانبار دەکەن کە عارەقی خواردۆتەوەو زینای لەگەڵ دوو کچەکەی کردووەو سکیان پڕبووە لێی.

هەروەها پێغەمبەر سلێمانیان بەوە تاوانبارکردووە کە لە سەراکەیدا ٧٠٠ ژن و ٣٠٠ کەنیزەکی هەبوو و ئەمەش لە کۆتایی تەمەنیدا بووە.

بەم شێوەیە جولەکەکان کە سایەتی پێشەواکانیان تێکشکاند، ئەوان بەم شێوەیە درۆیان هەڵدەبەست هەتا بیکەنە بەڵگە بۆ تاوانەکانی خۆیان، دەیانویست لەم ڕێگەیەوە تاوان و زینا و کوشتارو خیانەتەکانی خۆیان بەشەرعی لەقەڵەم بدەن .
لەم بارەیەوە قورئان دەفەرموێت ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (آل عمران:٧٥)

لە ئیبن و عەباسەوە دەگێڕنەوە کە هۆشداری دەداتە مسوڵمانان کە وەك جولەکەکان نەکەن لە خواردنی ماڵی نامسوڵمانەکاندا، صحیحه بە ابن عباس ووتی (ئێمە لەهەندێك شەڕدا بەرووبوومی خاوەن کتێبەکان دەکەوێتە دەستمان) ووتی ئێوەش وەك جولەکەکان دەڵێن، ئیبن و عەباس دەڵێت ئێوەش دەڵێن: بابیخۆین هیچ تاوان نیە ؟ وانیە ؟ ئێوەش وەك جولەکەکان دەکەن کە دەیانووت (لیس علینا في ألأمیین سبیل) .
بەم شێوەیە جولەکەکان دەیان ویست وێنەی پێغەمبەران ناشرین بکەن، تاوانەکانی خۆیان جوان بکەن لە خیانەت و دەستدرێژی و بەدڕەوشتی .... هتد، بەم شێوەیە دەیانویست هەموو هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە جوانی نیشان بدەن، لەکاتێکدا ئەوانەی ئەوان تاوان و درۆیان بۆ هەڵدەبەستن لە باشترین دروستکراوەکانی خوابوون و پێشەنگی مرۆڤایەتی بوون لە ئەخلاق و بیرکردنەوەداو خوای گەورە وەسفیان دەکات بە بەندە چاکەکارەکان و هەڵبژێردراوان وەك باشترین کەس لە نێو مرۆڤایەتیدا.
لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە چەسپاوە کە دەرکەوتنی تاوان لەکەسانی ناودارو پێشەوا، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ترس لەو تاوانەو گەنجان بە ئاسانی ئەنجامی دەدەن.
لەبەرئەوە زۆر بەتوندی ئاگادارتان دەکەمەوە لە ئەم شێوازەی زایۆنیەکان لە تێکشاکاندنی رابەرو پێشەواکاندا، کە گەنجان نەکەونە شوێن ئەم ڕێبازەو، داوایان لێ دەکەم کە بکەونە شوێن ڕێبازی ئیسلام کە پێویستە گومانی چاکیان بە مسوڵمانان هەبێت، تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە بە کردەوە چەسپابێت، لەو کاتەشدا دەبێت پەنا ببرێتە بەر دادگا (چونکە ئێمە بانگخوازین و دادوەرنین) خوای گەورە دەفەرموێت ﴿لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْراً وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ﴾ (النور:١٢)

ئەرکی هەموو لایەکمانە کە گومانی باش بە مسوڵمانان بەرین، ئەی ئایا دەبێت گومانت بەرامبەر ئەو زانایانە چۆن بێت کە پشتیوانی لە حەق و ماف ستەملێکراوان دەکەن و بەرژەوەندیەکان دەخەنە مەترسیەوە لە پێناو سەرخستنی راستی و دادپەروەریدا .

## و قولوا للناس حسنا...

خوای گەورە بەمەبەستی چارەسەری دەرون و عەقڵی مرۆڤ قورئانی ناردووە، ئەگەر باوەڕداران بکەونە شوێن ئەم قورئانە و سوننەتەکانی پێغەمبەری ئازیزمان لە دنیادا سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن، هەروەها لە دوارۆژیشدا سەربەرز دەبن، ئەم قورئانە سۆزوو بەزەییە بۆ باوەڕداران، لەگرنگترین ئەو ڕێساو بنەمایانەی کە قورئان باسی دەکات لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، هەموو پێغەمبەرانیش کردوویانە بەدروشمی سەرەکی پەیامەکانیان بریتیە لە دروشمی ﴿وقولوا للناس حسنا وأقيموا الصلاة واتوا الزكاة﴾

خوای گەورە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەم دروشمە بۆ باوەڕداران و مسوڵمانان و هاوەڵە بەڕێزەکان، ئەوانەی شوێن ئەم ئاینە کەوتوون، پێویستە گەیاندنی ئەم دروشمە بخەنە سەرشانی خۆیان، وەك دەفەرموێت ﴿**وقُل لِّعِبَادِي**﴾

بە بەندەکان بڵێن ﴿**يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ**﴾ ئەوە بڵێن کە باشترینە، ئەم دروشمەی کە هاتە پێشەوە بە هێزتر بوو لە دروشمی پێشوو، دروشمی پێشوو بریتی بوو لەکاری چاکە، بەڵام ئەم دروشمە تازەیان کە بۆ بەندە دڵسۆزەکانەو دەبێت هەموو بوارەکان بگرێتەوە لە ژیاندا، هەموو ئەم بوارانەش دەبێت نوێگەریان تێدابێت، ئەمەش دەبێت لەسەر ڕێسای باشترین بێت، واتە باش تێی بپەڕێنیت، ئەمەش لە عەرەبیدا بە (اسم تفعيل) ناودەبرێت، ئەگەر سەیری ووشەش بکەین سێ قۆناغی هەیە، یەکەم ووتەیەکی سادەیە، دووەم باشە، سێهەم باشترینە .

خوا گەورە نەی فەرمووە ﴿**يقولوا للتي هي الاحسن**﴾ واتە (ال)ی تعريفی لەسەر نیە، خوای گەورە دەفەرموێت (أحسن) واتە ناسراوە، دەفەرموێت (هی أحسن) واتە خوای گەورە

دەفەرموێت ئەگەر دەتانەوێت لە دنیاو دوارۆژدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و شەفاعەتی پێغەمبەر بەدەست بخەن، پێویستە لە وتەو کردارەکانتاندا باشترین بن، باشترین شوێن هەڵبژێرن بۆ وتەوکارو کردەوەکانتان .

باوەڕدار پێویستە کەم بدوێت، زۆر بیر بکاتەوە ئەگەر باوەڕدار دوو وتەو دوو هەڵوێستی لەبەردەمدا بێت، پێویستە دوای بیرکردنەوە، باشترین وتەیان هەڵبژێری بۆ ئەو شوێنە، ئەمەش گەورەیی ئیسلام دەردەخات کەهانی مسوڵمان دەدات کە زۆرترین بیرکردنەوەی هەبێت ﴿**من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو يصمت**﴾

**ووشەی (خيرا) واتە کۆتایی شتەکان.**

قسەکردن زۆر گرنگەو دەبێت زۆر ئاگامان لێبێت، چونکە لەکاتی ستەم کردندا شەیتان دەیەوێت وشەیەکی خراپ بخاتە نێو وتەکانت کە سوکایەتی بەبەرامبەرەکانی تێدابێت ، بەمەش ئاژاوەیەك دەنێتەوە ﴿**إن الشيطان ينزغ بينهم**﴾ ﴿**إن الشيطان كان للإنسان عدواً مبيناً**﴾

سەرچاوەی هەموو شەڕو ناکۆکیەکان بریتیە لە زمان، لەبەرئەوە پێویستە ئاگامان لە خۆمان بێت و باشترین بڵێین، ئەگەر نەکرا بێ دەنگ بین، هەروەك لە فەرموودەکەشدا هاتووە جاری وا هەیە باوەڕدار بە ووتەیەك ٧٠ پایز لە بەهەشت دوور دەکەوێتەوە.

زمان بەرپرسیاریەتە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لە کاتێکدا کە ئامۆژگاری مەعازی دەکرد دەستی برد بۆ زمانی پیرۆزی و فەرمووی: ئاگات لە ئەمە بێت ئەمە سەرچاوەی هەموو شەڕو بەلایەکە. مەعاز ووتی ئایا لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین لێپرسینەوەمان لەسەر دەکرێت، پێغەمبەریش فەرمووی ئایا مرۆڤ کە دەچێتە ئاگرەوە هەر لەسەر ئەوە نیە کە زمانیان بەرهەمی هێناوە .

زمان بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە، ئەگەر بتوانین لە ژێر ئەو دروشمەدا بجولێین ئەوا لە دنیاو دوارۆژ رزگارمان دەبێ، ئەوەی کە ئێستا ئەم ئوممەتە ئیسلامیە توشی بووە لە تەکفیرو فاسق کردن و تۆمەتی ناڕەوا بۆ یەکتر، هەمووی بەرئەنجامی جوڵەی زمانە بێ هەست کردن بەرپرسیارێتی .

لەم رۆژگارەدا زۆرترین پێوستمان بەو ئایەتە هەیە، کە بیکەیت بە رێسایەك بۆ مامەڵە لە نێوان مسوڵمان و نا مسوڵمان، بەمەش دەتوانین پەیوەندیەکی مرۆیی بنیات بنێین کە ئیسلام جەختی لەسەر دەکاتەوە.

# کاتێك ئیسلام دەبێتە ناوێکی بێ ناوەرۆك

ئەگەر سەیری ئەم ئوممەتە ئیسلامیە بکەین خێرێکی زۆری تیایە، دەبێت ئەم رووە چاکە خوازیەی بەکردار لە ئەو قەیرانانەدا دەنگ بداتەوە کە ئێستا توشی گەلانی مسوڵمان بووە، وەك ئەو هەژاری و نەداریەی کە ئێستا توشی سوریا و یەمەن و زۆر لە وولأتانی ئیسلامی تر هاتووە، بەهۆی شەڕو کوشتارەوە، ئێمە نامانەوێ مسوڵمانان بگەنە ئاستی ئەبوبەکر کە ماڵەکەی لە پێناو خوادا بەخشی، بەڵکو دەمانەوێت تەواوی تواناو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی ئەگەر سبەینی لەرۆژی دوایدا پرسیارمان لێ کرا بتوانین وەڵامێکی جوان بدەینەوە.

ئاینی ئیسلام ئاینی سۆزو بەزەییە، ئەمەش تەنها ووتەیەك نیە بەزمان بوترێت، بەڵکو سۆزێکی ڕاستەقینەیە لەناو دڵدا، دەبێت ببێتە مایەی داباریني فرمێسك لە چاوەکان، کاریگەری لەسەر زمان هەبێت بۆ ووتنی راستی، پاشان پاڵ بە ئەندامەکانەوە بنێت بۆ جوڵەو کارکردن، بۆ ئەوەی بەشێك لەماڵەکەی لە پێناو خواو بەدەمەوە چوونی گرفتی براکانی ببەخشێت.

ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە سوریا و عێراق و فەڵەستین و یەمەن و شوێنانی تر دەبینرێت، بەتایبەتیش لە شاری مەزایای سوریا پەڵەیەکی رەشە بەناو چاوی مرۆڤایەتیەوە، خوای گەورە ئەو رژێمەو ئەو ملیشیایەو ئەو لایەنانە لە ناو بەریت کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن و گەلەکانیان لە برساندا دەکوژن (ولا ترکنوا إلي الذين ظلموا فتمسكم النار)

ئایا مرۆڤایەتی لە کوێدایە، ئایا ویژدانی ئوممەتی ئیسلامی لە کوێیە؟ نەتەوەیەکگرتوەکان لە کوێن؟ وولاّتانی کۆماری عەرەبی و هاریکاری ئیسلامی لە کوێن؟ هەمووانیان سەرقالّ کردووە بەیەکترەوە، لەوەش تەنها دوژمنان کەلّکیان وەرگرتووە، بەلاّم دەبێت هەموو لایەکیش بزانن کە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەم رووداوانە، لێرەوە داواتان لێ دەکەم، کە با سۆزو بەزەیتان بجولّێت، با بەزەییان بەیەکتردا بێتەوە، هەتا خواش لە ئاسمانەوە بەزەیی پێماندا بێتەوە، پێغەمبەری خوا خەفەتبار بوو بەوەی یەکێك لە هاوەلاّن بەچکە چۆلەکەیەکی گرتبوو، لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەو مندالاّنە بکەین کە ئێستا لە شاشەکانەوە دەبینرێن کە لە برساندا رەق هەلّگەراون و لە نەخۆشیدا دەمرن و نانی رۆژانەیان نیە، ئایا دەبێت لە ئاست ئەو وێنانەدا هەلّوێستمان چی بێت، با هەمووومان سۆزمان بجولّێت هەتا خواش بەزەیی بە ئێمەدا بێتەوە، ئەگەر سەیری بارودۆخی ئوممەتی ئیسلامی بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئیسلام بوەتە شتێکی رۆتین و وەك کرۆك و ناوەرۆك مانایەکی نەماوەو زۆربەی خەلّك مسولّمان بونیان هەر شتێکی روکەشە. مسولّمانان نوێژ دەکەن، بەلاّم ئەم نوێژکردنە لە خراپە دووریان ناخاتەوە و فەرمان بە چاکەش ناکەن، زەکات دەدات بەلاّم چەندەها پرسیار دەکات بۆئەوەی بەشێکی نەدات، هەندێکیان دەیانەوێت فێلّ لە خەلّك بکەن ﴿والذين في أموالهم حق معلوم﴾

مسولّمانی وا هەیە خاوەنی ئوتێل و قەسری گەورەو کۆمپانیایە، دەیەوێت خۆی لەدانی زەکات رزگار بکات، بەلاّم پیاوێکی جووتیار و هەژاری ناو چیاو بیابانەکان دەبێت زەکاتی حوشتر و مەڕ و بزنەکانی وەك خۆی بدات، ئایا ئەمە دینداریە یان خۆ دزینەوەیە لە دین. ئێمە ناتوانین حەرام حەلاّلّ بکەین و حەلاّلّ حەرام بکەین لەرێگەی فێلّ کردن لە خواوە، ئەوە پیشەی جوولەکەکان بوو.

زۆر بە وردی دیراسەی هەردوو سەدەی پێنجەم و حەوتەمی کۆچیم کردووە، رۆژی وا سەختم نەبینیوە کە ئەمڕۆ بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا هاتووە، چونکە گرفتی سەدەکانی

رابردوو ئەوەبوو دوژمن لە دەرەوە دروستی دەکرد، بەڵام گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە قەیرانەکان لەناوخۆماندایەو خۆمان کەوتوینە گیانی یەکتر و دەکوژین و لەناو دەبەین. ئەگەر سەیری رۆژانی رابردوو و ئێستا بکەین، ئێمە وەك پێشینەکان ئایەتەکانی رەحمەت دەخوێنینەوە. ئایا ئێمە کاتێك براکانمان و خوشکەکانمان دەبینین لە کامپەکاندا لە برساندا دەمرن و لەسەرماندا رەق دەبنەوەو بێ نان و ئاو دەژین، بەفر شەکەتی کردوون، ئایا ویژدانمان دەجوڵێت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (ئەگەر کەسێك لە گەڕەکێکدا لە برساندا بمرێت یان بە برسێتی بژی، خوای گەورەو پێغەمبەر بێ بەریان دەکات لەخۆی).

خۆتان بەراورد بکەن بەم فەرموودەیە ئایا لە بەرامبەر ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر گەلانی عێراق و سوریا و یەمەن و هتد.. هاتووە ئایا ئێمە لێپرسینەوەمان لای خوا چۆن دەبێت؟ سەیری رومادی بکەن، چۆن وێران دەبێت، ناوچە سوننیەکان یەك بەدواییەك خاپور دەکرێن. داعش شار بەشاری داگیر دەکات، پاشان میلیشیاکان دێن و لەدوای ئەو شاربەشار وێران دەکەن. ئایا ئەگەر هێرش بۆسەر موسڵ بکرێت کە ٤ ملیۆن کەسی تێدایە چی لێ دێت؟ هەتا ئێستا تەنها کوردستان ئاوارەکان رووی تێ بکەن، ئەویش بەهۆی نەبوونی مووچە و خراپی گوزەران، ئەو ناوچەیەش گوزەرانی دانیشتوان روو لە خراپی دەکات.

ئەگەر بەوردی سەیری قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾و فەرموودەکان بکەین، هیچ شەریعەت و ئاین و یاسا و دەستورێك نابینین کە وەك ئیسلام گرنگی بە سۆز و بەزەیی بدات، خوای گەورە یەکەم ئایەت لە قورئاندا بە (بسم الله الرحمن الرحيم) تیایدا باسی دوو سیفاتی زۆر گەورەی خوا دەکات.

الرحمن: واتا ئەوپەڕی سۆز و بەزەیی، (ورحمتي وسمعت كل شئ) سۆز و بەزەیی خوا هەمووشتێك دەگرێتەوە.. ئەم بەزەییە هەمووشتێك دەگرێتەوە. مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە،

خوای گەورە بەسۆزی خۆی هەموو دروستکراوەکانی دروست کردووە.. دەیانژێنێ، دەیانمرێنێ، هیدایەتیان دەدا، رۆزیان دەدات ئەمانە هەمووی سۆزی خوایە بۆیان.

الرحيم: رەحمەتی خوا بۆ هەموو بەندەکان.

هەموویان لە رۆژی دوایدا بەر ئەو رەحمەتە دەکەون ئەم ئایەتە لە هەموو سورەتەکاندا دووبارە دەبێتەوە تەنها سورەتێك نەبێت، بەڵام لە سورەتی نەمل دا قەرەبوی دەکاتەوە لەبەرئەوە ١١٤ سورەت لە قورئاندا هەیە لەگەڵ ١١٤ بسم الله، سەرەتای قورئان بەسورەتی (فاتحە) دەست پێ بکات ئەویش بە سوپاس گوزاری بۆ خوای جیهانیان.

# ئـاشتی فەرزێکی شەرعیەو پێویستە بۆ بەرژەوەندی گۆمەڵگا

ڕۆڵی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی زۆر لاوازە بۆیە دەپرسین ئایا ڕێکخراوێکی وا لاواز چۆن دەتوانێت خزمەت بە ئوممەتی ئیسلامی بکات؟ بەتایبەتیش لاواز لە رووی داراییەوە کە ناتوانێت بەشی پێداویستیەکانی خۆی هەبێت و وڵاتانی ئەندامیش هاوکاری ناکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا هەر ئەو وڵاتانە بڕی دوو ترلیۆن و٥٠٠ ملیار دۆلاریان بۆ جەنگ هەتا ئێستا، ئەمە جگە لەوەی کە نازانرێت بۆ شەڕی سوریا و لیبیا چەندیان خەرج کردووە.

لەهەمانکاتدا نیگەرانی خۆی دەبڕی لە ئاست لاوازی کۆمکاری عەرەبی و وتی لە ڕێگەی کۆمەڵە فیقهیەکانەوە زۆر داوامان کرد کە با کۆمکاری عەرەب سوپایەکی هەبێت، شایانی باسە پێش ٧٠ ساڵ لەمەوبەر دامەزراوەو هەتا ئێستا سوپایەکی نیە و خاوەن دادگایەکی نێودەوڵەتی نیە بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان، لاوازی لەمە زیاتر چییە.

### ئەمە گرفتەکەمانە

گرفتێکی تری ئەوەیە کە هەندێك لە گەنجان کە خۆیان بە قوتابی زانست دەزانن لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی رق و بوغز و دوبەرەکیدان، ئەویش بە بڕەودان بە هەندێك گوتار دەربارەی بیدعە و تەکفیر و .. هتد، ئەمەش ئەوەیە کە دوژمنان دەیانەوێت و هەر ئێمەش تیایدا زیانمەند دەبین.

داوای لە شیعە و سوننە کرد کە بگەڕێنەوە بۆ لۆژیکی عەقڵ و ململانێکانی هیچی لە بەرژەوەندی گەلانی مسوڵماندا نیە و دەرژێتە کاسەی دوژمنانەوە، چونکە لە ئیسلامدا هیچ شتێك نیە لەدوای باوەڕ هێنان و ئیمان بەخوا گەورەبێت تەنها ئاشتی نەبێت ﴿لَّا خَيْرَ فِي

كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ، وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً﴾ پاشان وتی ئاشتەوایی لە نێوان تاك و كۆمەڵدا واجبە، پێویستە لەسەرمان كە لە میسردا ئاشتەوایی بكەین هەتا كەی دەیان هەزاركەس بكوژرێن و لە سێدارە بدرێت، تاكەی بێدەنگ بین لەسەر ناحەقی، بۆ دەبێت بێدەنگ بین لەوەی لە سوریا روودەدات. پێویستە ئەم ناكۆكیانە لە رێگەی پرۆژەیەكی ئیسلامی راستەقینەوە چارەسەر بكرێت، ئەویش بە دوركەوتنەوە دەبێت لە بەرژەوەندیە تایبەتیەكان و پێویستە بەرژەوەندی ئوممەت بكرێتە بنەما.

## ئاشتەوایی پێویستیەكی شارستانیە

ئاشتەوایی پێویستیەكی بنەڕەتیە لەسەرمان، خوای گەورەش ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كەمەرجەعیەتی ئەم ئاشتەواییە بریتیە لەبرایەتی ئیمانی ﴿**إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**﴾

سۆزی خوا لەگەڵ ئاشتیدا دێت، ئاشتەوایی فەرزێكی شەرعی و پێویستیەكی مەدەنی و شارستانیە كەلەبەرژەوەندی گشتی و تایبەتیدایە.

ئاشتی پێویستە لەنێون وڵاتان و تاكەكان و خێزاندا، ژن و مێرد، لەنێوان منداڵەكان، خوای گەورە مەترسیەكەمان بۆ روون دەكاتەوە و دەڵێت ئاشتی لەسەر دەروون گرانە، زۆربەی خەڵك ئامادەیی شەڕن، بەڵام ئامادەی ئاشتی نین، ئەمە لەكاتێكدایە كەئاشتی زۆر باشە.

## ئەم ئوممەتە باشترینە

پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر لەخەمی ئەم میللەتەدا بوە ﴿**لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ**﴾ هەروەها زۆر لەخەمی دنیاو دوارۆژدا بوە، لەبەرئەوە خوای گەورە نزاكەی لێ وەرگرت و ئەم ئوممەتەی كرد بەباشترین ئوممەت

لەسەر زەویدا، لەرووی عەقیدەو ئەخلاق و مامەڵەو عیبادەت، لەهەمان کاتیشدا ئاگادارمان دەکاتەوە لەهەمووی ئەو هۆکارانەی کەبوە هۆی لەناوبردنی ئەو گەلانە، لەگرنگترین هۆکارەکانی لەناوچونیشیان دووبەرەکی و شەڕو کوشتار بوە، بەو هۆیەوە گەل توشی خۆخۆری و دوبەرەکی دەبێت و لەبەرامبەریشدا دوژمن بەهێز دەبێت و خێرو بەرەکەتی لەگەڵ دەبات.

## ئاشتی باشترین خێرە

پێغەمبەری خوا لەرێگەی قورئان و فەرمودەکانیەوە روو دەکاتە ئوممەتی ئیسلامی و پێیان دەڵێت هەرکاتێك ناکۆکی و شەڕو فیتنە رووی کردە هەر شوێنێك دەبێت لەرێگەی لێبوردەیی و ئاشتیەوە چارەسەر بکرێت، ئەوەش بە وازهێنان لەبەرژەوەندی تایبەتی و شتە دەرونیەکان، تەنازول کردن بۆ براکەت کەمی نیە، بەڵکو گەورەییە. لەکاتێکدا حەزرەتی ئەبوبەکر پەیوەندی لەگەڵ کەسێك پچڕاندبوو، چونکە لەرووداوی (افك) بەشداری کردبوو، بەلاّم خوای گەورە لەئاسمانەوە ئاگاداری دەکاتەوە و دەفەرموێت ﴿فليعفوا وليصفحوا ألا تحبون أن يغفر الله لكم﴾ کەئەبوبەکر ئایەتەکەی گوێ لێ بوو، بەپەلە رایکردوو چوو بۆ ماڵی کابرا و لەجاران زۆرتری پێ دەبەخشی، چونکە دەیوت ئایا کێ دەرگای لێ خۆشبونی خوا لەخۆی دادەخات، باوەڕدار دەبێت بەو جۆرە بێت، پەروەردەی پێغەمبەر بەو شێوەیە بوو، ئەگەر یەکێك ئازاری یەکێك لەهاوڕیانی بدایە خۆی دەچوو داوای لێ بوردنی دەکرد وەك ئەوە لەنێوان بیلال و ئەبو زەردا روویدا، ئەبو زەر چوە بەردەم بیلال و سەری لەسەر زەوی داناو وتی دەبێت پێ بنێی بەسەر روومەتمدا ، بەڵام بیلال لێی خۆش بوو.

# حکومەت بەرپرسیارە لە ژیان و گوزەرانی هاولاتیان

ئامانجی گەورەی ئیسلام ئەوەیە کەوا مرۆڤێك دروست بکات، کە خاوەنی ئیحساس بێت بە مەسئولیەت خۆی بەوە بزانێت هەموو کەسێك لە شوێنی خۆیدا چ گەورەبێت چ بچوك، چ پاشا بێت یان وەزیر، چ پیاو بێت چ ژن، هەمووی لێپرسراون لە بەرامبەر خوای گەورە و دواتریش لە بەرامبەر گەل و مێژوو و داهاتوو.

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾لە فەرموودەیەکی (صحیح متفق علیە)دا دەفەرموێت: "كُلُكُمْ رَاعٍ وَكُلُكُمْ مَسْؤول عَنْ رَعِيّتِهِ" هەموو یەکێك لەم ئوممەتە، گەورە و بچووك بە هەردوو جۆرەکەی چ لە پۆست و دەسەلاتدا چ لە تەمەندا، هەمووی لێپرسراوە لای خوای گەورە و یاسا و گەل، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾باسی روونکردنەوەیەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ئەوەی کە ئیمام و پێشڕەوی خەلك بکات کە شمولی هەموو کەس دەکات کە پێشڕەوی لە تاکێك بکات، واتە لێپرسراو بێت لە کەسێك، تۆ لە دائیرەیەکدا لێپرسراویت، لە مالەوە لێپرسراویت لەوەی کە لەناو مالدا روو ئەدات. پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾زۆر جوان وەسفی ئەمە ئەکات کە دەفەرموێت "كُلُكُمْ رَاعٍ" . لە رێزمانی عەرەبی دا بە مانای ئەوە دێت کە مرۆڤ سەرپەرشتی کەسێك دەکات، بەلام بە (اسم فاعل) ماناکەی لە زمانی کوردیدا واتە (شوان)، مرۆڤ شوانە بۆ ئەوانەی لەبەر دەستیدایە، هەرکەسێك بە پێی توانای خۆی، ئەگەر شوانی خاوەن ویژدان و باش بێت هەولی زۆر دەدات بۆ ئەوەی ئەو مەڕ و مالاتەی لەبەردەستیدایە برسیان نەبێت و باش بەخێویان بکات و ئاویان بدات، هەر لەبەرئەوەشە کە خوای گەورە وای بڕیارداوە کە هەموو پێغەمبەران ﴿ﷺ﴾ شوانیان کردووە، بۆ ئەوەی بزانێت کەوا توانای بەرگەگرتنیان هەیە و سەرکەوتوو بوون لە شوانی دا، ئەو کاتەش بەکەلك دێن کەوا سەرکەوتوو بن لە

ئیدارەدانی گەل و ولأتدا، ئیمام و پێشەوا لە گەورەوە تا بچوك لێپرسراون نەك تەنها لە کەسەکان، بەڵکو لێپرسراون لەو پێداویستیانەشی کە لەبەردەستیاندایە.

دوای ئەوەش لایەنی کۆمەلأیەتی، کە پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: "پیاو و ژن لە ماڵدا لێپرسراون لە مناڵەکانیان، لە لایەنی ئابوری لە هەموو ئەو شتانەی کە لەو ماڵەدا هەیە بەبێ جیاوازی".

مەبەست لە لێپرسراوێتیش ئەوەیە کە ئینسان ئەم پێنج شتە بەکار بێنێت، ئەگەر بەکاری هێنا ئەوا ئەو کەسە ئەدای واجبی خۆی کردووە و مافی خۆی وەرگرتووە:

یەکەم: بە هیچ شێوەیەك فرو فێڵ نەکات لەو شتانەی کە لەبەردەستیدایە لە مرۆڤ و ئامێرو کەل و پەل، چونکە پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت "من غشنا فلیس منا" واتە هەرکەسێك فرِ و فێڵ بکات لە ئێمە نیە، چونکە ئەو لێپرسراوانەی کە خیانەت دەکەن لە گەلەکەیان یان ئەو کەس و شتانەی لەبەردەستیاندایە، ئەوا بێبەش دەبن لە رەحمەتی خوا و خوای گەورە رق و تورەیی خۆی دەرِژێنێت بە سەریاندا کە رووداوەکانی مێژوو شایەتی ئەوە دەدەن.

دووەم: پارێزگاری بکات لەو شتانەی کە پێی سپێردراوە تا ئەو رۆژەی کە دەیگەرِێنێتەوە.

سێیەم: دەبێت هەموو هەوڵ و کۆششێك بدات بۆ ئەوەی کە لەبەردەستیدایە بە هەموو لایەنەکانیەوە بیپارێزێت لە هەموو زیانێك.

چوارەم: دەبێت هەوڵ بدات هەموو ئەوانەی لەبەردەستیدایە سودمەند بن لێی و لێکۆڵینەوە لە بەرژەوەندیان بکات و خۆشگوزەرانیان بۆ فەراهەم بهێنێت.

پێنجەم: لێپرسراو دەبێت بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ گەل و بەردەستەکانیدا، کە چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ ئەوانیشی پێ خۆش بێت و بۆیان فەراهەم بهێنێت، چی بۆ

خۆی پێی ناخۆشە، لەوانیشی دوور بخاتەوە، کاتێك کە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) کە پرسیاریان لێ کرد، چ کەسێك ئیمانی تەواوە، ئەویش فەرمووی: " لاَ يُؤْمِنُ أحدُكُمْ حتي يُحِبّ لأخِيهِ مَا يُحِبُ لِنفْسِهِ " واتە چیت پێ خۆشە بۆ خۆت دەبێت بۆ بەرامبەرەکەشت پێت خۆش بێت.

بەشێکی تر کە تەواو کەری ئەم پێنج خاڵەیە، ئەوەی کەوا خاوەنی ئاینی بەرز بێت و خاوەنی رەوشتی بەرز بێت و خاوەنی دڵسۆزی بێت بۆ ئاینەکەی و بۆ نیشتمانەکەی نەك بەم پێنج کردەوەیەش رازی دەبێت، بەڵکو هەوڵ دەدات بەرژەوەندی گەلەکەی و بەردەستەکانی بەگشتی لەپێش خۆیەوە بێت " وَيُؤْثِرُونَ عَلَي أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ" ئێمە سەرکردەمان هەیەو پێشەنگمان هەیە، سەرکردە کاتێك دەچێتە دڵی خەڵکەوە کە پێشەنگ بێت و لە پێشەوە بێت بۆ ئەوەی کەوا خۆی بەرگەی زیان بگرێت، بەڵام لەدواوە بێت بۆ بەرژەوەندی دونیایی.

ئیمام عومەر ئەو ساڵەی کەوا برسێتی هەبوو سوێندی خوارد، کەوا نانی وشك بخوات هەتا ئەو کاتەی گەلەکەی لەو باشتر دەبن و تێر دەبن، ئەمە راستیەکە کە دەتوانین بڵێین ئاینی بەرزی ئیسلام پەیوەستی کردووە بە لایەنی ئیمانی و لایەنی ئەخلاقی و رەوشت بەرزی و لایەنی یاسایی. وڵاتانی روژئاوا کە پێشکەوتوون دوو شتیان بۆ خۆیان دروست کردووە، یەکەم رەوشتێکی کردەوەیی بەوەی کەوا بەرژەوەندی تێدا بێت، پەروەردەی رۆژئاوا لەسەر ئەوەیە کۆمەڵێك لە رەوشت و قیەم، کە ئەمەش لە دینەکاندا هەیە بەتایبەت ئاینی بەرزی ئیسلام، ئەوان جێبەجێیان کردووە وەك راستگۆیی و لێپرسینەوە و شەفافیەت و ئەمانەت پارێزی، کە ئەمەیان لەسەر یاساو سیستەمێکی ورد دروستکردووە و پەروەردەیان لەسەر بنیات ناوە هەر لە باخچەی ساوایانی منداڵەوە تا زانکۆو سەرەوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێت گەندەڵی تێدا بکات.

جارێكیان سەرۆك وەزیرانی سوید كە ئافرەتێك بوو لە سەفەرێكدا نزیكەی ٢٦٧ دۆلاری لە دارایی گشتی خەرج كردبوو بۆ خۆی و راپۆرتی نەدابوو لەسەری، لە پەرلەماندا موناقەشەی لەسەر كرا و دواتر ناچار بوو دەست لەكار بكێشێتەوە. ئەویش بەهۆی رۆژنامەكانەوە، بەڵام رۆژنامەی باش نەك رۆژنامەی شەڕ فرۆش و چەواشەكار، مەلەفات بۆ ئەمانە دروست دەكەن وەك سەرۆك كۆماری فەرەنسا كە كەس هیچی لەسەر نەبوو دوای چواردە ساڵ ئاشكرایان كرد كە كارێكی نایاسایی كردووە، دواتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا كردوو و دواتریش تاوانبار كراو دادگایش كرا. لەبەرئەوە رۆژئاوا بەم شێوەیە رێكخستنی خۆیان كردووە.

كێشەكە ئەوەیە ئەم دونیای ئیسلامی ئێمە بەداخەوە دەڵێم، كە نە وەك رۆژئاوا دەڕۆین بە یاسا و بە سیستم، نە رەوشتی كردەوەییمان جێبەجێكردووە كە پەیوەستە بە ئاینی ئیسلامەوە كە بمانپارێزێت لە خیانەت و درۆ و بەرژەوەندیخوازی، لەبەرئەوە ئێمە دەبێت هەردووكیمان هەبێت.

ئەم لێپرسراوێتیەش تەنها لەسەر شانی حكومەت نییە بە تەنها، بەڵكو لێپرسراوێتی هەموو حیزبەكان و وەزارەتەكانە تەنانەت پەرلەمانیش لە پێشتر و ئێستاش، لەوە زیاتریش لێپرسراوێتی گەلی كوردیشە، كە پێویست وایە ئیسنان نەك ئەوكاتەی كە چەقۆكە خرایە سەر ملی ئینجا پەلەقاژێی پێ بكەوێت. پێویست وایە ئینسان هەمیشە پرسیار بكات كە ئەمە مافێكی گەورەی خۆیەتی، نەك ئەوەی دەوڵەت بڵێت بە میللەت ئەمەت لەكوێ هێنا، بەڵكو دەبێت میللەت بە حكومەت بڵێت ئەمەت لەكوێ هێنا.

كاتێك ئیمامی عومەر كە لەسەر مینبەر بوو سەیریان كرد كە قوماشەكەی بەری لە هی خەڵكانی تر زیاترە، لەكاتێكدا ئەو قوماشەی كە دابەشی كرد بەشی كەسێكی ئاسایی نەدەكرد، پرسیان تۆ بۆچی لە ئێمە زیاترت بەكارهێناوە، ئەمەت لە كوێ هێناوە؟ ئیمامی عومەریش عبدالله ی كوری كە لەناو خەڵكەكەدا بوو بانگی كرد و لێی پرسی كوا بەشەكەی

تۆ؟ ئەویش وتی من بەشەکەی خۆم داوە بە ئیمامی عومەر، بۆ ئەوەی کەوا کراسێکی تەواوی لێ دروست ببێت. لەبەرئەوە ئێمەی میللەتی کورد خۆمان ئەو رۆحیەتەشمان نییە کە لێپرسینەوە بکەین و بەرژەوەندی گشتی بپارێزین، بەداخەوە کە کەسێك گەندەڵی دەکات دەچین هانی دەدەین و چەپڵەی بۆ لێ دەدەین، جا بۆیە پێغەمبەر نەعلەتی لە هەردووکیان کردووە لەوە کە بەرتیل وەر دەگرێت و لەوەش کە بەرتیل دەدات، لەوەش کە پەیوەندی دروست دەکات لە نێوانیاندا.

بەداخەوە میللەتی کورد لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو نارەحەتیەی چەشت کە ریش سپیان و گەورەکان ئەوکاتەیان لەبیرە، کاتێك کە چوونە ئێران ئێمە وەك رابیتەی ئیسلامی کورد هاتینە خزمەتتان، چ حاڵێك بوو چەندەها پیر و ژن و منداڵ تووشی چ نارەحەتیەك ببوون، هەروەك چۆن ئێستا سوریا ئاوارە و دەربەدەربوون ئێمە لەوە خراپتر بووین، کە هاتینەوە بە گشتی دەبوایە ئەو سەرکردانەی ئێستاش کە پێشتر لە نارەحەتیەکی زۆردابوون ئەو کاتەیان لەبیر نەچێتەوە، نەك بۆ ئەوەی کەوا یەکتری پێ بترسێنن، بەڵکو بۆئەوەی کەوا زیاتر برای یەکتر بین و ئاگامان لەیەکتر بێت، چوونکە هەموومان بەشداربوین لەو نارەحەتیانەی بەسەرماندا هاتوون بە هەموو جۆرەکانیەوە، جا لەبەرئەوە لێپرسراوێتیەکە لەسەر هەموومانە، هەرکەس بەپێی توانای خۆی کە ئەگەر جێبەجێ بکرایە نەدەگەیشتینە ئەم رۆژە کە تووشی ئەم قەیرانی داراییە بووین کە کەسی وا هەیە مووچەکەی ١٥٠ هەزار دینارە، تۆ شتێکی لێ وەردەگریت بە چی بژیت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت و هەست نەکردن بە لێپرسراوێتی، ئەمەش هی رۆژێك و دوو رۆژ نییە، هەر لەسەرەتاوە کە هاتووە بەو شێوەیە بووە بۆیە ئێستا ناتوانین چارەسەری بکەین. پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ تەشبیهی ئەمەی کردووە بەکەشتی، بەراستی ئەم چارەسەرەش کە ئێستا دەکرێت بە جنێودان و بەشەڕ، ئەمەش چارەسەر نییە، ئێمە لە ناوچەیەکداین کە نامەوێت بەوە بترسین هەموو لایەکمان کێشەیە، ئەگەر فەوزایەك دروست بوو ناتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ باری پێشوو، خوای گەورە برسێتی و ترس

پەیوەست دەکات بەیەکەوە کە دەفەرموێت ﴿الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ﴾ کە ئەمەش لێپرسراوێتیەکی زۆر دەخاتە سەر شانی لێپرسراوەکان کە دەبێت بە پارە و ماڵی خۆیان چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن، لە دونیادا نەبووە پۆلیس بگاتە قۆناغێك کەوا بایکۆت بکات چونکە پۆلیس خزمەتکاری خەڵکە خزمەتی میللەت دەکات، قوتابخانە پشوو بدرێت و منداڵی خەڵك نەخوێنێت و منداڵمان ببێتە نەزان، ناکرێت پزیشك و دادوەر کارەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن لەبەر ئەم قەیرانەی رووی تێکردووین، ئەمانەش هیچی دروست نیە وەك چۆن ئەوانی تر لە گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی میللەت دروست نین، چونکە بەراستی پێش هەموو کەس میللەت زەرەر دەکات.

کاتێك حەزرەتی هابیل بە قابیلی برای وت (کە ویستی بیکوژێت،) ﴿لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لأَقْتُلَكَ﴾ تۆ کە دەتەوێت من بکوژیت من تۆ ناکوژم، بۆئەوەی تاوانەکەی من و تاوانەکەی خۆشت بچێتە ئەستۆی خۆت.

ئێمە ئەمانەوێت بە بیرێکی عاقلانە کار بکەین، هەوڵ بدەین و زۆر لە حکومەت بکەین کە چاکسازی بکات.

ئەم بابەتی ئابوریە ئەگەر بیدەنە دەست لیژنەیەکی شارەزا و دەست پاك وەڵلاهی من زەمانەتی ئەوەتان بۆ دەکەم کە ئەم کێشەیە دروست نەدەبوو، کێشەکەی ئێمە ئەو دوو شتەیە نە شارەزامان هەیە ناڵێم هەمووی بەلاّم لە زۆربەی شوێندا، نە دەست پاکیش. ئێستا لەم قۆناغەدا ئەگەر لیژنەیەکی شارەزاو دەست پاك هەبێت چارەسەرەکە زۆر ئاسان دەبێت.

کوردستان ئێستا نزیکەی ١,٠٠٠,٠٠٠ بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرهەم دەهێنرێت، نرخەکەی ئەگەر بە ١٥ و ٢٠ یش بێت ئەگەر میللەت بزانێت ئەم پارەیە بۆ کوێ دەڕوات و

گەندەڵی تێدا نییە، هەمووی قەبوڵی ئەم نارەحەتیە دەکات. لە ساڵەکانی نەوەدەکان کێ داوای پارەی لە حکومەت دەکرد؟.

لە سەردەمی حەزرەتی سولەیمان دوو ژن موناقەشەیان دەکرد لەسەر منداڵێك کە یەکێکیان دایکی راستەقینەی بوو ئەوی تریانیش دەیویست منداڵەکە بۆ خۆی ببات کە منداڵی نە دەبوو، چوونە لای حەزرەتی سولەیمان وا رێکەوت منداڵەکەش بەدەست ئەو ژنەوەبوو کە دایکی خۆی نەبوو، ئەویش فەرمووی مادەم ئێوە موناقەشە دەکەن و ناگەنە ئەنجام، بە پاسەوانێکی وت شمشێرێك بێنێت و منداڵەکە بکات بە دوو کەرتەوە یەکی کەرتێکی ببەن، بەڵام دایکە راستەقینەکەی یەکسەر هاتە هاوار و وتی تکادەکەم من منداڵەکەم ناوێت با بۆ ئەوبێت بەس ئازاری مەدەن، حەزرەتی سولیمانیش فەرمانی کرد بەوەی کە نەخێر منداڵەکە بۆ تۆیە، چونکە تۆ دایکی راستەقینەی ئەویت و ناتەوێت منداڵەکەت ئازار بچێژێت.

گەل خاوەنی ئەم ئەمن و ئاسایشەیە دەبێت ئێوەش پابەند بن بەوەی کە کوردستان جارێکی تر لەناو نەچێتەوە، ئێمە لە کاتێکدا بە تەماین دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین، بەڵام دەوڵەت چۆن بەم شێوەیە رادەگەیەنرێت لەکاتێکدا ئەو هاوڵاتیانەی لە کورکوکن جاران لەژێر سێبەری حکومەتی عێراق مووچەیان وەردەگرت کەچی ئێستا ئەو هەموو بەرمیلە نەوتە لە ژێریاندا دەڕوات و دینارێکی پێ نادرێت، ئەی چۆن دوارۆژ دەنگ دەدات بەتۆ؟ دڵی چی بەتۆ خۆش دەبێت؟ ئێستا خەڵکەکە هەم برسیەو هەم ترسیشی لەسەرە، کە ئەمە پەیامێکە بۆ لێپرسراوان وە پەیامێکیشە بۆ میللەت و بۆ هەموو حیزبەکان، تکاتان لێ دەکەم با تەرازوی دادپەروەری لەناو نەچێت، چارەسەر بە جنێو و بە قسەی ناشیرین ناکرێت بەتایبەت ئینسانی مسوڵمان، لەبەرئەوە ئێمە دەبێت بە گفتوگۆ و هەوڵدان کێشەکان چارەسەر بکەین، با ئەوەشی کە ماومانە لە دەستی نەدەین، پێویستە حکومەت بە جدی هەنگاوی کرداری بنێت نەك تەنها لێدوان بدات و بەیاننامە دەربکات، ئەو هەموو

**کۆمپانیایانەی کە پێشتر هەموو سودمەند بوون لەم وڵاتە ئێستا بابێن خزمەت بکەن، بروام وایە ئەو پارانەی کە پێشتر خوراوە بە گەندەڵی چوار ساڵی تریش کوردستان پێی دەژیت ئەگەر ئێستا بگەڕێتەوە بە رێك و پێکی.   با حکومەت لە دەست گروپە بەرژەوەندیخوازەکان رزگار بکەین، با حکومەت بکەین بە دامەزراوە، با پەرلەمان رۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت، چونکە ئەو نوێنەری گەلە، گەلیش چاوەرێی ئەوەی لێدەکات لە جیاتی ئەو بڕیاری چاك بدات، با هەریەکەمان بە پێی ئاستی لێپرسراوێتیمان هەڵسو کەوت بکەین، ئەو کات بزانن ئەم کوردوستانە چۆن دەکەینە وولاتێکی ئارام و ئازادو پێشکەوتوو.**

# گەندەڵی دارایی هانی خەڵك دەدات كە موڵك وماڵی حكومەت بدزن

هەر دامەزراوەیەك روو لە گەندەڵی بكات و لێپرسینەوە لەبەرپرسەكان نەكرێت، ئەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە كە ئەوانیش رێچكەی بەرپرسەكەیان بگرنە بەرو هەریەكە بە جۆرێك هەوڵی بەدەست هێنانی دەستكەوت بدات لە رێگەی ناشەرعیەوە، یەكێك لە مەترسیدارترین ئەو قەدەغەكراوانە لە ئیسلامدا بریتیە لە بەرتیل و ئیسلامیش وەك هۆكارێكی زۆر مەترسیدا ناوی دەبات بەرتیل لە راستیدا مانایەكی زۆر فراوانی هەیە، بەلاّم لەوانەیە رای كەسێكی سادە تەنها بەوە لێكی بداتەوە كە تۆ شتێك دەدەیت بەبەرپرسێك بۆ ئەوەی كارێكی ناشەرعیت بۆ بكات، ئەمە تێگەشتنێكی بچوكە لەبەرتیل.

بەرتیل بە مانا فراوانەكەی هەموو ئەو گەندڵیانە دەگرێتەوە كە لە بەرپرسێكی گەورەوە پێی هەڵدەسن هەتا بەرپرسێكی بچوك، جا ئەگەر ئەو گەندەڵیە دارایی بێت یان كارگێڕی یان سیاسی هەمووی دەگرێتەوە، لە كاتێكدا كە تۆ بەرپرسیارێتیەكت لە ئەستۆدایە و بەهۆی گەندەڵیەوە تۆ دەتوانیت خۆت دەوڵەمەند بكەیت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی چاودێری و نەبوونی یاسا، كە ئەمەش دیاردەیەكی دیاری سیستمی سیاسیە لە هەرێمی كوردستان و ولاّتانی ناوچەكە، لە جیاتی ئەوەی كە بەرپرسان رۆڵی چاودێر ببینن بەسەر ئەوانەی خوارخۆیانەوە، لەم كاتەدا رۆڵی مامۆستایەك دەبینن بۆ فێركردنیان بۆ چۆنیەتی بردن و بە فیڕۆدانی سامانی گشتی، ئەمەش ئەو هەنگاوە مەترسیدارەیە كە ئیسلام باسی دەكات و هۆشداریمان پێ دەدات.

پێغەمبەری خوا زۆر توڕە بوو کاتێك کە (إبن اللتبيە) خێراتەکانی (بنی سليم)ی هێنایەوە، بەشێکی دانا بۆ (بيت المال) و بەشێکی دانا بۆ خۆی، لە کاتێکدا کە پرسیاریان لێ کرد ئەوەی خۆت چیە ؟ لە وەڵامدا ووتی ئەوانە بەدیاری بۆ منیان هێناوە، لەم کاتەدا پێغەمبەری خوا زۆر توڕەبوو فەرموی (ئایا ئەگەر تۆ لە ماڵی باوکت یان دایکت دابنیشتیتایە کەس هیچ دیارییەکی بۆ دەهێنای؟) کە واتە هەموو ئەوشتانەی کە بۆ تۆ دێت بەهۆی ئەوەی تۆ بەرپرسی لە شوێنێکدا، ئەوە بەهۆی ئەو پۆستەوەیە کە تۆ بەدەستتەوەیە، کەواتە ئەو دیاریانە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت نەك بۆ خۆت هەڵیانبگریت، ئەم شتەش لە ووڵاتانی پێشکەوتوو بەیاسا ڕێکخراوە .

ئەم کارە ئەچێتە بواری بەرتیل وەرگرتن، لەم بارەشەوە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (لعن الله الراشيی والمرتشيی والرائش)

واتە نەفرەتی خوا لە بەرتیل خۆرو بەرتیل دەرو ئەوانەش کە پەیوەندیەکە لە نێوانیاندا دروست دەکەن، خوای گەورەش دەفەرموێت ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَي الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ خوای گەورە نەفرەتی لە جولەکەکان کرد بەهۆی خواردنی سوو و بەرتیلەوە .

**گەندەڵی دارایی:**

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئێستا گرفتی گەندەڵی دارایی هەیە لەلایەن بەرپرسانەوە، لەکاتێکدا کە ئەوان دەبوایە پێشەنگ بونایە بۆ دڵسۆزی و خەمخۆری و نیشتیمان پەروەری و چاودێر بونایە بۆ پاراستنی سامانی گشتی و سەروەری یاسا، بەڵام بەداخەوە کە خۆیان سەرمەشقن بۆ گەندەڵی و پێشێل کردنی یاسا و خیانەتکردن لە گەل و نیشتیمان، لە راستیدا ئەمەش زۆر بە مەترسیدارە، چونکە ئەوان خاوەن دەسەڵاتن و یاسایان بەدەستەو زۆر جار خاوەن هێزو میلیشیاو شتی ترن و هەموو ئەمانەش بۆ ئەو ئامانجە بەکار دەهێنن.

له وولاّتان خەلّك گیری خواردووە بە دەست گەلی ناهۆشیارو مافیای لارو خراپەوە، بەلاّم بەداخەوە لای ئێمە پێچەوانە بوەتەوە، خەلّك دێتە سەر جادەو خۆپیشاندان دەکاتو بایکۆت دەکات و هەموویان دروشمی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و شەفافیەت و بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان دەکەن لە بەرپرسان، کە ئەمەش جێگەی سەر سوڕمانە، کەتاکێکی ئاسایی سەر شەقام هەست بە مەترسی ئەم شتانە دەکات لەسەر ئایندەی گەل و نەوەی نوێ، بەلاّم بەرپرسەکان خۆیانی لێ بێ ئاگا دەکەن و زۆرجار لەبەرامبەر ئەو داواکاریانەدا توڕە دەبن و زۆر جاریش چاو سور کردنەوەو ترس و تۆقاندن بەکار دەهێنن.

ئەم هەڵوێستە ئەگەر بەوردی سەرنجی لێ بدەین مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بەرپرسانە بەخەلّك بلّێن ئەوەی ئێمە دەیکەین ئەوە راستەو ئێوەش لەگەلّ ئێمەبن و بەو جۆرە بن و بەم شێوازە پارێزراو دەبن، لەم کاتەدا بەشێکی زۆر لە خەلّك بەتایبەتیش ئەوانەی سەر بە پارتی دەسەلاّتدارن بێ دەنگ دەبن و پشتیوانی لەو گەندەڵیە دەکەن و خۆشیان لەسەر رێچکەی ئەوان دەست بەو کارە دەکەن .

هەروەها خەڵکانی دەرەوەی دەسەلاّتیش بە جۆرێکی تر روو لەگەندەڵی دەکەن، ئەوانیش دەوڵەت بەموڵکی پارتە دەسەلاّتدارو بەرپرسە گەندەڵەکان دەزانن و دەڵێن ئەوە موڵکی ئێمەیە دزیویانە لەکاتێکدا ئەگەر ئێمەش دزی و گەندەڵی بکەینەوە، بەشی خۆمان لەو ماڵە دزراوە وەردەگرینەوە، بەم هۆیەشەوە دەسەلاّتدارو بێ دەسەلاّت دەست دەدەنە گەندەڵی و وولاّت بەرەو وێرانی دەبەن، لە ئیسلامدا ئەمە جائیز نیە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿قُلْ لاَ يَسْتَوِي الْخَبِيث والطيِّبُ ولَوْ أَعْجَبَكَ كَثرَةُ الْخَبِيث فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾

له ئیسلامدا هەرگیز گەندەڵی حەلاّلّ نابێت بە بیانوی ئەوەی چی بکەین هەموو خراپ و گەندەڵکارە، ئیسلام بەهیچ بیانویەك رێگە نادات سامانی گشتی بەفیڕۆ بدرێت، پشتیوانی لەهیچ لایەك ناکات و هەردووکیان لە ئاگردان، لەبەر ئەوەش کە زۆرینەی گەلی کوردمان

مسوڵمانە، کەواتە دەتوانین مسوڵمان بونیش وەك فاکتەرێکی چاکسازی بەهێز بەکاربهێنین، چونکە ئەگەر ئەو هەموو مسوڵمانەی نوێژ دەکەن و کرنوش بۆ خوا دەبەن و خۆیان بەباوەڕدار دەزانن، لەگەندەڵی دوور بکەونەوە، پێم وایە ئەوکاتە زۆربەی حکومەتیش بەرەو چاکسازی دەچێت، چونکە هەر ئەم ئەهلی ئیمانەیە لە حکومەتدا بەشدارەو بەرپرسیارێتی هەیەو هاونیشتیمانیە، کەواتە مرۆڤی باوەڕدارو چاك بەردی بناغەی نەهێشتنی گەندەڵیە .

ئەگەر مسوڵمانان لەبواری سیاسیدا تەواو پابەندبن بە ئەحکامەکانی شەریعەت، بەتایبەتی لەبواری فەرمان بەچاکەو رێگرتن لەخراپەو ئەنجامدانی چاکەکاری لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، پێم وایە ئەوکاتە زۆر کەم بوار بۆ گەندەڵی دەمێنێتەوە، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت کە مسوڵمانان بەڕاستی باوەڕ بە ئیسلام بهێنن و ئیمان بەکردەوە نیشانی خەڵك بدەن، نەك تەنها ئاینێکی روکەش لەسەرەوە، بەلاَم لە دڵدا مرۆڤێکی هەلپەرست و گەندەڵ، کە پێم وایە ئەو جۆرە ئیمانە نە بۆ خۆی و نەبۆ هیچ کەس گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت و لە دوارۆژیشدا لە ئاگری دۆزەخ نایپارێزێت.

ئەم وولاَتانەی ئێمە خاوەنی سەرچاوەی دارایی بەهێزن، لەبەرئەوە هەر بە نەهێشتن یان کەمکردنەوەی گەندەڵی دەتوانن هەنگاوی گەورە بەرەو گەشەپێدان بنێین، بۆ نموونە تورکیا لەپێش ٢٠ ساڵ لەمەو بەر یەکێك بوو لە وولاَتە هەژارو گەندەڵ و قەرزارەکان و لەریزی ١٩١ هەمینی وولاَتانی دنیادا بوو بۆ هەژاری، بەلاَم ئێستا لە ریزی (١٥) هەمین دەوڵەتی دەوڵەمەندی گەورەی دنیادایەو نەك قەرزار نیە، بەڵکو قەرز دەداتە بانکی نێو دەوڵەتیش، لەسەردانێکماندا بۆ لای ئۆردۆغان پرسیارمان لێ کرد ئایا بەهۆی چیەوە ئێوە توانیتان ئەم کارەبکەن، لەوەلاَمدا ووتی تەنها رێگەیەك بریتی بوو لە داخستنی دەرگاکانی گەندەڵی .

له هەندێك لە وولاَتانی ئەفەریقی ڕێژەی گەندەڵی گەیشتۆتە ٨٠٪ ی داهاتی نەتەوەیی، ئایا ئەگەر ئەخلاقی سیاسیەکانی وولاَتێك بەم جۆرەبێت، چۆن گەل لە سایەی ئەمانەدا بەختەوەر دەبن.

**حەلاَڵ و حەرام:**

باوەڕداری راستگۆ دەبێت زۆر گرنگی بە حەلاَڵ و حەرام بدات و وەك ئەمرێکی خوایی سەیری بکات و ژیانی بەو شێوە دابڕێژێت کە شەریعەت بۆی دیاری دەکات، بازنەی حەلاَڵ بازنەیەکی فراوانە، بەلاَم بازنەی حەرام کراوەکان بچوکەو کەمە، بۆ ئەم مەبەستە فەرمودەو ئایەتی زۆر هەیە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەمسوڵمان دەبێت پابەندی حەرام و حەلاَڵ بێت، زۆر ئایەت و فەرموده هەیە کە مسوڵمانان هان دەدات کە لە حەرام دوربکەونەوەو لەبازنەی حەلاَڵدا مامەڵە بکەن، پێغەمبەری خوا لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت خۆتان لەبازنەی گومان بپارێزن (هەرکەسێك خۆی لە شتە گوماناویەکان بپارێزێت ئەوە پاکی ئاینەکەی پاراستووە)

لە نێوان مسوڵمان و شتە حەرامکراوەکاندا بەربەستێك هەیە ئەو بەربەستەشتە گوماناویەکانن، لەبەر ئەوە نابێت مسوڵمان بکەوێتە ناوی، چونکە ئەگەر کەوتیە ناویان، ئەوە سەرەتای هەنگاونانە بەرەو شتە حەرامەکان، کە ئەمەش شوێنکاری مەترسیداری دەبێت و ئەوکاتەش مسوڵمان بەدوو ڕوویی دەردەکەوێت، دیوێکی بەڕۆتینی عیبادەت ئەنجام دەدات و مسوڵمانە، بەلاَم ناوەرۆك و نیەت و جەوهەرەکەی حەرام خۆرو تاوانبارو بێ ئیمانە، هەرکاتێکیش مسوڵمان چووە ناوبازنەی حەرامەوە، ئەوا شوێنکاری خراپ لەدوای خۆی بەجێ دەهێلێت وەك وەرنەگیرانی نزاو دڵ ڕەقی و سەرکەوتنی زاڵمان بەسەریاندا و زۆر شتی تر کە گرنگترینیان توڕە بوونی خوایە، ئەم باوەڕدارە دورە لە جەوهەرو بنەماکانی ئیسلام ،بەڵکو هۆکارێکە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام ،ئەم جۆرە لە مسوڵمان دەکەونە بەردەم ئەو هەڕەشەیەی کە دەفەرموێت (ان بطش ربك لشديد) .

**مسوڵمانی باوەڕدار دەبێت هەڵس و کەوت و مامەڵەی لە چوارچێوەی ئاینەکەیدابێت، دەبێت پابەندی ئەو ڕێنماییانە بێت کە قورئان و فەرموودە دەیکات، هەمووشی هاندانە بەرەو چاکەکاری .**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرمویێت (ئەی خەڵکینە خوای گەورە چاکە و تەنها چاکەش وەردەگرێت)، خوای گەورەش بەو جۆرە فەرمان دەکات کە پێغەمبەران فەرمانی پێ دەکەن وەك دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ واعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾**

**خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەران دەکات کە شتی حەڵاڵ بخۆن، هەروەها بە بڕوادارانیش وا دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذينَ امَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ واشْكُرُوا لِلَّهِ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾**

**پێغەمبەری خوا باسی پیاوێك دەکات کە زۆر پەشۆکاوو شڵەژاوە دەستەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و دەڵێت ئەی پەروەردگار، ئەی پەروەردگار، بەڵام جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوەکەی حەرامە، بەحەرام گەورە بووە، ئایا ئەم پیاوە خوا چۆن نزای لێ وەردەگرێت؟ لەبەرئەوە زانایان دەڵێن، ئەمە تایبەت نیە بە وەرگرتنی تەنها نزاوە، بەڵکو بۆ هەموو عیبادەتەکانیش ڕاستە، کەسێك بەحەرام پارەو سامان کۆ بکاتەوە، خوا هیچ عیبادەتێکی لێ وەرناگرێ، ئەمە بۆ حەج و عەمرەش ڕاستە، ئەو عیبادەتانە بەپارەی حەرام ئەنجام نادرێن، چونکە کاتێك کە تۆ دەڵێیت (لبيك وسعديك،) فریشتەکان وەڵامت دەدەنەوەو دەڵێن (لالبيك ولاسعديك) .**

**نوێژیش هەر بەو جۆرەیە، ئەگەر ئەو کەسەی نوێژ دەکات، خۆراك و خواردنەوەی حەڵاڵ نەبێت و سەرچاوەی دەستکەوتی دارایی حەڵاڵ نەبێت با خۆی هیلاك نەکات، خوا نوێژەکەی لێ وەرناگرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی نوێژ لە ئیسلامدا دورکەوتنەوەیە لە**

حەرام و فەرمانکردنە بە چاکە، ئەی ئەگەر خۆی حەرام خۆرو گەندەڵکاربوو بەرامبەر بە سامانی گشتی و بەرژەوەندی گەلەکەی، ئایا لە کوێی ئەم ئایەتەدا جێی دەبێتەوە کە دەفەرموێت ﴿إِنَّ الصَّلاَةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء والْمُنْكَرِ﴾

واتە نوێژ دورت دەخاتەوە لە خراپەکاری و ڕەزیلەت، لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (هەر گۆشتێك بە حەرام گەشەبکات، ئەوە شایەنی ئەوەیە بچێتە ئاگرەوە)

دەگێڕنەوە دەڵێن خەلیفە ئەبوبەکر خواردنێکی خوارد، پاشان بۆی دەرکەوت کە حەرامە، یەکسەر پەنجەی خستە ناو قوڕگی و خۆی رشاندەوە و پاشان پارەی خواردنەکەی دا، پرسیاریان لێ کرد بۆ چی وای کرد؟ .

فەرمووی ترسام لەوەی بەهۆی ئەم خواردنە حەرامە لە جەستەی مندا گۆشت و خوێنێك دروست بێت کە شایەنی ئەوە بێت بخرێتە ئاگری دۆزەخەوە .

**ئاسانکاری و شلگیری مسوڵمانان:**

پێویستە بە هۆشداریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکەین، چونکە مەسەلەی حەرام و حەلاڵ گرنگە و هەر ئەمەشە مسوڵمان لە نامسوڵمان جیادەکاتەوە، ئێمە لە ئێستا دەبینین کە زۆربەی مسوڵمانان بە جۆرەها تەئویل و بۆ چوون یان بە پاڵنەری ئارەزو و حەز کەوتۆتە بازنەی حەرامەوە، زۆر جار لای ئێمە مرۆڤ کە دەوڵەمەندیش دەبێت نازانێت بە ئیجابی مامەڵە بکات، تەنانەت جاری وا هەیە لە بازنەی حەلاڵیشدا زۆر زیادە ڕەوی دەکات و دەفەوتێت، وەك ئەو دەوڵەمەندانەی تەنها لەبەرئەوەی پارەیان هەیە، ناتوانن غەریزەی خواردن و جنس کۆنتڕۆڵ بکەن لەسەر ئەمە توشی جۆرەها نەخۆشی و ناوبانگی خراپ دەبن، لەبەرئەوەی ئامانجێکی رونی نیە لە کۆکردنەوەی سامان و دەوڵەمەند بوون، کەس سود لە سامانەکەی نابینێت، لە ئیسلامدا مرۆڤ جێنشینی خوایە و خوا بە ئەمانەت ئەو ماڵە دەخاتە بەردەستی، ئەویش دەبێت لە بوارێکدا بەکاری بهێنێت کە خوا پێی رازیەو

خواش فەرمان دەکات کە لەبواری چاکەو هاوکاری هەژاران و نەداران و منالأنی بێ باوك و پرۆژەی خێرخوازیدا خەرجی بکات. ئەگەر ئەوەش ناکات با بە حەرام پەیدای نەکات و لە حەرامدا خەرجی نەکات، چونکە ئەگەر وابکات دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی خوا لە دنیاو دوارۆژدا، ئێمە بە چاوی خۆمان سەدان بازرگانی گەورەمان بینی کە چەند بە زوویی دەرکەوتن، بەلأم هەر بە زویش مایە پوچ بوون، چونکە بەشێکی زۆریان بەحەرام کۆیان کردبوەوەو دزینی سامانی گشتی بوو، وایان دەزانی ئەوەیان بە زیرەکی خۆیان کردوە، بەلأم بێ ئاگابوون لەوەی کەخوا چاودێرە بە سەریانەوە و خوا خۆی پاریزەری مافی هەژاران و بێ نەوایانە و رۆژێك دێت هەر لە دنیا پێش گەیشتن بە رۆژی دوایی سزایان دەدات .

ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ ئەم کۆمەلگە مسولمانانە، چونکە دەتوانین ئەم بابەتە بکەینە پالپشتێکی گەورە بۆ چاکسازی لە سیستمی سیاسی و نەهێشتنی گەندەلیدا، لەبەرئەوە ئەو پارت و لایەنانەی کە دەیانەوێت باس لە چاکسازی بکەن، نابێت ئاینی خەلك کە ئیسلامە فەرامۆش بکەن، بەلکو پێویستە ئیسلامیش وەك فاکتەرێکی گرنگ بەکار بهێنن و دەبێت مامۆستایانی ئاینی و بانگخوازەکان بەشداربن لەم پرۆسەیەدا، هەتا بەئاراستەیەکی ئیجابی ئاینیش ببێتە پشتیوانێك بۆ چاکسازی، چونکە تەنها لە پابەندبوونی مسولمانان بە بازنەی حەرام و حەلأل و تێگەیشتن لە فەرمان بە چاکەو رێگرتن لە خراپە، بەشێکی زۆر لە گەندەلیەکان بنەبڕ دەبن و حکومەت دەکەوێتە سەر سکەی خۆی کە ببێتە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی خەلك و گەشەپێدان و چاککردنی باری گوزەرانی خەلك، چونکە ئامانجی گەورەی پەیامی ئیسلام سەرەتا بریتیە لە دابین کردنی خۆشگوزەرانی لە دنیادا و شادبوون بە بەهەشت لە رۆژی دوایدا ﴿...رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ البقرة (٢٠٢).

# ئەخلاق بنەمای هەموو ئاین و شارستانیەتەکانە

ئەگەر ئێمە سەیری گەلانی جیهان بکەین کە توانیویانە شارستانیەت بۆ خۆیان دروست بکەن، تەنانەت لە ئەم سەدەدا کە سەدەی ٢١ کە، هەموو گەلێك توانیویەتی کەوا پارێزگاری بکات لەسەر رەوشت و ئەخلاقی خۆی، سەیری یابان و کۆریا بکەین، ئەوانیش زۆر بە گەرمی جەخت دەکەنەوە لەسەر رەوشت و عاداتی خۆیان، ئەو رەوشت و عاداتەی کەوا رابردووشیان لەسەری رۆشتوون، کە بناغەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ رەوشت و ئەخلاق و دینەکەیان، کە حەق بێت یان باتڵ بێت ئەوە بەستونی بەیەکەوە تا بتوانن پێشکەوتنێك دروست بکەن.

لە مێژوودا نییە کەوا پێشکەوتنێك دروست بووبێت، بەبێ ئەوەی کەوا رەوشتێکی هەبێت هەتا فەیلەسوفانی یۆنان کە موناقەشەی ئەخلاق ئەکەن هیچیان خیلاف و جیاوازیان نیە کەوا پێویستە گەل کۆمەڵێك پەیوەندی دینی و ئەخلاقی کۆیان بکاتەوە، هەروەها عەرەبەکانیش کە کاتی خۆی لەپێش پێغەمبەری خۆشەویستمان ﴿ﷺ﴾ لە جاهیلیەتدا ئەژیان، بەڵام کاتێك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هات و ئەخلاق و رەوشتی گۆڕین، توانییان کەوا لەگەڵ گەلەکانی تردا ئەو شارستانیەتە پێشکەوتووە پێشکەش بکەن بە ئینسانیەت، رەوشت شتێکی سەرەکیە بەشێکە لە فیترەی ئینسان، کە لەناخی دا رەوشتی بەرزی خۆش دەوێت، خوای گەورەی ئەخلاقی جوان و رەوشتی بەرزی داناوە بە فیترە، کە دەفەرموێت ﴿فَأَقِمْ وجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لاَ تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ولَكِنَّ أَكْثرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ ئەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ تۆ رووی خۆت هەمیشە بەرەو ئەو دینە بکەیت بەرەو فترە، دووربە لەوەی کە روو بکەیتە زوڵم و باتڵ، بۆیە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کە

باسی ئیسلام ئەكات، نافەرموێت ئیسلام ئەخلاقی هێناوە، بەڵكو دەفەرموێت ئیسلام تەواوكەری رەوشت بەرزیە ﴿إنّما بُعُثتُ لأُتَمم مكارَم الاَخلاق﴾، دەفەرموێت خوای گەورە منی ناردووە بۆئەوەی ئەخلاقە جوانەكان تەواو بكەم (مكارم الاخلاق) و نەوەستم بە رەوشتی ئاسایی ﴿ولاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ ولاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ چاكە و خراپە هەمیشە یەكسان نیە، كاتێك كەسێك خراپەی لەگەڵدا كردی هەرچەندە تۆ حەقی خۆتە وەڵامی خراپەكەی بدەیتەوە وەكو خۆی، بەڵام دەبێت بەجوانترین شێوە وەڵامی بدەیتەوە، نەك تەنها بەرامبەر بە مسوڵمان بەڵكو لە غەیری مسوڵمانیش، كەوابوو ئیسلام هاتووە بۆ جوانترین، چونكە رەوشت و ئەخلاق و بەزەیی لەهەموو شارستانیەتێكدا بوونی هەیە بەبێ ئەوە دروست نابێت، ئەخلاقی جوانیش لە هەموو دینەكاندا بوونی هەیە، بەڵام ئیسلام دەیەوێت جوانترین پێشكەش بكات، ئەمەش فترەی خوای گەورەیە. خوای گەورە كاتێك باسی پێغەمبەرمان بۆ دەكات و پێشكەشی هەموو مرۆڤایەتی دەكات پێی دەفەرموێت ﴿يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ﴾ ئەمریان پێ ئەكات بە (معروف) واتە شتێك كە بە جوانی ناسراو بێت لەناو كۆمەڵگادا، ﴿وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ وە نەهیشیان لێ بكات لەسەر هەرشتێك كە فیترە و عەقڵی ئینسانی سەلیم بە شتێكی ناشیرینی دابنێت.

بۆیە مەبدەئی حەرام و حەڵاڵ لێرەدا ئەوە نییە كە خوای گەورە بیەوێت ئازارمان بدات، بەڵكو خوای گەورە ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ نایەوێت ئازاری ئێوە بدات بەڵكو دەیەوێت لێتان خۆش بێت ﴿أَلاَ تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ئایا ناتانەوێت خوای گەورە لێتان خۆش بێت و بەختەوەر بن لە دونیا و ئاخیرەت دا، ئێمە ئەو رێگایەتان نیشان دەدەین. یاسای حەڵاڵ و حەرام لە دینەكانی تردا لە سەر توندڕەوی بنیات نراوە، بەڵام لە ئیسلامدا لەسەر ئاسانكاریە، بەڵكو دروست كراوە لەسەر بنەمای سودو قازانج وەك دەفەرموێت ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ﴾ هەرچی پاك و جوان بێت و بەرژەوەندی تێدا بێت ئەوە

حەلاڵ دەکات، ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ وە هەرچی ناباش و زیانبەخش بێت لە هەموو روویەکەوە ئەوە حەرام کراوە.

ئەم توندڕەوییەی کە ئێستا دەکرێت وەکو داعش یان کۆمەڵانێکی تر کە تازە پەیدا بوون لەناو ئەم وڵاتانە، دەڵێن هەموو شتێك حەرامە وەك (تسبیح، زکری بە کۆمەڵ، نان خواردن بە چەتاڵ و نان خواردن لەسەر مێز) ئەمە راست نیە، مەنهەجێك نییە کەوا گونجاو بێت، تەنها لەگەڵ مەنهەجی خوارج دا نەبێت کە لە ئەنجامدا داعش و قاعیدەمان بۆ دروست دەکەن. ئاین بۆ پێکەوە ژیان هاتووە نەك رق و کینە و دوورکەوتنەوە لەیەك.

هەندێ لایەنی سیاسیش لە سەرەتاوە سود دەبینن لەم ئاراستەکردنانە وەکو لە خەلیجیشدا کرا خەڵکیان سەرقاڵ کرد بەوەی کەوا (گوێڕایەڵی فەرمان رەوا واجبە) و خەڵکیان پێ خەڵەتان، بەلاّم سەرئەنجامەکەی دەستی خۆیان سوتاند بەو کۆمەڵانە، بۆیە منیش لە ناخەوە دەڵێم حەزناکەم لە کوردستان ئەو شتانە روو بدات وە ئەو ئەزموونە شکستخواردوانەی کە هەیە لە هەندێك وڵات بێتە ناو کوردستان.

لە بواری دیندا وەکو عیبادەت بێگومان بیدعە هەیە، چونکە واجبی ئێمە ئەوە نیە لەناو مزگەوتدا دابنیشین، بەڵکو دەبێت بڕۆین زەوی ئاوەدان بکەینەوە و شارستانیەت دروست بکەین، ئیبداعی زانستی بکەین، خوای گەورە ئێمەی بۆ ئەوە دروست کردووە ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ ئێوەی لە زەوی دروست کردووە بۆ ئەوەی زەوی ئاوەدان بکەنەوە.

دەگێڕنەوە جارێك (إمام حسن بەننا) دانیشتبوو لە مزگەوتێکدا بینی جوتیارێك دوای نوێژەکەی بە کەسێکی وت ( الله يتقبل ) کابراش وەلاّمی دایەوە و وتی (الله يتقبل) لەدوای نوێژ بیدعەیە و سەلامی لێ نەکرد، (إمام حسن بەننا)ش پێی وت" باشە شکاندن و

سەرزەنشتکردنی ئەو نوێژخوێنە کە هیچ نازانێت ئەی ئەوە بیدعە نیە؟" لەکاتێکدا کە تۆ لەگەڵ بێ باوەڕیشدا دەبێت بە ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ مامەڵە بکەیت.

﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ تێگەیشتنی ئەخلاق لە ئیسلامدا زۆر فراوانە، دەچێتە بواری پەیوەندی ئینسان لەگەڵ خوا کە پەیوەندیەکەت لەسەر لایەنی چاکەیە، پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکدا لەسەر بناغەی خۆشەویستی و چاکەیە، پەیوەندیت لەگەڵ گیانداران و سروشتدا پەیوەندی چاکەیە، بۆیە لە ریوایەتی بوخاری دا دەگێڕنەوە، ژنێك چووە ئاگری دۆزەخ لەسەر ئەوەی ئازاری پشیلەکی داو زیندانی کرد تا مرداربوویەوە، لەلایەکی تریشەوە پیاوێکی خراپ لەسەر ئەوەی کە سەگێکی تێر ئاو کرد خوای گەورەی خستیە ناو بەهەشت، لەبەرئەوە دروست نیە تەنانەت ئازاری سروشتیش بدەین تەنها بە حەق و لەبەر پێویستی نەبێت، بۆیە کاتێك ئێمە کە ئاژەڵێك سەر دەبڕین دەڵێین (بسم الله) واتە خوایە ئەم مافە تۆ داوتە بە من.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ لاَ يَنفَعُ مَالٌ ولاَ بَنُونَ، إِلاَ مَنْ أَتَي اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾، واتە ئەگەر دڵمان پاك نەبێت و خۆشەویستی تێدا نەبێت بەرامبەر بەخوا و بە سروشت و بۆ بەرامبەرەکانمان و مرۆڤە باشەکان، جگە لەو کەسەی کەوا زوڵم و ستەم دەکات بە هەموو شێوەکانیەوە، ئەوا هەموو عیبادەت و رەوشتمان مال و سامانمان لەو دنیا فریامان ناکەوێت. هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت ﴿لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتّي يُحِبّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ﴾ ئیمانمان تەواو نابێت ئەگەر من چیم پێ خۆش بێت بۆ خۆم دەبێت بۆ برا مسوڵمانەکەشم پێم خۆش بێت. بۆیە دەبێت بەردەوام سەرزەنشتی نەفسی خۆمان بکەین لەسەر ئەو شتە خراپانەی کە دەیکەین و هەوڵ بدەین دووبارەی نەکەینەوە.

زانایان دەڵێن پلەبەندی لە ئیسلامدا ٥٠ پلەیە هەمووی دابەش دەبێت لەسەر سێ شت، (ناخ) کە چوار بەشە، لەگەڵ زمان کە دەوری خۆی هەیە، هەروەها بۆ رەوشت و ئەخلاقی ئینسان. هەرکەسێ ئەمانەی سەلیم بێت ئەوە بە دڵنیاییەوە (عباد الرحمن)ە.

هەرکاتێك ئێمە گەیشتینە ئەو پلەیە ئەوا ئێمە دەتوانین کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی خۆشبەخت بێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە بە پێچەوانەوە لە قۆناغێکی زۆر ناخۆشدا دەژین، بۆیە داوا دەکەین لەخوای گەورە کە ئەخلاقمان جوان بکات و رەوشتمان بەرز بکات ناخ و زمانمان پاك بکاتەوە، کردەوەمان باش بکات بۆئەوەی خزمەتگوزار بین بۆ هەموو ئینسانێك و بۆ نەتەوەکەمان.

## داد پەروەری بنەمای ئاوەدانی و چەسپاندنی دەسەڵاتە

هەرگیز ستەمکاری هەتاسەر بەردەوام نابێت و رۆژێك دێت كە كۆتایی پێدێت، هەروەها ستەملێكراو لای خوا  نزای گیرایە. هەموو دەسەڵاتدارە ستەمكارەكان بالەم رووداوانەدا عیبرەت وەربگرن و بگەڕێنەوە بۆسەر رێگەی راست و واز لەستەمكاری بهێنن و پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆلای خوا.

ئێمە كاتێك قورئانی پیرۆز دەخوێنین و چاو دەخشێنین بەژیاننامەی پێغەمبەری نازدارو ژیاننامەی خەلیفەكانی راشدین، بەوردی سەرنجیان دەدەین  دەبینین هیچ شتێك نیە لای خوای گەورە لەستەمكاری خراپتر بێت.

تەنانەت هاوەڵ پەیداكردن بۆخودا بەجۆرێك لەستەمكاری حساب دەكات و هاوەڵدانان بۆ خوا بەگەرورەترین ستەمكاری ناودەبات.

ئەگەر سەیری قورئان بكەین دەیان ئایەت هەیە كەباس لەستەمكاری دەكات و سەدان ئایەتی تریش هەیە كەباس لەدادپەروەری دەكات، ئەمەش وا لەمرۆڤی مسوڵمان دەكات كەباوەڕی لەسەر ئەوە دابمەزرێت كەبونەوەر هەمووی لەسەر دادپەروەری دامەزراوە، تەنانەت ئاسمانەكان و زەویش لەسەر دادپەروەری دامەزراوە.

خوای گەورە ستەمكاری لەسەر خۆی حەرام كردوە، لەفەرمودەیەكی قودسیدا كەپێغەمبەری خوا دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئەی بەندەكانم من ستەمكاریم لەسەر خۆم حەرامكردوە ، ئێوەش ستەمكار مەبن.

لێرەوە خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە چارەنوسی ستەمکاران پەشیمانیە، دوا جاریش لەدونیادا سەر شۆڕو ریسوا دەبن ئەمەش بەڵێنی خوایە کە دەبێت ستەمکاران لەدونیادا سەر شۆڕ بن، چونکە خوای گەورە مۆڵەت بەستەمکاران دەدات بەڵام پشت گوێیان ناخات. خوای گەورە مۆڵەتێك دەداتە مرۆڤی ستەمکارو ماوەیەك وازی لێدەهێنێت، بەڵام ئەگەر نەگەڕایەوەو تۆبەی نەکرد ئەوا خوای گەورە گرتنێك دەیگرێت کەرزگار بوونی نیە، چونکە لەو رۆژەوە کەستەمکاری لەسەر زەوی دروست بوە بوەتە مایەی شەڕو خراپەکاری و تێکدانی پەیوەندییە مرۆییەکان.

ستەمکاران هەرەس دەهێنن

ئەوەی لای هەموو کەس روون و ئاشکرایە کەستەمکاران و تاغوتەکان ئەوانەن کە خاوەن هەموو هێزێکی مادیی و سەربازی و ئابورین و ملیۆنان خەڵك چەپڵەیان بۆ لێ دەدات کە لە ٩٩٪ ی دەنگی جەماوەریان لەگەڵدایە لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵام ئێستا دەبینی ئەوانە یەك بەدوای یەکدا دەکەون و هەرەس دەهێنن. یەکەمین کەسێك کە لەچارەکی کۆتایی سەدەی رابردودا هەرەسی کرد شای ئێران بوو، کەهیچ کەس تەنانەت ئەو ئەمەریکیانەی کەدەیان ساڵ خزمەتی کردبوون فریای نەکەوتن، دوایەمینیشیان زەین العابدین علی بوو. بەڵام بەداخەوە ئەم ستەمکارانە دەرس لەیەکتر وەرناگرن.

چونکە ئەوانە کە ساڵانێك بیرناکەنەوەو گوێیان نابیستێ و چاویان نابینێت، ئەوانە تەنها سورن لەسەر گەندەڵی و گیرفان پڕکردن، سورن لەسەر ستەمکاری و چەوسانەوەو ئازاردانی گەلەکانیان، لەدوارۆژیشدا ئەوانە لەگەڵ فیرعەون و سەربازەکانیان حەشر دەکرێن. لەبەرئەوە خوای گەورە ئەگەر خێری بۆ سەرۆکێك یان بۆ ئەمیرێك یان بۆ دەسەڵاتدارێك بوێت، کۆمەڵێك خەڵکی باش و چاکەکاری لە دەور کۆدەکاتەوە، بەلأم ئەگەر خوای گەورە خراپەی بۆ یەکێك بوێت کۆمەڵێك خەڵکی خراپەکاری لەدەور کۆدەکاتەوە، کەفەرمانی پێ دەکەن بەخراپەو شتی جوانی لەبەرچاو ناشرین دەکەن و شتی ناشرینی لەبەرچاو جوان

دەکەن، ئەوانە دەیانەوێت بێ باوەڕان لەزایۆنەکان و ئەمەریکیەکان لەخۆیان رازی بکەن، بەڵام دڵی ملیۆنان کەس لە هاوڵاتی خۆیان بڕەنجێنن و ئازاریان بدەن. ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێننەوە، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە هەر کاتێك کورسیەکانیان کەوتە بەر لەرزە هیچ دۆستێك لەوانە بەرگریان لێ ناکات، وەك ئەوەی ئێستا بەسەر موبارەکدا هاتوە کە زۆرینەی وڵاتانی جیهان داوا دەکەن کورسی دەسەڵات بەجێ بهێڵێت، چونکە دەزانن بەرژەوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتێکی تردا دەبێت نەك موبارەك .

یەکەم شت دادپەرەری

ئەگەر سەیری قورئان و ئیسلام بکەین بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەستەمکاری نابێت تاسەر درێژە بکێشێت و دەبێت لەئاستێکدا بوەستێت، دوعای ستەملێکراو گیرایە. هەروەك پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت" خۆتان بپارێزن لەدوعای ستەملێکراو چونکە لەنێوان ئەو و خوادا هیچ پەردەیەك نیە" دوعا کردن مەرج نیە هەر بۆ کەسی مسوڵمان بێت، خۆ ئەگەر ئەو کەسە مسوڵمان بێت ئەوە زۆر کاریگەرترە. ئەگەر سەرنج بدەیت دوعای گەلە مسوڵمانە ستەملێکراوەکان لەپێش هەمویانەوە بانگخوازو چاکەخوازەکانیان گیرابوەو ستەمکارانی توشی ریسوایی و سەرشۆڕی کردوە و یەك بەدوای یەکدا وڵات بەجێدەهێڵن و خۆیان لە دادگای گەل دەدزنەوە. ئەمەش پاش ئەو شکستە گەورە دی کە تووشی ئەم گەلانەیان کرد لەرووی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە. ئەم دەسەڵاتدارانە ئەم گەلانەیان تووشی هەژاری و دواکەوتوویی کرد بۆ نموونە ئێستا ٤٠٪ی گەلی میسر لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژی کە دەکاتە رۆژی یەك دۆلار بۆ هەر نەفەرێك، ئەم دەسەڵاتدارانە کە پێش چەندساڵێك کەسێکی ئاسایی بوون و هیچیان نەبوو، بەڵام ئێستا هەمووی دەوڵەمەندن و بەمەلاین دۆلار حساباتیان هەیە، وە دەرکەوت کە بنەماڵەی موبارەك بە تەنها خاوەنی ٧٠ ملیار دۆلارە، یەکێکە لە دەوڵەمەندە گەورەکانی دونیا.

**بۆ هەموو ستەمکارێك:**

لێرەوە داوا لە هەموو دەسەڵاتدارو ستەمکارەکان دەکەم کە دەست هەڵگرن لە ستەمکردن لە گەلەکانیان و بگەڕێنەوە بۆلای خوا، چونکە دڵنیابن لە عەدالەتی خوا رزگاریان نابێت و ئەگەر خوا ستەمکارێك بگرێت ئازادی ناکات و ریسوای دەکات، بەپێی سوننەتی خواش دەرکەوتووە کە ستەمکاران کۆتاییەکی پڕ لەسەر شۆڕیان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر موبارەك پێش ساڵێك لە ئێستا بمردایە ملیۆنان کەس بۆی دەگریاو داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکرد. بەڵام ئێستا سەیر بکەن ملیۆنان میسری داوای رۆشتنی دەکەن و لە وڵات دەری دەکەن، ئەمە سوننەتی خوایە دەبێت چارەنووسی ستەمکاران بەوشێوەیەی لێ بێت. پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت" باشترین سەرکردەو رابەری ئێوە ئەو کەسەیە کە ئێوەی خۆشدەوێت و ئێوەش ئەوتان خۆش دەوێت، پەیامی خۆشەویستیان بۆ دەنێرێت و ئێوەش بۆ ئەو بەوجۆرەن" بەڵام خراپترین سەرکردەیەکی ئێوە ئەوەیە کە رقی لە ئێوەیەو ئێوە رقتان لێیەتی. ئەو نەفرەت لە ئێوە دەکات و ئێوەش نەفرەت لە ئەو دەکەن.

ئەوە بزانن کە دادپەروەری بنەمای ئاوەدانی و چەسپاندنی دەسەڵاتە. ئێوە سەیرکەن بۆچی دەسەڵات لە یابان و رۆژئاوا سەرکەوتووەو رابەرایەتی گەلانیان کردووە بۆ پێشکەوتن و شارستانیەت، چونکە بنەماکانی دادپەروەریان جێبەجی کردووە.

# دەبێت شیعەو سوننە ئاڕاستەی بیرکردنەوەکانیان بگۆڕن

ڕێگرتن لە رژانی خوێنی شیعەو سوننە بە دەستی یەکترو پاراستنیماڵ و ناموس و هەوڵدان بەو پەڕی تواناوە بۆ ڕێگرتن لە شەڕو دوژمنکاری بۆ سەر یەکتر، گەڕانەوە بۆ قورئان لەسەر حەرام کردنی هێرش و دوژمنکاری مسوڵمانان بۆ سەر یەکتر، فەرمانێکی خواییە، پێویستە هەموو مسوڵمانان بەهەموو مەزهەبەکانەوە پابەندبن پێوەی، بەڵام بە داخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر زەمینی واقیعدا دەبینرێت شتێکی ترە، بەتایبەتی ئەمڕۆ لە عێراقدا ئەم کێشەیە زۆر گەورە بووە و بوە بە شەڕێکی مێژوویی خوێناوی، کە قوربانیەکانی دەیان هەزار کەسی تێپەڕاندووە، ئەهلی سوونە دەڵێن عائیشە ئافرەتێکی راستگوو بوەو کچی پیاوێکی راستگۆی وەك ئەبوبەکرە کە دایکی مسوڵمانانەو سەرچاوەی گێڕانەوەی زۆر لە فەرموودەیەو بەردەوامیش لەگەڵ ناوهێنانیدا دەڵێن (خوا لێی رازی بێت). بەڵام لە دیدو تێڕوانینی زۆربەی برایانی شیعەدا، تاوانبارەو جێگەی نەفرەت و رق لێبونەوەیە، زۆربەی هاوەڵانی پێغەمبەرو بەتایبەتبیش هەرسێ خەلیفەکە (عومەرو ئەبوبەکرو عوسمان) لەلایەن برایانی شیعەوە بوونە جێگەی نەفرەت و رق لێبونەوەو تاوانبار کردنێکی زۆر، ئەمە لەکاتێکدایە کە لای ئەهلی سوننەت لە دوای پێغەمبەران لە باشترینی پیاوچاکانن و لەگەڵ ناو هێنانیاندا دەڵێن (رەزای خوایان لێبێت) و کە باسی ئەبوبەکر دەکرێت پێی دەڵێن خەلیفەی پێگەیشتووی راستگۆو هەر بەهەمان شێوە عومەر و عوسمان و ئەوانەی تریش.

گرفتە گەورەکە لێرەدا ئەوەیە، کە کەسێك لەلای ئەهلی سوننە بەو شێوەیە بەڕێزو گەورەو خاوەن پلە بێت، بەڵام لەلای ئەهلی شیعە بکەونە بەر نەفرەت و جنێو رق و تورەیی.

یەکێکی تر لە گرفتەکان بریتیە لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و گواستنەوەی لە پێغەمبەرەوە بۆ ئەبوبەکر کە لە دیدو تێڕوانینی ئەهلی سوننەدا شتێکی ئاسایی بوو، لەلایەن ئەهلی (حل و عقد) ئەو کارە کراوەو لەم ڕێگەیەشەوە خەلیفەی مسوڵمانان (ئەبوبەکر) دەسەڵاتی وەرگرتووە و ئەمەشیان وەك ڕێنمایی لە پێغەمبەر وەرگرتوە، چونکە لەکاتی نەخۆشی سەرەمەرگدا بەردەوام پێغەمبەری خوا بە هاوەڵانی دەوت: کە با ئەبوبەکرو ببێتە ئیمام و مسوڵمانان لە دوایەوە نوێژ بکەن.

بەڵام لەلای زۆرینەی شیعە ئەمە پێچەوانەیەو نابێت خەلیفە لەسەر وەسیەت و لێهاتوویی بێت، بەڵکو ئەمە پیلانی عومەر و ئەبوبەکر بوو، بۆ ئەوەی نەهێڵن عەلی ببێ بە خەلیفەو بۆ ئەم مەبەستەش ئەبوبەکریان کرد بە خەلیفەی مسوڵمانان و ڕێگریان لە عەلی کرد، ئەوەی کە زۆر تر جێگەی نیگەرانیە، ئەوەیە کە ئەم جنێو و سوکایەتی و نەفرەت کردنە لە چەندەها کەناڵی ئاسمانیەوە پەخش دەکرێت و ڕۆژانە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و ئاگری شەڕو ڤیتنە خۆش دەکەن و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ کوشتار و لەناوبردنی یەکتر.

لەلایەکی ترەوە بەشێك لە ئەهلی سوننە و توندڕەوەکان بەهەمان شێوە تەکفیرو نەفرەت ئەنجام دەدەن و تاوانباریان دەکەن بەوەی کە شیعە بڕوایان بەم قورئانە نیە، بەڵکو ئەوان بڕوایان بە قورئانی فاتیمە هەیە، کە ئەمەش قورئانێکە لەو قورئانە گەورەترە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا کۆکراوەتەوە و درێژەی هەبوە لەسەردەمی ئەبوبەکرو پاشان لە سەردەمی عوسماندا نوسراوەتەوە، لێرەدا نامەوێت بچمە ناو درێژەی ئەم بابەتەوە، چونکە ئەمە بەدرێژی لەناو هۆکانی ڕاگەیاندنی بیستراو بینراودا دەوترێت و شەڕێکی قورسە لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کە بەردەوام لێشاوێك لە جنێو و نەفرەت لەلایەن هەردوولاوە دژ بەیەکتر هەڵدەرێژرێت. لە واقیعدا هەریەکەیان هەوڵدەدەن کە مەزهەبی ئەویتر بگۆڕن، بۆ ئەم مەبەستەش پلانی داڕێژراو هەیە کە بەمیزانیەی گەورە پاڵپشتی دەکرێت، بۆ نموونە مسوڵمانان لە ئەفەریقادا هەموویان لەسەر مەزهەبی مالیکی بوون و هیچ

گرفتێكیان نەبووەو دژ بە مژدە دەرە مەسیحیەكان وەستاونەتەوە، بەلاَم لەم دواییانەدا دەبینین كە ریزەكانیان دووكەرت بووەو بەسەر شیعەو سوننەدا دابەشبوون و هەریەكەیان دژایەتی ئەوی تریان دەكات و بەم هۆیەشەوە لە نەیجیریاو هەندێ شوێنی تر گرفتی گەورە دروست بووە.

ئەوەی زیاتر قورەكەی خەست كردۆتەوە ئەوەیە كە رۆژ بەرۆژ شیعەو سوننە لەیەكتر دوور دەكەونەوە، لە رووی هەلۆیست و هەلسوكەوتەوە، بەتایبەتیش لە عێراق و سوریا، لە عێراقدا ئەهلی سوننە لەو بڕوایەدان كە دەسەلاتدارانی شیعە پلانێكیان بەدەستەوەیە بۆ لەرەگ دەركێشانی سوونەنە و دەركردنی بە زۆر، ئەو خۆپیشاندانانەش كاتی خۆی كە لە ئەنبارو موسڵ و صلاح الدین ئەنجام دران دژ بەم حاڵەتانە بوون.

بەلاَم هەلۆێستی شیعە لە ئێران و لوبنان و كەنداو پێچەوانەی ئەمەیە، لای ئەمان هەلۆێستەكە  قورسترەو بەهەموو شێوەیەكی ماددی و مەعنەوی لەلای ئێران و هێزەكانی تر پشتیوانی لە شیعە دەكەن و لە رووی سەربازیەوە بەچەك و پیاوانی سەربازی هاوكاری دەكرێن و بۆ ئەم مەبەستەش ئێران پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد دەكات و ناهێڵێت بكەوێت، بەلاَم سوننە پشتیوانی لەگەلی سوریا دەكات، كە كەوتۆتە بەر شالاَوی لەناوبردن و دەركردن، بەهەمان شێوەش لە بەحرەین بەرێوە دەچێت.

لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە ناهەموارەدا پێویستە ئێمە پابەندبین بە نەگۆڕەكانی یەكگرتن و نزیك بوونەوە، ئەویش بەم شێوەیە :

١- رێگرتن لەهەر لایەك كە بیەوێت هەریەك لەو حەوت خاڵە بوروژێنێت .

٢- حەرام كردنی رشتنی خوێنی هەریەكە لە شیعەو سوننە بەدەستی یەكترو داگیركردنی ماڵ و سامان و لەكەدار كردنی یەكتر و گەڕانەوە بۆ قورئان لە حەرام كردنی ئەم كارانە، چونكە پێغەمبەری خوا رشتنی خوێنی مسوڵمانی بەدەستی مسوڵمان حەرام كردووە .

٣- گواستنەوە لە هێرش کردنەوە بۆ کاری هاوبەش لە نێوان هەردوولادا و بڵاوکردنەوەی کتێبی بەسوود و پرۆژەی باش و بەستنی کۆڕو سیمیناری چالاك بۆ ئەوەی نزیکبونەوەی راستەقینە روبدات و هاوکاری یەکتر بکەن و بەردی بناغەی برایەتی راستەقینە دابرێژن.

٤- ئەو پەڕی کەڵك وەرگرتن لە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی نزیك کردنەوەی مەزهەبەکان، کە کۆمەڵی جیهانی بۆ نزیککردنەوەی مەزهەبە ئیسلامیەکان داویەتی، هەروەها بڕیارەکانی کۆمەڵە فیقهیەکان .

٥- خستنە ڕووی خاڵە بەهێزەکان بۆ نزیکبوونەوە.

٦- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر مەترسی جەنگی ئاینی کە پلانێکی جولەکەو رۆژئاوایە، روونکردنەوەی ئەوەی کە نزیك بونەوەی راستەقینە بەسودی گەورە دەشکێتەوە بۆ مسوڵمانان و ئوممەتی ئیسلامی، ئەمەش لە ڕێگەی پەروەردەوە دەبێت لەماڵ و مزگەوت هەتا زانکۆ و شوێنەکانی تر .

٧- گواستنەوە لە هۆشیاری هەمە لایەنە بۆ کلتوری کراوەو تێگەیشتوو بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی مرۆڤی باوەڕدار.

٨- دانانی کۆمەڵە کتێبێك کە باس لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولایەنەکە بکات و بەگیانێکی راستگۆیانە چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزنەوەو ئەمەش بەنیەتێکی باش و شێوازێکی سەرنج راکێش و لەسەر خۆو ئامانجداربێت.

# شەریعەت لە نێوان نەگۆڕو گۆڕاوەکاندا

گەلانی مسوڵمان ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە گەڕانە بە شوێن خاڵە هاوبەشەکاندا، کە ئەمەش بوارێکی فراوانە، هەموو مەزهەب و گروپە ئیسلامیەکان هاوبەشن لە بنەماکانی عەقیدەو ئیمان و ئەرکانە بنەڕەتیەکان لە (باوەڕ بەخواو فریشتەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر بەخێرو شەڕیەوە)، لە ئەرکانەکانی ئیسلامیش (دوو شەهادەتەکە، نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج) هاوبەشن ،هەموویان یەك قیبلەیان هەیە، هەموویان یەك کتێبیان هەیە کە قورئانە بەبێ جیاوازی، دوژمنی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، هەموویان بڕوایان وایە لە خاچ پەرستەکان و زایۆنیزم و عەلمانیەت و بێ بڕوایی و ... هتد دوژمنی هاوبەشیانن، هەموویان لەو بڕوایەدان کە کێشەی سەرەکی دنیای ئیسلام (قودس و فەلەستینە) هەموویان دەزانن کە دوژمنەکان جیاوازی ناکەن لە نێوانیاندا، ئەمەش لە دوایەمین ڕاپۆرتی پەیمانگای (ڕاند)ی ستراتیجی دەردەکەوێت کە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە داڕشتنی بڕیارلە ئەمەریکادا، بەدەق دەڵێت (هەموو مسوڵمانەکان تەقلیدی و ئوصولی و لیبڕالی و سۆفی و شیعەو سوننە ....هتد) پشتیان پێ نابەسترێت، نابێت سیاسەت مەدارانی ئەمەریکا هاوپەیمانیتیان لەگەڵ ببەستیت تەنها بەتاکتیك نەبێت بۆ ئەوەی گروپێکی مەترسیدار لەناو ببەین، هەموویان لەیەك سەبەتەدان، پاشان ئیسلامێکی نوێ پێشنیار دەکات کە پێی دەڵێت ئیسلامی دیموکراتی مەدەنی، کە بڕوای بە هەموو بنەمای بەها ڕۆژئاواییەکان هەیە، نموونەش بۆ ئەو ئیسلامە نوێ یە دەهێنێتەوە بە فیکری کەمال ئەتاتورك کە عەلمانیەتی بە زۆر سەپاندو دژایەتی ئیسلامی کرد و ڕێگەی لە بانگ گرت بەزمانی عەرەبی و زۆربەی

بانگخوازو و دادوەرو پێشەواو زانایانی لە سێدارەدا، ئەمە ئەو ئیسلامەیە کە پڕۆژەی زایۆنیزم و ئینجیلە نوێیەکان قبوڵیانە .

ئایا ئەو هەموو هاوبەشیانەی کە مسوڵمانان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە فەرزی ناکات لەسەریان کە ئەمڕۆ لەم بارودۆخە ناهەموارەدا لەبەرامبەر مەترسی دوژمنان بۆ سەریان کۆببنەوە؟ لەکاتێکدا دوژمنان وەك داڵە کەرخۆرە داباریونە سەر ئەم ئوممەتە، وەك ئەوەی کە لاکە تۆپیویان دۆزیبێتەوە، چارەسەری ئەم ئوممەتە لەوەدایە کەلەسەر خاڵە چەسپاوەکان کۆکبن و لە دەوریان کۆببنەوەو قبوڵی بۆچوونی جیاواز بکەن و بڕوایان بە گۆڕانکای هەبێت .

دەقەکانی شەریعەت لە دەقە یەکلاکەرەوەکان (قطعية)دا لەسەر چەند بنەماو ڕێسایەك دامەزراوە کە ئەوانیش بناغەی ئەم ئاینەن و سەرچاوەیەکە بۆ عەقیدەو بەهاو ئەخلاقە بەرزەکان و بنەماکانی مامەڵەو هەڵس و کەوت لەگەڵ هەموو خەڵك بەگشتی و ڕاڤەو وردکردنەوەکەشی داوە بە بەڵگە (گومانایەکان)(الأدلة الظنية) یان بۆچوون و ئیجتیهادی مرۆیی لە ژێر سایەو سێبەری بنەماو ڕێسا گشتیەکاندا .

بەم هۆیەوە شەریعەت هەستاوە بە کۆکردنەوەی ئەو نەگۆڕانەی کە گۆڕان قبوڵ ناکەن (واتە وەك پەیکەری ئێسقانی مرۆڤ وان) گۆڕاوەکانیش وەك حاڵەتە گۆڕاوەکانی مرۆڤ وان، لەبەر ئەوە شەریعەت گونجاوە لەگەڵ مرۆڤدا، چونکە بۆ مرۆڤ هاتوەو لەگەڵ ژیانی ئەویشدا گونجاوە (ألا يعلم من خلق وهو اللطيف الخبير)

مرۆڤ نەگۆڕە لە ڕاستی و جەوهەرو عەقڵ و نەفس و ڕۆح و پێکهاتەکان و پێداویستیەکانی لە خواردن و خواردنەوەو جلو بەرگ، (هەرچەندە جۆرەکانی جیاوزن بەڵام لە بنەما گشتیەکەیدا لەو کاتەوە کە خوا مرۆڤی دروست کردوە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە) بەڵام مرۆڤ گۆڕاوە لە مەعریفەو چۆنیەتی دەست گرتن و بەکارهێنان و زانستەکان و لە جۆرەها

جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوەدا، بەهۆی ئەم سیفەتە گەورەوە کە کەڵك وەرگرتنە لە عەقڵ و شتە گواستراوەکان، لە نێوان شتە گۆڕاوو نەگۆڕاوەکان، بەم هۆیەوە مرۆڤ هەموو چاکەی دنیاو دوا ڕۆژی تیادا کۆبۆتەوە، بەم هۆیەشەوە خۆشەویستی ڕاستەقینە تیایدا بەرجەستە دەبێت .

چونکە لەم کاتەدا ئێمە یەك دەگرین و کۆك دەبین لەسەر شتە چەسپاوەکان و پۆزش بۆ یەکتر دەهێنینەوە لەسەر ئەوەی کە جیاوازین، چونکە ئەمانە لە بواری گۆڕاوەکانن و زیاتر لە ڕایەك هەڵدەگرن، مەبەست لە چەسپاوەکان و و نەگۆڕاوەکان ئەو ئەحکامە ئیسلامیانەی کە بەبەڵگەی (یەکلاکەرەوەو نەگۆڕ یان بەرای کۆن کە ئوممەت لەسەری ڕۆشیتووە لە سێ سەدەی یەکەمدا) .

لەژێر رۆشنایی ئەمەدا نەگۆڕەکان بریتین لە شەش ئەرکانەکەی ئیمان (باوەڕ بەخواو فریشتەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر بەخێرو شەڕیەوە) پێنج ئەرکانەکەی ئیسلام (دوو شەهادەتەکە، نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج)

هەروەها بەهاو ڕەوشتە نەگۆڕەکان، بنەمای ئەحکامە گشتیەکانی خێزانن لە ئیسلامدا، ئەحکام و بنەما گشتیەکانی مامەڵەو جیهاد، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دادگاو هاوشێوەی ئەوان، بەکورتی هەر حوکمێك لە حوکمەکانی ئیسلام لە هەر بوارێکی ژیاندا ئەگەر دەقێکی نەگۆڕی لەسەر هەبوو، یان ڕای گشتی ئوممەت کە لەسەر بەڵگەی ڕەوان دانرابێت نەك (عورف) ئەمانە دەبێت ئیلتیزامیان پێوەبکرێت و لە ئاستیاندا کەمتەرخەم نەبین .

بەڵام گۆڕاوەکان مەبەست پێیان ئەو ئەحکامانەن کەپشت بەبەڵگەی گوماناوی (ظني) دەبەستێت (ئەو گومانە لە بەڵگەی دەقەکەو نەگۆڕ، یان لەیەکێکیاندا) یان بەهۆی

ئیجتیهادێکەوە یە کەپشت بە قیاس و مصالح المرسله یان عورف یان ئامانجەکانی (مقاصد الشریعة) یان هاوشێوەی ئەمانە .

بازنەی گۆڕاوەکانی لەفەتواو ئەحکامە فیقهیە گوماناویەکان زۆر فراوانە ، ئەو ئیجتیهادە فیقهیە ڕابردووەکان دەگرێتەوە سەرەڕای ئەوەی کە بوارێك هەیە پێی دەوترێت (ناوچەی لێبوردن) کە زۆربەڕونی قبوڵی گۆڕان دەکات و بەپێی ئەحکامە فیقهیەکان دەتوانرێت ڕایان لەسەر بدرێت ئیمامی حەرەمەین دەڵێت (زۆربەی شەریعەت لە ڕێگەی ئیجتیهادەوەیە و کە ئەمە دەکاتە زیاتر لە دە بەشی شەریعەت)

لەبەر ئەوەی کە ئیجتیهادە فیقهیەکانی پێشوی زانایان لەبەر ئەوەی رای گشتی لەسەر نیە، کەواتە دەکرێت پێداچوونەوەیان پێدابکرێت، بەڵکو پێویستە جارێکی تر لە بێژنگ بدرێنەوەو بەسودەکانی جیابکرێتەوەو باشترینیان بۆ ئەم سەردەمە هەڵدەبژێردرێت و پاشان لەسەر گۆڕەپانی ئێستا بخرێتە ڕوو بەڕونی و بەوردی .

پێویستە لە ئێستادا پیادا چوونەوە بکرێتەوە بە تێگەیشتنی ئەو دەقە گوماناویانە (ظنیة)، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی عەرەبی و ئصولی فیقهدا .

بەم جۆرە دەتوانین بگەینە ماناو فۆڕمی نوێ بۆ دروست کردنی ئەحکامی نوێ، کە لە کۆنەکان جیاوازبن یان کۆی گشتی زانایان باسیان نەکردووە، یان ڕای جۆراو جۆری لەسەر هەبووە . بەڵام ناوچەی لێبوردن (عفو) لەم شوێنەدا ئیجتیهاد دەبێت دروست بکرێت بەمەرجەکانی ئیجتیهاد و بنەماو ڕێسای خۆی .

**گۆڕاو نەگۆڕەکان یان بەرەسەندن لای پێشوەکان و کاریگەری لەسەر یەکبوون .**

مەبەست لە (سلف) پێشینەکان، واتە ئەو کەسانەی کەلە سێ سەدەی یەکەمی ئەم ئوممەتە ئیسلامیەدا ژیاون، ئەویش لە ڕێگەی پشت بەستن بەدەقو فەرموودەی عبدالله ی کوڕی

مەسعود کە دەڵێت (خير القرون قرني ، ثم الذين يلونهم ، ثم الذين يلونهم ) واتە: (باشترین سەدە ئەم سەدەیەیە کە منی تیا ئەژیم، پاشان ئەوانەی دوای ئەو و دوایش ئەوانەی دوای ئەوان) دێن

زانایان دەڵێن خێر بوون و چاکە بوون دەگەڕێتەوە بۆ نزێك بونەوە لە کانیاوی پێغەمبەرایەتی و پەروەردەی پێشەوامان محمد، کە سەرچاوەی پاکی و بێگەردیە، سەلەف سەر بە هیچ مەزهەبێك نیە و تایبەت نیە بە گروپێکی دیاریکراو، ئەهلی سەلەف ئەوانەن کە مەزهەبی بیروڕاو بۆچونەکانیان لە قورئان و فەرموودەوە وەرگرتووە .

خوای گەورە ویستی وابووە کە بنەماکانی فیقه و مەزهەبە مەعریفیەکان، لەئەو سەدانەدا دابڕێژرێت و گەورەترین زانایانی فیقهیش هەر لەو سەردەمەدا بوون، لەوسەردەمەدا بنەمای شارستانیەتی گەورە بنیات نراو ئوممەت بەهێز بوو، لەزانست و زانیاری و هونەرو کلتوردا پێش کەوتن و بونە ڕابەری هەموو جیهان، سەلەف لەوسێ سەدەیەدا زۆرترین گەشەو پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی، کە لەسەدەکانی دوایدا نموونەی نەبوو .

فیقهی ئیسلامی لە رووی تیۆری و پراکتیکیەوە گەشەی بەخۆوە بینی، توانیان هەموو شارستانیەت و فکرە جیاوازەکان وەربگرن و جارێکیتر بەپێی ئەحکام و رێساکانی شەریعەت دایبڕێژنەوە .

توانایان چارەسەر بۆ هەموو شتێك بدۆزنەوە و فیکری ئیسلامی توانی خۆڕاگربێت و گەشە بکات لە ڕێگەی چەسپاندن و گەشەپێدانی فیکرو بەرەو ڕووبونەوەی فیکرە جیاوازەکان لەبێ باوەڕی و شتی تر .

ئەویش بەپشت بەستن بەدەقی راست و عەقڵی باش، بۆ ئەوەی بگەنە قەناعەتی تەواو لە ڕاستی و دروستی دەقەکان و خزمەت کردن بە کۆمەڵگەی مرۆیی لەهەموو ڕویەکەوە .

# حەج چیەو شوێنکارەکانی چین ؟

**پرسیاری یەکەم: حەج چیە؟**

حەج بنەمایەکە لە بنەماکانی ئیسلام، هەرکەسێك جێبەجێی بکات ئەوا دەبێتە خاوەنی ئیمانێکی بەهێزو، هەر کەسێکیش پابەند نەبێت پێیەوە بەو مەرجەی کەبۆی دیاری کراوە لەوانە دادەنرێت کە لە رەحمەتی خوا دوور کەوتونەتەوە، هەرکەسێك وازی لێ بهێنێت ئەوە تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوەو شایەنی سزای خوایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَن كَفَرَ فَإِنّ اللّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ (سورة آل عمران٩٧ ) فەرموودەی زۆر هاتووە لە سەرگەورەیی و رێزی حەج، لەوانەش فەرمودەی (الحج المبرور ليس له جزاء إلاّ الجنّة) واتە: (حەجی وەرگیراو هیچ پاداشتێکی نیە تەنها بەهەشت نەبێت)، ئەمەش بەلای کۆمەڵێك لە زانایانی فەرمودەوە سەحیحە، هەروەها فەرمودەیەکی سەحیحی تر هەیە کە وەك باشترین کردار لەقەڵەمی دەدات.

شکۆو رێزی حەج زۆر گەورەیە، شوێنکارەکەشی بۆ دنیاو دوارۆژ گەورەیە، لەوانەش بەجێهێنانی یەکێکە لە فەرزەکان، بەئەنجام گەیاندنی گەورەترین شتە کە لە دوای جیهاد و ئیمان لە خوات نزیك دەخاتەوە، پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا کرد باشترین کردەوەیەك چیە؟ فەرموی (باوەڕ بەخواو پێغەمبەرەکەی، جیهاد لەپێناوی خوادا، پاشان حەجێکی پاك) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

حەج لە بەرامبەری جیهاددایە بۆ کەسێك کە توانای جیهادی نەبێت، وەك لە فەرموودەکەی عائیشەدا هاتووە (ڕەزای خوا لێبێت) کە بوخاری گێڕاوێتیەوە، دەڵێت: (باشترین جیهاد حەجێکی پاکە) .

حەج کۆمەڵێك سوودی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابوری هەیە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ﴾ سورة الحج ٢٨)

لە ڕاستیدا حەج قوتابخانەیەکی پەروەردەیی و ئارامگرتن و شێوازی مامەڵەیە لەگەڵ خەڵك .

پرسیاری دووەم: حەجی وەرگیراو چیە ؟

وەڵام: حەجی وەرگیراو ئەو حەجە پاکەیە کە ئەم مەرجانەی تێدابێت :

١- دڵسۆزی و نیەت پاکی و دروو‌بوون لە خۆدەرخستن و دووڕوویی .

٢- ئەنجامدانی بە پارەی حەڵاڵ، چونکە ئەگەر بەپارەی حەرام بکرێت پێی دەوترێت (لا لبيك ولا سعديك ، ملبسك حرام ، ومأكلك حرام) ، پیرۆز نەبێت لێت، جلو بەرگەکانت حەرامە، خواردنو خواردنەوەت حەرامە .... هتد .

٣- پەشێمان بونەوە لە تاوان و بوونی ئیرادەی بەهێز بۆ نەگەرانەوە بۆ سەری، دانی ماڵی خەڵك، گەڕاندنەوەی ماڵی هەرکەسێك کە لە گەردنیدایە پێش چونی بۆ حەج .

٤- ئەنجام نەدانی سەرپێچی شەرعی لە کاتی حەج و لە دوای حەج و ئەنجام نەدانی دوژمنکاری و شەڕو جنێو لەکاتی حەجدا ﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ﴾ سورة البقرة . ١٩٧) ، فەرمودەی (هەرکەسێك هات

حەجی ئەم ماڵەی کردوو خراپەو جنێوو کردەوەی خراپی نەکرد، وەك ئەو ڕۆژەی لێ دێتەوە کە لەدایك بووە) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە .

پرسیاری سێیەم:پەیامی حەج لەم سەردەمە جەنجاڵەدا چیە ؟

حەج کۆمەڵێك پەیامی گەورەی هەیە لە وانەش :

١- مسوڵمانەکان تەنها کۆمەڵن کە بەڕاستی خوابپەرستن و عیبادەتی بۆ دەکەن بەیەکتایی و بە گەورەی دەگرن و لە پێناویدا قوربانی دەدەن .

٢- پەیامی یەکبوونی لەهەموو دروشم و هەڵس و کەوت و عیبادەتەکان و جموجۆڵ و چالاکیەکانی، ئەم پەیامە جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکڕیزی مسوڵمانان کە دەبێت هەمووومان کاری بۆ بکەین، ئەمەش مانای وایە هەموو ڕەگەزەکانی یەکبوون لەم ئوممەتەدا هەیە کەواتە بۆچی جیاوازین ؟

٣- پەیامی ئەوەی کە دەبێت لەڕووی ئابوریەوە سودمەندبن ﴿لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ﴾ (سورة الحج ٢٨) کەڵك وەرگرتن بۆ یەکخستنی گوتار و ڕاوێژکردن .

پرسیاری چوارەم: چۆن حەج کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤی مسوڵمان دەبێت لە دوای حەج کردن ؟

یەکێك لەو شوێنکارانەی کە بەڵگەیە لەسەر وەرگیرانی حەج بریتیە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ژیانی حاجیدا ڕوودەدات لەدوای بەجێ گەیاندنی فەرزەکە، ئەمەش شوێنکاری گەورەیە بۆ وەرگیرانی، چونکە خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەست نیشانی ئامانجەکە دەکات کە تەقوایە ﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ﴾ (سورة الحج ٢٨) ئەم لە خوا ترسانەیە لە دەرونی مرۆڤدا کەهانی باوەڕدار دەدات بۆ دور کەوتنەوە لە تاوان، چونکە

ئەمە وات لێ دەکات (کە خوا ببەرستی وەك ئەوەی تۆ خوا ببینی، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێت)

چەند ئامۆژگاریەکی گشتی: داوا دەکەم لەو خوشك و برا بەرێزانەی کە دەیانەوێت حەج یان عەمرە بەجێ بهێنن ئاگاداری ئەم خالانە بن:

١- پاك کردنەوەی نیەت بۆ خوا، نیەتێك کەڕاست و دروست بێت و دوربێت لە دوو دووڕوویی .

٢- گەڕانەوەی تەواو بۆ لای خواو گێڕانەوەی مافەکانی خەڵك پێش ئەنجامدانی حەج.

٣- بە ماڵی حەڵاڵ حەجەکە بکات .

٤- هەڵسو کەوتی جوان و ڕەوشتی بەرزو جوڵانەوە بە بەها ئیسلامیە بەرزەکان لەگەڵ هاوڕێ و بەردەست و کرێکارو خەڵکی بازاڕو هەمو مرۆڤێك لە کۆمەڵگەدا، جوڵانەوە بەباشترین شێوە (وَلا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ) (سورة فصلت / الآية ٣٤)، چونکە دینداری مامەڵەیە، ئاستی بەرزی و نزمی ئیمان لە مامەڵەدا دەر دەکەوێت، لەڕاستیدا ئاین هەر خۆی ڕەوشت و مامەڵەی جوانە و دورکەوتنەوەیە لە شەڕو ململانێ و موناقەشەو غەیبەت و رق و مامەڵەی ناشرین .

٥- سەرقاڵبوونی دڵ و زمان بەناوی خوا لەهەموو بارودۆخێکدا بەتایبەتی لە عەرەفەو مونا، لەناو حەرەم، با حاجی ئەم فرسەتە لەدەست نەدات هەتا بە دڵێکی پاك و دور لە تاوان بگەڕێتەوەو وەك ئەو ڕۆژەی لێ بێتەوە کە لە دایك بووە، بۆ ئەوەی حەجەکەی پاك و بێگەرد بێت و لای خوا وەرگیراوبێت هەتا لە پاداشتیدا بەهەشت وەربگرێت .

# پلاندانان و کاریگەری لەسەر ژیانی باوەڕدار

ئەگەر سەرنج بدەیتە ئەم بونەوەرە ،لەوپەڕی داهێنان و جوانی و ڕێکخستن دایە، هەموو گەردو گەردیلەو وردیلەکانی تر لە ماددەکان بەپێی سیستمێکی زۆر وردو جوان و بەیاساو سیستمێکی سەرسوڕهێنەر جوڵەدەکات بە ئاڕاستەیەکی ئامانجدار، بەهۆی ئەمەشەوە ژیان و گەدوون دروست بوەو بە بەردەوامیش لە نوێبونەوەدان و وێنەیەکی جوانی بۆ ژیان دروست کردوە بەهەموو پێکهێنەرەکانیەوە، ئەمانە هەمووی بوونە ماددەی سەرەکی زانستە گەورەکانی دنیاو هەموویان لە چوارچێوەی شێکردنەوەو توێژینەوەو ناساندن و خستنە ڕووی ئەم یاسایانە کاردەکەن .واتە زانست تەنها کاری بریتیە لە خستنە ڕووی ئەو یاساو ڕێسایانەی کە خوا لە گەردووندا دیاری کردون، هەر لەبەر ئەوەشە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إنما يخشى اللهَ من عباده العلماءُ﴾

ئەم گەردوونە کە شوێنکاری بەدیهێنەری گەورەیە کە خوایە، لەهەمان کاتدا سەرمەشقێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ کە بەو ئاڕاستەیە شارستانیەت و تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاری پەرە پێ بدات، ئەمە لە ڕوی زانستی یەوە، لە ڕووی ڕێکخستنی سیستمی ژیان و بەڕێوەبردن و سیاسەتیشەوە، هانیان دەدات کە بە وردی کاربکەن و هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیدا دابنێن و کار لە پێناو گەشەپێدانی ژیانی خەڵك و هەموو زیندەوەراندا بکەن و زەوی بکەنە شوێنێك بۆ گەشەپێدان و ژیانی باش و خۆشگوزەرانیەکی باش. ئەگەر سەرنج بدەین پێشکەوتنی گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەبەستراوەتەوە بە ئەو سامانە سروشتیەی کە لە ژێر زەویەکانیاندایە .

بەڵكو پێشكەوتنی دەوڵەت و گەلەكانیان بەستراوەتەوە بە ئاستی بوونی پلان و ڕێكخستنی ژیان و بنیات نانی سیستمی سیاسی گەشەسەندو، بۆ ئایندەی وولاتەكەیان. بەمەش كۆمەڵگەیان پاراستووە لە ئاژاوەو دووبەرەكی و لە جیاتی ئەمە داهێنانیان كردووە لە هۆكانی پێشكەوتن و بەمەش ژیانێكی باشیان بۆ گەلەكانیان دابین كردووە، خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ ناوە بەوەی عەقڵێكی پاك و جوان و داهێنەری پێ بەخشیوە، كە بەسیستەمێكی زانستی زۆر وردو جوان كار دەكات، ئەم عەقڵە خوا بۆیە پێی داوین هەتا ببێتە سەرچاوەی ژیانی باش لە دنیاو دوارۆژدا، هەموو مرۆڤایەتی بەعەدالەت بەهرەمەندبوون لەم نیعمەتە گەورە، ڕۆژئاواییەكان ئەم عەقڵەیان لە پێناو داهێنان و گەشەپێدان و ئاوەدانكردنەوەی زەوی و داهێنانی سیستمی پێشكەوتوی زانستی جۆر بەجۆر بەكارهێناوە، بەم هۆیەشەوە توانیویانە ژیانێكی خۆش بۆ گەلەكانیان دابین بكەن، بەڵام گەلانی ئێمە لە جیهانی ئیسلامیدا لەسەر هەمان دۆخی خۆی مایەوەو عەقڵیان بەكار نەهێناو لە ئێستاشدا ئەم گەلانە دواكەوتوترین گەلانی جیهانن لە ڕوی سیستمی سیاسی و شۆڕشی زانیاری و گەشەپێدانی ئابوری، ئەگەر هەر لەسەر ئەم حاڵەتە بمێننەوە بارەكە بەرەو دواكەوتوو خراپتر دەچێت، ئەم وولاتانەی ئێمە لە سامانی سروشتی كەم نیەو یەكێكین لە دەوڵەمەندترین وولاتانی دنیا.

بەڵام لەبەرئەوەی عەقڵێك نیە ئیدارەی بكات و بەرنامەی بۆ دابنێت، بوەتە سەرچاوەی شەڕو ئاژاوەو دواكەوتوویی، عەقڵ پێویستی بە پەروەردەی تایبەتی هەیەو دەبێت لەم ڕێگەیەوە بە ئاراستەی خزمەت و گەشە پێدان و داهێنان بەگەڕبخرێت، چونكە ئەگەر بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا نەكەین دەبێتە ئالەتێك بۆ تێكدان و توندڕەوی و ئاژاوە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی مسوڵمانان و جیهانی ئیسلامی بدەین و بپرسین ئایا شوێنكارتان لەم ژیانەدا چیەو لە كوێی شارستانیەت و پێشكەوتنەكانی دنیادان؟

بنەمای پێشکەوتنی هەموو گەلێك بوونی پلان و رێکخستنی ژیانە لە ئایندەدا، خوای گەورە لە چەندان شوێنی قورئاندا سوێند بە گەورەیی کات دەخوات، وەك (والفجر، والضحى، والعصر، والليل)

پاشان قورئان باس لە ڕێکخستن و داهێنانکاری دەکات، خوای گەورە لە قورئاندا باس لە دوو مێروو دەکات ئەوانیش (هەنگ و مێرووله)ن، لە ناو ملیۆنان مێروودا هەڵیان دەبژێرێت و وەسفیان دەکات، ئەویش بەهۆی ڕێکخستنی وردی کاروجوانی داهێنانەکانیانەوە بۆ ژیانی خۆیان، و گەیاندنی سودێکی گەورەش بە دەرەوەی خۆیان، هەنگ لە ناوسکیدا خواردنێکی خۆش و جوان و رەنگاو رەنگ دروست دەکات، لەبەر ئەوەش کە لە ڕووی ڕێکخستنی کارەکانیەوە لە مێروله لەپێشترە خوای گەورە وەسفی دەکات (وأوحى ربك إلى النحل أن اتخذي من الجبال بيوتاً)

بەمە مرۆڤ لە دوای بیرو باوەڕو ئەخلاق، دەکەوێتە سەر شێوازی ڕکخستنی ژیان و ئەو داهێنانانەی کە هەیەتی لە هەموو بوارەکانی ژیان، مرۆڤ چەندە سود بەخش بێت و خاوەنی داهێنان بێت بۆ گەل و نیشتیمانەکەی، ئەوەندە نرخی بەرزدەبێتەوە، پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ خوا لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت : (لَا تَزُولُ قَدَمُ ابْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ وَمَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ وَمَاذَا عَمِلَ فِيمَا عَلِمَ)

لەم فەرموودەیەدا دوو پرسیار هەیە دەرەبارەی کات، دەربارەی تەمەن، پرسیارێك لە بارەی قۆناغی گەنجێتی یە، چونکە گەنجێتی قۆناغی داهێنان و بنیاتنانە، پرسیارێکی تریش دەربارەی هەموو ژیانی مرۆڤە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی ڕێکخستنی کات لە تەمەنی مرۆڤدا لای هەموووان روونە کە گەلانی رۆژئاوا لە سەدە کانی ناوەڕاستدا چەندە نقومی نەفامی و شەڕو ئاژاوەو دواکەوتوویی و نەفامی بوون، بەڵام دوای ئەوەی کە چوونە قۆناغی چاکسازی و چاکسازەکان دەستیان دایە چاکردنی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی فێرکردن و

بەرنامەی چاکسازی کۆمەڵگایان دانا، ئەویش لە ڕێگای پیرۆزکردنی کارواهێنان و ڕێکخستن، دوای ئەوەی ئەم گەلانە زیندوو بونەوە پێشکەوتن و گەیشتن بەو ئاستەی کە ئێستا تیایدا دەژین، پاشان گەلانی تریش چاویان لێ کردن و پێشکەوتن، بەڵام ئیستا ئێمە بارین بەسەر ئەم جیهانەوە، چونکە ئێمە لە جیهانی فەوزادا دەژین. ڕێزی کات ناگرین، ژیانمان ڕێك ناخەین، پلان و بەرنامەمان نیە بۆ ئابوری و سیاسەت و هەموو بوارەکانی تر.

هەموو شتێك دەدەینەوە پاڵ خواو بەقەدەری خوای دەزانین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە پشت بەستن نیە بەخواو تێنەگەیشتنە لەقەدەری خوا، چونکە خوا قەدەری نەکردوە هیچ گەلێك نەفام و نەزان و دوا کەوتووبێت، ئێمە هیچ پلانێك دانانێین بۆ ژیان، لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا هەر کارێکی ئەنجام بدایە، پلانی بۆ دادەنا، بیری لێ دەکردەوە، ئامانجەکانی دیاریدەکرد، دەبێت ئێمە گرنگی کات بزانین، چونکە کات ژیانە لە هەموو شتە بەنرخەکان بەنرخ ترەو شمشێرێکی تیژەو بەردەوام لەسەر گەردنمانە.

ئەگەر دەمانەوێت ڕێزی خۆمان و دەوروبەر بگرین، دەبێت ڕێز لە کات بگرین، دەبێت بەرنامەمان هەبێت بۆ نەوەی داهاتوو چۆن ڕێز لە کات بگرن، چۆن کاتەکان بەرهەمداربن، چونکە ئەمانە گەورەترین سەرمایەن، دەبێت پەروەردە بکرێن بۆ ئایندە، هەتا ژیانی ئایندەمان باشتر بێت بۆ ئەوەی ئەم گەلە لە ونبون و دواکەوتوییەوە بچێتە قۆناغی داهێنان، بەڕێوەبردنی کات لە جیهانی کارگێڕیدا گرنگترین شتە.

لە رووی ڕێکخستنی کاتەوە، پێویستە ئێمە لەگەڵ منداڵەکانماندا دابنیشین و لەسەر چەند شتێکی گرنگ وتوێژیان لەگەڵدا بکەین لەوانەش:

١- لەگەڵیاندا دابنیشین و بەرنامەیەکیان بۆ دابنێین بۆ دابەشکردنی کاتەکان بەپێی ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵ، لەم کاتەدا بەرنامەیان بۆ دابنێین بۆ کاتی گەشەپێدانی تواناکانیان و هێنانەدی خەونەکانیان.

٢- فیقهی ژیانناسیان تێ بگەیەنین و ئاڕاستەیان بکەین بۆ داهێنان.

٣- لەگەڵیاندا دابنیشین و باس لەو شتانە بکەین کە پێویستە لە ژیاندا بکرێتە ئامانج بۆ ئەوەی شتە بەسودەکان و زیانمەندەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە، ئەمەش بەڕێگەی گفتوگۆیەکی کراوە، زۆرجاریش ئەمە لە ڕێگەی قسەی خۆش و گاڵتەکردنەوە دەبێت، هەتا زیاتر گوێ بگرن، لەم کاتەدا زۆربەی گەنجانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی توانای گفتوگۆیان نەماوە، ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ هەر قوتابیەك بکەین دەبینین توانای نیەو دەرگا دادەخات و پاش چەند خولەکێك هیچی پێ نامێنێت، بەڵام ئەگەر لەسەر هەمان بابەت گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیەکی بەریتانی بکەین، توانای هەیە چەندان سەعات گفتوگۆ بکات و هیلاك نابێت، ئەم گەلانە بەرەو ئایندەیەکی تاریك و نادیار هەنگاو دەنێن، چونکە ئێمە بەرنامەی ژیانمان لێ تێکچووە، نازانین پلان بۆ ئایندە دابنێین، خوای گەورە لە سورەتی (ألانشراح) باسی لە ڕێگەی بەختەوەری دەکات، کە بەختەوەری دەرون و ڕۆحە و ئەویش بەکارودانانی پلانی ئامانجدار وەسف دەکات (فإذا فرغت فانصب) ئەم ئایەتە باس لە دوو کۆمەڵە ئامانجی گرنگ دەکات، پێویستە سەرەتا مرۆڤ پێش دەست پێکردنی هەرکارێك ئامانج دیاری بکات و پلانی بۆ دابنێت، لە دوای تەواو بوونی هەرکارێکیش دەبێت پلانی کاری دوای ئەوە دابنێت، ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە ژیانمان ڕێك بخەین، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ئەو باوەڕدارەین کە خوا دەیەوێت، چونکە مرۆڤێك کە خۆی بەبەندەی خوا بزانێت، دەبێت هەڵگری سیفاتەکانی خوابێت و رەوشت و مامەڵەو ژیانی بەو ئاڕاستەیە گەشە پێ بدات ئەو کاتەش ئەو فەرمودەی خوا دێتەدی کە دەفەرموێت (کنتم خیر أمە أخرجت للناس)

ئەمە هاندانی باوەڕدارانە بۆ ئەوەی ببنە پێشەنگی گەلانی جیهان لە پاکی و چاکی و شارستانیەت و شۆڕشی زانیاری ئەم کارەش بەتاکێکی هۆشیارو بەئاگاو خوێندەوارو دڵسۆزو ڕەوشت بەرز دەکرێت، نەك نەخوێندەوارو نەزان و نەفام و دواکەوتوو هەژارو نەدارو بێ تواناو پەککەوتوو .

# بەگەڕخستنی عەقڵ و گرنگی لە گەشە پێدانی ژیاندا

لە بەرئەوەی عەقڵ گەورەترین نیعمەتە کە خوای گەورە بە مرۆڤی داوە، هەر ئەم عەقڵەیە ئەگەر پەروەردەی باش بکرێت و ئاڕاستەی ئیجابی وەربگرێت ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە بنیاتنانی تاك و کۆمەڵگە، بیرکردنەوە کە بەرهەمی عەقڵە بریتیە لە بنەمای ژیان، جوڵێنەری ئیرادەی مرۆڤە، ئاڕاستەی دەکات بۆ چاکەو دەیگێڕێتەوە لە خراپە کانیاوی خێرو چاکەو شەڕو نەهامەتیە، قورئان زۆر گرنگی بەعەقڵ و بیرکردنەوە دەدات، لە چەندان ئایەتدا ووشەکانی عەقڵ، بیرکردنەوە، تێرامان، روانین، فیکر، زۆر جاریش (قلب) لە قورئان و فەرمودەدا هاتووە، کە مانای عەقڵ دەگەیەنێت.

لە زیاتر لە ٦٠٠ ئایەتدا قورئان باس لە ئەحکامی تەشریعی و تەکلیفی دەکات، ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فیکر ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بنیات نانی تاك و گەلداو ئەمەش بنەمایە بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەو شارستانیەتێکی پێشکەوتوو چونکە ئەگەر تاکێك یان کۆمەڵگەیەك خاوەنی بیرکردنەوەی ستراتیجی نەبێت، ئەوا ئەو گەلە ڕولە ئاڵۆزی و پشێوی دەکات، ئارامی بە خۆیەوە نابینێت، ژیان تیایدا گران دەبێت و بەرەو نادیار هەنگاو دەنێت و نازانێت ئامانجەکانی چین، کاتێك دەتوانین هەست بە ناتەندروستی فیکر بکەین، ئەگەر سەیری شوێنکارەکانی بکەین، لەو کاتەدا مرۆڤ هەست بەبەر پرسیارێتی ناکات، هەستی ناجۆر بەرامبەر کارو کردەوە نابەرپرسیارەکانی، بەتایبەتیش بەرپرسیارێتی ووشە، ئەگەر مرۆڤ هەڵگری فیکرێکی ئیحابی بێت لەکارو کردەوەو ڕەوشتیدا، مرۆڤێکی هاوسەنگ و بەرپرسیار دەردەکەوێت هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و ژیانێکی ئارامی هەیە .

چونکە ئەو کەسە بۆ ژیان ئامانجی بەرز دیاری دەکات و بەڕێگەی عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی ڕێکخراوو بەرنامە بۆ داڕێژراو هەوڵی بەدیهاتنیان دەداات، واتە هەوڵ دەدات بۆ ئەو مەبەستەی کە زانایان ناویان ناوە (فیقهی مألات) ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لە فەوزاو ئاڵۆزی لە شەڕو کوشتار لە کۆمەڵگاکاندا، ئەمە مانای وایە ئەم گەلانە بە ئاڕاستەی فەوزا هەنگاو دەنێن، شارستانیەت تەنها بە ناو دەزانن و لە پێشکەوتن و ژیانی سەردەم تێ ناگەن، ئەمەش مانای وایە خاوەنی فیکری تەندروست نین، چونکە عەقڵ سەرچاوەی شارستانیەت و پێشکەوتنە، بەرەو رابەرایەتی جیهان هەوڵ دەدات، هیچ شتێك ساردی ناکەتەوە .

بەبیرم دێت لەکاتی منداڵیدا پرسیارێکم لە مامۆستای زانست کردو ووتم مامۆستا بۆچی موگناتیس ئاسن بۆ لای خۆی کێش دەکات بەڵام ئاسن ئەو کارە ناکات، لە کاتێکدا کە هەردووکیان ئاسنن؟ مامۆستا کە پێکەنی ووتی : بەڵێ کوڕم پرسیارەکەت بە جێیە، موگناتیس تەنەکان بۆ لای خۆی کێش دەکات، چونکە گەردیلەکانی ڕێکخراون، هەموو گەردیلەکان بەیەك ئاڕاستە ئیش دەکەن، بەهۆی ئەم ڕێکخستنەوە توانای کێش کردنیان بۆ دروست بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی گەردیلەکانی ئاسن ڕێکنەخراون توانای کێش کردنیان نیە.

ئێستا ئەم گەلانەی ئێمە سیفەتی ئاسنیان هەیەو هەرکات ئەمەریکا یان رووسیا بیەوێت بۆ لای خۆی کێشیان بکات، بەرژەوەندی لەهەر شوێنێك بێت ئەوان لەوێن، نازانێ بەرژەوەندی خۆی لە چیدایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شەش یەکی قورئان باس لە بیرکردنەوەو عەقڵ دەکات. وەحی زۆر گرنگە بۆ پێکهێنانی ئوممەت، بەگەڕخستنی عەقڵ، مانای پەڕاوێز خستنی وەحی ناگەیەنێت، چونکە وەحی خۆی فەرمان بە بیرکردنەوەو بەگەر خستنی عەقڵ دەکات، قورئان بۆ خۆی ئەوەمان پێ دەڵێت کە تاکە سیفەتێکی گرنگ کە مرۆڤ لە ئاژەڵەکان جیا دەکاتەوە بوونی عەقڵ و بیرکردنەوەیە، چونکە تاکە سەرچاوە بۆ گەیشتن بە خواو باوەڕ هێنان پێی لە ڕێگەی عەقڵ و بیرکردنەوەوەیە، لەم ڕوانگەیەوە جیاوازیەك

نیه له نێوان عەقڵ و ئیماندا، ئیسلام فەرماندەکات به بەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوە، ئەویش بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە بنەمایەکی پتەو بۆ ئیمان و باوەڕێکی دامەزراو وەك دەفەرموێت ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ* الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَي جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾

له دوای ئەوەی که تێڕامان و بیرکردنەوە دروست دەبێت له ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەو ڕۆژ، ئەو کاتە ئیمان دروست دەبێت (ربنا ما خلقت هذا باطلاً)

بیرکردنەوە دەمانگەیەنێتە باوەڕێکی پتەو بەخواو، دەمانگەیەنێتە کەناری ئارامی باوەڕ، ئەویش به فەرمانی وەحیەك که لەلایەن خواوە هاتووە، عەقڵ و فیکر هیچیان بۆ خۆیان سەر بەخۆ نین، بەڵکو له ژێر سێبەری وەحیدا کار دەکەن، به ڕووناکی ئەو هیدایەت وەردەگرن .

لەچرای ئەوەوە رۆشنایی وەردەگرن و ئەگەر عەقڵ بەو جۆرە بیر بکاتەوە که خوا دەیەوێت چاکەی دنیاو دوارۆژی پێ بەدەست دێت، بەڵام ئەگەر فیکر ناتەندروست بێت، ئەو کاتە شوێنکارەکانی نا دروست دەبن، قورئان باسی وەلیدی کوڕی مەغیرەمان بۆ دەکات کاتێك گوێی له قورئان گرت و له کاتێکدا که بۆ ئەبو جەهل گێڕایەوە به خراپ باسی کرد، واتە خراپەی بۆ جوان کرد، ئەمەش بوە مایەی ئەوەی که ئەبو جەهل هانبدات که جوێن به پێغەمبەرو یاران بدات، ئەمە بیرکردنەوەیەکی ناتەندروست بوو  که شوێنکاری خراپی لێ کەوتەوە، ئەویش سەر شۆڕی بوو له دنیاو سزای سەخت بوو له دوا ڕۆژدا ، خوای گەورە بەم جۆرە بۆمان باس دەکات، ﴿إِنَّهُ فَكَّرَ وقَدَّرَ * فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ * ثمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ﴾

واتە بەر نەفرەتی خوا کەوت، بەهۆی بیرکردنەوەی خراپەوە، کوژراش بەهۆی هەڵوێستە نادروستەکانیەوە، لەم کاتانەدا که مرۆڤ دەزانێت لەسەر ڕێبازێکی هەڵەیە، دەبێت بەخۆیدا

بچێتەوە، سەر سەزەنشت و لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا بکات بەشێوەیەکی تەندروست بیر بکاتەوە .

ئایا بیرکردنەوەی نا تەندروست چیە ؟ ئەوەی کە مرۆڤ تەنها بەرژەوەندی خۆی لەبەر چاوبێت، تەنها بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی و پلەو پایەکەی بپارێزێت، بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی و گەل ببینێت، تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە بەڕێوبەرەکەی لێی ڕازیبێت، ت بەم جۆرە بیرکردنەوەیە توشی موجامەلەو دوڕویی دەبێت.

ئەو جۆرە مرۆڤە لە رێزو کەرامەتی دێتە خوارو، مرۆڤێکی بێ سەنگ و سوك دەردەکەوێت، مرۆڤ پێویستە پارێزگاری لە رێزو کەرامەتی خۆی بکات، هەرکەسێك لە پێناو دەسەڵات و ساماندا خۆی سەر شۆڕ بکات، لە ژیاندا سەرکەوتوو و خۆشبەخت نابێت، ئایا سوودی سامانێك چیە کە کەرامەتی خۆی لە پێناودا دابنێت، ئایا نرخی دەسەڵاتێك چیە کە بە سەر شۆڕی دەستت بکەوێت و ببێتە کۆیلەی ستەمکاران، ئەمانە هەمووی سەر شۆڕی دنیاو ڕسوایی دواڕۆژن .

ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بە مرۆڤی ئازادو ئازاو بە ئیرادە هەیە، تەنها مرۆڤە ئازاکانن دەتوانن شارستانیەت بنیات بنێن لەبەرئەوەی مرۆڤەکانی ئێمە مرۆڤی ئازاد و بە ئیرادە نین، نەیانتوانیوە دنیایەکی باش بنیات بنێن، ئاین مانایەکی بەجوان کردنی ژیان نە داوە، ئاین لای ئێمە تەنها بوەتە توقوس و وەرزشێکی رۆتینی لە ماناکانی بەتاڵ بووەتەوە، نوێژەکانمان نابنە هۆی دورکەوتنەوە لە خراپەکاری، زەکات نابێتە هۆی پاکردنەوەی دەرون، رۆژو نامانگەیەنێتە پلەی خواناس و لە خواترسەکان، حەج نامانکاتە مرۆڤێکی نوێ و هەربەردەوام دەبین لەسەر خراپەو تاوان و زوڵم و جنێودان و سوکایەتی کردن بەبەرامبەرو خواردنی مافەکانیان، زۆربەمان ئەم وێنەیەمان بۆ ئاین دروست کردووە .

له بواری ژیانی دنیاشدا، پەرتەوازەیی و بێ سەنگ له نێو گەلان و سەرشۆڕین بۆ دوژمنان، بە جۆرێك كە ئێستا ئیمپریالیزم بە شێوازێكی نوێ گەڕاوەتەوەو داگیری كردوین، لەڕوی ئەخلاق و بیركردنەوەو بازارو پەروەردەو سیاسەت و كلتورەوە بوینە پەڕاوێزی گەلانی تر ،بەمەش هەموو سەر بەرزی و ئازادی و كەرامەتێكمان لەدەست داوە .

ئەمەریكا ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری دا بە ڤلیپین بۆ ئەوەی بنكەیەكی سەربازی لەسەر زەویەكەی دابنێت، بەڵام ڕێگەی نەدا، بەمەش كەرامەتی گەلەكەی پاراست .خوای گەورە ڕازی نیە بە حاڵی ئەم گەلە مسوڵمانانە، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو پیا چوونەوە بە جۆری بیركردنەوە بكەین، لەسەر بنەمایەكی ستراتیجی بیركردنەوەی تاك و كۆمەڵگە بنیات بنرێتەوە، بەم ڕێگەیەش دەتوانین گەلەكەمان بەرەو ئارامی و ئاسایش و گەشەپێدانی هەمە لایەنە بەرین و كۆمەڵگەیەكی بەختەوەر دروست بكەین .

# کۆچی پێغەمبەر هیوای ئاینده به ئوممەت دەبەخشێت

ئەگەر سەیری ژیانی پێغەمبەری خوا بکەین لە بزاوت و هەڵسوکەوت و مامەڵە و جەنگ و...هتد، هەمووی پێشەنگ و وانە و عیبرەتە، گەلانی مسوڵمانیش پێویستە بیکەنە پێشەنگ و سودی لێ وەربگرن، چونکە خوای گەورە کردویەتیە ڕابەرو پێشەوا بۆمان، ئەگەر سەیری کۆچی پێغەمبەر بکەین کە کۆچی کرد لەگەڵ و نەتەوەو ماڵ و زەوی و خزم و هەموو شتەکانی، هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەر کە قوربانیاندا بەهەموو شتێك و لە پێناوی خواو سەرخستنی دینەکەیدا هەموو توانایەکی خۆیان سەرف کرد، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ سەیری خۆمان بکەین زۆر دورین لە ئەم ڕابەرو پێشەوا گەورانە و نەمانتوانیوە سودیان لێ وەربگرین، بۆ نموونە بێ هیوانەبوین لە(لا تحزن إن الله معنا) واتە خەفەت مەخۆن خوا لەگەڵمانە، مرۆڤی باوەڕدار دەبێت بەردەوام بەهیواوە بژی، نابێت بێ هیوایی ڕووی تێ بکات، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەهۆی ئەم بارودۆخەوە زۆربەی خەڵك بێ هیوایی ڕوی تێ کردووە، ئوممەتی ئیسلامی رووی لە لاوازی کردووە، پەرتەوازە بوون، ئەم ئوممەتە ناتوانێت هیچ بکات، نە لە عێراق و نە لەیەمەن و نە لەسوریا، ئەگەر سەیری فەڵەستینیش بکەین ئەوە هیچ ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانێت بەرامبەر دەرەوەی خۆی هیچ بکات، ئێستا سەرقاڵە بە خۆیەوە پلانە نێودەوڵەتیەکان و زلهێزەکان لە دژی خۆی جێ بەجێ دەکات، دەستیان داوەتە کاولکردن و کوشتنی یەکترو دوژمنانیش هانیان دەدەن و دڵخۆشن بەو هەڵسوکەوتانەیان لەم کاتەدا دەتوانین وانە لە کۆچەوە فێر ببین، سەرەتا کە پێغەمبەر هات، تاکێك بوو کەسی لەگەڵدا نەبوو غەیری خوا، پاشان ئەبو بەکر و عەلی و خەدیجە مسوڵمان بوون لە دوای ئەوەی کە مسوڵمانبوون قوربانیان بەهەموو شتێك دا دەرکران ،کوژران، لێیان درا، هەژار کەوتن، ئەو کاتە کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە

مسوڵمانان ئەو هەموو سەرکەوتنانە بەدەست دەهێنن و ئیسلام و مسوڵمانان بەسەر دوو ئیمپڕاتۆریەتی گەورەدا سەردەکەون و ئیسلام دەگاتە هەموو جیهان .

لە ئێستادا بانگی ئیسلام لەهەموو خولەکێکدا لە وولاتێك دەبیسترێت و کات نیە لەسەر زەوی بانگی تیا نەدرێت، هەموو ئەم دەستکەوتانە بەخەبات و خۆڕاگری و ئیرادە بەرزی کەسێکەوە دەستی پێکرد، پاشان کۆچ دەستی پێکرد، چونکە قورەیش نەیاندەتوانی بەرگەی بلاّو بونەوەی ئەم دینە بگرن، پێغەمبەری خوا بەئیمانی بەهێز پلانی ئوممەت و سور بوون لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکەو بەتاڵ کردنەوەی پیلانی دوژمنان دەستی بەکارەکەی کرد، هەروەك هاوەڵێك لەجەنگی بەدردا ووتی ئایا مانەوەمان لێرە وەحیە یان فێڵی جەنگ ؟ووتیان نەخێر فێڵی جەنگە .

ئەوان فێڵ دەکەن، ئێمەش فێڵ دەکەین، لەم کاتەدا ئێمە زۆر پێویستمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ مەنهەجی خواو وەحی و شوێن کەوتنی ژیاننامەی پێغەمبەر ، لە هەمانکاتدا دەبێت عەقڵ بەگەڕ بخەین و خاوەن پلانی ستراتیجی بین و دوژمنەکانمان بناسین و پلانەکانیان شارەزابین و بەتێگەشتنێکی نوێ بۆ سیاسەت و ئابوری بتوانین ڕوبەرویان بینەوە .

# چارەسەر لە دەسەڵاتی چاکدایە

لەلای هەمووان بە هەموو چین و توێژەکانەوە، ئەو پرسیارە دەربارەی واقیعی کۆمەڵایەتیمان دەکرێت، ئایا هۆی ئەوە چیە کە ئەم ئوممەتە گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی کە دوژمنان لە هەموو لاوە بەسەریدا زاڵ بوون و کەوتۆتە ژێر چەپۆکیان؟ ئایا هۆکاری ئەوە چیە کە ئیرادەی لە دەست داوەو بە شێکیشیان کەوتونە جێبەجێکردنی پلانی دوژمنان، دەڵێن ئەم جەنگەی کە ئێستا بەڕێوە دەچێت، جەنگێکی بێ هودەیە، مەبەستیان ئەوەیە کە بڵێین دوژمنان تێکمان دەشکێنن بەبێ ئەوەی زیانێك بکەن، بەڵام من دەڵێم ئەم جەنگە جەنگێکی قازانج ویستە، چونکە ئەگەر سەیری دیمەنە دڵتەزێنەکانی ئەم جەنگە بکەین، دوژمنان بەتێکشکاندنی ئێمە قازانج دەکەن، سەروەت و سامان دەدزن، ئەو جەنگە بەپارەو سامانی ئێمە دەکرێت ، لێرەدا دەکرێت بپرسین سودی ئێمە چیە ؟

هەرهەمان قورئان و هەمان فەرموده کە بۆ هاوەڵان دابەزیوە هەمان شت لەبەردەستی ئێمەدایە، بۆچی ئەوان بوونە پێشەنگ و ڕابەر لە جیهاندا و شارستانیەتێکیان دروست کرد بۆ ئێمە ناتوانین.

نە گۆڕەکانی ئیسلام لەو کاتەوە کە پێغەمبەری خوا بانگەشەی بۆ دەکرد هەتا ئێستا هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهاتووە، پێغەمبەری خوا کاروبارەکانی دنیای پەیوەست دەکردەوە بە سوننەتە گەردونیەکان، گرنگترین سوننەتی خواش لە بواری چاکسازیدا ئەوەیە کە چاکسازی لە ئەم ئوممەتە ئیسلامیەدا روونادات تەنها بە چاکسازی نەبێت لە سێ سیستمی بنچینەیدا ئەوانیش، سیستەمی سیاسی و سیستەمی پەروەردەو سیستمی ئاینیدا، ئەمەش بە درێژایی مێژوو ئەزموونە جۆربەجۆرەکان ئەمەیان سەلماندووە،

مەسەلەی چاکسازی سیاسی هەر لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە درێژەی هەیە، ئەم کێشەیە هەر لە سەردەمی ئادەم (خوای گەورە لێی رازی بێت) لە کاتێکدا کە شەیتان ویستی بە دوو شتی بنەڕەتی لە خشتەی بەرێت کە ئەوانیش نەمری و بەردەوامی و سیاسەت و کلتوری بوو ﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَى﴾ لێرەدا جیاوازیەکی گرنگ هەیە لە نێوان (المِلك والمُلك) (المِلك) تایبەتە بە دەست هێنانی سامان، بەڵام (المُلك) واتە بەدەست هێنانی دەسەڵات و سامان، بێگومان هەر کەسێکیش دەسەڵاتی دەست بکەوێت، بەتایبەتیش ئەگەر دادپەروەر نەبێت، شەیتان توانی لە ئەم دوو رێگەیەوە بچێتە ناو دڵی پێغەمبەر ئادەمەوە بەم هۆیەشەوە هەموو شەریعەتەکان هاتن، بەتایبەتیش شەریعەتی ئیسلامی بۆ چارەسەری ئەم دوو شتە مەترسیدارە، چارەسەری حەزی نەمری و مانەوەی کرد بە بیر خستنەوەی مرۆڤ و باس کردن لە رۆژی دوایی کە چاکترین و باشترین ماڵە بۆ مانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیسلام باوەڕ بوون بە رۆژی دوایی کردۆتە بنەمایەکی بنچینەیی لە ئەرکانەکانی ئیمانی تەواو، بیری مرۆڤ هەرچەند تەمەنی درێژ بێت دەبێت رۆژێك ئەم دنیایە بەجێ بهێڵێت ﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِن مِّتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ﴾ چارەسەری دووەم بۆ کێشەی دەسەڵات و سیاسەت ئەو گرفتەی کە فەیلەسوفەکانی یۆنان و ڕۆمانی شەکەت کربوو، هەستیان بەمەترسیەکەی کردبوو، بەشوێن رێگە چارەیەکدا دەگەڕان بەڵام سەد مەخابن نەیانتوانی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

ئیسلام هات چارەسەری بۆ هەموو گرفتەکانی جیهان دانا، بەڵام بەداخەوە لە بواری دەسەڵات و سیاسەت دا نەمانتوانی سەرکەوتووبین و درێژەی پێ بدەین و وەك خۆی بیهێڵینەوە، لە دوای دەسەڵاتی خەلیفەکانی راشدین کە نزیکەی ٣٠ ساڵی خایاند، دەسەڵات گۆڕا بە دەسەڵاتێکی ستەمکارو هەتا ئێستاش ئەمە درێژەی هەیە ئەم ستەمکاریەش سەرچاوەی هەموو لاوازیەکانە، لەکاتێکدا کە دەسەڵات ستەمکار بێت، بەسەر گەلەکەیەوە ناتوانێت لە ناوخۆدا کورسیەکەی بپارێزێت، دەبێت پەنابەریت بۆ دوژمنان کە هاوکاری

بکەن لە سەرکوت کردنی گەلەکەیدا، ئەگەر سەیری مێژوو بکەین بەتایبەتیش گەلانی ئەوروپی، دەتوانین بڵێین یەکێك لە گەورەترین نهێنیەکانی ڕێنسانس و پێشکەوتنیان، کە پێشتر چەند سەدەیەك لە ژێر تالاّوی شەڕی ئاینی و ناوخۆیی دەیانناڵاند توشی زۆر نارەحەتی بوون، بە سود وەرگرتنیان لە ئەو چاکسازیەی کە لە ئاینی ئیسلامدا هەبوو، لە ڕێگەی شارستانیەتی ئەندەلوسەوە تێکەڵ بە گەلانی مسوڵمان بوون سودێکی زۆریان لێ وەرگرت پاشان دەستیان کرد بە ڕیفۆرمی سیستمی سیاسی و فێرکردن و ئاینی کە کە نیسە رابەرایەتی دەکرد و ڕێگەی لێ دەگرتن لە زانست و پێشکەوتن، لەدوای ئەمەوە شارستانیەتێکیان دروست کرد کە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایەك بوو، هەموو کەس دڵی بۆی دەچوو بە عەقڵ لەگەڵیدا بوو، خوای گەورە چارەسەری هەموو شتێکی لە ئەم ئاینەدا بۆ ئێمە داناوە وەك دەفەرموێت (اليوم أكلمت لكم دينكم) خوای گەورە ئەم ئوممەتەی داناوە بەباشترین ئوممەتی جیهانی ئەویش بۆ سود گەیاندن و ڕێنمایی لە ڕێگەی بەهاو هەڵسو کەوت ڕەوشتەوە، نەك بەنەتەوەو رەگەزیەوە.

پارێزگاری لە فیکرەکەی دەکات لە ڕێگەی فەرمان بە چاکەو گێڕانەوە لە خراپە، ئەم عەقیدەیە کە مرۆڤی باوەڕدار هەڵیدەگرێت لە ڕێگەی فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە دەیپارێزێت لەوەی ببێتە کەسێکی زاڵم و ستەمکار، هەروەها لە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان دەیپارێزێت، فێری ئەوەمان دەکات کە چارەسەری هەموو گرفتەکانمان لە (دەسەڵاتی چاك) دایە، دەسەڵاتی چاك ئەوەیە کە دەسەڵاتدار بە ئاڕاستەی چاکەی گەلەکەی خزمەتکردنیان هەنگاو بنێت هەوڵبدات کە ئامانجەکانی مرۆڤ لە جێنشینی لەسەر زەویدا بهێنێتەدی، کە ئەویش پەیامی خوایە بۆ مرۆڤ کە دەبێت زەوی ئاوەدان بکاتەوە لە رووی دڵ و جەستەوە، ئاوەدان کردنەوەی گەردون بە سوننەتە خواییەکان، ئەمە بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە لە ئەستۆی بەرپرسان و دەسەڵاتداراندایە، چونکە ئەگەر مرۆڤ چاودێرێکی ناوەکی لە دەروندا نەبێت، یان هێزێك و دەرگایەك نەبێت لە دەرەوە بۆ چاودێری ئەوکاتە گومرادەبێت و ستەمکار دەردەچێت هەر چەند باش و چاك بێت، چونکە شەیتان هەموو شتێکی لەبەر

چاو جوان دەکات (الغاية تبرر الوسيلة) ستەمکار پشت بەهەموو هۆکارێك دەبەستێت بۆ پاراستنی کورسیەکەی، هەر ئەمەش بوو کە وای لە براکانی یوسف کرد کە هەرچەند لەماڵی پێغەمبەرێکدا ژیابوون، بەڵام شەیتان کارەکەی بۆ جوانکردن و رێنمایی کردووە بۆ خیانەت و بیریان لە دوو رێگە کردەوە، کەیان بیکوژن، یان شار بەدەری بکەن بە جۆرێك کە نەتوانێت جارێکی تر باوکی بدۆزیتەوە ﴿يخل لكم وجه أبيكم، وتكونوا من بعده قوماً صالحين﴾

ئەم شتە بۆ هەموو کەس راستە کە لە دەسەڵاتدا بێت و ئەگەری ئەوە هەیە روو بکاتە گەندەڵی دارایی و کارگێری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە مرۆڤ هەرچەند پاك و چاك بێت نابێت بەتەنها بەجێی بهێڵێت، چونکە ئەو کەسە هێزو توانای هەیە، لەبەرئەوە دەبێت وەك دەرونی مرۆڤە کە ملکەچی دین بێت، لەدەرەوەش دەبێت بەیاسا چاودێری بکرێت، نابێت دەسەڵاتدار بدرێتە هەستە ئاینیەکانی خۆی (هەرچەندە ئەمە زۆر گەورەیە) ئەگەر سەیری حەزرەتی ئەبو بەکر بکەین لەیەکەم بەیانی سیاسی وەرگرتنی دەسەڵاتدا پابەندی ئەمە بووە، پاش ئەوەی مسوڵمانان هەڵیان بژاردو بە خەلیفە لە مزگەوتدا مسوڵمانانی کۆکردەوەو پێی وتن (ئەی خەڵکینە من بوم بەپێشەوای ئێوە، بەڵام لە ئێوە باشترنینم ئەگەر منتان بینی لەسەر راستی بوم هاوکاریم بکەن، ئەگەر بینیتان لار بوم راستم بکەنەوە) .

چاودێری کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەموو دەسەڵاتدارێکی ستەمکار، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش کە خۆی فەرز دەکات بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیمان، دەڵێم: نەگبەتی گەورەمان ئەوەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا (دەسەڵاتێکی چاك) نیە.

دڵنیاش بن کە ژیان و گوزەرانی ئەم ئوممەتە ڕوو لە باشی ناکات تەنها بە ڕیفۆرمی سیستمی سیاسی و پەروەردەیی و ئاینی نەبێت گومانی تیادا نیە کە سیستمی ئاینیمان،

سیستمی ژیانە و تەنها هۆکاری مانەوەمان بە چاکی و چارەسەریشە بۆ هەموو گرفتەکانی لە هەمووکات و شوێنێکدا .

بەڵام گرفتی ئێمە لە تێگەیشتنمانە لە دین، چۆنی تێی دەگەین ؟ چۆن جارێکی تر دایدەبەزێنینەوە؟ لە چ ڕێگەیەکەوە؟

دەبێت گەورەترین ریفۆرم لە دەسەڵاتەوە دەست پێ بکات، چونکە ئەوان کاروباری ووڵات دەبەن بەڕێوە، دەبێت ئەوان لەسەر ڕێگەی راست بن، ئەمەش بەوە دەبێت کە چاودێری بکرێن لەلایەن گەل و دامەزراوەکانەوە دەبێت هەڵەکانیان بۆ راست بکرێتەوە، خوای گەورە ئەم ئوممەتەی پاراستووە کە لەسەر گومڕایی کۆببێتەوە، چونکە لە ئیسلامدا رای دوو کەس باشترە لە یەك کەس، رای کۆمەڵێك باشترە لە چەند کەسێك .

لەبەر ئەوە داوا لە خوای گەورە دەکەین کە حاڵی ئەم ئوممەتە بەرەو چاکی بەرێت لە ڕێگەی چاکسازی لە بوارەکانی سیاسیەت پەرەوەدەو تێگەیشتن لە ئاینەکەی بە پرۆگرامێکی میانڕەوی .

# ئاشتەوایی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەو تاکی باوەڕدار

کاتێك پێغەمبەری خوا فەرمودەیەك دەفەرمویێت، ئەو فەرمودەیە پوختەی ووتەکانی و ڕووناکیەکی ڕۆشنکەرەوەی دڵەکانە، هەموو فەرمووودەکانیش لە ژێر ئایەتی ﴿وما ينطق عن الهوى، إنْ هو إلا وحْيٌ يُوحى﴾ دا جێگەیان دەبێتەوە، لەبەرئەوە کاتێك مرۆڤ لە ئەم وشانە ورد دەبێتەوە ڕووناکی زۆریان لێ بەدی دەکات و شوێنکاری گەورەش لەسەر تاك و کۆمەڵگە جێ دەهێڵێت، لێرەوە دەچینە خزمەت ڕووناکیەك لە گوزەرە ڕووناکیەکان و داناییەك لەو داناییانەی کە دڵەکانمان تامەزرۆیەتی بۆ تێر بوون و ڕێنمایمان بۆ سەر ڕاستە ڕێگە، لە فەرمودەیەکدا کە لە (أبي درداء) وە دەگێڕنەوە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی (أَلا أُخْبِرُكُمْ بِأَفْضَلَ مِنْ دَرَجَةِ الصِّيَامِ وَالصَّلاةِ وَالصَّدَقَةِ " ، قَالُوا : بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : " صَلاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ)

ئایا پێتان بڵێم چ شتێك لە پلەی نوێژو ڕۆژو زەکات و چاکە، باشترە، وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا : فەرموی (ئاشتەوایی لە نێوان دوو کەسدا) ئای ئەمڕۆ چەند پێویستمان بە ئەم ووشە پیرۆزانە هەیە، کە دەبێتە دانانی بناغەی کۆمەڵگە لەسەر ڕێزو خۆشەویستی، ئەگەر بەوردی بیر لە ئەم فەرمودە پیرۆزە بکەینەوە، دەبێتە هۆی گۆڕانی گەورە لە بیر کردنەوەو بۆچوونەکانماندا، پێغەمبەری خوا ئاڕاستەمان دەکات بۆ شتێکی گەورە، کە ئێستا ئێمە نیمانەو لە دەستمانداوە لێرەدا ئامانج کاریگەربوونە بە فەرمودەکە، بە ئەو عیبادەتانەی کە خوا بۆی داناوین، سێ ئەرکانی ئیسلام هەن کە خێرەکەیان ناگاتە ئەم کارە، چونکە ئەم کارە گرنگیەکی کۆمەڵایەتی هەیە عیبادەتەکانی تر زۆریان تەنها سودیان بۆ خاوەنەکەی هەیە.

بەڵام ئاشتەوایی لە نێوان دوو کەس یان دوولایەن سودەکەی بۆ تاك و کۆمەڵگەیە، چونکە چاکسازی تاکە بنەمایە بۆ چاکسازی کۆمەڵگە (إصلاح ذات البيت)، ئاشتەوایی نێوان دوو کەس لە ڕێزو پاداشتدا، ئەمە پاداشتەکەی گەورەترە لە سەدەقەو نوێژو ڕۆژو هەندێك لە زانایان و ڕاڤەکارانی فەرمودە دەڵێن :مەبەست بە ڕۆژوو نوێژو سەدەقە کە لە فەرمودەکەدا هاتووە زیادەو سونەتەکانن، بەڵام لەبەر گرنگی کارەکە دەیەوێت سەرنجمان ڕابکێشێ بۆ نوێژو ڕۆژو سەدەقە، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوەش بزانین کە ئاشتەوایی بەرهەمی نوێژو ڕۆژو سەدەقەیە، لە فەرمودەیەکدا کە لە ئەبو هورەیرەوە دەگێرنەوە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی ﴿أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ قَالُوا الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لَا دِرْهَمَ لَهُ وَلَا مَتَاعَ فَقَالَ إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا وَأَكَلَ مَالَ هَذَا وَسَفَكَ دَمَ هَذَا وَضَرَبَ هَذَا فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ﴾

لە کاتێککدا کە مرۆڤ دەکەوێتە ململانێوە، لەگەڵ دەرونی خۆیدا بێت یان کەسانی تر، بێگومان توشی غەیبەت و قسە ووتن و جنێوو شتی تر دەبێت، بەم هۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکە تێك دەچێت و بۆغزو ڕق پەیدا دەبێت لە نێواندا، ئەمەش یان درێژە دەکێشێ بۆ ستەمکاری و ماف خواردن و ... هتد، زۆر کەسی دەرگای ئاشتەوایی دادەخات و ئەمەش دەبێتە هۆی مایە پووچ بوون .

ئەم فەرمودەیە ڕاڤەی ئەم حاڵەتە دەکات ئەو باوەڕدارەی کە نوێژو ڕۆژو ئەنجام دەدات بەڵام لە دڵیدا هەڵگری بوغزو حەسودو ڕق و خەریکی پلان دانانە دژ بە پلانەکانی و مافەکانیان پێ شێل دەکات، ئەمە ئەگەر لەسەر ئاستی تاکەکەسی وەك خێزان و ژێر دەستەکانی بێت یان کەسانی تر، ئەو کەسە زۆر دورە لەو ئامانجانەی کە عیبادەتەکانی بۆ دانراون و نا جۆرە لەگەڵ ئاشتەوایی و چاکسازی و زۆر بەپەلە هەنگاو دەنێت بۆ بازنەی

مایە پوچ بوونی ڕاستەقینە، پێغەمبەریش لەم فەرمودەیەدا ئەو ڕاستیانەمان پێ دەڵێت کە دەفەرمویێت (أتدرون من المفلس؟)

بەم شێوەیە ئایەت و فەرمودەکان بەیەکەوە پەیوەست دەبن کە فەرمان بە چاکسازی دەکەن، لێرەدا چاکسازی بەمانا گشتیەکەی دێت، ئامانجیش لەئەم چاکسازیە دەبێت ڕەزامەندی خوا بێت، پاشان وازهێنان لە تاوان و خراپەکاری بە هەموو ماناکانیەوە، لە دوایشدا دەبێت لەنێوان ڕەزامەندی خواو ئامانجەکانی شەریعەت کەچەسپاندنی بەندایەتیە بۆ خوا چەسپاندنێك دروست ببێت، ئەم فەرمودەیە ڕێگەیەکی ڕزگاری نیشان دەدات بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت ئەمەش ڕێگەیەکی ڕون و ئاشکرایە، کە خۆی دەبینێتەوە لە شوێنکارەکانی عیبادەتدا و هێنانەدی ئامانجەکانی، چونکە عیبادەت هیچ نرخ و بەهایەکی نیە، هەرچەند لە ڕواڵەتدا بەزۆری ئەنجامیش بدرێت، ئەگەر ئەو ئامانجە نەپێکێ کەبۆی هاتووە، واتە دەبێت زۆر وریا بین کە عیبادەت ئەکەین بەعادەت و تەنها وەرزشێك بێت و ڕۆژانە دووبارەی بکەینەوە، چونکە ئەوکاتە خاوەنەکەی هیچ سودی نابێت لەم عیبادەتانە، لە نوێژەکان تەنها هیلاك بوون و لە ڕۆژووەکانیش تەنها برسی بوون لە حەجیش تەنها پارە خەرج کردن و لە ماڵ بەخشین تەنها پارە لە دەست چوونی بۆ دەمێنێتەوە، خوای گەورە چاکە خوازی و خێر لە سێ شتدا کۆدەکاتەوە ﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ  وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾ النساء١١٤

خێری گەورە لەوەدایە کە فەرمان بکرێت بەکاری چاکە بەهاوکاری لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەداو فەرمان بەچاکە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە لادانی، لە ئاشتەوایی نێوان خەڵك بۆ پتەو کردنی پردی پەیوەندیەکانی، پێچەوانەی ئاشتەوایی شەڕو خراپەکاریە، پێغەمبەری خوا هۆشداری دەدا لێی و بە (تاشەر) ناوی دەبات و بەم شێوەیەش ڕاڤەی بۆ دەکات .

واته تێکدانی پەیوەندی نێوان دوو کەس تا شەڕ، من ناڵێم توك دەتاشێ، بەڵکو ئاین دەتاشێ، ئەم کارە دەبێتە مایەی لەناو بردنی هەموو خێرو چاکەیەك، لە ڕۆژی دوایدا ئەم کەسە مایە پوچەو فەرمان دەکرێت بە فریشتەکان کە فڕێی بدەنە ئاگرەوە .

لەم ڕۆژگارەدا ئاشتەوایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە فەرزێکی شەرعیەو پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ هەموو ئوممەتی ئیسلامی، چونکە ئەم ئوممەتە لە ناکۆکی و دووبەرەکی بێجگە لە کاولکاری و وێران و قەیرانی شوناس و لەدەست دانی بەها و نەمانی کەرامەت و لەدەست دانی ئیرادە، هیچی تری دەست نەکەوتووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ)

واتە لە نێوان خۆتاندا ناکۆك مەبن، چونکە شکست دەخۆن و هێزو ئیرادەتان لەدەست دەدەن، لە ئێستادا گەلانی عەرەبی و ئیسلامی کەوتونەتە ژێرکاریگەری ڕەشەبای ناکۆکی و دووبەرەکی، بەمەش توشی شکست و سەرشۆڕی و دواکەوتوویی و هەژار بوون، برینێك سارێژ نابێت برینێکی تر دروست دەبێت، لە بەڵایەك ڕزگاری نابێت دەیان بەڵای تر ڕوی تێ دەکات، من داوا لە هەموو زانایان و ڕوناکبیرو ئەدیب و چاکە خوازی ئەم ئوممەتە دەکەم کە هەوڵ بدەن ئاشتەوایی لە نێوان تاك و لایەنەکان ئەنجام بدەن، هەتا ببین بەو ئوممەتە چاکەی کە خوا باسمان دەکات، داواتان لێ دەکەم لەگەڵ خوا ئاشت ببنەوە، لە نێوان خۆتان دا چاك بن، لەگەڵ ژێردەستەکان و ئەوانەی بەرپرسیارن لێیان باشترین کەس بن، داواتان لێ دەکەم دڵەکانتان پاك بکەنەوە لە بوغزو ڕق و چروکی و خراپەکاری

لە کۆتایدا بە خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی و خەڵك پڕی بکەنەوە، چونکە ئامانجی گەورەی ئاینی پاکردنەوەی دڵەو دروست کردنی مرۆڤی چاکە خوازە (يوم لا ينفع مال ولا ينون، إلا من أتى الله بقلب سليم)

لە ڕۆژی دوایدا نە ماڵ و نە وەچەکانتان فریاتان ناکەوێت، ئەوانەی رزگاریان دەبێت کەسانێکن کە دڵێکی پاکیان هەیە .

## ڕەشبینی وەك چەكێكی دەستی دوژمنان بۆ كوشتنی هیوای مرۆڤی مسوڵمان

دوژمنان چاویان لەم ئوممەتە بڕیوە، بۆ ئەوەی سەروەت و سامانیان بەتاڵان بەرن، لەم ڕێگەیەوە خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان دابین بکەن و ئەم گەلانەش بخەنە دۆخی هەژاری و نەداری و دواكەوتویی، ئەمەش سیاسەتی لیبراڵە نوێیەكانە بەرامبەر گەلە نا ڕۆژئاواییەكان، لەبواری سیاسیشەوە هەوڵ دەدەن ئەم گەلانە ڕەش بین بكەن، كە ئەمەش جەنگێكە كاریگەریەكانی زۆر لەچەكە كۆكوژەكان زۆرترە، چونكە هەركاتێك ڕەشبینی زاڵ بێت بەسەر گەلێكدا، ئەو گەلە هەرەس دەهێنێت و هێزو تواناو ئیرادە لەدەست دەدات خوای گەورە مەسەلەی ڕەشبینی پەیوەست دەكاتەوە بەعەقیدەوە، ڕەشبینی بەسیفەتی گومڕاو درۆزن و دوڕوو شكست خواردوەكان لەقەڵەم دەدات، لەدیدی كۆمەڵگەشەوە كەسانێكن كە بەشوێن بەرژەوەندی و قازانجی تایبەتەوەن، لەوانەیە یەكێك بپرسێت چۆن لەمە ڕزگارمان دەبێت؟ دەرچون لەم قەیرانە ڕوونە، ئەویش گەرانەوەیە بۆ لای خوای گەورەو پشت بەستنە پێی.

خۆبەستنەوە بە (عروة الوثقى) كەبەرزبونەوەیە بۆ ئاسمان هیواو خۆشی لەدڵدا دەڕوێنێت، خوای گەورە لەقورئاندا زۆر چیرۆكمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو چیرۆكانەوە دەتوانین هیوا وەربگرین، زیاتر دڵخۆش بین بەپشتیوانیەكانی خوای گەورەو زیاتر بڕوا بەسەركەوتنی باوەڕداران بهێنین كەخوایان لەگەڵدایە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الم * غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ * فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ * بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾ الروم (١–٥) مێژوو بەتەنیا شایەتە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بەتەنها وەستایەوە بەرامبەر بەستەمكارانی قوڕەیش و

بتەكانیان، بەتەنیا توانی هیواو و ئاوات لەدڵی یاراندا بچێنێت، لەشەڕی (ئەحزاب) دا لەكاتێكدا كە دوژمن لەهەموو لایەكەوە دەوریان دابوون، خۆی كاری دەكرد لەگەڵیاندا، خەندەقی لێ دەدا، لەو كاتە ناهەموارەدا مژدەی پێدان بە رزگار كردنی یەمەن و شام و عێراق و رۆژهەڵات هەمووی.

هەروەها صلاح الدین لەكاتێكدا كۆتایی بە دەوڵەتی (فاتمیە) هێنا لەمیسرو رۆژئاوای ئیسلامی  و لەرۆژهەڵاتیشەوە دەوڵەتی بوەیهی لەناوبرد، پاشان رووی كردە (قودس) بۆ شەڕی  خاچ  پەرستەكان بەم شێوەیە توانی قودسیش رزگار بكات.

تەنها هۆكارێك بۆ ئەم سەركەوتنانە بوونی ئیرادەو هیواو ئاوات و پلان بوو بۆ ئاییندە، یەكێتیەكی باشیان بنیاتنا، زاڵ بوون بەسەر دووبەرەكی و ناكۆكی و پشتیان بەخوا بەست، خواش سەری خستن، چونكە ئەگەر ئێمە دڵەكانمان بەپاكی روو لەخوا بكەین و هۆكارەكان بەباشی ئامادە بكەین سەردەكەوین، دەبێت متانەمان بەخوا هەبێت كە هیچ شتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەودا نیە لەئاسمان و زەوید: ﴿ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ یوسف (٢١) بەلاَم دەبێت ئەو راستیەش بزانین كە ئەركەكان تەنها بە پشت بەستن بەخوا نایەتەدی بەڵكو لەگەڵ هیوادا دەبێت پلانی كاریش هەبێت، دەبێت توێژینەوە لەسەر رێگەكانی سەركەوتن بدۆزینەوە.

لەسەر سەرخستنی راستی هەنگاو بنێین  و دەبێت توێژینەوە لەسەر هۆكارەكانی شكست بكەین، كە گرنگترینیان دووبەرەكی و جیاوازیە، چونكە ئێمە ئێستا جێگەی بەنوئیسرائیلمان گرتۆتەوە،  شتێك دەكەین كە نەعەقڵ و نە وەحی قبوڵی ناكات، ئوممەتەكەمان توشی نەخۆشی جۆراو جۆر بوە لەكاتی بەڵاو موسیبەتدا ناگەڕێینەوە بۆ لای خوا، ئیتر چۆن خوا سەرمان دەخات؟ چۆن بەڵێنەكان دێنە دی؟ گیانی هاوكاری لەناوماندا كەم بوەتەوە. ئینتیمامان بۆ نەتەوەو نیشتیمان لاواز بوە، خۆ بەكەمزانی

هەمومانی کوشتوە، باری کۆمەڵایەتیمان بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، پەیوەندی برایەتیمان نەماوە، کۆمەڵگە متمانەی بەخۆی نەماوە، ڕەشبینی سەرتاپای دەرونی داگیر کردوین.

دەبێت ئەم نەخۆشیانە تێپەڕێنین دەبێت جارێکی تر متمانە بگەڕێنینەوە بۆ ناو تاك و کۆمەڵگە، دەبێت بڕوامان بە مژدە و بەڵێنەکانی خوای گەورە هەبێت کە ئێمە سەردەکەوین، دەبێت ئەو چاویلکە ڕەشانەی لە چاوماندایە لایان بەرین لەحیاتی ئەوە دەبێت نورو رووناکی خوا ببینین، بۆ ئەوەی باوەڕدار بەرچاو رۆشن بێت خەم و خەفەت داینەگرێت. دەبێت مێژوو بخوێنینەوە نەزان و نەخوێندەوار نەبین، یەکەم هەنگاوی چارەسەر ئەوەیە کە دەبێت دەست بەهۆکارە مادیەکانەوە بگرین بۆ چارەسەر، نابێت توڕەو کەم ئارام بین، نابێت توندڕەو بین و بەناوی ئاینەوە تاوان ئەنجام بدەین، دەبێت باش لەئیسلام تێ بگەین و لەروانگەی ئامانجەکانەوە هەنگاو بنێین، دەبێت خوا باش بناسین و متمانەمان بەتواناکانمان هەبێت  و زانیاریەکانی خوا بزانین کەبێ سنورە.

نابێت دڵی باوەڕدار رەش بین بێت ، دوژمنان دەتوانن بۆ ماوەیەك سەربکەون بەڵام دڵنیا بن کە نوری خوا بە ئەوان ناکوژێتەوە .

هەر کاتێك ئەو دنیایە لەبەرچاومان بچوك کرایەوە دەگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە. ئەویش بەهانامانەوە دێت و پلانەکانیان لەبار دەبات  و دەبێتە مایەی لەناوچونی خۆیان ، تیرەکانیان روودەکەنە سنگی خۆیان و ئەو کاتە راپەرین لەدژیان دروست دەبێت، دەبێت هەمومان متمانەمان بەخوا هەبێت ئەگەر شایەنی سەرکەوتن بین، خوا بۆمان دەنێریت.

ئەو هۆکارانەشی کە دەبنە هۆی ڕەشبینی بریتین لە:

١- ڕەشبینی بەرامبەر بەلێخۆشبونی خوا.
٢- ڕەشبینی بەرامبەر رۆیشتنی نەهامەتی و باری سەخت.
٣- ڕەشبینی بەرامبەر گۆڕانکاری.

راستیەك هەیە دەبێت هەمومان بیزانین، ئەویش ئەوەیە لەو رۆژەی کەئادەم دروست بوە، ململانێی نێوان راستی و بەتاڵ هەر هەیە، پێکدادانی گەورەش لەنێوانیاندا روویداوە، هەندێك جار باتڵ سەرکەوتوە، بەڵام دواجار سەرکەوتنی کۆتایی هەر بۆ باوەڕدارانە. ئەمەش لەزۆر ئایەتی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەردا جەختی لەسەر کراوەتەوە، باوەڕدار رەشبینی نازانێت، هەرچەند نارەحەتیەکان زۆر بن، یان تاوانەکان یان فشاری دەوروبەرەکان، باوەڕدار رۆژبەرۆژ باوەڕی بەبەڵێنەکانی خوا زیاتر دەبێت، چونکە رەشبینی لەهەموو چەکێك کاریگەرترە، بەدرێژایی مێژوو دوژمنان ویستویانە بەم چەکە ئوممەتی ئیسلامی لەناوبەرن. لەسەرەتای ئیسلامەوە هەر لەم رێگەیەوە ویستیان ئیسلام زیندەبەچاڵ بکەن، سیاسەتی جۆراو جۆریان گرتە بەر.

ئەگەر ئەو پەروەردە ئیمانیە گەورە نەبوایە کەلە رێگەی قورئان و خودی پێغەمبەرەوە پیادە دەکرا، کە باوەڕێکی گەورەی لەدڵی شوێنکەوتواندا چەسپاندو و هیوای سەرکەوتنی لەدڵدا رواندن، ئەوا هەر زوو ئەو کاروانە کاروان کوژە دەکرا. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو کۆمەڵە بڕواداره لاوازە بەئیمانی بەهێزەوە هاتنە مەیدان و توانیان لەکۆتایدا گەورەترین دوو ئیمپراتۆریەتی جیهانی ئەو کاتە بدەن بەزەویدا.

لەکۆندا خاچ پەرستەکان و رۆژهەلأت ناسەکان لەئێستاشدا عەلمانی و دەسەلأتدارە رۆژئاوایەکان دەیانەوێت ئەم رەشبینیە لەناو گەلانی مسولْماندا بچێنن، دەیانەوێت دووبەرەکی و شەڕی تائیفی و مەزهەبی دروست بکەن بۆ ئەوەی هێزو توانایان نەهێڵن.

لەدوای روخانی دەوڵەتی عوسمانیشەوە ئەو هەولأنە هەر بەردەوامن، دەیانەوێت ئیسلام لەژینگەیەکی جوگرافی بچوکدا قەتیس بدەن، با ئەو سنورە لەڤاتیکان گەورەتر بێت، دەیانەوێت ئیسلام تەنها لەسنوری عیبادەتەکاندا قەتیس بدەن، بەڵام گومان دروست بکەن بۆ ئەوەی کەپرۆگرامی ژیان نەبێت لەرووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾، ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾.

**ئەوان نایانەوێت ئێمە ئازادو سەربەخۆ بین، سیادەمان لەژێر دەستی خۆماندابێت، ئەوان دەیانەوێت ئێمە خزمەتکاری ئەوان بین، سەروەت و سامانمان بەتالآن بەرن بەسامانی مرۆیی و نیشتیمانیمان ، دەیانەوێت ژیانی باش بۆ خۆیان دابین بکەن، دێنە ناو وڵاتەکانمان و بەناوی گەشت و گوزار، باشترین ژینگەی ئارەزوو بازی و خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان دابین دەکەن، نەوت و سەروەت و سامان بەتالآن دەبەن، گەلەکانیشمان لەوپەڕی نەهامەتی و هەژاری و نەفامیدا دەژین، بەلآم دەبێت هەمومان ئەو راستیە بزانین کەرۆژێك دێت ئەم گەلانە لەخەو راپەدەرن و دەگەڕێنەوە سەر ئەو هیواو ئاواتە گەورانەی کە خوای گەورە وەك مژدەی سەرکەوتن نیشانمان دەدات، کەدواجار دەبێت راستی و عەدالەت و ئازادی سەرکەوێت و دوژمنان و ستەمکاران و گەندەڵکاران شکست بخۆن و جارێکی تر سەروەری و سەربەرزی و سەربەخۆیی بکەوێتەوە دەست ئەم گەلانە.**

# ئیسلام وەك میتۆدێكی گەردوونی بۆ مرۆڤایەتی

دەبێت زۆر خۆمان لە پەلەكردن بپارێزین، چونكە لە دوایدا تووشی پەشیمانی دەبینەوە، تەنها لە شتانێكدا نەبێت كە پەیوەندی بە رۆژی دواییەوە هەیە، ئەگەر سەیری گرفتەكانی ئەمڕۆی ئوممەتی ئیسلامی بكەین لەسەر ئاستی تاك و خێزان و كۆمەڵەكان و كۆمەڵگەش، دەگەڕێتەوە بۆ پەلەكردن، لەبەرئەوە پێویستە پشت بە هێمنی و ئارامی و وردبینی ببەستین و پەلە نەكەین لەو بڕیارانەی كە پەیوەندیان بە ژیانی دنیاوە هەیە، ئەگەر سەرنج لە قورئان بدەین یەكێك لە بنەما گرنگەكان بریتیە لە پەروەردە كە مرۆڤ لەسەر كۆمەڵێك ئەخلاق بنیات دەنێت، كە دەبێتە مایەی چەسپاندنی ئارامی و ئاشتی و ئاسایش، كە ئەمەش بەشێكی دەرونیەو بەشێكی تری بۆ كۆمەڵگەیە، ئەو كەسەی دێتە ناو ئیسلام، هەست بە ئاسودەیی دەكات بۆ خۆی، ئەو ئاسودەییەش دەگوازێتەوە بۆ كۆمەڵگە، چونكە مرۆڤی مسوڵمان هەنگاوەكانی ژیان لەسەر پلان و بەرنامە و ئارامی و وردبینی دادەڕێژێت، هەر بڕیارێك دەدرێت پێویستە قۆناغەكانی بیركردنەوەو تێڕامان و دیاریكردنی بیربێت هەتا دەبێتە بڕیار، دواجاریش ئەو بڕیارانە خزمەت بەتاك و كۆمەڵگە بكات، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم تاكانەوە ئوممەتێكی شایەتی دەر دروست ببێت.

خوای گەورە لە كاتێكدا كە ئەم ئوومەتە بە باشترین ئوممەت ناودەبات بەهۆی پەروەردەبونیەتی لەسەر چەند بەهایەكی گەورەی گەردوونی و مرۆیی وەك دادپەروەری و ئازادی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و .. هتد، دوایی لە رێگەی ئەم بەهایانەوەیە كە شایەنی ئەوەیە ببێتە جێنشینی خوای گەورە.

ئەگەر سەیری بەشێك لە شارستانیەتەكان بكەین لە كاتێكدا كە دەكەوێتە دۆخێكی ناهەموا و ژیانی بەرەو نائارامی دەچێت، زۆر شتی لەبیر دەچێتەوەو تەنها خۆی لەبیرە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری رۆژئاوا بكەین لە ئێستادا هەموو ئەو بەها دیموكراتی وئازادی و عەدالەتەی كە باسی دەكرد، هەموو بەركەنار دەكات بەبیانووی بەرەورووبوونەوەی تیرۆر.

گروپە تیرۆریستیەكان رێژەیان لەچەند سەد یان چەند هەزارێك تێناپەڕێت، بەڵام كاتێك كە هەڵوێستێك یان بڕیارێك دەدەن سزای هەمووان دەدەنن، بەتایبەتیش بەرامبەر بە ئوممەتی ئیسلامی كە ئێستا نزیكی ملیارێك و ٧٠٠ ملیۆن كەس دەبن، زۆرجار هەمووی بە تیرۆریزم لەقەڵەم دەدەن، لە ئێستادا ئەمەش بووەتە موزایەدە و دروشمی سیاسی و پارتە راستڕەوەكان بەهۆیەوە دەگەنە كورسی دەسەڵات، ئەمە هەڵوێستی پێشكەوتووترین یاساو سیستمەكانی دەستی مرۆڤە، كەواتە ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بەشتێكە لەمە گەورەتر و مرۆڤ دۆستتریش.

پڕۆگرامێك لەگەڵ وەرگرتنی هەموو بەها مرۆییە زەمینیەكان، بەڵام ئایێتە بكرێت لەگەڵ ئاسمان و بەها گەردونیەكان ،ئەوكاتە لە ئەو كەم و كوڕیو ناتەواویانە رزگارمان دەبێت، بەتایبەتیش لە مەسەلەی تیرۆر و رەگەزپەرستی، لە ئیسلامدا یاسادانان پەیوەست دەكرێتەوە بە سروشەوە، واتە پەیوەست كردنەوەی بەو خوایەی كە خۆی ئاسمانەكان و زەوی و مرۆڤی دروست كردووەو .لە تێڕوانینی ئەودا مرۆڤەكان وەك دانی شانە وان و یەكسانن لەماف و بەرپرسارێتی دا، هەوڵ و خەباتی پێغەمبەریش بە درێژایی ٢٣ ساڵ بۆ ئەوەبووە كە ئەو جۆرە مرۆڤانە پەروەردەی بكات و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ فەراهەم بهێنێت ، ئەویش لە رێگەی كۆمەڵێك بەهای پەروەردەیی گەورە و ئەخلاقی مرۆڤ دۆستی كە تیایدا مافەكانی مرۆڤ پارێزراوبن و مرۆڤ لە زەوی بەرز بكاتەوەو تەنها بە زەویەوە چەسپ نەبێت، واتە بەدور بێت لە ئارەزووبازی و خزمایەتی و .. هتد، واتە یاسا سەروەر بێت بۆ هەموو لایەك.

## لەژێر سێبەری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا

## ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ...﴾

لەم ئایەتەدا خوای گەورە چەند دیمەنێکمان بۆ باس دەکات کە جەستەمان دەهێنێتە لەرزە، دیمەنی رۆژی دواییە، باس لە ئەو حاڵەتە ناهەموارە دەکات کە بەسەر دۆزەخیەکاندا دێت، باس لە ئەو گفتوگۆ و ووتانە دەکات کە لە نێوان خۆیاندا دەیکەن، ئەو سزایەی کە تووشیان بووە، سزایەکی دەروونی و جەستەییە، لەو رۆژەدا دەردەکەوێت کە چۆن سەرکردەکان خۆیان بێ بەری دەکەن لە شوێنکەوتووەکانیان، لە ئاگردا سەرزەنشتی یەکتر دەکەن، هەریەکەیان تاوانەکە دەخاتە سەرشانی ئەویتر، سەرکردەکانیان کە لە دنیادا رابەرایەتیان کردوون و فەرمانیان بەسەر شوێنکەوتووەکانیاندا داوە، سەرزەنشتی ئەوانە دەکەن کە شوێنیان کەوتوون، بەڵام شوێنکەوتووەکانیش تاوانەکە دەدەنەوە ملی ئەوان، ئەو گفتوگۆیانە قورئان زۆر بە شێوازێکی رەوانبێژی جوان بۆمان دەگێڕێتەوە ،خوای گەورە لە قورئاندا هەر لە یەکەم ئەنجامدانی تاوانی مرۆڤ کوژی کە قابیل دژی هابیل ئەنجامیدا، چارەنووسی دۆزەخییان باس دەکات، دوایش باس لە چارەنووسی کەسانی گومڕا و بێ باوەڕ و خراپەکار دەکات، کە ئەمانە هەموویان ئەهلی ئاگرن، خوای گەورە لێرەدا باس لە هۆکاری چوونە ناو دۆزەخی ئەمانە دەکات و هۆکاری چارە ڕەشیان لە دنیاو دوارۆژدا کۆدەکاتەوە لە دوو وشەی زۆر جوان و رازاوەدا، هەرئەمەش دوو هۆکاری گەورەن بۆ چوونە دۆزەخیان وەك دەفەرموێت ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ واتە بەباشی و هۆشیارانە گوێیان بۆ سروش نەگرتووە، ئەو سروشە ئەگەر پەیوەندی بە گەلەکانی پێشوو

هەبێت یان ئەم سروشەی کە کۆتایی بە پەیامی پێغەمبەران هێناوەو بووە بە تاکە شەریعەتی سەرزەوی و دابەزیوە بۆسەر (محمد) پێغەمبەرمان.

سەرنجی ئەو گەردوونەیان نەدا کە هەمووی وەك ئایەت و بەڵگەیەکی گەورە وابوون بۆ باوەڕهێنان بە ئەو دروستکەرە گەورە کە خوایە، دوژمنەکانی سودیان لەو پەرتوکە خوێنراوە وەرنەگرت، کە ئەویش سروشێکی تربوو، سودیان لەم پەرتوکە کراوە وەرنەگرت، کە پڕە لە بەڵگەی بەهێز و بەپێز لەسەر بوونی خوا، و رێنمایی کردن بۆ ئیمان. دانیان نا بە تاوانەکانیاندا و هەستیان کرد کە دەستیان نەگرتووە بەو هۆکارانەی کە دەیانگەیەنێتە بەختەوەری، لەبەرئەوە شایەنی ئەوەبوون کە بچنە دۆزەخەوە، لەراستیدا هۆکانی بەختەوەری و هۆکانی چارەڕەشی و پێشکەوتن و دواکەوتن و هەژاری و بێ کاری و گرفتەکان هەموویان لە دونیاو دوارۆدا، دەگەڕێنەوە بۆ ئەم دوو هۆکارە سەرەکیە، یەکەم بەکار نەهێنانی باشی گوێیەکان، دووەم بەکارنەهێنانی باش و کارای عەقڵ کە تێڕامانی هەبێت و لە بەڵگەکانی گەردوون تێ بگات، سەرنـج بدەن لە رەوانبێژی ئەو ئایەتە گەورانە، هەتا لە هێزی رونکردنەوەی قورئانی تێ بگەین پێش ئەوەی کە راڤەی ئایەتەکە بکەین سەرنـج بدەن:

١- وشەی (لو) واتە خەفەت خواردن بۆ شتێکی رابردوو کە زۆر زەحمەتە بگەڕێتەوە، زۆرجار هەر خۆزگەیە، بەڵام پاش لەدەستچوون هەلەکان ناگەڕێنەوە، لەئیسلامدا نەهی کراوە لەوەی کە وشەی (لو) بەکاربێت، چونکە پێویستە باوەڕدار پشت بەخوا ببەستێ و بە خۆزگە و خەیاڵ خۆی سەرقاڵ نەکات وەك بڵێت (ئەگەر وام بکردایە وا دەبوو، چونکە وشەی (لو) دەرگا بەڕووی شەیتاندا دەکاتەوە) و ئەمەش دەبێتە هۆی خەفەت و پاڵدانەوە، دۆزەخیەکان دەڵێن (لو) ئەویش خەفەت خواردنە بۆ رابردوو، وشەی (کنا) بەڵگەیە لەسەر (زیادەڕۆییان بەرامبەر بەخوا) پەشیمانیە لەوەی کردوویانە.

٢- پێویسته لەسەر هەموو تاکێك و کۆمەڵگە و ئوممەت بەگشتی، هەموو شتێك بیری لیٚ بکەنەوەو وردبنەوە لێی، بزانن ئەنجامەکەی چی دەبێت، دوایی هەنگاوی بۆ بنێن، هەر لە ئایەتەکەدا باس لەوە دەکات کە ئایا کیٚ دەکەیت بە هاوریٚ و دۆستی خۆت هاوڕێی باش و راستگۆ بە وتەکانی خوات پیٚ نیشان دەدات، بەرەو چاکە ئاراستەت دەکات، لە دنیادا کەڵك لە هاوڕێیەتی وەردەگری، لە دوارۆژیشدا دەتگەیەنێتە بەهەشت، بەڵام ئەو هاوڕێیەی بەرەو راستی نات بات، پەیمانەکان ناباتە سەر، ئەوە دەبێتە نەگبەتی بۆت، تووشی چارە رەشی و پەشیمانیت دەکات، بەڵام لەم کاتانەدا پەشیمانی داد نادات، ئەگەر هەندێك لەم دەسەڵاتدارانە دۆست و هاوڕێی باشیان هەبوایە کە رێگەیان لیٚ بگریٚ لە خراپە و فەرمانیان بیٚ بکەن بە چاکە ،تووشی ئەو ستەمکاری و زوڵمە نەدەبوون کە ئێستا دەیکەن، وەك خوای گەورە دەربارەی فیرعەون دەفەرمویێت ﴿فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾.

٣- کرداری (نسمع) تەعبیرە لە گرنگی گوێگرتن بەشێوەیەکی گشتگیر، باوەڕدار بەباشی گویٚ بۆ ئەوە دەگرێت کە لە قورئاندا هاتووە، لەبەرئەوە بە پەلە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات بە وردی سەرنج لە قورئان دەدات سەیری ئەزموونی گەلانی پێشوو دەکات، هەوڵ دەدات شوێنیشیان هەڵبگرێت لە چاکەکان و لە خراپەکانیان دوور بکەوێتەوە، ئەگەر دۆزەخیەکان چاویان لە چاکەخوازەکانی خۆیان بکردایە و گوێیان بۆ دانایان و پێغەمبەران بگرتایە، ئەمڕۆ تووشی ئەو سزاو چارە رەشیە نەدەبوون.

٤- وشەی (أو) مانایەکی گەورەی هەیە، واتە هەریەکێك لەو دوانەی کە باسمان کردن، ئەگەر بەباشی بەکاریان بهێنین بەس بوون بۆئەوەی لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان بکات، ئەوەی گویٚ بۆ قورئان دەگرێت و دەکەوێتە شوێنی و فەرمانەکانی بەجیٚ دەگەیەنێت بەرەو رێگەی راست دەیبات و بەرەو خۆشبەختی دنیاو دوارۆژ دەیبات، ئەوەش کە عەقڵێکی هوشیاری هەیە رێنمایی دەکات بەرەو ئیمان و لەم رێگەیەشەوە سەربەزی دنیا و دوارۆژی دەست دەکەوێت.

بەڵام ئەگەر سەیری موسڵمانانی ئەمڕۆ بکەین، خوای گەورە گوێی پێ داون بەڵام کەڵك لە ئەزموونی گەلانی رابردوو نابینن و وانەی لێ فێر نابن، خوا عەقڵێکی پێ داون بەڵام بەکاری ناهێنن لە شتانێکدا کە پێویستە بیری لێ بکەنەوە.

دەبوایە ئێستا مسوڵمانان خاوەنی شارستانیەتی پێشکەوتوو بونایە، چونکە ئەوان سەرەڕای گوێ و عەقڵ و هەموو هەستەکان ،خاوەنی سروش و قورئانن، کە کۆگای گەورەی مەعریفە و زانستە، ئاراستەبەخشێکی گرنگە بۆ کرداری چاکە و وازهێنانی لە خراپە، لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی لەسەرشانی مسوڵمان زۆر گەورەیە، ئەمەش مانای گرنگی کاری بەکۆمەڵە ئەگەر سەیری نوێژ بکەین کە دەڵێت (إياك نعبد وإياك نستعين) روو دەکەیتە خوا بەشێوەی کۆمەڵ.

٥- ئایەتی (في اصحاب السعير) ئەمەش مانای کۆمەڵ دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە هەموومان لە کەشتیەکدا بین ئەگەر کەشتیەکە بەرەو کەناری ئارامی بڕوات هەموومان رزگارمان دەبێت ،بەڵام ئەگەر کەشتیەکە تیا بچێت هەموومان لەناو دەچین، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە گەلانی مسوڵمان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تیایدا دەژین، ئەگەر روو لە چاکە بکەن هەموومان رزگارمان دەبێت بەڵام ئەگەر روو لە خراپە و گەندەڵی و ستەمکاری بکەین، ئەوا هەموومان بەرەو خنکان و تیاچوون دەچین و چارەرەشی دونیاو دوارۆژ دەبین، ئەم ئایەتە پرۆگرامێکی گەورەمان بۆ دادەنێت کە بە مەنهەجیەتی (باشترین ئوممەت) بەڵام ئەم باشترینە بە دروشم و وتە نابێت، بەڵکو بە کردەوە و سەلماندنی خود دەبێت لە واقیعدا، لە رێگەی دڵپاکی و چاکی و هێز و شارستانیەت و پێشکەوتن و بەهێزی لە رووی ماددی و مەعنەویەوە، ئەگەر وا نەبین لاواز و بێ خێر و بێ بەرهەم و نەفام و نەخۆش دەردەکەوین، (باشترین ئوممەت) رەمزە بۆ چالاکی و کار و عەقڵی ستراتیژی.

ئێستا ئەگەر سەرج بدەین لە ئەو هەموو پلان و دوژمنایەتیانەی کە بەرامبەر بە ئیسلام و مسوڵمانان دەکرێت شێوازەکانی گۆڕاوە، وەکو جاران بەشێوەی داگیرکاری سەربازی داگیرمان

ناکەن، بەڵکو لەناو خۆماندا پارچە پارچەمان دەکەن و گروپی تیرۆریستی جۆراوجۆر لەناوماندا پێکدەهێنن و دژ بە بەرەی میانڕەوەکان بەکار دەهێنن و لەم ڕێگەیەوە شەڕی ناوخۆو ئاڵۆزی و دواکەوتوویی و خوێنڕێژی لەناو گەلە مسوڵمانەکاندا بەرپا دەکەن. لە ڕێگەی ڕاپۆرتی سەنتەرێکی ستراتیجی دا خوێندوومەتەوە کە پڕۆژەی ئێستای زایۆنیزم و ئەمریکا و ڕوسەکان بۆ ئەوەیە کە ئیسلام لە مسوڵمانان دابڕن ئیسلام بخەنەوە ناو مزگەوت وەك ئەوەی کە ڤاتیکان پیادەی دەکات، لەدوای ئەوەشەوە مسوڵمان لە شارستانیەت و سیاسەت و دەوڵەت دابڕن و کاریگەرییان لەسەر ژیان نەمێنێت.

گەورەیی قورئان لەو دەستەواژەیەدا دەردەکەوێت، کە دەفەرموێت ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ ئەمە گوتارێکە ڕوو دەکاتە تاك و کۆمەڵ، بانگەوازێکە لە خواوە بۆ باوەڕداران، ئەگەر عەقڵمان بەکار بهێنایە، سەرنجی گەلانی ڕابردوومان بدایە، ئێستا لە دۆزەخدا نەدەبووین، لە ئیسلامدا دنیا کێڵگەی دواڕۆژە هەتا بە بەهەشتی دنیادا تێپەڕ نەبین ناگەینە بەهەشتی دواڕۆژ، ئەمە وتەی ئیمام (ئیبن تەیمیە) یە دنیا و دواڕۆژ لە ئیسلامدا بەیەکەوە گرێ دراون، یەکتری تەواو دەکەن لەبەرئەوە ئەگەر بەنیازی دواڕۆژێکی گەشەدار و خۆشگوزەرانی ،دەبێت سەرەتا دنیایەکی لەوجۆرە بنیات بنێی، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ مسوڵمانان گوێ بۆ ئەم گوتارە قورئانیە ناگرن و لێی تێ ناگەن و ناتوانن دنیایەکی باش بۆ خۆیان بنیات بنێن وەك دەفەرموێت ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ عەقڵیان هەیە بەڵام بیری پێ ناکەنەوە، تەنها پشت بە سۆز و غەریزە دەبەستن، چاویان هەیە، ڕاستی پێ نابینن، خوای گەورە ئەمانە وەسف دەکات بە (أولئك هم الغافلون) ئەمەش ئەگەر ئاراستە پێچەوانەکەی وەربگرین واتە نابێت گەلێك هەمووی بێ ئاگا بێت، بەڵکو دەبێت زیندو هوشیار و خاوەن پلانی ستراتیجی بێت بۆ ژیان، ئەمەش ئەو ئوممەتەیە کە خوا بە باشترین ئوممەت ناوی دەبات.

# ستەمكاری وەك تـاوانێكی گەورە

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئایەتەكانی قورئان بدەین و توێژینەوەیەكی وردو دروست بكەین، دەبینین ئەم ووشەیە (ستەمكاری) زۆر بەمەترسی سەیر كراوەو بە زۆر ماناو چەمكی جیاواز دووبارەكراوەتەوە، هەر ئەم ووشەیە پەیوەست كراوەتەوە بە چارەنووسی گەلان لەسەركەوتن و خۆشگوزەرانی، یان شكست و ویژدان و دارمان، ئەم ووشەیە لە قورئاندا زۆر تر لە ووشەی نوێژو ڕۆژوو دووبارە بۆتەوە، خوای گەورە ئەم ووشەیە زۆر بە ترسناك ناو دەبات و دەیكاتە سەرچاوەی هەموو شەڕو تاوانكاری و خراپەكاریەك، تەنانەت خوای گەورە دەیكاتە سەرچاوەی (بێ باوەڕی و شەریك دانانیش بۆ خوا)، ئەگەر ستەمكاری باڵ بكێشێت بەسەر گەلێكدا، ئەوا شوێنكارەكانی تەنها لە بازنەیەكی بچوكدا نابێت، بەڵكو تەواوی تاكەكانی كۆمەڵگە دەگرێتەوە و دەچێتە ناو هەموو كایە جیاوازەكانی ژیانی مرۆڤ لە ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی، ئەگەر سەرنج بدەین ووشەی (ستەمكاری) (٣٠٠) جار لە قورئاندا هاتووە، ئەویش لە شێوەو فۆڕمی جیاوازدا.

**ستەمكاری و جۆرەكانی :**

**جۆرەكانی ستەمكاری لە قورئاندا زۆرن،:**

## یەكەم: هاوەڵ دانان بۆ خودا :

ئەمەش جۆرێك لە ستەمكاری تێدایە، چونكە بەم هۆیەوە مرۆڤ ستەم لە خۆی دەكات، یەكێكی تر دەكاتە هاوەڵ بۆ خوا لە عیبادەتدا، واتە خوا بەباشی ناناسێت و دەسەڵاتەكانی خوا دابەش دەكات و هەست بە گەورەیی و ڕێزو شكۆی خوا ناكات وەك خۆی، بەڵكو

خوایەك دەپەرستێ كە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی كردووە نەك ئەو خوایەی كە بەدیهێنەری بونەوەرو زیندەوەرە و بە هەمەمیشەیی چاودێریان دەكات و ڕۆزیان دەدات و دەیان ژێنێت و دەیانمرێنێت، خوای گەورە دەفەرموێت (إن الشرك لظلم عظيم)

واتە هاوەڵ دانان بۆ خوا ستەمێكی گەورەیە، لە هاوەڵ داناندا دوو جۆر ستەم هەیە، ستەمێك كە مرۆڤ بەرامبەر بە خوا دەیكات، كەسێك دەكات بە هاوەڵی خوا كە شایەنی ڕێزو پشتگیری نیە، چونكە تەنها خوای گەورەیە كە شایەنی پەرستش و ملكەچ كردنە بۆی، ئەوانی تر هەموو شتێكیان سنورداره لە تەمەن و زانست و توانا و هەموو شتەكانی تردا، هەر شتێك بكرێتە هاوەڵ بۆ خودا، یەكێكە لە دروست كراوەكانی خۆی، كەواتە چۆن شایەنی ئەوەیە عیبادەتی بۆ بكرێت؟ جۆرەكانی تری ستەمكردن، ستەمی مرۆڤە لە خۆی، خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ ناوە گەورەی كردووە ڕێزی داوە بەسەر هەموو دروستكراوەكانی تردا، لەبەر ئەوە نابێت خۆی بەكەم بزانێت و لەبەردەم دروستكراوێكی تری هاوشێوەی خۆیدا كەسایەتی و شكۆو گەورەیی لەدەست بدات و خۆی ڕەزیل بكات و ببێت بە كۆیلە .

## دووەم: ستەمكردنی لە ماڵ و داراییدا :

ئەویش بە خواردنی ماڵی خەڵك بەشێوەیەكی ناڕەواو پێشێل كردنی مافە داراییەكانی خەڵك و ئەمەش زۆرجار خاوەن كارێك یان كۆمپانیایەك كە بەرامبەر بەكرێكارو خزمەتگوزارو كارمەندەكانی دەیكات، چونكە ئەوانە ڕێگەیەكیان نیە بۆ بەرگری لە خۆكردن یان هۆكارێك نیە بۆ گێرانەوەی مافەكانیان. ئەم بەرپرسانە مامەڵەیەكی نادروست لەگەڵ مافەكانی هاوڵاتیاندا دەكەن و یاری بە چارەنوسیان دەكەن .

**سێیەم: ستەم لە ڕێزو شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ:**

ئەویش لە ڕووی سوکایەتی کردن بە کەسایەتی تایبەتی مرۆڤ و سوك کردنی شەرەف و بێڕێزی کردن و سوك کردنی لەناو کۆمەڵگەداو شکاندنی گەورەیی مرۆڤ .

چوارەم: ستەمکردن بەهۆی بنەچەو بنەماڵەوە، ئەم جۆرە کەسانە بەرپرسیارێتی بۆ شتێك وەردەگرن کە شایەنیان نیە، یان دەسەڵاتەکانی بنەماڵە بەکار دەهێنێت کە لە خزمەت بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیدا، بەم هۆیەشەوە مافی بەرامبەرەکان، پێشێل دەکات و لە هەموو شتێکدا سنور دەبەزێنێت، بەتەنگ دادگەریەوە نیە، ئەگەر بە ووشەیەکیش بێت، خوای گەورە ستەمکاری حەرام کردووە لەسەر خۆی، لەبەرئەوە لە نێوان بەندەکانیشیدا نابێت جێبەجێ بکرێت، لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە کە دەفەرموێت ﴿يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا﴾

واتە ئەی بەندەکانم من ستەمکاریم لەسەر خۆم حەرام کردووە لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، لەبەرئەوە ستەم مەکەن، کۆمەڵێك ئایەتی قورئانیش هەن هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ستەمکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە حەرامن، لەبەرئەوە نابێت لە ژێر هیچ بیانویەکدا ستەم بەرامبەر مرۆڤ و ژینگە و زیندەوەران ئەنجام بدرێت، هەر کەسێکیش ستەمکاری بەرامبەریان ئەنجام بدات، خوای گەورە وەك دوژمنێکی سەر سەختی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و هەرکەسێکیش خوا دژایەتی بکات و خۆشی نەوێت چارەنوسێکی ڕەش لە دوارۆژدا چاوەڕێی دەکات.

**ئەنجامەکانی ستەمکاری:**

**لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوە دەفەرموێت (خۆتان لە سزای ستەملێکراو بپارێزن ئەگەر بێ باوەڕیش بێت، چونکە لە نێوان ئەوو خوادا هیچ پەردەیەك نیە)**

**نزای ستەملێکراو وەرگیراوە ئەگەر بێ باوەڕیش بێت، یان تاوانباریش بێت، چونکە تاوان بۆ خۆیەتی.**

**ستەمکردن تاریکی ڕۆژی دواییە، باشە ئەگەر لە ڕۆژی دوایدا کەسێك لەتاریکیدا بژی چۆن ڕزگاری دەبێت، خوای گەورە ئەگەر حەزبکات سزاکەی بۆ پێش دەخات بۆ دنیا، بەڵام بەڵێنی سزای بۆ ڕۆژی دوایی هەردێتە دی خوای گەورە دەفەرموێت** ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ﴾

**ئەم بەڵێنە دوا ناکەوێت، ئەگەر لە ناو گەلێکدا کۆمەڵێك توشی ستەمکردن ببنەوە، لای خوا هەموو ئەو گەلە تاوانبارن، هەرکەسێك لەسەر نیەتی خۆی زیندوو دەکرێتەوە، دەبێت مرۆڤی باوەڕدار لە ئاست سەمکاریدا هەڵوێستی هەبێت و پشتیوانی دادپەروەری بێت .** ﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾

**سزاو فیتنە :**

**ئەگەر سەیری بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان بکەین کە لە بەشێکی زۆری دنیادا شەڕو ئاژاوەو پشێوی هەیە، هەموو ئەمەش بەهۆی ستەمکاریەوەیە، ئەزموونەکانی مێژوش سەلماندویەتی کە ستەمکاری لە سزای دواڕۆژ ڕزگاری نابێت، سوننەتەکانی خواش ناگۆڕیت و بەڵێنی خۆشی دەهێنێتەدی بە لەناوبردن و سزادان و خستنە ناو ئاگر .**

خوای گەورە دەفەرموێت﴿الظلم مؤذن بخراب العمران﴾  بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزمون و مێژوو جیهانی ئەمڕۆ پڕ بووە لە ستەمکاری، بەتایبەتیش لەلایەن دەسەڵاتدارە تاك ڕەوو داگیرکەرەکان، ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەی کە تەنها لە پێناو مانەوەی خۆیاندا هەموو ستەمێك ئەنجام دەدەن، بەپێی فەرمودەی پێغەمبەرمان هەرکەسێك پشتیوانیان لێ بکات تاوانبارە.

## چارەسەری ستەمکاری

پێغەمبەری خوا وەك پەیامبەری مرۆڤایەتی ڕوو دەکاتە هەموو تاك و کۆمەڵگەکان و حکومەت و دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەکان، کەستەمکار نەبن و ڕێگە لە ستەمکاری بگرن، وەك لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت (انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ نَصَرْتُهُ مَظْلُومًا فَكَيْفَ أَنْصُرُهُ ظَالِمًا قَالَ تَكُفُّهُ عَنْ الظُّلْمِ فَذَاكَ نَصْرُكَ إِيَّاهُ)

هەرکەسێك ڕێگر نەبێت لە ستەمکاری و هاوکاری ستەمکاران بێت ئەویش دەچێتە بازنەی ئەوانەوە، لە فەرمودەیەکدا هاتووە کە ژیان وەك کەشتیەك دەچوێنێت، هەموومان لەبەرپرسیارێتیدا هاوبەشین (مَثَلُ الْقَائِمِ عَلَى حُدُودِ اللَّهِ وَالْوَاقِعِ فِيهَا كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سَفِينَةٍ فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلَاهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا فَكَانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنْ الْمَاءِ مَرُّوا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ فَقَالُوا لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا وَلَمْ نُؤْذِ مَنْ فَوْقَنَا فَإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جَمِيعًا)

هەرکەسێك هۆکاری ڕێگرتن لە ستەمکاری نەبێت ، با لێیان دور بکەوێتەوە و بەکارەکانیان ڕازی نەبێت و پشتگیریان نەکات، چونکە هەرکەسێك بەمەیلی دڵیش لەگەڵ ستەمکاراندا بێت دەچێتە ئاگرەوە ﴿وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ﴾

# پێغەمبەر وەك پێشەنگی پەروەردە

ئەگەر سەیری جیهانی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین زۆر پەتای کۆمەڵایەتی تیادا بڵاوبوەتەوە، گەندەڵی و پشێوی و ئاڵۆزی و دوبەرەکی پەرەی سەندووە، کوشتارو ئەشکەنجەو چەوسانەوە زۆربوە، بەڕاستی جیهانێکە ئەو ئایەتەی قورئان دەسەلمێنێت کە دەفەرموێت ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾

خوای گەورە لەم ئایەتەدا پێمان دەڵێت کە گەندەڵی زۆربەی سەر رووی زەوی داپۆشیوە، ئاسمان و زەوی و دەریای تەنیوە، هەموو ئەمانەش سەرچاوەی سەرەکی تیایدا مرۆڤ و کردەوەکانیەتی .

ئەویش بەهۆی نیەتی خراپی مرۆڤە بەرامبەر بە مرۆڤ ، لە کوشتن و وێرانکاری و خواردنی ماڵی حەرام و خواردنی ماڵی کەسانی تر بەناحەق، پابەند نەبوونە بەوەی کە شەرع فەرمانمان پێ دەکات، خوای گەورە بۆمان ڕون دەکاتەوە کە ئەو چینە بەڵاو کوشتارەی کە توشی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بوون، بەهۆی هەڵس و کەوت و مامەڵەی مرۆڤەوەیە، واتە مرۆڤ خۆی بەلا بۆ خۆی دەهێنێت بە هۆی مامەڵەی خراپی خۆیەوە، خوای گەورە ئەمەی نەکردۆتە تاقیکردنەوە لەبەرامبەر هەموو کردەوەکان، بەڵکو بەشێکیەتی، چونکە ئەگەر خوا بەرامبەر هەرکردەوەیەکی خراپی مرۆڤ بەڵایەکی بناردایە، ئەوا لەسەر زەویدا کەس نەدەما ﴿مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ﴾

خوای گەورە بەسۆزو بەزەییە بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەردەوام ڕێنماییمان دەکات بۆ ئاوەدانی و چاکەکاری و پەیوەندی باشی مرۆڤانە، بەڵام کۆمەڵگایەکیش کە پشت لە خوا هەڵکاو دەست بداتە گومڕایی و خراپەکاری ،ئەنجاممەکەی هەر تیاچوونە .

**خەڵك لەبەرامبەر تاقیکردنەوەدا :**

خەڵك لەبەرامبەر ئەو فیتنەو تاقیکردنەوەدا دوو گروپن، یەکەمیان ئەوانەی کە دێنەوە هۆش خۆیان و دەگەڕێنەوەو داوای لێبوردن لە خوا دەکەن .

دووەمیان بەهۆی ئەم تاقیکردنەوانەوە لە خوا زیاتر دوور دەکەونەوەو تاوانی زۆرتر دەکەن و گومڕا دەبن ،کە ئەمەش چارەنوسێکی ڕەشە بۆ مرۆڤ .

## چارەسەری گەندەڵی:

خوای گەورە لە بنەڕەتدا ئەم پەیامەی ناردووە بۆ چارەسەری گەندەڵی و ڕێنمایی مرۆڤ بەرەو عەدالەت و چاکسازی و چاکەکاری بۆ ئەوەی زەوی ئاوەدان بکەنەوەو بەکامەرانی بەیەکەوە بژین بۆ ئەوەی زەوی موڵکی هەمووان بێت و هیچ گەل و نەتەوەو مەزهەبێك قۆرغی نەکات بۆ خۆی، قورئان کە باس لەوە دەکات کە مرۆڤ لە ژیانی تاریکیەوە دەبات بۆ روناکی، بە ئەم مانایەیە، کە زەوی بکەنە ئارامگەی لەیەك تێ گەیشتن و پێکەوە ژیان و خۆش گوزەرانی، عەرەب لە پێش ئیسلامدا ماڵیان وەك ئێستا وابوو، گەندەڵی سەرتاپای ژیانیانی داپۆشیبو، دواکەوتوو نەفام بوون، هەموو پێوەرێکیان بە عەقڵی خێڵ بوو، دەبوایە خێڵێك بیان پارێزێت .

تەنانەت عەقڵیەتێکی ئاژەڵیان هەبوو بەرامبەر بە ئافرەت ﴿واذا بشر احدهم بالانثى ظل وجهه مسودا وهو كظيم يتوارى يتوارى من القوم من سوء مابشر به أيمسكه على هون أم يدسه ي التراب ألا ساء ما يحكمون﴾

## ئاستی نەفامی عەرەب:

عەقڵیەتێکی زۆر دواکەوتوویان هەبوو لەبواری ئاییندا، سوجدەیان بۆ بت دەبرد، ئەمانە هەموی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە عەرەب زۆر نەفام و دواکەوتوو بوون، کار گەیشتبووە ئاستێك کە بتیان لە خورما دروست دەکرد، زستان دەیانپەرست بەڵام هاوین دەیانخوارد، لە کوشتن و ئەشکەنجە و یەکتر بڕیندا زۆر بێ بەزەیی بوون، گەندەڵی دارایی کوێری کردبوون، تەنها کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە جێگەی ڕێز بوون، ئەوانی تر هەموویان کۆیلەبوون و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا.

## پەروەردە لەسەر بنەمای بەها (قیم):

لەم نەفامی و دواکەوتوویەدا خوای گەورە پێغەمبەری نارد هەتا ببێتە مایەی ڕێنمایی و مژدە بۆیان، هەتا بگەڕێنەوە بۆلای خوا، ئەمەش پەیامی چارەسەری گەندەڵی بوو، پەیامێك بوو بۆ یەکبوون و یەکگرتن و دوورکەوتنەوە لە شەڕ و ئاژاوە، بەهۆی ئەم پەیامەوە ئەم نەتەوە لاوازە نەفامە دواکەوتووە بوونە خاوەن هێز و شارستانیەت.

ڕێنمایی کردن بەرەو ڕووناکی و بوونە سەرچاوەی هێز و ئەخلاق و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی، هەر ئەمە بوو بوە هۆی ئەوەی کە فەیلەسوف و روناکبیرە بە ویژدانەکانی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا باس لە گەورەیی ئەم پەیامە و پێغەمبەرەکەی دەکەن.

کەسێکی وەك (مایکل هارت) لە کتێبەکەیدا کە باس لە ١٠٠ سەرکردەی ناودار دەکات ناوی (محمد) پێغەمبەری ئیسلامی خستۆتە یەکەم، ئەویش لەبەر گەورەیی و لێهاتوویی و مرۆڤ دۆستی.

## سەرکەوتنی پێغەمبەر هەمەلایەنە بوو:

**پێغەمبەری خوا لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بوو، لەبواری پەروەردە ،بواری سیاسەت، سەرکەوتوو بوو لە بواری چارەسەری گەندەڵی دارایی و کارگێڕی ، سەرکەوتوو بو لەسەر کۆتایی هێنان بە ئاژاوەو دووبەرەکی لە دوای وەستان جووڵەی دروست کرد، ئوممەتێکی لە مردنەوە زیندوو کردەوە.**

**ئەمە کورتەی ئەو وتانە بوو کە جەعفەری کوڕی ئەبوتالب لەبەردەم نەجاشی پاشای حەبەشەدا وتی، لەکاتێکدا کە قوڕەیش وەفدێکیان ناردبوو بۆئەوەی مسوڵمانەکان بگەڕێنێتە بۆ مەککە، لەم کاتەدا جەعفەر وتی: ئەی پاشا ئێمە گەلێکی نەفام بووین، بتمان دەپەرست، گۆشتی مردارەوەبوومان دەخوارد، خراپەمان دەکرد، سەردانی کەس و کارمان نەدەکرد، خراپەمان لەگەڵ دراوسێ دەکرد، بەهێزەکانمان لاوازەکانیان دەخوارد، ئێمە بەوشێوەیە بووین، هەتا خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ ناردین بنەچەو راستگۆیی و ئەمانەتی دەزانی، داوای لێ کردین کە خوابە یەکتایی بپەرستین، دابڕێین لە پەرستنی داروبەرد، فەرمانی پێ کردین بە راستگۆیی و دانەوەی ئەمانەت و سەردانی خزم و باشی لەگەڵ دراوسێ و گەڕانەوە لە حەرام کراوەکان و خوێن رشتن، داوای لێ کردین لە خراپە و خواردنی ماڵی هەتیو و بوهتان کردن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك دور بکەوینەوە. داوای لێ کردین خوا بە یەکتایی بپەرستین و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەین، فەرمانی پێ کردین نوێژ و رۆژ و بگرین و زەکات بدەین. نەجاشی وەفدەکەی قوڕەیشی بێ هیوا کرد، پاشان مسوڵمان بوونی خۆی راگەیاند، لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا هەواڵی کۆچی دوایی بیست فەرمانی کرد نوێژی مردووی لەسەر بکرێت، بەم ئەخلاقانە پێغەمبەر توانی سەر لەنوێ مرۆڤ دروست بکاتەوە، توانی لە هەموو روەکانەوە ئەم ئوممەتە چالاك بکاتەوە، لە دواکەوتووییەوە کردیە ئوممەتێکی پێشکەوتوو، لە ئینتیما بۆ خێڵەوە گواستیەوە بۆ ئینتیما بۆ خواو پێغەمبەرەکەی، توانی کەسێکی بەندەی وەك بیلالی حەبەشی بەرز**

بکاتەوە بۆ بەرزترین ئاست، وای لە سوهەیبی رۆمی کرد کە خۆی بکاتە قوربانی ئاینەکەی و ماڵ و سامانی لەسەر دابنێت.

## چی بکەین؟

ئەگەر ئەم گەلە مسوڵمانانە دەیانەوێت لەم قەیرانانە رزگاریان ببێت، دەبێت پەروەردەیەکی هەمەلایەنە دەست پێ بکەن ،پێویستە لەناو کۆمەڵگەکاندا نموونەی باش دروست بکەین، پێویستە راوێژ لە نێوان گەل و دەسەڵاتداراندا هەبێت، لەگەڵ رەچاوکردنی مافی هەردوولادا ، پێویستە هەمووولایەك هاوکاری یەکتر بکەن، پێویستە ئەم بەهایانە لە ماڵەکاندا پیادە بکەین دەبێت ئەم رەوشتە جوانانە لە نێوان تاکەکانی خێزان رەنگ بداتەوە. دەبێت هەموومان بەزەیمان بەیەکتردا بێتەوەو بیکەینە بنەمای سەرەکی بۆ کۆمەڵگەکەمان، پێویستە هەموومان بەسۆز و بەزەیی بین و لەگەڵ یەکتردا راوێژ بکەین بۆئەوەی ئەمە ببێتە مایەی رژاندنی سۆز و بەزەیی خوا هەتا ببینە ئەوەی کە خوا باسمان دەکات بە باشترین ئوممەت ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾

هەرکەسێك دەیەوێت رەزامەندی خوا بەدەست بهێنێت و پاداشتی گەورەی خوا لە قیامەتدا بەدەست بهێنێت و رزگاری بێت با پێغەمبەر بکاتە پێشەوای خۆی، ئەگەر هەموومان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات دەمانەوێت لە ئەم قەیرانانە رزگارمان ببێت با پێغەمبەر بکەینە پێشەنگ، چونکە ئەو نموونە بوو بۆ رزگارکردنی ئوممەتێك لە نەفامی و دواکەوتوویی و بردنی بەرەو شارستانیەت و پێشکەوتن چارەسەر هەر بە رێبازەکەی ئەو دەکرێت.

# ئیمان وەك سەرچاوەی سەرەكی بزوێنەری تواناكانی تاكی مسوڵمان

بەشی یەكەم

خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی ئەم ئوممەتە دەكات بە باشترین ئوممەت، باشترین لە هەموولایەنەكانی ژیاندا، لەڕووی چاكەكاری و چاكەخوازیدا، بە هەموو ئەو وێنا باشانەی كە مرۆڤ بۆی دەچێت، بۆئەوەی بۆ خۆی بگاتە ئاستێكی پێشكەوتوو، بۆ ئەوانی تریش ببێتە نموونە هەتا چاوی لێ بكەن، كە ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ پێشكەوتنە گەردونیەكەدا.

خوای گەورە لە ئەم ئوومەتەدا هەموو پێداویستی چەكەرەكردنی چاكەكاری دەستەبەركردووە ، كە گرنگترینیان ئەو ئیمانەیە كە قورئانی پیرۆز باسی دەكات لە بڕوابوون بەخواو رۆژی دوایی و هەموو ئەو ئەركانانەی تر كە قورئان و فەرموودە راستەكان باسی دەكەن.

ئەو ئیمانەی كە خوای گەورە بۆ بەندەكانی باس دەكات، ئیمانی دەرخەر و گەشەپێدانی تواناكان و ئاراستەكردنیەتی بەرەو ئەنجامدانی كاری چاكە، ئەو ئیمانە دەبێت ببێتە داینەمۆی بەگەڕخستنی تواناكانی مرۆڤی باوەڕدار بەرەو بەرهەمهێنانی چاكترینی شتەكان، باشترینی رەوشت و مامەڵە و هەڵس و كەوت پێشكەوتووترین عەقڵیەتی بیركردنەوە بۆ ئامانجی گەشەپێدان و سەركەوتن و بەرهەمهێنانی تەكنۆلۆژیا و زانست و عەدالەت و ئازادی و چەسپاندنی مافەكانی مرۆڤ، ئەم ئیمانە دەبێت لە هەموو كاتەكاندا بوونی هەبێت لە حاڵەتی هێز ولاوازی و سەركەوتن و شكست واتە دەبێت لە پێش دوارۆژدا دنیا ئاوەدان بكاتەوە.

ئەو ئیمانەی کە خوای گەورە دەیەوێت دەبێت بەرهەمهێنەری چاکەکاری بێت، جوانترین وێنە بۆ گەل دروست بکات وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ ال عمران - ١١٠، دەبێت ئەم ئوممەتە ببێتە سەرچاوەی هەموو چاکە و خۆشگوزەرانی و بەختەوەریەك بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بۆ هەموو گەردوون، ئیمانی راستەقینە ئەو ئیمانەیە کە پەیوەستت دەکاتەوە بەخواوە، زمانت پاراودەکات بە یادی خوا، بۆ ساتێکیش بێ ئاگا نیە لێت، لە خواترسانت تیادا بەهێز دەکات، هەست بە چاودێری خوا دەکەیت ئەمەش دوو شوێنکاری باشی هەیە:

یەکەمیان پاراستنی خۆتە.

دووەمیان پاراستنی بەرامبەرەکانت.

ئەوەی دەبێتە مایەی پاراستنی خۆت ،بریتیە لە دورکەوتنە لە تاوان و خراپەکاری، ناهێڵێت بیر لە گەندەڵی و خیانەت و دزی بکەیتەوە، بەردەوام هەست بە چاودێری خوا دەکەیت، ئەمەش گەورەترین پارێزەری مرۆڤی مسوڵمانە لە بازنەکانی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی، جۆری دووەمیان پاراستنی مافی بەرامبەرەکانە، زیانت نابێت بۆ کەس، بە ناڕەوا ماڵی کەس ناخۆی ،دزی ناکەیت، خیانەت ناکەیت، بەمەش مرۆڤەکان و نیشتمان و ژینگە و هەموو زیندەوەران پارێزراو دەبن و بە بوونت بەختەوەر دەبن.ئەمە ئیمانی راستەقینەیەو ئەمەیە تێگەیشتن لە ئیمان.

کەواتە ئیمان جوڵە و وزە و رەوشت و کرداری چاکەیە، ئیمان کە لە دڵدا هەبوو دەبێت ئەمە کاریگەری لەسەر زمان و جەستە و ئەندامەکان هەبێت، دەبێت لە بواری واقیعدا هەستی پێ بکرێت و دەبێت وەك قورئانێکی زیندوو وابێت لەناو خەڵکدا بجوڵێت ، ببێتە

پێشەنگ بۆ کەسانی تر، بەڵام ئەگەر سەرنجی واقیعی کۆمەڵگا مسوڵمانەکان بدەین ئایا بەوجۆرەن؟ یان شتێکی تر دەبینین.

ئەمڕۆ ئێمەی مسوڵمان تێگەیشتنمان بەوجۆرە نیە بۆ ئیمان، بۆیە ئەو چاکترین ئوممەتەش نین کە خوا باسی دەکات. زۆربەمان ئەمڕۆ تەنها بەشە تیۆریەکەی ئیمانمان وەرگرتووە، وا دەزانین تەنها ئەوەندە بەسە کە بە دڵ ئیمان بهێنین یان تەنها ئەرکانەکان جێبەجێ بکەین وادەزانین بەمە دەچینە ناو بازنەی ئیمانەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ئەوە نیە کە خوا داوای کردووە لە باوەڕداران، چونکە خوای گەورە دەیەوێت بە باوەڕهێنان بەو ئیمانە گەلانی مسوڵمان ببنە پێشەنگ بۆ هەموو دانیشتوانی سەرزەوی لە هەڵس و کەوت و مامەڵە و بیرکردنەوەو عەقڵ و گیان و پێشکەوتن، ئەمە مانای راستەقینەی ئایەتەکەیە نەك تەنها بە ئەنجامگەیاندنی چەند ئەرکانێکی وشك و بێ ناوەڕۆك لە نوێژ و رۆژ و زەکات و حەج، چاکەکاری مرۆڤی مسوڵمان بەوە دەبێت کە بەندەی باشی خوا بێت و خوا بەوشێوە بناسێت کە پێغەمبەر بۆمان باس دەکات، پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا دەڵێت: "جبریل هات و پرسیارم لێکرد دەربارەی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان، ئەویش وتی: ئیحسان ئەوەیە کە خوا بپەرستی وەك ئەوەی کە دەیبینیت، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینی ئەو تۆ دەبینێت".

لەلایەکی ترەوە دەبێت تێگەیشتنمان بۆ عیبادەت ئەوەبێت کە هەموو ئەو فەرمانانە جێبەجێ بکەین کە خوا داوامان لێ دەکات و لە هەموو ئەوانەش دور بکەوینەوە کە پێی رازی نیە.

فەرمانەکانی خوای گەورەش تەنها تایبەت نیە بە بواری ئەرکانەکانی ئیسلام، بەڵکو هەموو ژیان دەگرێتەوە لە بواری مامەڵە و بیرکردنەوەو عەقڵ و رەوشت و کردەوەکاندا و هەموو چالاکیەکان لەبواری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئەگەر سەیری قورئان و

فەرمووده بکەین، فەرمانەکان لە بواری دروشمە ئاینیەکاندا کەم و سنوردارن، بەڵام زۆربەی دەکەوێتە بوارەکانی تری ژیان.

ئەم چاکەکاریە کە خوا باسی دەکات نەخشەرێگای پێشکەوتن و گەشەپێدانە، هاندانە بۆ ئەوەی مسوڵمان باشترین کردەوە بکات و لە هەموو خراپەیەك دور بکەوێتەوە، واتە دەبێت ئیمان وەك چرایەکی کاریگەری نەکوژاوە بێت، دەوروبەر روناك بکاتەوە، ئەو روناکیەش سەرچاوەکەی نوری نەبڕاوەی خوایە، بەڵام ئەگەر یەکێك دیعایەی ئیمانداری بکات و سەرقاڵی خراپە و تاوان و گەندەڵی بێت، ئایا ئەو کەسە لە کوێی ئەم بازنەیەدا جێگەی دەبێتەوە، ئایا ئەم کەسە هەست بە چاودێری خوا دەکات، یان چۆتە بازنەی شەیتان و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکات.

ئەگەر سەیری قورئان بکەین خوای گەورە نموونە و پێشەنگی زۆرمان بۆ باس دەکات لەسەر چاکەکاری و نموونەی زۆر بە پێغەمبەران دەهێنێتەوە، یوسف پێغەمبەر وەك نموونەی گەنجێکی داوێن پاك باس دەکات، نموونەی خۆڕاگریە لە بەردەم جوانی ژنەکەی عەزیزی میسر، کە ئامادەیە هەموو شتێکی لەگەڵدا بکات، بەڵام لێرەدا ئیمان رۆڵی خۆی دەبینێت، ژنەکە پێی دەڵێت ﴿وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ﴾ فەرموو ئێستا من بۆ تۆم، بەڵام ئیمان یوسفی کردۆتە باوەڕدارێکی ئازا و خۆڕاگر و بە ئیرادە و پێی دەڵێت ﴿قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ (پەنا دەگرم بەخواکاری واناکەم،چونکە پەروەردگارم دەرووی لێکردوومەتەوە ،هەروەها من دڵنیام ستەمکاران سەرفرازنابن.

دەبێت باوەڕدار لە بەرامبەر خراپەدا ئەم پێغەمبەرە بکاتە پێشەنگی خۆی، نەك تەنها لە بواری جنس دا بەڵکو لە بەرامبەر هەموو گەندەڵی و ستەم و تاوانێکدا هەست بە چاودێری خوا بکات و تاوان ئەنجام نەدات، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت دەبێت گومانی لە ئیمانی خۆی هەبێت.

## ئیمان وەك سەرچاوەی سەرەکی بزوێنەری تواناکانی تاکی مسوڵمان

بەشی دووەم:

ئەگەر مرۆڤی باوەڕدار دڵی لەگەڵ خوادابێت، ئەوا ئەو دڵە ڕۆشنایی بەژیان دەبەخشێت، تواناو وزەیەکی زۆرت پێ دەدات ﴿إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا﴾

ئەمە واتلێدەکات لە ئەنجامدانی کاری چاکەدا ماندو نەبیت، ئەمە نهێنی ئەو سەرکەوتنە گەورانە بوو کە تابعین و هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوانیش بەدەستیان هێنا، توانیان لە بیابانی عەرەبی و نەفامی عەرەبی شارستانیەتێك دروست بکەن کە بوە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو گەلانی جیهان. لەماوەی ١٥ ساڵدا لە شوانی حوشترو نەفامی و دەوار نشینیەوە بونە پێشەوای هەموو جیهان، فێری خوێندن و نوسین بوون و بونە سەرچاوەی زانست و زانیاری بۆ هەموو گەلان ، هەندێك لە زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن ئەوەی هاوەڵان لەماوەی ١٥ ساڵدا بە ئەنجامیان گەیاند فارسەکان و ڕۆمەکان بە ١٠٠٠ ساڵ بە ئەنجامیان نەگەیاندنوو .

توانیان دووری ١٠٠٠ ساڵ کورت بکەنەوە بەهێزی ئیمان و پتەوی عەقیدەو چەسپان لەسەر هەڵوێستەکانیان، ئەوان واتێگەیشتبوون کە کار کردن بۆ بەرەو پێشبردنی گەل عیبادەتەو ئاوەدان کردنەوەی زەوی و بنیات نانی شارستانیەت فەرمانێکی خواییە.

ئەوان بەم شێوەیە لە ئایەتەکە تێگەیشتبوون، ئەوان لەو بڕوایەدان بوون کە گەلێکی هەژارو دواکەوتوو کە خێری بۆخۆی نەبێت، چۆن دەتوانیت ببێتە پێشەنگ بۆ گەلانی تر، هەر ئەو چاکە خوازیەش بوو کە گەلانی ژێر دەستە بەسنگی فراوانەوە ئیسلامیان وەرگرت

و له دوایدا هەر خۆیان بوونە خاوەنی ئیسلام، لە ئێستاشدا دەبینین کە دەیان نەتەوەی مسوڵمان لەسەر ئاستی جیهان شانازی بە مسوڵمان بوونی خۆیان و کلتوری مێژووییانەوە دەکەن و لەڕەگەزی عەرەبیش نین .

کاتێك ئێمە دەڵێین ئیسلام چارەسەرە و ئیمان نەخشە ڕێگای پێشکەوتن و گەشەپێدانە مەبەستمان لەم جۆرە تێگەیشتنەیە، چونکە ئەگەر بەم تێگەیشتنە نوێیەوە مسوڵمانان مامەڵە لەگەڵ دینەکەیان بکەن، ئەو کاتە ئیسلام دەبێتە ڕێگەی چاکسازی و گەشەپێدان و ڕێگرتن لەگەندەڵی .

کاتێك پێغەمبەری خواو هاوەڵانی ئایەتەکانی قورئانیان دەخوێندەوە، هەوڵیان دەدا لێی تێبگەن .

کاتێك نوێژیان دەکرد دەیانزانی بۆ نوێژ دەکەن، نوێژ داوای چیان لێ دەکات، لە نێوان نوێژو کردەوەکانیاندا بۆشاییەك نەبوو، دەیانزانی نوێژ بۆ بەرەو ڕووبونەوەی تاوان و خراپەیە لە دەرونی خۆت و دەرەوەی خۆتدا، لای ئەوان نوێژ تەنها تقوسێکی ئاینی نەبوو .

ئەوان کە وەختی بانگ دەهات دەیانووت (أرحنا یابلال) واتە نوێژ بۆ شادی و دڵخۆشی و گەشانەوە بوو، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ مامەڵەی زۆربەی مسوڵمانان لەگەڵ ئایەتەکان و ئیمان و ئەرکانەکانی ئیسلام نەفامانەیە، زۆربەی مسوڵمانان ئێستا نوێژ و ئەرکانەکانی تر لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە، نوێژ تەنها لە ناو مزگەوتدایە، کەهاتنە دەرەوەی مزگەوت شتێکی ترە، لەکاتێکدا کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار خاوەنی یەك کەسایەتی بێت لە مزگەوت و لەناو مزگەوتدا، لەهەمان کاتدا چوونە مزگەوت دەبێت بۆ وەرگرتنی ووزە بێت بۆ ئەوەی کەهاتە دەرەوە ئەو عیبادەتە ببێتە داینەمۆی جوڵاندنی باوەڕدار بۆ چاکەکاری و خێرو دڵسۆزی و گەشەپێدان، بەڵام ئایە ئێمە بەو جۆرەین ؟

پێوەری ڕێژەی ئیمان لە دڵەکاندا، بەزمان و کردەوەو مامەڵەدا دەردەکەوێت، واتە دەبێت ڕەفتارو گوفتار یەك شت بن، ئەوکاتەش دەبێت مسوڵمان هەڵگری ئەم سسیمایانە بێت :

١- بروابوون بە سەروەری شەریعەت ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾

٢– خۆشەویستی خوا ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا﴾

٣– هەست کردن بەبرایەتی ڕاستەقینە ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾

٤- بڕوا بوون بەبەڵێنەکانی خوای گەورە ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾

٥- پەیوەست بون بەخواوە ﴿إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوا وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ﴾

٦- دەستکەوتنی لێ خۆشبوونی خوا ﴿رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾

٧- بەرگری خوا لە باوەڕداران ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُو﴾

٨- ژیانێکی خۆش لە دوا ڕۆژدا ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾

ئەگەر ئەم شوێنکارانە لەسەر ڕەوشت و مامەڵەی مرۆڤی مسوڵمان ڕەنگی دایەوە، ئەوکاتە ئەو کۆمەڵگەیەش بەختەوەر دەبێت و گەشە دەکات و دەبێتە ڕۆشنایی بۆ خۆیی و ڕێگاش بۆ دەوروبەرەکەی ڕۆشن دەکاتەوە .

# ڕەمەزان وەك خولێکی ڕاهێنان بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی

حیکمەتی دووبارە بوونەوەی ڕۆژی ڕەمەزان لەماوەی ساڵێکدا ئەوەیە کە مرۆڤی مسوڵمان لە ماوەی مانگێکدا خولێکی ڕاهێنانی بۆ دەکرێتەوەو لە کۆتایی خولەکەشدا بڕوانامە وەردەگیرێت کە بڕوانامەی بەخشین و لێخۆشبوونە، ئەم خولە لەم مانگەدا سەرەتا دەبێت کاریگەریەکانی لەسەر عەقڵ و ڕۆح بێت پاشان ئەوە دەبێتە فەرمان و دەدرێتە ئەندامەکانی هەتا بیگۆڕن بۆ ئەخلاق و مامەڵەو هەڵسوکەوت، گرنگترین حیکمەتەکانی ڕۆژو ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەرەتای ڕەمەزاندا پێداچوونەوەیەك بەخۆیدا بکات بزانێت گرنگترین ئەو تاوانانە چین کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا ئەنجامی داون، بۆ ئەوەی ئەم مانگە بکاتە چاکسازی دەرون و گەڕانەوەو تۆبەو داوای لێخۆشبوون لە خوا، چونکە دەبێت هەمومان نەفسی خۆمان بناسین، بەشێوەیەکی گشتی نەفس حەزی لەتاوان و سەرپێچیە، جیاوازی کەسێکیش کە بەڕۆژو دەبێت لەگەڵ کەسێك کە بەڕۆژو نابێت ئەوەیە، ڕۆژو بەرگریت پێ دەبەخشێ کە بەرامبەر تاوان بەهێز بەهێزبێت، شکست نەخۆیت ئیرادەت لاوازنەبێت، هەست بەچاودێری خوا بکەیت لە سزاکەی بترسێت و دڵت بەپاداشتی بەهەشت خۆشبێت، بەڵام لەلای مرۆڤی ئیمان لاواز ئەم هەستە نیەو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری تاوانەوە، لەبەرئەوە ڕۆژو سەرەتا دەبێت کاریگەربیت بۆ پاکردنەوەی دەرون پاشان بیرکردنەوەو مامەڵەو دەبێت وا لەو مرۆڤە بکات کە بیکاتە مرۆڤێکی چاکەکار.

ڕۆژو وا لە دەرونی مرۆڤی باوەڕدار دەکات کە نەفسی لە فەرمان بە خراپەوە بگۆڕێت بۆ نەفسێك کە لێپێچینەوە لە خۆی بکات ئەگەر تاوانی ئەنجامدا، لەبەرئەوە ئەم کەسە کاتێك کە تاوان ئەنجام دەدات هەست بە دڵە راوکێ و تاوانباری ئیمان لاوازی خۆی دەکات،

لەلایەکی ترەوە ڕۆژو بۆ ئەوەیە ئێمە لەبازنەی تەسکی خۆمان و بەرژەوەندیەکان دەربچین بۆ بازنەی فراوانی مرۆڤایەتی، هەستی ناسك و جوانمان بۆ دروست ببێت بۆ خۆشەویستی مرۆڤ، هەست بەبەرپرسیارێتی بکەین بەرامبەر بە مرۆڤەکانی ترو بەپێی ئەم فەرمودەیە مامەڵە بکەین کە دەفەرموێت (من أصبح ولم يهتم بأمر المسلمين فليس منهم) واتە هەرکەسێك ڕۆژ بکاتەوەو گرنگی بە کێشەو گرفتی مسوڵمانان نەدات لەوان نیە.

دەبێت ڕۆژو هەندەربێت بۆ ئەوەی گیانمان پاك بکەینەوە، لە خۆ پەرستی و رق و بوغزو هەموو نەخۆشیە دەرونیەکان دەبێت بمانباتە بازنەی کۆمەڵایەتی (ئێمە) ئەمەش گوتارێکی قورئانیە بۆ مرۆڤ و لەیەکەم سورەتی قورئاندا خوای گەورە فەرمانی پێ دەکات .

دەبێت پەیوەندیمان لەگەڵ خوادا پتەوبێت، خوای گەورە دەیەوێت پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خۆیدا بەتاك بێت، بەڵام لەگەڵ یەکتردا دەبێت بە کۆ بێت، خوای گەورە لە سورەی (فاتحە)دا دەفەرموێت ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ نزاکەش ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ تەنانەت خوای گەورە کە باس لە پیاوچاکانی پێشوو دەکات بەکۆ ناویان دەبات.

دەبێت مرۆڤی مسوڵمان کەسێکی خۆپەرست نەبێت، لەگەڵ کۆمەڵدا بژی، تەنانەت لە عیبادەت و خواپەرستیشدا هەر بەو گیانەوە بێت، لە نزاکاندا دەبێت باوەڕدار وەك چۆن داوای خێر و چاکە بۆ خۆی دەکات بۆ براو خوشکەکانی بۆ هەموو مرۆڤایەتیش بەو جۆرە بێت، واتە پێوەری ئیمان بە پاکی دڵ و دەرون و داواکردنی خۆشی بۆ ئەوانی تر دەبێت.

(لايؤمن احدكم حتى يحب لاخيه مايحب لنفسه...) کەستان باوەڕدار نیە ئەگەر ئەوەی بۆخۆی پێ خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت.

دەبێت مرۆڤی باوەڕدار هەفتەیەك پێش هاتنی رەمەزان خۆی ئامادە بکات، بەتەنیا دابنیشێت، بەخۆیدا بچێتەوە داوای لێبوردن لەخوا بکات نزا بکات کە خوا سەرکەوتووی بکات لە گرتنی مانگی رەمەزاندا و دڵخۆش بێت بەوەی کە خوای گەورە تەمەنی درێژ کرد

هەتا بگاتەوە ئەم رەمەزانە، لە گرنگترین ئەو خۆ ئامادەکردنانەش ئەوەیە کە ئامادەی گۆڕانکاری بێت لە هەموو لایەنەکاندا، چونکە لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و گەل هەمووی پێویستی بە گۆڕان هەیە، ئەم گۆڕانانەش دەبێت بە ئاڕاستەی ئیجابی بێت، هەموویشی لە گۆڕانی تاکەوە دەست پێ دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر بەشێوەیەکی دامەزراوەیی مامەڵە لەگەڵ رەمەزاندا بکرێت دەتوانرێت ئەو مانگە بکرێتە خولی پێگەیاندنی مرۆڤی چاکەکار.

ئایەتێکی زۆر گەورە هەیە بۆ گۆڕانکاری و گەشەپێدان کە ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکرێت هەموو سیستمی ژیان لە کۆمەڵگەدا بەرەو چاکە دەگۆڕێت وەك دەفەرموێت ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ ئەم ئایەتانە سەرەتا بۆ تاکە پاشان دەگاتە کۆمەڵ و هەموو مرۆڤایەتی و دەیکاتە رێسایەك بۆ گۆڕانکاری و پێکەوتن، ئەم ئایەتانە جەخت دەکەنەوە لەسەر (الأنفس) واتە خودی مرۆڤەکە و ناخ و جەوهەرەکەی، هەموو جۆرەکانی (نفس) بەمەش عەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت واتە هەردوو لایەنی عەقڵ و سۆز بەیەك ئاڕاستە دەڕۆن کە ئەویش گۆڕانکاری و خزمەتی مرۆڤە.

# بۆ زانایانی گەلانی مسوڵمان

ئەو ئاینەی کە پەیامەکەی سۆز و بەزەییە، ئایەتەکانی خێر و چاکەن، لە جێبەجێکردنیدا سودی گشتی هەیە، پێغەمبەریش باشترین پێشەنگە کە چەند لێبوردە بووە لەگەڵ دوژمنەکاندا، ئاینی خۆشبەختی و کامەرانیە بۆ دنیاو دوارۆژ، ئێستا ئەم ئاینە بەرز و پیرۆزە لە دوو لاوە هەوڵی ناشیرینکردن و شێواندنی وێنە جوانەکەی دەدرێت، دوژمنان لە دەرەوە سودیان وەرگرتووە لە هەڵوێستی توندڕەوانەی کەمینەیەك کە زۆر بە نەفامانە و توندڕەوانە و بێ بەزەیی و دڵڕەقانە تەعبیر لە ئیسلام دەکەن، ئەمانە لەژێر ناوی جیهاددا خوێنی بێ تاوانان حەڵاڵ دەکەن و وڵات و ئاوەدانی کاول دەکەن، ئەمانە وێنەی جیهادیان ناشیرین کردووە، چونکە جیهاد مانای هەوڵ و تێکۆشانە بە (ماڵ و نەفس و راگەیاندن و وشە و پێشەنگ) بوون، رێگەیەکە بۆ گەیاندنی خێر و چاکە و بانگەواز بەشێوەی دانایی و ئارامی و ئامۆژگاری باش، جەنگ وکوشتاریش لە ئیسلامدا بۆ بەرگریکردنە لە مافی چەوساوەکان و دژایەتی داگیرکەران و ستەمکاران، پارێزگاریە لە مافی ئاینەکان و شوێنی عیبادەتیان، لە یەکەم ئایەتدا کە قورئان باسی جەنگ دەکات دەفەرموێت ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا، وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ، الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ، وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا، وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ، إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيز﴾.

ئایەتەکە زۆر روونە باسی رۆڵی جیهاد دەکات کە وەستانەوەیە دژ بە ستەمکاری و دەستەبەرکردنی ئازادیە کە بەشێکی ئازادی ئاینیە، شوێنی عیبادەتیش تەنها بۆ مسوڵمان نیە، بەڵکو مسوڵمان و جولەکە و مەسیحی دەگرێتەوە.

زۆر بەداخەوە لە ئێستادا هەندێك بەناو زانای ئاینی دروست بوون کە فەتوا دەدن بە جائیز بوونی تەقینەوە دژ بە مەدەنیەکان و کەسە بێ تاوانەکان، تەنانەت بە تەکفیرکردنی بەشێك لە مسوڵمانان ئەویش تەنها لەبەرئەوەی وەك ئەوان بیر ناکەنەوە، ئەم موفتیانە لە تەکفیرەوە دەچن بەرەو تەقینەوە، ئەمانە بە چەند بەڵگەیەکی بچوك ئامانجی گەورەی شەریعەت لەناودەبەن، بەبیانوی شتی بچوك ئامانجە گەورەکانی ئیسلام لەکەدار دەکەن، ئەمانە بەو هەڵوێستە توندڕەوانەیان کە بەرەو بوغز و رق و رەگەزپەرستی بردوون لە بازنەی زانایانی ئیسلامی دەچنە دەرەوە هەرچەند خاوەنی بڕوانامە و زانستی ئاینیش بن وەك ئیمامی شافیعی دەڵێت.

لە بەردەم ئەم واقیعە تاڵەدا، کە دوژمنانی ئیسلام دێن ئەو هەڵوێستە نەفامانەی ئەو مسوڵمانانە ئیستغلال دەکەن، بەتایبەتیش چەپە توندڕەوەکانی رۆژئاوا دێن ئەم شتە گەورە دەکەن و هەوڵی ناشیرینکردنی ئیسلامی پێ دەدەن ئەمەیان کردووە بە دروشمی ترسان لە ئیسلام (ئیسلاموفوبیا) و هەوڵ دەدەن بەم بیانووە مسوڵمانان لە رۆژئاوا دەر بکەن.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر زانایانی ئوممەتی ئیسلامی کە هەڵوێستی رون و ئاشکرایان هەبێت لەپێناو پاراستنی یەکڕیزی مسوڵمانان و لەسەر بنەما گشتی و نەگۆڕەکان خاوەن یەك هەڵوێست بن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە مەرجەعێکی شەرعی یەکگرتوو بنیات بنێن بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوە بۆ کاری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا، هەتا مسوڵمانان یەکڕیز لەسەر مەنهەجی میانڕەوی کۆ ببنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾

## شوێنکارەکانی ئیمان لەسەر ڕەوشت و مامەڵەی مرۆڤی مسوڵمان

ئەگەر لە ئەمڕۆدا سەیری واقیعی ئوممەتی ئیسلامی بکەین، گەورەترین ئیشکالیەتی ئەوەیە کە گرنگی بە ڕواڵەت دەدات و کرۆك و ئامانج و مانا قوڵەکانی تێگەیشتنی دینی پشتگوێ خستووە، ئەمەش پێچەوانەی تێگەیشتنی قورئانە بۆ ژیان و بوون، چونکە قورئان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئوممەتی ئیسلامی باشترینی ئوممەتەکانە و هانی باوەڕداران دەدات کە گرنگی بدەن بە لایەنی ئەخلاقی و کرداری و لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی دان بە عەقیدە و عیبادەت و دروشمەکان، داوا دەکات کە با عەقیدەو عیبادەتەکان و دروشمەکان شوێنکاری هەبێت لەسەر هەڵس و کەوت و مامەڵەکانی و ببێتە چرا بۆ دەوروبەرەکەی.

ئەمە ئەو شتە گرنگە بوو کە پێغەمبەری خوا لە وتاریماڵئاوایی دا جەختی لەسەر کردەوە، داوای لێکردن کە بە دەستورێکی ئەخلاقی ژیان بەڕێ بکەن و جۆرێك لە ئایندەبینی فێرکردن لەکاتێکدا کە پرسیاری لێ کردن، ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە؟ وتیان خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، ئەم مانگە چ مانگێکە؟ وتیان خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، پاشان پرسیاری شوێنی لێ کردن، لە هەموو کاتێکدا هاوەڵان بەوە وەڵامیان داوەتەوە کە ئەوە لە زانستی خواو پێغەمبەردایە، ئەویش بەهۆی ئەدەبی گەورەی هاوەڵان بوو. پاشان پێغەمبەر (د.خ) ماددەیەکی دەستوری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئیمانی ئیسلامی بۆ داڕشتن، فەرمووی "خوێن و ماڵ و شەرەفتان بەیەکتر حەرامە وەك حەرامی ئەم ڕۆژە و ئەم مانگە لەم شارەدا" جیاوازی نیە لە تاواندا لە هەر جێگەیەك ئەنجام بدرێت، یان لە هەرکاتێکدا بێت،

واته هەر تاوانێك لە هەر شوێنێك ئەنجام بدرێت وەکە ئەوە وایە لە رۆژێکی حەرام لە مانگێکی حەرام لە وڵاتێکی حەرام ئەنجام بدرێت.

پێغەمبەر جەخت لەسەر ئەم بنەمای باوەڕو دەستورە دەکاتەوە لە چەندان فەرموودەدا ،کە ئەمەش لە فەرمووده سەحیحەکاندا هەیە، لەوانەش فەرموودەکەی ئیبن و عومەر (مسوڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان بێوەی بن لە زمان و دەستیان، کۆچکەریش ئەو کەسەیە کە کۆچ بکات لە شتێك کە خوا فەرمانی پێکردووە، لێی دوربکەویەوە).

پیاوێك لە پێغەمبەری پرسی چ ئیسلامێك خێرە؟ ئەویش فەرمووی "مسوڵمان ئەوەیە کە مسوڵمانان پارێزراوبن لە دەمی و لە کردەوەکانی، باوەڕداریش ئەو کەسەیە کە باوەڕداران دڵنیابن لێی لە ماڵ و جەستەیان" ئەم دەستەواژە گەورانە (ئیسلام ، ئیمان ، کۆچ) پێگەی تایبەتیان هەیە لە ئیسلامدا، هەروەها لە کەسایەتی مسوڵمانیشدا مانای خۆی هەیە.

ئیمان واتە باوەڕ بوونە بە پێنج ئەرکانەکە، ئەمانە بناغەن بەڵام بێ ئیمان دانامەزرێن و مانا پەیدا ناکەن، پێغەمبەری خوا پێمان دەڵێت کە دەبێت ئەو ئیمانە کاریگەری لەسەر رەوشت و مامەڵەی مسوڵمان هەبێت، دەبێت خەڵك لە ماڵ و سامان و نەفس و شەرەفیدا پارێزراو بێت. چونکە ئیمان تەنها وشە نیە بە زمان بوترێت، بەڵکو لە دڵدا جێگیر دەبێت و کردەوەکان شایەتی بۆ دەدەن. لە شوێنکاری ئەم ئیمانەشدا ئەوەیە کە دەبێت ژینگە و هەموو زیندەوەران لێی دڵنیا بن کە زیانیان پێ نەگەیەنێت.

ئیسلام لەسەر پێنج ئەرکان بنیات نراوە، بەڵام ئەمانە پێویستیان بە چەسپاندن لە واقیعدا هەیە و گرنگترینی ئەوەیە کە مسوڵمانان پارێزراوبن لە زمان و دەستی، کۆچی راستەقینەش دوو مەرجی گرنگی هەیە، یەکەمیان بە ئاینەکەتەوە بڕۆیت بۆ وڵاتێکی تر، دووەمیان کۆچ کردنە لە تاوان، لەم حاڵەتەشدا باوەڕدار هەست بە بوونی برایەتیەکی راستەقینە دەکات وەك قورئان دەفەرموێت ﴿إنما المؤمنون إخوة﴾ ئەمەش تەنها دروشم

بەرزکردنەوە نیە، بەڵکو ماف و ئەرکە، ئەم برایەتیە زۆر لە برایەتی خوێن گەورەترە، پێغەمبەر لە فەرموودەیەکدا دەڵێت: مسوڵمان برای مسوڵمانە، ستەمی لێ ناکات، بوغزی نیە، سەرشۆڕی ناکات، نایداتە دەستی دوژمن، بۆ باوەڕداریش ئەوەندە شەڕی بەسە کە رقی لە برایەکی خۆی بێت، هەموو مسوڵمانێك ماڵ و سامان و شەرەفی بەوی تر حەرامە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە مسوڵمانانندا دەیبینین سەرقاڵ بوونیانە بە رووکەش و گرنگیەکی ئەوتۆ نادەن بە ناوەڕۆك، مامۆستایەکی زانکۆ لە لەندەن کە ئافرەت بوو سکاڵایەکی بۆ نووسیم کە تەعبیر بوو لە واقیعێکی خەمناك، لە سکاڵاکەیدا دەڵێت: گەنجێك کە بە روکار خواناس و خاوەن تەقوا دەردەکەوت ناردیە خوازبێنیم، گەنجەکە زۆر نوێژکەر بوو زۆربەی نوێژەکانی بە کۆمەڵ دەکرد،منیش رازی بوم ، بەڵام پاش ئەوەی کە شوم پێکرد و ماوەی مانگێك تێپەڕی بە سەریدا، نامەیەکی بۆ ناردم کە تەڵاقدان بوو، کە پرسیارم لێ کرد بۆچی ئەو کارەت کردووە لە وەڵامدا وتی هەندێك لە زانایانی شەرع فتوایان بۆ دەدام کە مسوڵمان دەتوانێت ژنێك مارە بکات بە نیەتی تەڵاق، منیش بەو نیەتە تۆم هێناوەو ئێستا لێت جیا دەبمەوە، ئەم رووداوە زۆر گاریگەری کردبووە سەر ئەو ئافرەتە، خەریك بوو واز لە ئیسلام بهێنێت، زۆر بە گران توانیمان قەناعەتی پێ بکەین، کە ئەوانە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن و ئەوانە تەنها بە رواڵەت مسوڵمانن.

زۆربەی مسوڵمانان لە ئێستادا هەڵگری جەوهەری ئیسلام نین، لە رەوشت و مامەڵەیاندا دین نابینی، چونکە ئیسلام ئاینی کردەوەو رەوشتە، خوا پێویستی بە درشمی بریقەدار و روکەش نیە، هاوسەنگی دەکات لە نێوان مافەکانی خواو مافەکانی مرۆڤ بەبێ ئەوەی سەیری رەنگ و رەگەز و ئاین بکات. ئەمەش لەو فەرموودەیەی پێغەمبەردا رەنگ دەداتەوە کە دەڵێت (مسوڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان دڵنیابن لە زمان و دەستی).

پێغەمبەری خوا لەسەر ئەم ڕێسایانە نەوەی یەکەمی هاوەڵانی پەروەردە دەکرد، خۆیان بە مانا جوانەکانی ئیسلام رازاندبووەوە و تەنها خۆی لە کۆمەڵێك قسەی زل و روکەشدا نەدەبینیەو ،چونکە هەر کاتێك ئیمان بەو جۆرەی لێهات فاتیحەی لە سەر بخوێنە .

بەڵام ئەگەر عیبادەتەکان لە ئێمەدا ببێتە مایەی بەگەڕخستنی تواناکان و ببێتە مایەی خێر بۆ هەموو مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە، ببێتە مایەی هاندانمان لەسەر چاکە و خێرکردن، ئەوکاتە با دڵمان بەو ئیمانە خۆش بێت و ئەو بەڵێنانەش دەمانگرێتەوە کە خوا دەیدا بە بەندە خواناسەکانی.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرینەی مسوڵمانان نوێنەرایەتیەکی خراپی ئیسلام دەکەن، نموونەیەکی ناشیرینیان دروست کردووە لە توندڕەوی و دواکەوتوویی و نەفامی لەکاتێکدا کە ئێمە دەبوایە بۆ یەکتر بەسۆز و هاوکار و چاکەخواز بوینایە و بۆ دوژمنان ئازا و خۆڕاگ بوینایە.لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خوا دەفەرمێت (دنیا کێڵگەی دوا رۆژە ،پێشینانیش ووتویانە چی بچێنیت ئەوە دە دوریتەوە .

## ئیسلام و هەستی بەرپرسیاریتی گشتی

خوای گەورە ئەم ئاینەی وەك دوایەمین ئاین ناردووە، کردویەتیە مایەی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ و ڕێبازی ڕێنمایکردنی تیادا روون کردۆتەوە، بۆئەوەی مرۆڤ لە دنیا و دوارۆژدا بە بەختەوەری بژی.

ئەگەر بمانەوێت ئامانجەکانی ئیسلام لە چەند وشەیەکی کورتدا پوخت بکەینەوە، دەتوانین لە دوو چەمکدا کورتی بکەینەوە:

یەکەم/ یەکتاپەرستی: هەموو بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی دەگرێتەوە کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، لەم ڕێگەیەوە هەموو باوەڕداران لە عەقیدە و شتە چەسپاوەکان و رەوشتی گشتیاندا یەکگرتوو یەك دەنگ دەبن.

دووەم/ خۆشبەختی دنیاو دوارۆژ

لەم وتارەدا زۆرتر باسی دووەمیان دەکەین کە بریتیە لە یەکگرتنی خەڵك، هەموو ئەو ئەحکام و یاسایانە و فەرمانە خواییانە و ئەوەش کە لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە لە فەرمان و پێشەنگ بوون و رەوشتی چاك هەمووی لە پێناو پاراستنی یەکڕیزی خەڵك دایە، بەتایبەتیش باوەڕداران کە بڕوایان بە قورئان هێناوەو خۆیان بە شوێنکەوتەی پێغەمبەرمان محمد دەزانن.

هەموو عیبادەتەکان لە نوێژ و زەکات و حەج، لەلایەك پەرستشە بۆ خوای گەورە، لەلایەکی تر خۆشەویستی و یەکڕیزی و دڵپاکی و هاوکاری و چاکەکاری هاوڵاتیانە لەگەڵ یەکتر.

بۆ نموونە نوێژ، لە گەڕەکێکدا کە مزگەوتێکی تێدایە، مسوڵمانانی ئەو گەڕەکە لە نوێژی بەکۆمەڵدا پێنج جار یەکتر دەبینن ،بەم هۆیەوە تێکەڵاوی یەکتر دەبن و یەکتر دەناسن و هاوکاری یەکتر دەکەن، هەریەکەیان لە نزیك ئەویتر دەناسێت و پرسیار لە ژیانی دەکات، نەك وەك ئەمەی ئەمڕۆ کە هەندێك کەس بە پەلە دەڕوات لە مزگەوت نوێژەکەی دەکات و بەبێ پرسیار و سڵاوکردن دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو لە حاڵی کەس ناپرسێت، ئەم کەسانە نوێژیان کردووە بە تقوسێکی ئاینی بێ گیان کە بەها عیبادەتیەکەی لەدەست داوە، چونکە هەست بە برایەتی ئیمانی و خۆشەویستی خوا ناکات، وردە وردە ئەم بازنەیە فراوانتر دەبێت، لە بازنەی گەڕەکێکەوە دەچێتە بازنەی شارێك، ئەویش لە رێگەی نوێژی هەینیەوە، چونکە لە سەردەمی پێغەمبەردا نوێژی هەینی تەنها لەیەك مزگەوت کراوە، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی سنوری دانیشتوان، فەتوا درا کە لە زۆر شوێن نوێژی هەینی بکرێت، لەم رێگەیەوە بازنەی پەیوەندی و هاوکاری و یەکتر ناسینەکە فراوانتر بوو، زیاتر مسوڵمانان دەبێت بەدەم یەکترەوە بن، خۆشەویستی و برایەتیان زیاد بکات و وەك جەستەیەکیان لێ بێت بۆ هەست کردن بە ئازارەکانی یەکتر.

ئەم پەیوەندی و یەکتر ناسینە لە ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا زیاتر دەبێت، لەم رێگەیەوە هەموو مسوڵمانانی سەرزەوی بەیەك دەگەن، لە دەوری کەعبە و شوێنە جیاوازەکانی حەج نوێنەرایەتی هەموو مسوڵمانانی جیهان ئامادە دەبن، ملیۆنان مسوڵمان کۆ دەبنەوە، لە جیهاندا شتی بەوجۆرە نیە.

ئیسلام بنەما ئاینیەکانی لەسەر یەکرێزی و برایەتی ئیمانی بڕواداران بنیات ناوە، دەیەوێت تۆوی خۆشەویستی لە نێوانیاندا بڕوێنێت هاوکار و خۆشەویستی یەکتر بن. هەر ئەمەشە بوەتە هۆی ئەوەی هەندێك لە رۆژهەڵاتناسان ملکەچی ئیسلام ببن و سەر بۆ گەورەییەکەی دابنەوێنن، خوای گەورە ئامانجێکی بەرزی حەج دیاری دەکات و دەفەرموێت ﴿لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ﴾ لە رێگەی ئەم مەشهەدەوە دەبێت باوەڕدار هەست بە هەر گرفتێك

بکات کە تووشی جەستەی ئوممەتی ئیسلامی دەبێت، دەبێت لە گەڵیاندا هەست بە ئازار بکات، ئەم یەکتر بینینە لە حەجدا دەبێت زیاتر ببێتە هۆکاری بەرجەستەکردنی ماناکانی ئیمان لە دڵی باوەڕداردا، مانای وشەی (منافع) ئەمە کۆی (تەکسیر)ە، واتە سودی زۆر لەوانەش:

★-سودی سیاسی: واتە ئەمە شوێنێکە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردەکان کە تیایدا پێویستە باس لە کێشەکانی گەلان بکرێت، بەتایبەتیش لەکاتی قەیراندا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کە سەرکردەکان بوونە مایەی ئاڵۆزی و پارچەبوونی ئوممەت، ئەویش لەپێناو پاراستنی کورسیەکانیان و ترس لە شۆڕشی گەلان و بزاڤی چاکسازی کە لە هەموولاوە دەوری داون.

★-کۆکردنەوەی زانایان: مێژوو وێنەی زۆر جوانمان بۆ دەگوازێتەوە لەوەی کە گەلانی مسوڵمان چۆن کەڵکیان لەم عیبادەتانە وەرگرتووە بۆ بەدەستهێنانی سود و قازانج.

ئیبن کەسیر دەڵێت: لەکاتێکدا کە خاچ پەرستەکان لە سەدەی ٥ی کۆچیدا وڵاتی مسوڵمانانیان داگیر کرد، مسوڵمانان لەکاتی حەجدا کۆبوونەوە سەرەڕای ئەوەی کە هۆکانی گواستنەوەو پەیوەندی لە فڕۆکە و ئوتومبیل و تەلەفۆن و موبایل و هیچ هۆکارێکی پەیوەندی نەبوو، لەم کاتەدا نزیکەی ٢٠٠ - ٤٠٠ زانای مسوڵمان کۆبوونەوە بۆئەوەی گفتوگۆ بکەن لەسەر قەیرانی داگیرکاری و پلانێك دابنێن چۆن سەربکەون بەسەریاندا و وڵاتانی ئیسلامی رزگار بکەن لە دەستیان، لە دوای گفتوگۆکانیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەست بکەن بە دروستکردنی قوتابخانەی چاکسازی کە لە بوارەکانی پاکردنەوەی دەرون و جیهاد و زانستە جیاوازەکان کار بکات، ئەم قوتابخانانە لەلایەن عبدالقادری گەیلانی و چەند زانایەکی تری ناودار سەرپەرشتی بکرێن. پاش ئەوەی دەست بەکاربوون توانیان زیاتر لە ٣٠ - ٤٠ سەرکردە و زاناو سوڵتان بەرهەم بهێنن، لەوانەش نورەدینی زەنگی، صلاح الدینی

ئەیوبی، عززی کوڕی عبدالسلام ( سوڵتانی زانایان)، لەسەر دەستی ئەمانە هەموو وڵاتانی مسوڵمان ئازاد کران و رزگاریان بوو.

★-سودی ئابوری: حاجی و عەمرەکاران چەند خەفەت دەخۆن لەکاتێکدا کە دەگەڕێنەوە لە مەککە و مەدینە شتێك ناباتەوە کە دروستکراوی وڵاتانی ئیسلامی بێت. بەڵکو هەموو ئەوەی دەیکڕێت یان دروستکراوی چین و وڵاتانی رۆژهەڵاتیە یان رۆژئاواییە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە وڵاتانی ئیسلامی سەرچاوەیەکی گەورەی ماددەی خاون، ئەگەر پلانێکی ئابوری سەرکەوتوویان هەبێت دەتوانن زۆر شتی بەهادار دروست بکەن.

عومەری کوڕی خەتاب لە مەراسیمی حەجی هەموو ساڵێکدا هەموو والیەکانی کۆدەکردەوە و پرسیاری لێ دەکردن لە بارودۆخ و ژیانی گەلانی مسوڵمان، ئایە هەژاران چۆن دەژین؟ چۆن چارەسەری گرفتەکانیان دەکەن؟ ئایا زەکات چۆن کۆ دەکەنەوە دەیدەن بەکێ؟ ئایا زەکات دەتوانێت کۆتایی بە هەژاری بهێنێت؟ یان پێویستیان بە پلانی ترە.

بەڵام ئەمڕۆ لە نزیکی مەککەوە یەمەن دەبینین کە گەلەکەی لە چ ژیانێکی سەختدا دەژی شەڕ و نەخۆشی و دواکەوتوویی تەنگی پێ هەڵچنیوە، کۆلێرا هەڕەشە لە ژیانی دانیشتوانی دەکات، حەج تەواو دەبێت و بەڵام کەس نیە باسیان بکات و چارەسەرێکیان بۆ بکات.

سوریا سەدان هەزار کەس تیایدا کوژراوە ملیۆنانیان ئاوارەبوون بەشێکی زۆریان بەسەر وڵاتانی ئەوروپادا دابەشبوون، کەس لێیان پرسین بۆ بەوجۆرەتان بەسەرهات و کەی چارەسەری ئەو دۆخە دەکرێت؟.

بەهەمان شێوە مسوڵمانان لە میانمار و کوردوستان و عێراق و لیبیا و زۆربەی وڵاتانی تری ئیسلامی شەڕ و کوشتار و ئیرهاب تەنگی پێ هەڵچنیون، کەسێك نیە رزگاریان بکات، جیهانیش بێ دەنگ بەدیاریانەوە وەستاوە ،بێ ئەوەی چارەیەکیان بکات، هەموو ئەمانە ئەو

**راستیانەمان بیر دەخەنەوە کە ئێستا حەج و عیبادەتەکانی تر دابڕاون لە ژیان و گوزەرانی مسوڵمانان و تەنها وەك تقوسێکی ئاینیان لێهاتووەو لە کاریگەریەکانی ژیان دابڕاون، بێ گیان و بێ ئامانج بوون، پێگەیەك نیە بۆ چارەسەری کێشەکان، لە رۆحیەتە بەرزەکەیان بەتاڵ کراوەنەوە، بوە بە گەشت و شوێن بینین و دروستکردنی رواڵەتیکی سادە بۆ کەسەکە ،کە پێی دەڵێن حاجی. لەراستیدا ئەمە بەتاڵ بوونەوەی عیبادەتەکەیە لەو فەلسەفەیەی کە دەبێت تەعبیری لێ بکات، لێرەشەوە دین لە ژیان دورخراوەتەوەو رۆژ بەرۆژیش دەسەلاتداران کاریگەریەکانی کەم دەکەنەوەو ناهێڵن رۆڵی لە چاکسازی قەیرانە گەورەکاندا هەبێت، چونکە ئەوان بەسەری قەیرانەوە دەژین و نەمانی قەیران واتە نەمانی خۆیان.**

## مەترسیەکانی تیرۆرو شێوازی رووبەڕبوونەوەی

لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا بارودۆخێکی ناهەموار هەیە، دەوڵەتێك نیە کە لەژێر مەترسی تیرۆردا نەبێت و لە تەقینەوەو کوشتن نەترسێت، کە ڕۆژانە هەزاران کەس دەکاتە قوربانی لە عێراق و سوریا و یەمەن و لیبیا و .... هتد .

پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ و سوکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤ و کوشتارو ئەشکەنجەو کاولکاریەکان تایبەت نیە بە چەند ولاتێکی دیاریکراو، بەڵکو مەترسیەکە بۆ سەر زۆربەی وولاتانی دنیایە، ڕۆژانە بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە، تاوانکاری زایۆنیزمەکان دژ بە فەڵەستینیەکان و غەزەو مسوڵمانان دەبینرێت .

وەك دەبینین لە (میانمار)یش جینۆسایدێکی ڕەگەزی و ئاینی دژ بە گەلی (روهینجا)ی ستەم لێکراو دەبینرێت کە نەتەوە یەکگرتوەکان بەستەم لێکراوترین گەلانی دونیا ناوی دەبات، کە ڕووبەڕوی کوشتن و دەرکردن دەبنەوە لەسەر دەستی بوزیە ڕەگەز پەرستەکان، ئەمانە لە ولاتی خۆیاندا توشی ئەو تاوانانە دەبنەوە، لەکاتێکیشدا کە دەیانەوێت ولاتەکەیان بەجێ بهێڵن دوچاری کوشتن و ئەشکەنجەو خنکان و دەست درێژی جۆراو جۆر دەبنەوە یان لەلایەن باندەکانی مافیاوە رووبەڕووی فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستەیان دەبنەوە .

هەروەها لە ئەفەریقیای ناوەڕاستیش پلانێکی ڕێکخراو هەیە بۆ سەر مسوڵمانان و دەیانەوێت بەناوی تیرۆرەوە و ئەشکەنجەیان بدەن و بەناچاری وولاتەکەیان پێ بەجێ بهێڵن، ئەمانەش لەسەر دەستی لایەنگرانی ئاینی مەسیحی ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئەوەش

که سربەکان دژ بە مسوڵمانان کردیان هەموو بەچاوی خۆمان بینیمان کە چ تاوانێکی دڕندانە بوو، هەروەها گەلی کوردیش لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان ڕۆژانە بەرەو ڕووی تەقینەوەو هێرش و ئەشکەنجەو سزادان دەبنەوەو بەدەیان هەزار کەسیان لەسەدەی ڕابردوو لە ڕێگەی پرۆسەکانی بەناو ئەنفال و جینۆساید توشی و لەناوچوون بونەوەو هەتا ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئەم ترس و تۆقاندن و ئەشکەنجەو دەرکردنە درێژەی هەیە .

لەبەرامبەردا هەندێك گروپی تیرۆریستی وەك داعش و قاعیدە کەکاری تیرۆرو توندڕەوی بەناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدەن و ئیسلام و بەهاکانی زۆر دورن لەم کردەوانە، چونکە کاری ئەمانە مرۆڤ کوژی و لەناوبردنی ژینگەو ئاوادانی و کاولکاریە .

کە ئەمانەش لە ئیسلامدا بە تاوانی گەورە لە قەڵەم دەدرێن .

زمانی توندوتیژی و تیرۆر و لەناوبردن و دەرکردن زاڵ بووە بەسەر زمانی گفتوگۆو لەیەکتر تێگەیشتن، زمانی شەڕ و هەڕەشە و ترساندن زاڵ بووە بەسەر زمانی لێبوردەیی، ئەوەی پێی دەڵێن چاکە و ئاشتەوایی و هاوکاری لەسەر چاکە و بەرژەوەندی مرۆڤ، بەرەو لەناوچوون دەچێت، ئەم شەڕ و ئاژاوەو پشێویانەی کە ئێستا لە ئارادان بێگومان بوەتە هۆی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ و هەست نەکردن بە ئارامی و ئاسایشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش قورەکەی زیاتر خەست کردۆتەوەو وای کردووە کە زیاتر ٣٥٪ی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی بە دەست نەخۆشی دەرونی و خەمۆکیەوە بناڵێنن (١). زاڵ بوونی جیهانی ماددە بەسەر رۆحدا و روکەشی بەسەر ناوەوەو گرنگی نەدان بە بەها مرۆییە مەزنەکان و گوێ نەدان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئەمانە هەمووی سیمای ژیانی ئەم سەردەمەن.

لەلایەکی ترەوە هەستی رەگەز پەرستی و نازیەت و فاشیەت و رق بوونەوە لەوانی تر و توندڕەوی لە ئاینەکاندا زیادی کردووە،

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن ئاینە گەورەکان کەناڵی لەیەکتر تێگەیشتن و راگۆڕینەوەیان نیە هەتا لەم رێگەوە گرفتەکان چارەسەر بکەن، چونکە قورئان ئەوە بەرێگەچارە دەزانێت وەك دەفەرموێت ﴿قل یا أهل.........﴾، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەوە جێگەی دڵخۆشیە کە هەموو ئاینە ئاسمانیەکان کۆکن لەسەر دژایەتی تیرۆری جەستە و رۆح و ئازاردانی مرۆڤ و پێشێلکردنی ئەو مافانەی کە خوا بە مرۆڤی داوە.

لە ئێستادا بەرپرسیارێتی گەورەی هەموو ئاینەکان ئەوەیە کە بەرەوڕووی تیرۆر ببنەوە، سەرچاوەکەی لەهەر شوێنێکەوە بێت لەراستیدا تیرۆر دینی نیە، لەناو هەموو ئاینەکاندا گروپی توندڕەو هەن، تیرۆری سڕبەکانمان بینی کە ئەمانە بە ئاین مەسیحی بوون لە ئەفریقیاش گروپی کاسۆلیکی توندڕەو هەن، هەروەها لە ئەوروپاشدا ئەم گروپانە هەن، هەیانە سەر بە ئاینەکانی بوزی و هیندۆسین وەك لە میانمار و هیند دەبینرێت، هەروەها لە ئیسلامیشدا گروپی توندڕەو هەن، کە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

ئێمە وەکو زانایان بەرپرسیارێتیمان لە ئەستۆدایە و دەبێت ئەم راستیانە بە خەڵك بڵێین:

١- ئەم تیرۆرە ئاینی نیە، لەبەرئەوە نابێت هیچ ئاینێك بە تیرۆر تاوانبار بکرێت.

٢- پێویستە کۆمەڵێك راستی هەیە لەسەر ئەم گروپە تیرۆریستیانە بۆ خەڵك ئاشکرای بکەن و بیانڵێین وەك ئەوەی کە ئەم گروپانە لەلایەن دەزگا جاسوسیەکانەوە ئاڕاستە دەکرێن ئەو گەنجانەش کە لە ناویاندان قوربانی ئەو سیاسەتانەن کە پێویستە هۆشیار بکرێنەوەو رزگار بکرێن.

٣- پێویسته پێشەوایانی ئاینی ئاینه جیاوازەکان هاوکاری و لەیەکتر نزیکبوونەوەیان هەبێت بۆ ئاشکراکردنی مەترسی تیرۆر و ئەم کاره به دور له ئاین بگیرێت، ئەوەش روون بکرێتەوه که کوشتن و ترساندن پەیوەندی به ئاین و ویژدان و یاساوه نیه و لادانێکی فیکری یاسایی ئاینیه.

٤- پێویسته هەموو لایەکمان کار لەسەر نەهێشتنی هۆکارەکانی تیرۆر بکەین وەك نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوەو هەژاری و بێ کاری و چارەسەرەکانمان تەنها لەلایەنی سەربازی و تەقینەوه چڕ نەکەینەوه، بەڵکو گرنگترین لایەنێك ئاینی و فیکریه، پەندێکی عەرەبیش هەیه دەڵێت "ئاسن تەنها به ئاسن خوار دەکرێتەوه و فکریش تەنها به فیکر لەناو دەچێت".

٥- ئەزموونەکان سەلماندوویانه کەفیکری تیرۆریستی تەنها بەهێز یان به فیکرێکی توندڕەوی تر کۆتایی نایەت، بۆ نموونه ناکرێت فیکرێکی ئاینی توندڕەو به فیکرێکی علمانی توندڕەو چارەسەر بکرێت، پێویسته هەموولایەك ئەو راستیه بزانین که ئێستا رابوونێکی ئیسلامی بەرفراوان له ناوچەکەدا هەیه، ناکرێت هەوڵی سەرکوت کردن و لەناوبردنی بدرێت، بەڵکو دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئاڕاستەی نوێی پێ بدرێت دەبێت هاوکاری باڵی میانڕەوی ئیسلامی بکەین که ئەم بۆشاییه پڕ بکاتەوه، ئەگەر وا نەکرێت سەرتاسەری ناوچەکه دەبێت به پارچەیەك له ئاگر که هەمووومان لێی زیانمەند دەبین.

لای هەمووان ئاشکرایه که ئەوکاتەی که بەهاری عەرەبی سەری هەڵدا چالاکی گروپه تیرۆریستیەکان روی لەکزی کرد، بۆ نموونه له میسر و تونس، چونکه گەنجان لەم راپەڕینەدا هاتنەدی هیواو ئاواتەکانیان بەدی دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی له میسر کودەتایان کرد و ئەسەد دەستی دایه کوشتاری گەلەکەی و له عێراق شەڕی تائیفی پەرەی سەند و

زۆرینەی دانیشتوانی سوننە ئاوارەبوون، داعش سەری هەڵدا کە گروپێکی زۆر خوێن ڕێژ و توندڕەوتر بوون لە قاعیدە.

لە ئێستادا ئێمە لە دوو ریانێکداین یان دەبێت بیرمەند و سیاسەتمەدارە عەقلانیەکان بەرێگەی گفتوگۆ و لەیەکتر گەیشتن بگەنە رێگەچارەیەك و چارەسەری فیکر بە فیکر بکەن و چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەی گەنجان بدۆزنەوەو دەست بدەنە چاکسازی لە سیستمی سیاسی دا بەتایبەتیش گەشەپێدانی دیموکراسی کە تیایدا گەل توانای هەڵبژاردنی دەسەڵاتی سیاسی هەبێت و بتوانێت کەسانی چاك و پاك و دور لە گەندەڵی بخاتە سەر کوردی دەسەڵات و چاودێری گەندەڵەکان و دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیابکەنەوەو لە رێگەی پەرلەمانەوە چاودێری حکومەت بکەن و ماڵی گەل بگەڕێننەوە بۆ گەل.

ئەگەر ئەمە جێبەجێ ببێت و پلانێکی گەشەپێدانی هەمەلایەنە هەبێت کە گرفتی بێکاری و هەژاری چارەسەر بکات یان کەمی بکاتەوە، ئەوکاتە دەتوانین زۆربەی سەرچاوەکانی توندڕەوی وشك بکەین. لەم بارودۆخە ناهەموارەداو لەبەر ئەو هەموو مەترسیانەدا دەتوانین رۆڵی کۆنگرەی دوانزەهەمی گفتوگۆی ئاینەکان بە گەورە هەڵبسەنگێنین بەتایبەتیش لەو رووەوە کە تەوەرەکانی تایبەت کردووە بۆ (ئارامی رۆحی و فیکری لە سێبەری رێنماییەکانی ئایندا).

# ئەخلاق کرۆکی عیبادەتە

مامەڵە کردنی باش لەگەڵ خەڵکدا نیشانەی ئەوپەڕی پێشکەوتنە لەڕووی فیکریەوە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر پاکی دەرون و هۆکارێکیشە بۆ زیاتر بەدەستهێنانی نیعمەتەکانی خوای گەورە و دورکەوتنەوە لە بەڵاو ناڕەحەتی، هۆکارێکیشە بۆ بەرەکەت لە تەمەن و ماڵ و ... هتد.

مامەڵەی باش شتێکی ئاسایی و سادە نیە لە ئایندا، بەڵکو تەعبیرە لە تەوەرەی عیبادەت و هۆکاری پێشکەوتنە، هەروەها هۆکارێکە بۆ پاککردنەوەی دەروون لە پیسی و گومانی خراپ و بوغز، خوای گەورە عەقیدە وەك مەرجەعیەتێکی ئەخلاقی باس دەکات و ئەخلاقیش دەکاتە ئامانجی عیبادەت، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ واتە: بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوان و خراپەکاری دەکات دەکات، دەربارەی زەکاتیش دەفەرموێت ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ واتە: لە هەندێ ماڵ و سامانی ئەو (ئیماندارانە) زەکات و خێر وەربگرە، چونکە دەبێتە هۆی خاوێن کردنەوەی ماڵەکانیان و پاککردنەوەی دڵ و دەروونیان. جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەخلاق بنەمای دروست بوونی شارستانیەتە جیهانیەکانە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا مەترسیەکان لەسەر ئەم شارستانیەتە نوێیە ئەخلاقیات و مامەڵەی مرۆڤ دۆستانەیە، ئەمەش جۆرەها قەیرانی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست کردووە، ئەویش لە زاڵکردنی بەرژەوەندی بەسەر ئەخلاقی مرۆڤ دۆستانەدا.

بەرپرسیارێتی گەشەپێدانی ئەم هەڵسوکەوت و مامەڵە باشانە، هەندێکی دەکەوێتە سەر تاك و هەندێکی تریش سەر کۆمەڵ یان دەوڵەت، بەڵام بە پلەی یەکەم بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە سەرشانی دایك و باوك، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا﴾ واتە: ئەی ئەو کاسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە. پاشان ووتی بەرپرسیارێتی یەکەم دەکەوێتە سەر خێزان، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی هاوسەری چاك یەکەم بەردی بناغەی دروستکردنی خێزانە و پاشان خستنەوەی نەوەی چاك، لەدوای ئەوەش قوتابخانە و پێشەوای مزگەوت و مامۆستا و چین و توێژەکانی تر، لەسەر هەمووشیانەوە دەوڵەت بەرپرسیارە لە رێگەی دامەزراوەکانیەوە پلانی هەبێت بۆ ئاراستەکردنی هەموو چین و توێژەکان بۆ چاکەکاری و خزمەت و لێبوردەیی و پەروەردەکردنی هاوڵاتی چاك.

لە کاردا و ئەنجامدانی عیبادەتەکان بەشێکە لە رەوشت، چونکە چڵەپۆپەی رەوشت چاکەکاریە (احسان) واتە بەجۆرێك خوا بپەرستی کە دەیبینیت، ئەگەر تۆ ئەو نەبینی ئەو تۆ دەبینێت، پاشان وتی عیبادەت دەبێت لە مامەڵەدا رەنگ بداتەوە، هەتا یەکێك ئیمانی بەهێز بێت ئەخلاق و مامەڵەی جوانتر دەبێت و دەروونی پاکتر و دڵی چاکتر و خاوێنتر دەبێت، پاشان ووتی ئەگەر یەکێکتان بینی ئەخلاق و مامەڵەی خراپ بوو، رق و بوغزی هەبوو، شەڕەنگێز و توڕە بوو، چروك و لێبودە نەبوو، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە ئیمانی لاوازەو عیبادەتەکانی کاریگەری لەسەر ئەخلاقی نەبووەو بەمەش کردەوەکانی شایەتی نادەن لەسەر باوەڕ و عەقیدە و ئیمانەکەی.

# وێرانی دنیای ئیسلام و گرنگی چارەسەر

ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامی بکەین، دەبینین لە بارێکی زۆر ئاڵۆزو ناجێگیرو پشێودا دەژی، دوبەرەکی و بوغزو رق لەپەرە سەندندایە، نیوەی کەوتۆتە وێزەی نیوەکەی تر، لەهەندێك وولاتی وەك یەمەن و لیبیا و عێراق و سوریا گەیشتۆتە چڵە بۆپەو شەرێکی خوێناوی هەڵگیرساوەو کەوتونە گیانی یەکترو یەکترکوشتن، هەریەکە دروشمێکی بۆخۆی دروست کردووە لە ژێر ناویدا شەڕو کوشتارو توندوتیژی و بەرامبەرەکانیشی جۆرەها دروشمی وەك عەلمانیەت و لیبرالیەت و دژایەتی توندوتیژی بەرزدەکاتەوە بۆ سەر شەرعیەتدان بە زیندانی و لەناوبردن و کوشتنی نیوەکەی تر، لەبەر ئەوە هێزە سیاسیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، ئامانجە گەورەکانیان بیرچۆتەوەو لەدەرەوەش لەلایەن زلهێزەکانەوە ئیدارەیەکی سیاسی ورد دەکرێن و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، ڕۆژ بەڕۆژیش ئەو ئاگرە خۆش دەکەن ،هەتا ئەم وولاتانە بەتەواوی بەرەو کاولکاری دەچن.

## پەروەردەی ئیمانی :

لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەم کۆمەڵگایانە مسوڵمانن و ئیسلام کراوەتە بەشێك لە سوتەمەنی بەڵگەکان و توندو تیژیەکان، کەواتە دەبێت ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کە ئیسلام لەم ململانێ بێ ئامانج و بێ بنەمایانە بێنینە دەرەوە، واتە لەلایەك ئیسلام لە گروپە توندڕەوەکان وەرگرینەوە، لەلایەکی تریش ڕێگە نەدەین ئیسلام بکرێتە قوربانی بەدەستی گروپە عەلمانیە توندڕەوەکان، کەواتە ئەرکی سەر شانی زانایان و تێگەیشتوانە لە ئیسلام کە ئیسلام بکەنەوە بەرێگەیەك بۆ چارەسەرو کۆتایی هێنان بە توندو تیژیەکان، نەك بەشێك لە توندو تیژیەکان، واتە ئیسلام ڕێگە چارەیەك بێت بۆ دەرچوون لەم تونێلە تاریکەی کە

ئێستا وولاتانی ئیسلامی تیایدا دەژین، جارێکی تر گەرانەوە بۆ پەروەردەی ئیسلامی و بنەما مرۆییە گەورەکان، وەك ئاشتی و لێبوردەیی و ئازادی و مافی هاولاتی بوون و قبولْ کردنی جیاوازی ،ئەمە تەنها دەرچەی دەرچوونە لەم بارودۆخە ناهەموارە، دەبێت جارێکی تر تاکی مسولْمان بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕاستە شەقام و نەکەوێتە شوێن خراپەکاری و ناحەقی ، بەلْکو دەبێت جارێکی تر سیاسەت ڕاست بکاتەوە بە ئاراستەی خۆی، واتە خزمەت و ئیدارەو گەشەپێدان، چونکە ئەگەر تاکێکی هۆشیارت هەبێت دەتوانێت دەسەلات و پارتە سیاسیەکان ئاڕاستە بکات بەرەو ئەو ئامانجە بەرزانە . ئەگەر بەوردی سەرنجی قورئان و فەرمودە بدەین، دەبینین کە ئەم ئاینە بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەلْێك ئامانجی گەورە هاتووە، کە گرنگترینیان دروست کردنی تاکی پاك و چاکە لەدەرەوەو لەناوەوەدا .

بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە داوا لە پێغەمبەرەکەی دەکات : کەڕووی دەرەوەی خۆی پاك رابگرێت، دروشمی جوان و چاکی هەبێت، وەك دەفەرموێت ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾ یان دەفەرموێت ﴿وَالرُّجْزَفَاهْجُرْ﴾ ئەمەش داوایەکە بۆ پاککردنەوەی دەروون لە ریا و دووڕوویی و هاوەلْ پەیداکردن، هەروەها ئیسلام خۆی بریتیە لە پاکی لە ناوەوە و دەرەوەدا، لەهەمانکاتدا هەموو عیبادەتەکان کە دانراون دەبێت لای خوا وەربگیرێت مەرجی بنەڕەتی وەرگیرانیش ئەوەیە کە دەبێت لە ناوەوە و دەرەوەدا پاك بێت، ئامانجی گەورەی عیبادەت پاککردنەوەی دلْ و دەرونی موسلْمانە لە نەخۆشیە دەرونیەکان و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە فیکر و عەقلْ و بۆچوونەکانیەوە، ئەمە ئەو ئاینەیەکە خوا ناردوویەتی بۆ بەندەکان و داواشیان لێ دەکات کە لە ئەخلاق و مامەلْە و هەلْس و کەوت و فیکریاندا رەنگ بداتەوە، بۆئەوەی مسولْمان وەك قورئانێکی زیندوو مامەلْە بکات و پارچەیەك بێت لە پاکی و جوانی و ئەخلاقی باش.

بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت، هەموو دام و دەزگاکانی دەولْەت هاوکاربن، بەتایبەتیش پەروەردەو فێرکردن لەگەلْ دەزگاکانی راگەیاندن، چونکە ئێستا سیاسیەکان هەموو

بۆچوونە بەرژەوەندی خواز و نا بەرپرسیار و ئاژاوەگێڕیەکانیان خستۆتە ناو ڕاگەیاندنەوە، لە جیاتی ئەوەی ڕاگەیاندن بکەنە مینبەری چاکەکاری و پەروەردە و پێگەیاندن و گەشەپێدان، کردویانە بە شوێنی جنێو و سوکایەتی و موهاتەرات، پشت بە هەموو ڕێگەیەك دەبەستن بۆ ناشیرین کردنی بەرامبەرەکانیان، بەمەش کۆمەڵگەیان کردووە بە شوێنی تەراتێنی سیاسی و پێکدادان و ڕق و بوغز، بەم هۆیەشەوە بانگەشەیەکی بەرفراوان هەیە بۆ دوڕویی، چونکە لەلایەك هەرتاکێك خۆی بە مسوڵمان دەزانێت و ئەهلی قیبلەیە، بەڵام ئەگەر سەیری دەروونی بکەیت کوتلەیەکە لە خراپە و پیسی و ڕق و وێرانکاری، لەکاتێکدا مرۆڤی مسوڵمان ئەگەر نەیتوانی واقیعێك بگۆڕێت بەلای کەمەوە با بێدەنگ بێت، چونکە بێدەنگی باشترە لە دوڕویی و شایەتیدانی درۆ و پشتیوانی لە خوێنڕێژی و ستەمکار و گەندەڵکاران، چونکە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە مرۆڤێك ئەگەر دڵی نەخۆش بێت، ئەوا دەبێتە هێلانەی هەموو بەکتریا و ڤایرۆسێکی پیس، ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگەیەکیش لەوجۆرەبن، ئیتر کۆمەڵگە بە تەواوی بەرەو وێرانی و داڕزان دەڕوات و چارەسەری گرانە، ئەم جۆرە تاکانە بەوەوە ناوەستن بەڵکو کە دڵیان بوە کانگای خراپەکاری بە کردەوە دەست بە خراپە دەکەن.

پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا هۆشداری داوە لەم جۆرە کەسانە و دەفەرموێت " إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي كُلُّ مُنَافِقٍ عَلِيمِ اللِّسَانِ" واتە"ئەوەی زۆر لێی دەترسم لە ئوممەتەکەم زۆربوونی کەسانی دووڕو و زمان لوسە"، مەبەستیش لە (عليم اللسان) واتە لە قسەکردندا دانایانە قسە دەکات، بەڵام لە کردەوەدا ستەمکار و گەندەڵە، ئەگەر بە وردیش سەرنج بدەینە ئەمە ئەخلاقی زۆربەی سیاسیەکانی ئەم ڕۆژگارەیە لە جیهانی ئیسلامیدا.

پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکی تردا باس لە سیفاتەکانی مرۆڤی دووڕو دەکات و دەفەرموێت "" گەورەترین سیفاتی مرۆڤی دووڕو درۆکردنە، هەرکاتێك درۆکردنی بەلاوە ئاسان بوو ئەوکاتە ستەمکاری و خوێن ڕشتن و گەندەڵی و چەوسانەوەی گەلەکەی لادەبێتە شتێکی زۆر ئاسایی و دواجار هەموو ئەوانەش بە نیشتمان پەروەری و خەمخۆری و دڵسۆزی لەقەڵەم دەدات.

## گەلانی مسوڵمان لە بازنەی مەرجەعیەتە بچوکەکاندا

گرفتی گەورەی ئەم ئوممەتی ئیسلامیە ئەوەیە کە پێشەواو زاناو سەرکردەکانی لە هەڵس و کەوت و مامەڵەیاندا ناگەڕێنەوە بۆ ئیسلام، بەڵکو روکەشێکی ئیسلامیان هەلگرتوەو لە جەوهەردا شتێکی ترن، بەمەش ئەو وێنەیەی کە بۆ ئیسلامی دروست دەکەن زۆر نەشیاوو شێواو نادروستە .

ئەگەر مسوڵمانیش بەڕاستی خۆی بەشوێن کەوتەی ئیسلام دەزانێت دەبێت مەرجەعیەتی بیرکردنەوەو بڕیاردانی قورئان و فەرمودەو شەریعەت بێت، بەتایبەتیش لەم کاتە دژوارو ئاڵۆزەدا کە فیتنەو شەڕو ئاژاوە ڕوی کردۆتە کۆمەڵگا مسوڵمانەکان، ئەگەر لە ڕووە ئاینیەکەوە سەیری ئەم دۆخە نوێیە بکەین، هەریەکە بەشوێن بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت و کەوتۆتە شوێن ئاراستەی ئارەزوەکانی ورگ و جنس و دەسەڵات و سامان، بەبێ ئەوەی ئاوڕێك بدەنەوە بەلای ڕوناکی و ڕاستی و عەقڵ و گەرانەوە بۆ ڕاوێژو عەقڵ و جیهانبینی ئیسلامی .

لە ڕاستیدا ئەمەش سەرەتای لەناو چوونی ئەم ئومەتەیە، هەروەك چۆن شارستانیەتی گەلانی تر بەهۆیەوە لەناوچوون، چونکە شارستانیەتە پێشکەوتوەکان لە مێژوودا لەسەر بنەمای عەقڵ و پشت بەستن بە ڕێنمایی خوایی خۆیان بنیات ناوە، ئەمەش بنەمای گەشە کردنی شارستانیەتی ئیسلامی بووە، بەڵام دەبینین کاتێك ئەم گەلە مسوڵمانانە عەقڵ و سروش پشت گوێ دەخەن و گوێ بەفەرمانەکانی شەرع نادەن، چۆن جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ بازنەی هەرەس و نسکۆو شکست و دوبەرەکی و شەڕو ئاژاوە پەرەدەسەنێت و گەل دەچێتە خراپترین دۆخ و دەبێتە نمونەی دواکەوتوترین گەلانی دنیا، لەکاتێکدا کە

وولآت دەكەوێتە دەست ئەم جۆرە كەسانە هەموو شتێك لەلایان دەبێتە بازاڕو شتێك نامێنێت بەناوی پلان و پرۆژەكانی گەشەپێدان، لەدەرەوەش دەبنە هێزێكی لاوازو پاشكۆو پەراوێز بۆ وولآتە زلهێزەكان و ئەوانیش وەك مانگای شیردەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن، لەم كاتەشدا ئەوەی پێی دەوترێت دامەزراوەی ئاینی و مامۆستایان زۆربەیان دەبنە پاشكۆی دەسەڵاتەكەو ئاین دەكەنە ڕوپۆشی گەندەڵی و ستەمكاری و دەرئەنجامی ئەمەش شەرعیەت دانەبە مرۆڤی گەندەڵو بەكرێگیراوو خۆفرۆش و ناكاراو ناپسپۆڕ لەبواری ئابوری و سیاسیداو تەنانەت ئەكادیمی و میدیاكارو ڕۆشنبیرەكانیش ویژدانی خۆیان دەفرۆشن .

ئەمانە تەنها ئامانجیان دەبێتە كۆكردنەوەی پارەو پاراستنی دەسەڵاتی مافیاو ستەمكارەكان و بەمەش رێگە نادەن هیچ دامەزراوەیەك لەسەرو خۆیانەوە ببێت و یاسا دەكەنە مەهزەلە و پەرلەمان لاواز دەكەن و ناهێڵن رۆڵی چاودێر ببینێ و بەمەش كۆمەڵگە بەرەو هەرەسێكی گشتگیر دەبەن و دەبنە رەمزی دواكەوتویی و نەفامی و ستەمكاری لەبەردەم هەموو گەلانی جیهاندا.

ئەو نموونە نزیك و بەرچاوەی كە بینیمان بەهاری عەرەبی بوو، بینیمان چۆن كاتێك كە مرۆڤ ئارەزووەكانی و بەرژەوەندیەكانی كردە مەرجەعی بیركردنەوەی چۆن چاوی كوێر دەبێت لە ئاست بینینی راستەیكاندا، چونكە لە دوای ئەوەوە عەقڵ لەكار دەكەوێت، گوێ لەكەس ناگرێت، نەهامەتیەكانی گەلەكەی نابینێ، تەنها خەیاڵی لەلای حسابە بانكیەكانیەتی و رۆژانە ئاستی پارە دزراوەكان دەژمێرێت، لە جیهان و واقیع دادەبڕێت، ئەوانەش كە لە دەوروبەریدان زۆرتر هانی دەدەن و سورتری دەكەن لە برەودان بەو جۆرە بیركردنەوەیە هەتا دەكەوێتە ئەو چاڵەی كە رزگاربوونی نیە.

دەرئەنجامی ئەو جۆرە بیركردنەوەیەبوو كە رژێمە ستەمكار و تاكڕەوەكانی عەرەبی روخاند، (زین العابدین)ی تونس دەیوت لە چەند رۆژێكدا دەتوانم دەرسی گەورەیان دابدەم و سەركوتی خەڵك بكەم، (حوسنی موبارەك) دەیوت میسر تونس نیە وا بە ئاسانی

بڕوخێت، (قەزافی) و ئەوانی تریش هەمان بیرکردنەوەیان هەبوو، لە هەرێمی کوردستانیشدا هەندێك سەرکردە هەبوون کە چووبوونە سەر هەمان بیرکردنەوەو گوێیان بۆکەس نەدەگرت و رۆژبەڕۆژ خەڵکیان برسی دەکرد و دیموکراسیان لاواز دەکرد و رۆڵی دامەزراوە شەرعیەکانیان سنوردار دەکرد و تاکە مەرجەعیەتی بیرکردنەوەیان بوبووە بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی خۆیان، بەڵام دواجار ئەوانیش تووشی کارەساتی چاوەڕوان نەکراو دەبن.کە هاوشێوەی ئەوانەی پێش خۆیانە .

لە ئیسلامدا گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵك و راوێژوو گەشەپێدانی کۆمەڵگە جۆرێکە لە عیبادەت و رێگەی چوونە بەهەشتە، خوای گەورەش لە قورئاندا بەردەوام هانی مرۆڤ بەتایبەتیش دەسەڵاتداران  دەدات کە بگەڕێنەوە بۆ مەرجەعیەتی گەردوونی و واز لە مەرجەعیەتە بچووکەکان بهێنن.

چونکە ئەوانەی کە بەدەوری مەرجعیەتی بچوکی وەك بەرژەوەندی تاکەکەس و خێڵ و کەسەنزیکەکاندا دەخولێنەوە، ئەمانە بەرەو ئاگری دۆزەخ دەچن،سەرە تاش بە دۆزەخی دنیادا تێپەر دەبن ،دواجاریش بۆ دۆزەخی دوارۆژ، بەڵام ئەوانەی کە شوێن مەرجەعیەتە گەردونیەکان وەك وەحی و شارستانیەت و ئامانجە مرۆییە گەورەکان دەکەون، لەسەر رێگەی بەهەشت و بەرەو فیردەوس دەچن .

خوای گەورەش رودەکاتە یەکێك لە پێغەمبەرەکانی و ئەوڕاستیەیان بۆ ڕون دەکاتەوە، وەك دەفەرموێت : (يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾

# ستەمکاری دەسەلآت و وێرانکردنی نیشتیمان

ئیسلام پەیامێکە کە بۆ گشت مرۆڤایەتی هاتووەو بەیەك چاو سەیری هەموویان دەکات و چەند بازنەیەکی هەیە بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتردا، لە بازنە مرۆییەکەدا هەمووان دەکاتە برا، لە بازنەی باوەڕداریشدا جۆرێکی تر لە یەکسانی دروست دەکات، ئیسلام بڕوای بە جیاکاریە کۆمەلآیەتیەکان نیە و هەمووان وەك مرۆڤ سەیر دەکات و هیچ رێگەیەك ناهێڵێتەوە بۆ فاشیەت و خۆبەگەورەزانینی هیچ گەل و نەتەوەیەك بەسەر یەکێتی تردا، بۆ مسوڵمانانیش لەژێر دروشمی ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ بڕیاری ژیانی یەکسانیان بۆ دەدات، لەم رێگەیەوە ئیمان دەکاتە پردی پەیوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا و خواپەرستی و تەقواش دەکاتە چڵە پۆپەی ئەم مرۆڤە، لە بەرامبەریشدا زۆر دژی جیاکاری و خۆبەگەورە زانین و ستەمکاری دەوەستێتەوە و بە یەکێك لە نەخۆشییە دەرونیە کۆمەلآیەتیە ترسناکەکان لە قەڵەمی دەدات و لەزۆر ئایەت و فەرموودەشدا بە تاوانی گەورە باسی دەکات و داواش لە هەموو باوەڕداران دەکات دڵ و دەروونیان پاك بکەنەوە لە ئەم نەخۆشیە، چونکە کەسی خۆ بەگەورەزان لە دەرەوەدا وێنەیەکی خراپی بۆ دروست دەکات و خەڵك رقیان لێی دەبێتەوە و حەز بە بینینی ناکەن. بە پێچەوانەی ئەو وێنەیەی کە لە دەروونی خۆیدا دروستی کردووە، کەوا دەزانێت ئەو لە خەڵکی تر باشترە و خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتی کەسایەتیە کە لە کەسانی تردا نیە و بە چاوی سوك سەیری بەرامبەرەکانی دەکات، نایەوێت ملکەچی یاسا بێت و خۆی لە سەر و یاساوە دەبینێت، گوێ بۆ راستی ناگرێت و وادەزانێت خۆی سەرچاوەی هەموو راستیەکانە، چاوی هیچ شتێك نابینێت و وادەزانێت

دەبێت خەڵك فەرمانبەرداری کوێرانەی بۆ بکەن، دان بە هەڵەدا نانێت و ئەم کارە بە سەرشۆڕی لەقەڵەم دەدات.

خۆبەگەورە زانینو ئەخلاقی ستەمکاری، دەبێتە هۆی ئەوەی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان خواو و مرۆڤدا دروست بکات، وە خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیشدا دەفەرموێت (خۆبەگەورە گرتن بەرگی منە هەرکەسێك لەبەری بکات سەر شۆڕی دەکەم). ئەم جۆرە کەسانە رۆژ بەرۆژ لە هاوڵاتیان دور دەکەونەوە، ناتوانن ژیانێکی ئاسایی لەناو ژینگەکەی خۆیاندا بەسەر بەرن، بەرەو ستەمکاری دەڕۆن و هەموو کارێکی خۆیان بەجوان و باش دەبینن و گوێ بۆ هیچ رەخنە و پێشنیارێك ناگرن.

## بێدەنگ بوون لە ئاست ستەمکاری:

تەنها دەسەڵاتداران نین کە دەکەونە بەر نەفرەتی خوا، بەڵکو هەندێکجار گەلەکانیش ئەم نەفرەتەیان بەردەکەوێت، چونکە ئەوانیش بەشدارن لە دروستکردنی ستەمکاری و مرۆڤی خۆبەگەورەزان و تاکڕەودا ،ئەویش بەهۆی بێدەنگیان لە ئاست ستەمکاری و ناعەدالەتی و پێشێلکردنی ئازادی و کەرامەت و مافەکانیان، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو بێدەنگیەوە دەبن بە هۆکارێك بۆ چەسپاندنی پایەکانی ستەمکاری و پاراستنیان لە هەر مەترسیەك کە روویان تێدەکات، خوای گەورە مرۆڤی بە ئازادی دروست کردووە و لەلایەن خۆیەوە رێزی لە کەرامەت و مافەکانی گرتووە، لەبەرئەوە رازی نابێت کەس ئەم مافانەی لێ زەوت بکات و ستەمی لێ  بکات و سوکایەتی بە کەرامەتی بکات، وە بەپێویستی دەزانێت لەسەر هەموو گەل کە بەرەوڕووی ئەم جۆرە دەسەڵات و سەرکردانە ببنەوەو رێگە نەدەن ستەمیان لێ بکات، لەلایەکی تریشەوە بەرپرسیارێتی گەورەی زانایان و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیە، کە بەرەو ڕووی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە ببنەوەو سنورێك بۆ ستەمکاریەکانیان دابنێن و بە جۆرەها رێگە پێشنیار و رەخنەیان ئاڕاستە بکەن و رێگە نەدەن گەل ریسوا

بکات، چونکە ئەگەر ئەمە نەکەن خوای گەورە هەڕەشەی نەفرەت و لەناوچوون دەکات بۆ هەموویان.

ئەگەر سەیری  قورئان بکەین، جۆرەها چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەیە بە روبەڕوبوونەوەی ستەمکاری و داواکردنی ئازادی بۆ گەل و چەسپاندنی دادپەروەری، ئەمەش بە روونی لە چیرۆکی فیرعەوندا رەنگ دەداتەوە، وە هەڵوێستی نەوەکانی ئیسرائیل لەمەدا زۆر بەروون و ئاشکرایی باس دەکات کە چەند گەلێکی بێ هەڵوێست و سەرشۆڕ بوون لە ئاست دەسەڵاتی ستەمکاری فیرعەوندا لەجیاتی روبەڕووبوونەوەی فیرعەون بەرەوڕووی موسا و براکەی دەبوونەوەو رەخنەیان لەئەوان دەگرت وەك دەفەرموێت ﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَاباً شَدِيداً قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ خوای گەورە لەکاتێکدا کە فەرمانی کرد بە لەناوبردنی نەوەکانی ئیسرائیل بەڵام چاکسازەکانی رزگار کرد، چونکە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ کردبوو لەبەرەوڕوبوونەوەی ستەمکاری و پێدانی ئامۆژگاری و رەخنە و پێشنیاری پێویست بۆیان. لەهەمانکاتدا ئاگاداریان کردبوونەوە لە چارەنووسی ستەمکاران لە دونیا و دواڕۆژدا کە بەکوێ دەگات، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە دەسەڵات و بڕیار بەدەستن. خۆبەگەورە گرتنی ئەمان و پەنابردنیان بۆ ستەمکاری دەبێتە مایەی وێران بوونی وڵات و پەرتەوازە بوونی گەلەکەی و هەژاری و نەداری و دواکەوتوویی، ئەمەش بەشێك لە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی ئەو باوەڕ و جیهانبینیەی کە ئەو کەسە هەڵی گرتووە، بەتایبەتی لەلای مسوڵمانان، چونکە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت فەرمانبەرداری خوای گەورە بێت و وەلائی تەنها بۆ ئەو هەبێت ،ئەویش سەرچاوەی هەموو چاکەیەکە و دژی هەموو خراپەیەکە.

## هاواری ستەملێکراو:

لەکاتێکدا کە گەل دەکەوێتە بەر ستەمکاری لەناچاری دا پەنا بۆ هەموو شتێك دەبات بۆ ئەوەی ئەو ستەمەی لەسەر لابچێت، تەنانەت ئەگەر ئەو لایەنانە نامسوڵمانیش بن، زۆرجار بەهۆی ستەمکاری سەرکردەکان لە جیهانی ئیسلامی دا لەگەلێك یان نەتەوەیەك، ناچاری دەکات کە پەنا بەرێت بۆ رێکخراو و وڵاتانێك لە دەرەوە و رۆژئاوادا بۆئەوەی ئەو ستەمکاریەی لەسەر هەڵبگیرێت، بۆ نموونە، گەلی کوردمان کە گەلێکی مسوڵمانە لە ناوچەکەدا هەموو ئەو ستەمکاریەی کە روبەڕوبۆتەوە بەهۆی سەرکردە مسوڵمانەکانی ناوچەکەوەیە، بەبێ ئەوەی حیسابێك بۆ برایەتی ئیسلامی و مێژوو و شارستانیەت بکەن و بزانن کە چەند ئەم گەلە خزمەتی بە شارستیانیەتی ئیسلامی کردووە و هاوکاری نەتەوە مسوڵمانەکانی تری کردووە و ئەگەر دەسەڵاتیشی هەبووبێت چۆن پاراستوونی، ئەگەر لەم کاتەدا ئەم گەلە بۆ رزگار بوون لەو ستەمکاریە داوای هاوکاری لە هێزێکی دەرەکی بکات یان هێزێك لە دەرەوە پشتیوانی بۆ دەرببڕێت، هێرش دەکەنە سەری و بە تێکدەری ریزی مسوڵمانانی لەقەڵەم دەدەن، کە هەموو ئەم هەنگاوانەش پێچەوانەیە لەگەڵ جەوهەری ئیسلام و پێدانی مافی یەکسان بۆ هەمووان و پاراستنی گیانی برایەتی لەنێوان گەلە مسوڵمانەکاندا.

## جۆرەکانی خۆ بەگەورە زانین و ستەمکاری و سزاکەی:

ئەگەر خۆبەگەورە زانین و ستەمکاری بەوشێوەیە مەترسیداربێت لەسەر تاك و کۆمەڵگا خوای گەورە بە یەکێك لە حەرامە گەورەکان لەقەڵەمی داوەو وەك یەکێك لە تاوانە گەورەکان ئەژمار دەکرێت، خوای گەورە بەڵێنی سزای قورس و دورکەوتنەوە لە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی خوا و نەفرەت کردن لێیان دەدات بەو کەسانەی کە ئەو جۆرە

هەڵسو کەوتانەیان هەبێت و گوێ بۆ هاوڵاتیان نەگرن و پەنا بەرن بۆ چەوساندنەوەو ستەم لێکردنیان.

خۆبەگەورە زانین دوو جۆرە، جۆری یەکەم: هەڵگەڕانەوەیە لە فەرمانەکانی خوا و جێبەجێ نەکردنیانە، بەڵکو هەڵس و کەوت کردنە بە پێچەوانەی ئەوەی کە خوا دەیڵێت لەپێدانی ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و پێدانی مافەکانی و چەسپاندنی دادپەروەری، هەموو ئەمانە پێچەوانەی ئەوەن کە خوا داوای دەکات، لەبەرئەوە ئەو کەسانەی هەڵگری ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەن لە دنیا و دواڕۆژدا چارەسەریان تیاچوونە.

جۆری دووەم، بریتیە لە بە بچووك سەیر کردنی خەڵك و سوکایەتی پێکردنیان و هێرشکردنە سەریان و خواردنی سەروەت و سامانی وڵاتە بە گەندەڵی، ئەمەش گەل و وڵات بەرەو دواکەوتوویی و هەژاری و شەڕی ناوخۆ و گەندەڵیەکی هەمەلایەنە دەبات، ئەم جۆرە کەسانە رۆژ بەڕۆژ لەبەرچاوی گەلدا بچووك دەبنەوەو لە هەلێك دەگەڕێن کە بەرەو رووی ببنەوەو و تۆڵەی هەموو ئەو ستەمکاریەی لێ بکەنەوەو و لە دنیادا ریسوا و سەرشۆڕی بکەن، ئەمەش لە چەند ساڵی پێشوودا لەم ناوچەیەدا بینیمان کە چەندان ستەمکاری گەورە بە دەستی گەلەکانیان سەرشۆڕ کران.

## ستەمکاران کەسانی شکست خواردوون:

ئەوانەی کە پەنا بۆ ستەمکاری و خۆ بە گەورەزانی و تاکڕەوی دەبەن لە هەر پێگەیەکی دەسەڵاتدا بن مرۆڤی بچووك و شکست خواردوون، لەڕووی بیرکردنەوەوە داخراون و هەڵگری جیهانبینیەکی گەردوونی نین و تەنها لە دەورەی کۆمەڵێك ئاماجی بچووك دەسوڕێنەوە، لە عەقڵی ئەواندا شتێك نیە بەناوی عەدالەت و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و گەشەپێدانی هەمەلایەنە و پڕۆژەی بەرەوپێش بردنی وڵات و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ گەل، بەڵکو ئەمانە بە پێچەوانەوە سەرچاوەی نەهامەتی و دواکەوتوویی و سەرشۆڕین بۆ گەلەکانیان و دواجار بەهۆی ئەو جۆرە مامەڵەیان لە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دا گەل بەرەو تیاچوون دەبەن و چارەنووسی خۆشیان لەپێش دواڕۆژدا هەر لە دنیا بەرەو دۆزەخ و تیاچوون دەچێت.

# توڕەبوون وەك سەرچاوەی خرا پەكاری

توڕەیی یەكێكە لەو نەخۆشیە دەرونیە ترسناكانەی كە تووشی مرۆڤ دەبێت و كاریگەری هەیە بۆسەر خۆشیەكانی لە دنیا و دواڕۆژدا، نەخۆشی توڕەیی بریتیە لە بڵێسەی ئاگر و پشكۆی ئەو ئاگرەی كە روو دەكاتە دڵی مرۆڤ، دەبێتە هۆی خراپ كردنی و سووتاندنی، سەرئەنجامیش سەردەكێشێت بۆ خۆ بەگەورەزانی، توڕەیی یەكێكە لە بەرهەمەكانی نزیك بوون لە شەیتان، چونكە شەیتان لە ئاگر دروست كراوە توڕەبوونیش لە راستیدا بڵێسەیەكی ئاگرە ،یەكێك لە سیفەتەكانی ئاگریش ئەوەیە، كە توانای جووڵان و سوتاندن و وێرانكاری هەیە، كاتێك كە مرۆڤ توڕە دەبێت دەرگای دڵی دەكاتەوە بۆ شەیتان و سەرئەنجام كۆمەڵێك خراپەكاری لێ دەكەوێتەوە، پێغەمبەری خوا هۆشداریمان پێ دەدات لە توڕە بوون، جارێكیان پیاوێك كە رێگەیەكی دووری بڕی بوو هاتە خزمەت پێغەمبەر و لێی پرسی .شتێكم پێ بڵێ بە سود بێت و لە گوێی بگرم ،ئەویش فەرمووی توڕە مەبە، چەند جارێك پرسیارەكەی لێ دووبارە كردەوە هەموو جارێك پێغەمبەر دەیفەرموو توڕە مەبە، چونكە پێغەمبەری خوا دەیزانی ئەو كەسەی كە پرسیارەكە دەكات لەكاتی توڕەبووندا شتی خراپ دەكات و دەڵێت، لەبەرئەوە ئەمە باشترین ئامۆژگاری بوو بۆ ئەو.

سوفیانی كوڕی عەبدوڵای سەقەفی، چووە لای پێغەمبەری خواو وتی: "ئەی پێغەمبەری خوا وتەیەكم فێر بكە كە سوودی لێ ببینم "، ئەویش فەرمووی "توڕە مەبە جێگەت بەهەشت دەبێت". لە فەرموودەیەكی تریشدا، كە ئەبی دەرداء دەگێڕێتەوە دەڵێت "وتم ئەی پێغەمبەری خوا كارێكم پێ بڵێ ئەگەر بیكەم دەچمە بەهەشت"، ئەویش فەرمووی "توڕە مەبە".

چونکە مرۆڤ کە توڕە بوو لە حاڵەتی ئاسایی دەردەچێت و دەکەوێتە بازنەی وتنی وشەی نابەجێ و ئەنجامدانی کاری خراپ، هەر لێرەشەوە لە ئاستێکی گشتی دا رەگەزپەرستی و رق بوونەوە لە بەرامبەر دروست دەبێت، کە ئەوانیش ئەو نەخۆشیانەن کە کۆمەڵگە بەرەو لاوازی دەبەن.

بەلای ئیسلامەوە کەسی بەهێز ئەو کەسەیە، کە لەکاتی توڕە بووندا کۆنترۆڵی خۆی دەکات و رقەکەی دەخواتەوەو لە بەرامبەرەکانی دەبورێت ئەگەر توڕەش بوو توڕەبوونەکەی بۆ خوایە و ناچێتە بازنەی حەرامەوە. (پێغەمبەری خوا لەبەردەم کۆمەڵێك لە یارانی دا فەرمووی کێ لای ئێوە بەهێزە؟ وتیان ئەو کەسەی کە لە زۆرانبازی دا ئازابێت، بەڵام ئەو فەرمووی بەهێز ئەو کەسەیە کە لەکاتی توڕەبووندا خۆی بگرێت).

لە فەرموودەیەکی تریشدا کە ئەبو هورەیرە ریوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی"بەهێز ئەو کەسە نیە کە لە زۆرانبازی دا سەردەکەوێت، بەڵکو کەسێکە کە لەکاتی توڕەبووندا دەتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات"، تەبەرانیش لە فەرموودەیەکی تردا دەڵێت: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی "هەرکەسێك واز لە توڕەبوون بهێنێت خوای گەورە ناتەواویەکانی بۆ دەپۆشێت".

سلێمان بە کوڕەکەی (سەلامی خوایان لێ بێت) وت: "ئەی کوڕەکەم خۆت بپارێزە لە زۆر توڕە بوون چونکە زۆر توڕەبوون دڵی پیاوی گەورە لاواز دەکات".

خوای گەورە لە وەسفی عیسا پێغەمبەردا دەفەرموێت (و سیدا وحصورا)، عەکرەمە دەڵێت: واتا توڕەیی بەسەری دا زاڵ نابێت.

ئیبن ئەبی دونیا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ذوالقرنین بە یەکێك لە فریشتەکان گەیشت و پێی وت "زانستێکم فێر بکە کە ئیمان و بڕوام پێ زیاد بکات، ئەویش وتی توڕە مەبە ،چونکە لەکاتی توڕەیی دا شەیتان بەئاسانی دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر مرۆڤدا، لەبەرئەوە توڕەیی

بگۆڕە بۆ دان بەخۆدا گرتن و ئارامی و خۆشەویستی، خۆت بپارێزە لە پەلە کردن، چونکە ئەگەر پەلە بکەیت ڕێگەت لێ تێکدەچێت، ئاسانکار و نەرم و نیان بە لە نزیك و دوردا سەرکەش و خۆبەگەورەزان مەبە لەگەل کەسدا".

توڕە بوون کلیلی هەموو شەڕێکە، سەری هەموو گەوجێتیەکە، لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤی مسوڵمان یەکێك لە سیفەتە بەرزەکانی بریتی بێت لە توڕە نەبوون و رق خواردنەوە، هەروەك خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات و بەیەکێك لە سیفەتەکانی ئەو چاکەکارانە باسی دەکات کە شایەنی بەهەشتن و دەبنە مایەی لێخۆش بوون و رەزامەندی خوا، وەك دەفەرموێت﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ﴾

مرۆڤی توڕە گرفتی گەورە بۆ ژیانی خۆی دروست دەکات لەگەڵ دەوروبەر و خێزانەکەیدا، زۆربەی گرفتەکانی خێزان لە ئێستادا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ توڕەیی و نەبوونی گیانی لێبوردەیی لەنێوان هاوسەرەکاندا، کە ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ڕێژەی جیابوونەوە روو لە هەڵکشان بکات، بۆ نموونە ئاستی جیابوونەوە لە وڵاتانی کەنداودا دەگاتە ڕێژەی ٣٧٪ی ئەو هاوسەرانەی کە لە ساڵی یەکەم و دووەمدا بەیەك گەیشتوون، هەروەها گرفتەکانی دراوسێ لەگەڵ یەکتردا یان هاوڕێکان لە نێوان یەکتردا هەموو ئەمانە دەبنە هۆی گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی و پچڕاندنی پەیوەندی تاکەکان بەیەکەوە، لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو دەسەڵاتە تاکڕەوانەی کە لە وڵاتانی عەرەبی دا دروست بوون سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی راوێژکاری و خۆسەپاندنی کەسێك بەسەر دەسەڵاتدا، ئەم کەسەش لەکاتی توڕەبووندا هەندێ بڕیار دەدات کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی وڵات و هاوڵاتی، زۆربەی دەسەڵاتدارەکانمان کەسانی ستەمکارن و گوێ بۆ ئامۆژگاری و پێشنیار و رەخنە ناگرن، ئەو راوێژکارانەش کە لەگەڵیاندان وەك کارمەندێکی بچووك وان کە تەنها پیشەیان پیاهەڵدان و دەستخۆشیە بە بڕیار و کردەوەکانیاندا، بەڵام ئەگەر سەیری وڵاتانی رۆژئاوا بکەین لەسەروی هەموو دەسەڵاتدارەکانەوە دەستور و یاسایەك هەیە کە دەبێت هەمووان

پێوەی پابەند بن، هەروەها دامەزراوەی چاودێری هەیە کە چاودێرە بەسەر حکومەت و بەرپرسەکانیانەوە، لەبەرئەوە کەس ناتوانێت بە ویست و ئارەزووی خۆی هەڵس و کەوت بکات و بڕیار بدات، کۆمەڵگاکانی ئێمە لەم کاتەدا زۆر پێویستیان بەوە هەیە، کە ملکەچی دەستور و یاسایەك بن بۆئەوەی بتوانن حوکم لە خزمەتی خەڵکدا بەکار بهێنن، خەلیفەکانی راشیدین و خەلیفەی پێنجەمیش کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە، ئەمەیان جێبەجێ کردووە و بۆ دادوەر و موفتیەکان و بەرپرسی مسوڵمانانیان نووسیوە: "کە بە هیچ جۆرێك بڕیار نەدەن و فەتوا دەرنەکەن لەکاتی توڕەیی دا، چونکە هەرکەسێك بەوجۆرە بکات لێپرسینەوەی توندی لەگەڵدا دەکرێت".

توڕە بوون دەرگا دەکاتەوە بۆ شەیتان و سەرچاوەی هەموو ئاژاوەو تاوانکاریەکە، لە هەندێك لە ئاساردا هاتووە دەڵێت: یەکێك لە روهبانەکان بە شەیتانی وت چ ئەخلاقێکی مرۆڤ پشتیوانیە بۆ تۆ؟ ئەویش وتی: توندی و توڕەیی، چونکە ئەگەر ئاسنیش بێت لوولی دەکەین، هەروەك چۆن منداڵێك یاری بەتۆپ دەکات.

گرفتی گەورەی ئەم ئوممەتە ئەوەیە لە بواری ئەخلاق و مامەڵەدا بەپێی ئەو مەنهەجە ناڕۆن کە خوا بۆی دیاری کردوون چونکە زۆربەی عیبادەتەکانمان تەنها هەڵسوکەوتێکی ئاینیە و کاریگەری لەسەر مامەڵە و رەوشتمان نیە هەموو شتێك دەگێڕینەوە بۆ خوا و پێغەمبەر و تەنها ئەوانەی وەردەگرین کە لەگەڵ غەریزە و حەزەکانماندا دەگونجێت.

## چارەسەری توڕەیی:

ئیسلام ئەم نەخۆشیەی بەبێ چارەسەر بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو پێغەمبەری خوا چارەسەرێکی زۆر گونجاو و سەرکەوتووی بۆ داناوە ئەگەر پەیڕەوی لێ بکات، بەمەش دڵی لەم نەخۆشیە پاك دەبێتەوە کە سەرچاوەی لەناوبردنی ئیمان و عەقیدەیەتی، وای لێ دەکات ببێتە خاوەنی رەوشتێکی بەرز، لەو چارەسەرانەش بریتیە لە دوورکەوتنەوە لەو

شوێنانەی کە دەبێتە هۆی توڕەبوونی مرۆڤ، ئەمەش بەوە دەبێت، کە پێغەمبەری خوا بکەین بە پێشەنگی خۆمان و چاوێك بگێڕینەوە بە ژیاننامەکەیدا، لەوێوە بزانین لەکاتی توڕەبووندا چۆن هەڵسوکەوتی کردووە و چ جۆرە هەڵوێستێکی هەبووە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت "ئەگەر یەکێکتان توڕەبوو با بێدەنگ بێت، چونکە قسەکردن لەکاتی توڕەیی دا دەبێتە هۆی وتنی وشەی نەشیاو و هەڵسوکەوتی نالەبار" لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "ئەگەر یەکێکتان توڕە بوو بەپێوە بوو با دابنیشێت، ئەگەر لەو حاڵەتەشدا توڕەییەکەی لەکۆڵ نەبویەوە، با پاڵ بکەوێت"، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت توڕەبوون لە شەیتانەوەیە شەیتانیش لە ئاگر دروست کراوە ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە لەبەرئەوە یەکێکتان توڕە بوو با بڕوات دەستنوێژ بگرێت، لە فەرمودەیەکی تریشدا پێغەمبەر (د.خ)دە فەرموێت :یەکێك لە هاوەڵان لە پێغەمبەری پرسی شتێکم پێ بڵێ لە تورەیی خوا بمپارێزێت ،ئەویش فەرموی توڕە مەبە ،ئەگەر توڕە نەبیت لە توڕەیی خوا دور دەکەویتەوە . بەمشێوەیە ئیسلام توڕەبوون چارەسەر دەکات و ئەگەر ئێمەش پابەند بووین پێوەی گرفتەکانمان چارەسەر دەبێت و بارودۆخمان بەرەوباشی دەڕوات و ئەو گرفتانەمان چارەسەر دەبوو کە ئێستا لەنێو ئەم ئوممەتەدا هەیە لە رق و بوغز و ناکۆکی و ستەمکاری، ئەگەر دەسەڵاتداران لەم حاڵەتە رزگاریان ببێت ئەوا دەتوانن گەل بەرەو هێز و بوژانەوە بەرن.

# ئیسلام و ڕێساکانی سەرکەوتن

خوای گەورە لە بەڕێوەبردنی گەردووندا کۆمەڵێك ڕێساو یاسای داناوە کە هەر ئەویشە درێژە بە بەردەوامی ژیان و گەردوون دەدات لەبەرئەوە ئەگەر مرۆڤیش لەم ڕوانگەیەوە مامەڵە و هەڵس و کەوت بکات، بەهەمان شێوە دەتوانێت سەرکەوتن لە ژیاندا بەدەست بهێنێت. ئەو ڕێسایانە بۆ هەموو کەسێکە بە باوەڕدار و بێ باوەڕەوە، هەرکەسێك پابەند بێت پێیانەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤی مسوڵمان لە هەموو کەس زیاتر دەبێت سەرنج لەو ڕێسا گەردوونیانە بدات و سوودیان لێ وەربگرێت ئێمە لێرەدا تەنها باسی چوار لەو ڕێسایانە دەکەین، کە ئەوانیش:

یەکەم/ سەرکەوتن لەگەڵ یەکبووندایە و شکستیش لەگەڵ دووبەرەکی:

پێکەوە گرێدانێك هەیە لە نێوانی سەرکەوتن و یەکگرتوویی و خۆشەویستی و بەیەکەوەبووندا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا بەیەك وێنە دەربکەوێت و بەرەو سەرکەوتن بچێت. لەهەمانکاتدا شکستیش بەهۆی دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوەوەیە هەرکاتێك ئوممەت ڕوو لە پارچەبوون و دووبەرەکی بکات، ئەوا ئەنجامەکەی لاوازی و سەرشۆڕییە، قورئانیش لە زۆر شوێندا جەخت لەمە دەکاتەوە، وەك دەفەرموێت ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾، ﴿حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ﴾.

خوای گەورە پارچەبوون و دووبەرەکی بە بێ باوەڕی ناودەبات بەتایبەتیش ئەگەر ببێتە هۆی ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ یەکتردا، چونکە ئەمە ئەنجامەکەی شەڕ و کوشتار و پشێویە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا فَرِيقًا مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ

يَرُدُّوكُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ﴾، فەرمانبەرداری مسوڵمانان بۆ جوولەکە و مەسیحیەکان دەیانخاتە بازنەی بێ باوەڕییەوە، هەرچەند ئەمە نەچێتە بواری عەقیدەشەوە ﴿وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنْتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ ئەمە گوتارێکە روو لە باوەڕداران دەکات، کە نابێت جیاوازی و دووبەرەکیان هەبێت، چونکە ئەوان کتێبی خوا دەخوێننەوەو لە ئایەتەکانی ورد دەبنەوە، کە داوای یەکریزیان لێ دەکات، هەروەها پێغەمبەر لە ناویاندایە و داوای وازهێنانی دووبەرەکی و یەکگرتنیان لێ دەکات، هەر ئەمەشە کە پێغەمبەری خوا لە حەجیماڵئاوایدا داوا لە مسوڵمانان دەکات کە وازی لێ بهێنن (لەدوای من مەگەرێنەوە بۆ بێ باوەڕی و دەست مەدەنە کوشتاری یەکتر) شەیتان بێ هیوا بووە کە جارێکی تر لە دورگەی عەرەبی دا بپەرسترێت، بەڵام دڵخۆشە لەوەی کە عەرەب لەم دورگەیەدا دەیکەن لە کارو کردەوەیەك کە نزیکە لە بێ باوەڕی و کەوتوونە نێو شەڕی رق و جیاوازی و ناکۆکی لەگەڵ یەکتر. چونکە ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت بەرەو بێ باوەڕی عەقیدەیی دەیانبات و وەلاء و بەرائیان دەگۆڕێت.

دووەم: خۆشەویستی و پەیمان بۆ خوا و پێغەمبەر و باوەڕداران، دابڕان لە دوژمنان و دەست درێژی کەران.

لە ئێستادا ئەم رێسایە پێچەوانە بوەتەوە خۆشەویستیەکان بۆ دوژمنان و ئەوانەی کە پلانیان لەژێر سەردایە دژ بە مسوڵمانان زیادی کردووە، بەڵام خۆشەویستی و یەکڕیزی مسوڵمانان لەگەڵ یەکتردا لە کەمبوونەوەدایە. لە ئێستادا زۆر لایەن هەن کە هیوایان لەسەر نامسوڵمانان بنیاتناوە، لەم رێگەیەشەوە دڵی بێ باوەڕانیان خۆش کردووە و لە هەوڵی لاوازکردنی مسوڵماناندان، ئەمەش لە ئێستادا ئاڵۆزیەکی گەورەی بۆ گەلانی مسوڵمان دروستکردووە و ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر هاتووەتە دی کە دەفەرموێت: (ئەگەر ئەمانەت نەما چاوەڕێی رۆژی دوایی بکەن)، لەسەر بنەمای ئەم رێسایە دەتوانین بڵێین

دوژمنان زاڵ بوون بەسەرماندا. بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا بەبێ ترس و بە ئاشکرا و لەبەرچاوی هەموو جیهان و بەڕاوێژکاری لەگەڵ هەندێ سەرکردەی عەرەبی کە رایگەیاند قودس پایتەختی هەمیشەیی دەوڵەتی داگیرکەرە، لەم بڕیارەدا هیچ ئیعتبارێکی بۆ هەستی مسوڵمانان لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی نەکرد، چونکە دەزانێت لەم کاتەدا مسوڵمانان خاوەنی هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆ نابن کە بەرەو رووی ئەمریکا ببنەوە و فشاری لێ بکەن و پەشیمانی بکەنەوە، چونکە دەزانێت عەرەب ئەمڕۆ لە خەوێکی قوڵدان حیقد و بوغز و رق لێ بوونەوە لەگەڵ یەکتردا سیمای سەرەکیانە، لەبەرئەوە لەم کاتەدا ئەمریکا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت گاڵتە بە هەست و سۆزیان بکات و درێژە بەو خەوە قوڵە بدات کە تیایدان.

سێیەم: سەرکەوتن لە دنیادا بۆ کەسێکە کە پلانی هەبێت خۆی بۆ ئامادە بکات.

مسوڵمانان لە رابردوودا لە هەموو بوارێکدا سەرکەوتوو بوون، چونکە لەدوای پشت بەستنیان بەخوای گەورە خاوەنی پلان بوون کاریان لەسەر ئامادەکردنی هەموو جۆرەکانی هێز دەکرد، لە جەنگەکانیاندا هەموو جۆرە چەکێکی پێویستیان ئامادە دەکرد پلانەکانیان هەموو بوارەکانی ژیانیانی گرتبووەوە، کە ئەمەش بووەهۆی هەڵهاتنی خۆری مسوڵمانان لە ئەوروپاو بەمەش شارستانیەتێکی جیهانییان بنیاتنا، بەڵام لەوکاتەوە کە مسوڵمانان وازیان لە خۆ ئامادەکردن هێنا لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە، پشتیان لەخوا کرد و روویان کردە هێزەکانی دەرەوەو تەنها هۆکارە دنیاییەکانیان خوێندەوە، یەك لەدوای یەك تووشی شکست هاتن تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا لە جەنگی ئوحوددا لەوکاتەدا کە تیر هاوێژەکان پابەند نەبوون بە فەرمانەکەی پێغەمبەرەوە و گردەکەیان چۆڵ کرد و هاتنە خوارەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەستکەوت، لەدواوە بێ باوەڕەکان گەمارۆیان دان و کەوتنە بەر نێزەی شمشێرەکان، لە ئەنجامی ئەمەشدا حەفتا هاوەڵی گەورە شەهید بوون، کە لەسەرووی هەموویانەوە مامی گەورەی پێغەمبەر (ئیمامی حەمزە) بوو.

له جەنگی حونەینیشدا لەکاتێکدا کە مسوڵمانان پشتیان لەخوا کرد و تەنها پشتیان بە هێزی خۆیان بەست و زۆری ژمارەیان هەڵیخەڵەتاندن، وتیان (لە ئەمڕۆدا بەهۆی زۆریمانەوە شکست ناخۆین) بەڵام خوای گەورە وانەیەکی فێر کردن کە ئەویش ئەوە بوو نابێت لەدوای هیچ ڕێکخستن و پلانێکەوە پشت بەستن بەخوایان لەبیر بچێتەوە، لەبەرئەوە لەم جەنگەدا شکستیان خوارد و تەنها کەمێك نەبێت کەس لە دەوری پێغەمبەر نەمایەوە. ئەمەش وانەیەکە بۆ ئێمە کە پێویستمان بەوەیە چاکەکاران لەناوماندا زۆر بن و عیبادەتەکان بەباشی ئەنجام بدەین و پشت لەخوا نەکەین. چونکە چۆن ئوممەتێك خوای گەورە پشتی دەگرێت لەکاتێکدا کە بکەونە شوێن ئارەزووەکانی خۆیان و لە ناکۆکی و دووبەرەکی دا بژین و پشت بە غەیری مسوڵمانان ببەستن لە نێوان خۆشیاندا حیقد و بوغز دڵی ڕەش کردبنەوە.

چوارەم: بەڵێنی خوا ڕاستە.

ئەم ئوممەتی ئیسلامیە نامرێت هەرچەند بە قۆناغەکانی لاوازیدا تێپەڕ ببێت، چونکە خوای گەورە پشتیوانی دەکات و بەڵێنی سەرکەوتنی پێ داون، بەڵام ئەویش بەو مەرجەی کە وانە وەربگرن لەو شکستانەی کە تووشیان هاتووە و ئەمەش ببێتە هۆی هۆکارێك بۆ گەڕانەوە بۆلای خوا و زیاتر ملکەچی فەرمانەکانی ببن، لەدوای ئەوەوە خوای گەورە ڕێگەیان بۆ ئاسان دەکات و بەرەو سەربەرزی دەیانبات و ڕێز و کەرامەتیان بۆ دەگێڕێتەوە، چونکە ئەوەی ئێستا بەسەر ئەم ئوممەتەدا هاتووە یەکەمجار نیە و لە مێژوودا چەندان شتی لەو جۆرە ڕوویداوە، لەسەرەتای سەدەی پێنجی کۆچی دا مسوڵمانان تووشی دووبەرەکی و ئاڵۆزیەکی زۆر هاتن ئەویش ئەو کاتە بوو کە دەسەڵاتداران لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسیدا خوایان لەبیر چووەو ڕوویانکردە ئارەزوو پەرستی و بەم هۆیەشەوە هیچ خەمێکیان نەبوو لە ڕووی بنیاتنانی هێز و دەسەڵات و وەستانەوە بەڕووی دوژمناندا، وڵات ڕووی لە پارچەبوون کرد و دەوڵەتی فاتمی سەریهەڵدا و بۆ ماوەی دووسەد ساڵ

درێژەی کێشا، دەوڵەتی بوەیهی دروست بوو بە فیکری ئیسماعیلی، دەوڵەتی سەلجوقیەکان هاتە ئاراوە.

خاچ پەرستەکان کاتێك کە سەیری ئوممەتی ئیسلامیان کرد بەو شێوەی لێهاتووە ئەمەیان بە هەل زانی و هێرشیان کرد و زۆربەی وڵاتی شامیان داگیر کرد و لە ٢٣/ شەعبانی/ ٤٩٢ کۆچی هاتنە ناو شاری قودس و بۆ ماوەی حەفتەیەك کوشتاریان تێدا کرد و نزیکەی ٦٠ هەزار کەسیان لە هاوڵاتی و خەڵکانی مەدەنی کوشت، ماوەی مانگ و نیوێك خەڵکی قودس بەرگرییان کرد لەم کاتەدا داوای پشتیوانیان لە خەلیفە کرد لە بەغداد، بەڵام خەلیفە هیچ وەڵامێکی نەدانەوە بەم هۆیەوە قودس بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ لەژێر دەستیاندا مایەوە هەتا ئەو کاتەی زانایان لە چوار رووەوە بەرەو روویان بوونەوە ئەوانیش.

یەکەم: بەرەوروبوونەوەی فیکرە هاوردەکان لەوانەش (باتنیەکان) کە ئەویش فیکرێکی تائیفی توندڕەوە کە لە ئەمڕۆدا خۆی لە چەندان فیکری جۆراو جۆردا دەبینێتەوە .

دووەم: بەرەورووبوونەوەی غەزوی کولتوری لە رێگەی (تهاتفت الفلاسفه) چونکە بەهۆی هاوردەکردنی هەندێك فەلسەفەوە کولتوری ئیسلامی و شوناسی ئاینی لاواز کرابوو.

سێیەم: چارەسەرکردنی کێشەی دەرون و ئارەزوو پەرستی، غەزالی دەڵێت کێشەی ئێمە لە جیهانی ئیسلامی دا پەیوەستە بە دڵ و دەروونەوە نەك کێشەی هێز.

چوارەم: چارەسەرکردنی کێشەی هێز و هەستانەوە، ئەوان دەیانوت ئەم ئوممەتە تەنها بە زانستی شەرعی راست نابێتەوە، بەڵکو دەبێت دەست بە هەموو زانستەکانەوە بگرین لەم رێگەیەوە دەتوانین ببوژێینەوەو سەربکەوینەوە.

لەدوای هەموو ئەمانەوە هەستان بە زیندوو کردنەوەی جیهاد و تێکۆشان لە رێی خوادا بەشێوەیەك کە خزمەت بە گەلانی مسوڵمان و ئامانجەکانی بکات کە ئەویش ببێتە

پێشەنگی رزگاری لەدەست داگیرکاری و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، نەك وەك ئەوەی ئێستا کە لە رێگەی بزوتنەوە تیرۆریستیەکانی وەك (قاعیدە و داعشەوە) دەکرێت کە بوونەتە هۆی ناشیرین کردنی وێنەی ئیسلام و وێرانکردنی جیهانی ئیسلامی. لەو سەردەمەدا ئەو قوتابخانانەی کە دروستیان کردبوو دوو جۆر لە خەڵکی لێ دەردەچوو، هەندێکیان سەرکردەی زانا و زانای موجاهید بوون، لەوانەش دەرکەوتنی نەوەیەك کە ناسراوبوون بە زانا موجاهیدەکانی وەك (نورەدینی زەنگی) و لەدوای ئەوانیش (صلاح الدینی ئەیوبی) کە توانی هەموو ئوممەتی ئیسلامی یەك پێ بگرێت و لەدوای ئەوەش کە دەوڵەتی فاتمی لەناو برد وتی: (لە ئەمڕۆوە لە یەك بوون و یەك گرتنەوە هەنگاو دەنێین بەرەو رزگاری و لە ئیجتیهادەوە بەرەو جیهاد)، بەم هۆیەشەوە خوای گەورە سەری خستن و ئوممەتی ئیسلامی لە لاوازی و دواکەوتوویی رزگار کرد و هاتنەوە قۆناغی پێشەنگی و سەرکەوتوویی. لەبەرئەوە لە ئێستادا ئەگەر مسوڵمانان بگەڕێنەوە بۆسەر ئەم رێسا خواییانە و پابەندبن بە رێسای یەك بوون و گۆڕانکاری و ئامادەکردن بۆ داهاتوو، ئەوا خوای گەورە پشتیان دەگرێت و سەریاندەخات، ئەویش بەهۆی بەئەنجامگەیاندنی دوو مەرجەوە:

یەکەم: پشت بەستن بەخوا و ئەنجامدانی عیبادەتەکان بە ملکەچی بۆی.

دووەم: ئامادەکردنی پلان بۆ گەشە و پێشکەوتن، لە رووی هێزی زانستی و ئابوری و سیاسی و سەربازیەوە.

# پێڕستەکان


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | گەندەڵی لە ریزی تاوانە گەورەکاندایە | ٦ |
| ٣ | خیانەت کردن لەئەمانەت لەتاوانە گەورەکانە | ٨ |
| ٤ | بەرپرسیارێتی ئەمانەت و چۆنیەتی گەیاندنی بەنەوەی نوێ | ١١ |
| ٥ | زانست کلیلی قورئانە بۆ ناسینی دین و دونیا | ١٧ |
| ٦ | قورئان و بنیاتنانی دەسەڵاتی چاك | ٢٢ |
| ٧ | دڵسۆزی و هەوڵی بەردەوام و ڕۆڵی لە گەشەپێدان و پێشکەوتندا | ٢٤ |
| ٨ | نەهامەتیەکانی ستەمکاری و گرنگی شورا | ٢٨ |
| ٩ | برایەتی ئیمانیمان لە ژێر پرسیاردایە | ٣٢ |
| ١٠ | چیرۆکی نەوەکانی ئیسرائیل و واقیعی هاوچەرخی ئێمە | ٣٥ |
| ١١ | دەست درێژی بۆسەر ماف و ئازادی زۆر مەترسیدارترە لەدەست درێژی بۆسەر ماڵ و دارایی | ٤٠ |
| ١٢ | ڕەمەزان هەلێکی گەورەیە بۆ لێخۆشبوون | ٤٣ |
| ١٣ | دڵسۆزی و کارکردنی چالاك لەسیفەتی مرۆڤی باوەڕدارە | ٤٨ |
| ١٤ | کۆچ وەك چەمکێکی ئیسلامی نەمر | ٥٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | نەمانی عەقڵ و وێران کردنی دین | ٥٤ |
| ١٦ | گرنگی حیکمەت لە پەروەردەی تاك و کۆمەڵدا | ٥٩ |
| ١٧ | لاوازی وشیاری کۆمەڵایەتی و ئاراستەبوونی تاك بەرەو بەرژەوەندیە تایبەتیەکان | ٦٤ |
| ١٨ | شوێنکارەکانی ئیخلاص لە دین و دونیادا | ٦٩ |
| ١٩ | (فیقهی مامەڵە کردن) لەکاتی سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکانی ئیسلام- بەشی یەکەم | ٧٤ |
| ٢٠ | گفتوگۆ بنەمایە نەك ململانێ، باوەڕداریش دەبێت بە دانایی مامەڵە بکات – بەشی دووەم | ٧٩ |
| ٢١ | لە ئیسلامدا کۆمەڵێك ئەحکام هەن تەنها لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا جێ بەجێ دەکرێن – بەشی سێیەم | ٨٢ |
| ٢٢ | بەشی چوارەم : پێشەنگی لە مامەڵەدا لە ڕێگەی: | ٨٦ |
| ٢٣ | ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر پەنابەرەکاندا دێت هەموومان بەرپرسیارین | ٨٩ |
| ٢٤ | عاشورا هیوای سەرکەوتن دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەڕداران | ٩١ |
| ٢٥ | پرسیارێك بۆ گەنجانی خواناس | ٩٣ |
| ٢٦ | و قولوا للناس حسنا... | ١٠٠ |
| ٢٧ | کاتێك ئیسلام دەبێتە ناوێکی بێ ناوەرۆك | ١٠٣ |
| ٢٨ | ئاشتی فەرزێکی شەرعیەو پێویستە بۆ بەرژەوەندی گۆمەڵگا | ١٠٧ |
| ٢٩ | حکومەت بەرپرسیارە لە ژیان و گوزەرانی هاولاتیان | ١١٠ |
| ٣٠ | گەندەڵی دارایی هانی خەڵك دەدات کە موڵك و ماڵی حکومەت بدزن | ١١٨ |
| ٣١ | ئەخلاق بنەمای هەموو ئاین و شارستانیەتەکانە | ١٢٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢ | دادپەروەری بنەمای ئاوەدانی و چەسپاندنی دەسەڵاتە | ١٣١ |
| ٣٣ | دەبێت شیعەو سوونە ئاڕاستەی بیرکردنەوەکانیان بگۆڕن | ١٣٥ |
| ٣٤ | شەریعەت لـە نێوان نەگۆڕو گۆڕاوەکاندا | ١٣٩ |
| ٣٥ | حەج چیەو شوێنکارەکانی چین ؟ | ١٤٤ |
| ٣٦ | پلاندانان و کاریگەری لـەسەر ژیانی باوەڕدار | ١٤٨ |
| ٣٧ | بەگەڕخستنی عەقڵ و گرنگی لـە گەشەپێدانی ژیاندا | ١٥٣ |
| ٣٨ | کۆچی پێغەمبەر هیوای ئاینده بە ئوممەت دەبەخشێت | ١٥٨ |
| ٣٩ | چارەسەر لـە دەسەڵاتی چاکدایە | ١٦٠ |
| ٤٠ | ئاشتەوایی و کاریگەری لـەسەر کۆمەڵگەو تاکی باوەڕدار | ١٦٥ |
| ٤١ | رەشبینی وەك چەکێکی دەستی دوژمنان بۆ کوشتنی هیوای مرۆڤی مسوڵمان | ١٦٩ |
| ٤٢ | ئیسلام وەك میتۆدێکی گەردوونی بۆ مرۆڤایەتی | ١٧٤ |
| ٤٣ | لـەژێر سێبەری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ...﴾ | ١٧٦ |
| ٤٤ | ستەمکاری وەك تاوانێکی گەورە | ١٨١ |
| ٤٥ | پێغەمبەر وەك پێشەنگی پەروەردە | ١٨٦ |
| ٤٦ | ئیمان وەك سەرچاوەی سەرەکی بزوێنەری تواناکانی تاکی مسوڵمان – بەشی یەکەم | ١٩١ |
| ٤٧ | ئیمان وەك سەرچاوەی سەرەکی بزوێنەری تواناکانی تاکی مسوڵمان– بەشی دووەم: | ١٩٥ |
| ٤٨ | رەمەزان وەك خولێکی راهێنان بۆ گۆرانکاری و چاکسازی | ١٩٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٩ | بۆ زانایانی گەلانی مسولْمان | ٢٠١ |
| ٥٠ | شوێنکارەکانی ئیمان لەسەر رەوشت و مامەڵەی مرۆڤی مسولْمان | ٢٠٣ |
| ٥١ | ئیسلام و هەستی بەرپرسیارێتی گشتی | ٢٠٧ |
| ٥٢ | مەترسیەکانی تیرۆرو شێوازی رووبەڕبوونەوەی | ٢١٢ |
| ٥٣ | ئەخلاق کرۆکی عیبادەتە | ٢١٧ |
| ٥٤ | وێرانی دنیای ئیسلام و گرنگی چارەسەر | ٢١٩ |
| ٥٥ | گەلانی مسولْمان لە بازنەی مەرجەعیەتە بچوکەکاندا | ٢٢٢ |
| ٥٦ | ستەمکاری دەسەڵات و وێرانکردنی نیشتیمان | ٢٢٥ |
| ٥٧ | توڕەبوون وەك سەرچاوەی خراپەکاری | ٢٣٠ |
| ٥٨ | ئیسلام و رێساکانی سەرکەوتن | ٢٣٥ |